# رووسیا لە نێوان هاوسەنگییە نێودەوڵەتییەکاندا

# ڕووسیا لە نێوان هاوسەنگییە نێودەوڵەتییەکاندا

نووسینی

د. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **رووسیا لە نێوان هاوسەنگییە نێودەوڵەتییەکاندا**
- نووسینی: د. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- نرخ: (٤٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١٨
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: شەهاب (هەولێر)

لە بەرێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن: (٦٥٠) لەساڵی (٢٨٨)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (٩٧٤)

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك

پێشەكی........................................ ٩

**بەشی یەكەم**

١- چاوخشانێك بەسەر تایبەتمەندییەكانی مێژووی

٢- رووسیا و بارودۆخی ئەمڕۆ...................................... ١٣

**٣- سەرچاوەی بە مۆدێركردنی رووسیا ولاّتانی ڕۆژئاوایە یا خۆ ئاسیا ؟ .... ١٩**

**گرنگترین هەرەشە و مەترسی بەردەم رووسیا ........................... ٢١**

**٤- نەوت وەكو ئاوێنەی نارەزایەتییە كۆمەلاّیەتییەكان ......................... ٢٦**

**٥- كارێگەری قەیرانی رووسیا بەسەر هاوسێكانیدا ......................... ٢٩**

**٦- بارودۆخی ئابووری رووسیا ......................... ٣١**

**٧- بۆچی هاوولاّتیانی رووسیایی دەچنە ناو دەولّەتی ئیسلامی .......... ٥٣**

**٨- رووسیا دەبێ بۆ چ شەرێك خوی ئامادە بكات ............ ٥٥**

**بەشی دووەم**

پەرەسەندنی هاوپەیمانییەكانی نوێی رووسیا

لەگەلّ ولاّتانی ئاسیای ڕۆژهەلاّت.................................. ٦٠

١- ئاستی پێوەندییەكانی رووسیا و چین

٢- لە قازانجی چ لایەنێكدایە.................................... ٦٢

٣- مەترسییەكانی بەردەم ولاّتانی ئۆقیانووسی

٤- ئارام و ئاسیا (Pacific Rim) و رۆلّی چین.................... ٦٤

٥- رێکخراوی هاوکاری شانگهای (SOC)........................ ٧٦
٦- دراوی یەنی چینی دەیەوێت ململانێ لەگەڵ دۆلاردا بکات ........... ٨٢
٧- یەکێتییەکی پڕ لە کێشە ............................ ٨٤
٨- هیندستان دەیەوێت لە ئاسیای ناوەراستدا ببێتە
٩- ئەلتیەرناتیڤی رووسیا و چین ............................ ٨٧
١٠- رێگە چارەکانی کێشەی نێوان ژاپۆن و رووسیا ............ ٨٩

## بەشی سێیەم

رووسیا و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.......... ٩٢
١- کوردستان.......................................... ٩٤
٢- کێشەی تیرۆریزم.................................... ١٠٢
٣- یەمەن............................................. ١٠٥
٤- عێراق............................................. ١٠٦
٥- عەرەبستانی سعودیا................................. ١٢١
٦- تورکیا............................................. ١٢٤
٧- ئێران.............................................. ١٣٤
٨- میسر ............................................. ١٥٦

## بەشی چوارەم

تێهەڵچوونەکانی نێوان رووسیا و ئۆکراینا و یەکێتیی ئەوروپا.............. ١٥٧
١- ئۆکراینا و ئەوروپا.................................. ١٥٧
٢- هۆکاری تەنگژەکانی نێوان رووسیا و ئەوروپا ..................... ١٧٥

**بەشی پێنجەم**

پێوەندییە ناجێگیرەکانی رووسیا لەگەڵ یەکێتی ولاتانی سەربەخۆ cis ... ١٨٤
١- کێشەی چارەسەرنەکراوی خاك ............................ ١٨٥
٢- گرینگترین هۆکاری ناکۆکییە نەتەوەییەکان لە نێوان ولاتانی
٣- کونی یەکێتی سوڤیەتتدا ................................ ١٩٠
٤- هەرەشەی تیروریزم لەسەر ولاتانی ئاسیای ناوەراست ............... ١٩٩
٥- مشتومڕی ولاتانی ئاسیای ناوەڕاست و رووسیا
٦- لەسەر پرۆژە نوێیەکانی ئابووری.............................. ٢٠٤
٧- باکۆ لە نێوان روژهەلاٰت و رۆژئاوادا ........................ ٢٠٦
٨- رووسیا هەولێ پایەداری پێگەی خۆی لە نێوان
٩- ولاتانی باشوری قەفقاز دەدات.................................. ٢٠٨
پێشبینییەکانی پێشکەوتنی پێوەندییەکانی ئێران لە پاش هەلگرتنی ........٢١٣

# پێشەکی

گرینگترین کێشەی سەردەمی رووسیا: قەیرانی ئابووری، تێکچوونی پێوەندییەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتی، کێشەی شەڕی ئۆکراینا، تیرۆریزم، کێشەکانی ناوەخۆی و هەرێمی و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەیان و نادیاری داهاتووی سیاسی رووسیان.

لە ڕووی سیاسییەوە - رووسیا هەوڵی دروستکردنی هاوسەنگی پێوەندییەکانی لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات و وڵاتانی ئاسیایی و رێکخراوی بریکس و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات. لە کاتی قەیرانەکاندا تاکتییکەکان بەسەر ستراتیجییەتدا زاڵ دەبن... ئایا ئاڵۆزییەکانی پێوەندیی لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئۆکراینا چارەسەر دەکرێن یاخۆ درێژخایەن دەبن؟ چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا بە شێوەی دانپێنەنان دەبێت و دەبێتە بارگرانی بەسەر رووسیادا یان رووسیا هەوڵ دەدات، کە ئەو کێشەیە لە خۆی دووربخاتەوە؟ چارەنووسی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بە چ شێوەیەك دەبێت؟. هەر بۆیە کارتەکانی بەردەستی رووسیا بریتین لە بەهێزکردنەوەی دووبارەی سوپا، نوێکردنەوەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی، کە لە کاتی یەکێتیی سۆڤیەتدا هەبوونە و هەوڵ دەدرێت، کە ئابوورییەکی خۆماڵی بێتەکایەوە، هەروەها لە رووی سیاسیشەوە بەربەرەکانی زیاتری نارەزایەتی و ئۆپۆزیسیۆن دەکرێت.

لە ڕووی ئابوورییەوە - هۆکاری سەرەکیی قەیرانی ئابووری لە رووسیا دابەزینی نرخی نەوتە، ئەو هۆکارە لە ئاستی جیهانیشدا بووەتە هۆی کەمبوونەوە و لاوازبوونی سەرمایەگوزاری لە ناوەخۆی رووسیادا ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە چوونە دەرەوە یاخۆ هەڵاتنی سەرمایە لە ئاستێکی بەرزدابووە، بانکەکانی رووسیاش لە ڕووی دابینکردنی پارەوە بە حکومەت و ناوەندەکانی قەرزی نێودەوڵەتی بەستراونەتەوە، هەروەها گرژییەك سەریهەڵداوە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی، کە ئابلۆقەیان لەسەر رووسیا داناوە، رووسیاش ئابلۆقەی وەڵامدەرەوەی داناوە. مەترسییەکانی قەیرانی بانکی، بەرزبوونەوەی هەڵاوسان، کەمبوونەوەی دەرامەتەکانی راستەقینەی بەکاربەران لە ناوەخۆی وڵاتدا و کەمی سەرچاوەکانی دارایی بە مەبەستی قەرزوەرگرتن وا لە حکومەت دەکات، کە لە داهاتووشدا سیاسەتێکی چالاکی دراوی و قەرزی نەبێت،

هەروەها پێشبینی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتیش بۆ ئاستێکی جێگیر لەم نێزیکانەدا بەدی ناکرێت، بۆیە دەتوانین، کە چاوەڕێی تێکچوونی زیاتری( macroeconomics ) بکەین، نەك گەشەی ئابووری. بەپێی مەزەندەکان بە درێژایی ساڵی ٢٠١٥ ئاستی نرخی نەوت لە رادەیەکی نزمدا دەبێ، بۆیە هێزی کڕینی ناوەخۆیش لە ئاستێکی نزمدا دەبێت. پێشبینی ناکرێت، کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت کەم ببێتەوە بەڵام لە داهاتوودا لەبەر ئابلۆقەی ئابووری دەتواندرێت، کە تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنان بە سەختی بەدەست بکەوێت و ئاستی سەرمایەگوزاری کەمبکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی گەشەی ئابووریش کزی بەخۆوە ببینێت. لەبەردەستنەبوون و کەمی سەرمایەگوزاری ناوەخۆیش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی سەرمایەگوزاری ناوەخۆیی، بۆیە تواناکانی جێگرتنەوەی بەرهەمی ناوەخۆیی لە هەمبەر بەرهەمی هاوردەکراودا کەمدەبنەوە. رووسیا دەیەوێت، کە کاڵاکانی خۆراکی بەرهەمهێنراوی ناوەخۆیی جێگرەوەی هاوردە بکات، بەڵام بەرهەمی ناوەخۆیش ڕووبەڕووی دابەزینی نرخی رۆبل و کەمی هاوردەکردنی خۆراك، کە خودی رووسیا لە هەمبەر وڵاتانی ڕۆژئاوادا گرتووەتە بەر لەو هەلومەرجەدا قەبارەی خستنەڕووی بەرهەمی ناوەخۆی کەمە و بەشی پێداویستییەکانی ناوەخۆی ناکات، بۆیە دووبارە نرخەکان بەرزبوونەوە بەخۆوە دەبینن، هەروەها مەترسی ئەوەش هەیە، کە نرخی گەنمیش، کە رووسیا هەناردەی دەکات بەرزببێتەوە و دووبارە ڕووبەڕووی کێشەی هەناردەکردن دەبێتەوە. هەر لە بەرئەنجامی ڕووداوەکانی ئۆکراینا و دابەزینی نرخی نەوتدا رووسیا ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی ئابووری ـــ سیاسی و دیپلۆماتی بووەتەوە، ئاستی گەشەی ئابووری بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیووە، وا چاوەڕوان دەکرێ، کە تێکڕای گەشە بگاتە سالیب ٥٪ بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی، کە چەند ساڵ بەر لە ئێستە پێشبینی تێکڕای زائید دەکرا. دراوی رووسیایی رۆبل نێزیکەی ١٠٠٪ نرخی خۆی لە بەرامبەر دراوەکانی دیکە لەدەستداوە، ڕۆژئاواییەکان و زۆر لە لێتۆژان چاوەڕێی دابەزینی زیاتری نرخی ڕۆبلَ بۆ لە ٣٠٠٪یان دەکرد. دەسەڵاتدارانی رووسیایی دەڵێن، کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ دا ئابووری رووسیا دەست بە گەشەکردن دەکاتەوە.

لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە رووسیا پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیایی بە تایبەتی چین پەرەسەندووە و وڵاتانی پاکستان و هیندستان لـە رێکخـراوی هاوکـاری شـەنگهای وەرگـیراون. ئێسـتە رکابەرییـەکی زۆر لەسـەر سەرچـاوە سروشـتییەکان لـە ئاسیای ناوەڕاستدا هەیە. بە شـێوەیەکی زۆر خێـرا چـین دەیـەوێت، کـەڵك لـەو ڕەوشـە وەربگرێت و پرۆژەی یەك ڕێگە و یەك کەمەربەندی پێشنیاز کردووە و چەندین پـرۆژەی دارایشی پێشکەش کردوون لە هەمانکاتدا لەگەڵ رووسیا راهێنـانی سـوپایی هاوبـەش ئەنجام دەدەن، بەڵام سـەرەڕای ئـەوەش قـەبارەی بازرگـانی لـە نێـوان ئـەو دوو وڵاتـەدا کەمبوونەوەی بەخۆوە بینیوە. رووسیا بە هەموو شـێوەیەك هـەوڵ دەدات، کـە زلهێـزی خۆی بسەلمێنێت، هەر بۆیە ناتۆ و لەشکری رووسیا لە هەمبەر یەکدی وەستاون. وەکـو دیارە رووسیا ئێستە دەیەوێت، کە کێشـەی ئۆکراینـا چارەسـەر بکـات، بـەڵام فشـاری ناوەخۆی و جوداخوازانی رووسیایی لەسەرە، لە لایەکی دیکەیشەوە هـەوڵ دەدات، کـە پێگەی (ستاتۆ) کریم بەهێز بکات و هیچ نەبێت سـتاتۆیەکیش بـۆ دونبـاس مسـوگەر بکات. رابـەرانی رووسـیایی نائومێـدن و دەڵـێن بـەم زووانـە ئابلۆقـەکان هـەڵناگیرێن، هەرچەندە رووسیاش ئابلۆقەکانی بەلای خۆیـەوە لـە دژی ڕۆژئـاوا بـەهێز کـردووە. لـە ڕووی دیپلۆماسییەوە ڕێگە لە نوێنەرانی رووسیا دەگیرێتو کە هاتوچۆی ڕۆژئاوا بکەن. رووسیاش لیستێکی رەشی چێ کردووە، بەڵام کاریگـەری ئـەوتۆی دروسـت نـەکردووە. رووسـیا بـە ڕێگـەی بریکسـەوە هـەوڵ دەدات، کـە بـۆ نـاو کۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتی بگەڕێتـەوە و چـاوەڕێی دەکـرد، کـە وڵاتـانی بـریکس لەگـەڵ رووسـیا هـاودەرد و هەماهەنگ بن، بـەڵام جگـە لـە بـەرازیل هـیچ وڵاتـی دیکـە کاردانـەوەی هـاودەردی دەرنەبڕیووە. دیارە چین و هیندستان نایانەوێت، کە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ڕۆژئاوا تێك بدەن.

رووسیا بەبەردەوامی باسی مەترسییەکانی ڕۆژئاوا دەکات، بەڵام بە کردەنی وەکـو دیارە، کە تەنیا تیرۆریزم بۆ سەر رووسیا جێگەی هەڕەشەیە نـەك ڕۆژئـاوا یـاخۆ نـاتۆ. رووسیا بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات، کە پێگەی خـۆی لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بەهێز بکات و ئەو هۆکارەش وەکـو کارتێـك لـە بەرامبـەر ڕۆژئـاوا بـەکار دەهێنێت. عێراق، میسر و سوریا چەکدار دەکات دەیەوێت چـەکی قـورس و سـتراتیژی بفرۆشـێتە

وڵاتانی کەنداو. هەڵوێستی رووسیا لە ڕووی پشتگیریەوە زۆر جار لە هەمبەر پرسی کوردان بێدەنگ بوونە یاخۆ یەکجار لاوازە، بەڵام وەزیری دەرەوەی رووسیا لە قەتەر بە فەرمی وتی، کە سەرۆك کۆماری رووسیا پوتین داوای دروستکردنی یەکێتیی و هاوپەیمانی نێوان سوپای ئێران و سوریا و کوردەکان دەکات، پێویستە کوردیش خۆی بۆ ئەوە ئامادە بکات، کە لەوانەیە رووسیا لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوای ساتوسەودایی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەن، بەواتایەکی دیکە رووسیاش ببێتە بەشێك لە رووداو و بڕیارە چارەنووسسازەکان.

# بەشی یەکەم

## کورتە چاوخشاندنێك بەسەر تایبەتمەندییەکانی مێژووی رووسیا و بارودۆخی ئەمرۆ لە ڕووی مێژوییەوە

رووسیا پتر لە دوو سەدە لەژێر دەسەڵاتی مەغۆڵەکان و هەندێ کەمتر لەژێر کاریگەری ئیمپراتۆرییەتی بیزانتیدا بووە. تا سەرەتای سەدەی هەژدەیەم رووسیا وەکو وڵاتێکی پێڕەوکەری میتۆدەکانی ڕۆژهەڵات دەناسرا، بەڵام پیتری یەکەم ئەو ئاراستەیەی گۆڕی و رووسیای بەرەو لاسایکردنەوەی ڕۆژئاوا هاندا، هەرچەندە ئەو پرۆسەیە چەندین جار لەلایەن ئیمپراتۆرانی دیکە و دەسەڵاتدارانی یەکێتیی سۆڤیەتیدا راگیرا یاخۆ پەکی کەوت. نیوەی پێوەری رووسیا لە ئاسیایە، نیوەکەی دیکەی لە ئەوروپایە. زۆر جار خزمایەتی لە نێوان ئیمپراتۆرەکانی ئاڵمانیایی، رووسیای و نەمساویدا هەبووە. لە سەدەی هەژدەیەمدا ئیمپراتۆری رووسیا ئیکەتیرینی یەکەم ئاڵمانی بوو. ئێستە دەبینین کە رووسیا ئاراستەی سیاسەتی خۆی بەرەو ڕۆژهەڵاتی گۆڕیووە، بەڵام لەو هەلومەرجە نوێیانەدا، کە چین، ژاپۆن، هیندستان و کۆریا و وڵاتانی دیکەی ئاسیای بوونەتە هێزی گەورەی ئاسیایی ئایا رووسیا دەتوانێت کێبەرکێی یەکسان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بکات؟ یاخۆ ئەو وڵاتانە دەتوانن ببنە جێگرەوەی ڕۆژئاوا؟ یانیش لەوانەیە ڕۆژئاوا رووسیا بۆ مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە و پەرەسەندنەکانی ئەو وڵاتانە بەکار بهێنێت؟ ئایا لە ئەنجامی ئەو ڕووبەڕووبوونە نوێیانەدا رووسیا لەگەڵ ڕۆژئاوا و هاوسێکانیدا دەتوانێت، کە بۆ بارودۆخی ساڵی ٢٠١٤ بگەڕێتەوە؟ ئایا چ دەستکەوتێکی لەو تێهەڵچوونانە دەبێت؟ یاخۆ ناچار دەبێت، کە بە هەلومەرجی خراپترەوە بگەڕێتەوە ناو ئەوروپا؟ رووسیا توانای کێبەرکێی لە ڕووی تەکنۆلۆژیایی و کوالیتی کاڵای و پسپۆری لەگەڵ ڕۆژئاوادا نییە و سیستەمی بانکیشی بە قەرزی دەرەکیی بەستراوەتەوە، بەپێی ئەزموونەکانی مێژوویی رووسیا تەنیا لە پاش چارەسەرکردنی کێشەکانی ئابووری و نێودەوڵەتیدا توانیویەتی،

کە دەست بە پەرەسەندن بکات، بۆ نموونە لە پاش شۆڕشی ١٩٠٥ ــ ١٩٠٧ تا رادەیەکی باش توانی، کە کێشە نێودەوڵەتییەکانی خۆی چارەسەر بکات، کە لە بەرئەنجامدا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، وەکو دیارە ئێستەش دەبێ هەر بەو ئاراستەیەوە هەنگاو بنێت. لە ڕووی گرینگی مێژوویی بەراوردی کێبەرکێی ئابووریدا پێویستە بوترێت، کە ئیمپراتۆرییەتی بێزانتی یۆنانی خودان دەسەڵاتێکی خاوی بێهێز بوو، بۆ چەندین سەدە توانای رکابەری لەگەڵ دوو هەرێمی بچووك و دانیشتوانی بە هەژمار زۆر کەمی کۆماری گێنوڤە Repubblica di Genova و ڤێنێسیای نەبوو، هەر شەڕڤانانی ئەو دوو هەرێمەیە وەکو هێزی سەرەکیی بەرگری لەکاتی هێرشی عوسمانییەکان بۆ سەر ئەو ئیمپراتۆرییەتە دێنە ناسین.

ڕووسیا و ڕۆژئاوا لە بارودخی ئەمڕۆدا

زۆر پسپۆری روسیایی و جیهانی بە بەردەوامی تۆژینەوە لەسەر ڕووسیا و ئاراستەی سیاسی و خواست و داهاتووی ئەو وڵاتە دەکەن و دەیانەوێت لە سیاسەتی ئەمڕۆی ڕووسیا و تایبەتمەندییەکانی تێبگەن، لێرەدا بە هەندەوەرگرتنی بۆچوونی جۆراوجۆر باسی گرینگترین خاڵی مێژوویی و تایبەتمەندیی حکومی و ئاراستەی گۆڕانکارییەکان دەکەم.

## تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتداریەتی ڕووسیا:

- **ڕووسیا هەمیشە لە ڕووی ڕێکخستنەوە جیاوازی لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەبووە:** هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ڕووسیادا ناوەندەکی بەهێزی بڕیاردەر هەبووە، کە هەر بەو ڕێکارانەوە شازادە و ئیمپراتۆرەکانیش لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەستنیشان دەکران، هەر بەو شێوەیە بڕیار لەسەر گۆڕینی ئاین و باوەڕی خەڵکیش دەدرا (بەیەك بڕیار بەر لە ١٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، کە ئەمساڵ بیرەوەری بە مەسیحیکردنی ڕووسیا کرایەوە لەلایەن شازادە ڤلادیمێر فرە ئاینی ڕووسیا بۆ سەر ئاینی ئۆرتۆدۆکسی ــ سلاڤیانی گۆڕا).

- **رووسیا وەکو میراتگری مەغۆلستان و بێزانتیە:** رووسیا خۆی بە جێگرەوەی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی و درێژەپێدەری سیاسەتی ئەو ئیمپراتۆرییەتە دەناسێنێت، لە لایەکی دیکەیشەوە کاریگەری دوو سەدەی ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی بەسەر ئەو وڵاتەدا هەیە، لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتیدا کاریگەری و میتودی هەردوو ئەو ئیمپراتۆرییەتە لەسەر رووسیادا بەبەرچاوە لە شێوەی بێزانتییەدا تەمەنی دەسەڵاتی کورتربوو، لەو سیستمەیەدا کڵێسا باڵادەست بوو، بەڵام دەسەڵاتی مەغۆلەکان درێژخایەنتر و توندوتیژی زیاتری پێوەدیار بوو.
- **گۆڕینی ئاراستەی رووسیا لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا:** لە سەردەمی ئیمپراتۆری هەرە بەناوبانگی رووسیا پێتری یەکەم لە کۆتایی سەدەی حەڤدەیەم و لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا شێوە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژهەڵاتی بەرەو ڕۆژئاوا گۆڕی، بە یارمەتی دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێزی توندوتیژیش توانی، کە دابورێورەسمەکان و شێوە بەڕێوەبەرایەتی بەرەو میتودی رۆژئاوای ئەوروپایی بگۆڕێت. (لە ماوەی چەند رۆژێکدا بە خورتی هەموو خەڵکی ناچار بە تاشینی ردێن کرد و لەر ووی کولتووریشەوە ژن و پیاو ناچار کران، کە شێوەی جلوبەرگیان بگۆڕن و ژن و پیاو لە ڕووی مافدا یەکسانکران و لە ڕووی ئابووری و بازرگانیدا بەهاوشێوەی ئاڵمان گۆڕانکاریی ئەنجامدا)، بەڵام دووبارە چەندین تساری دیکەی رووسیای ئەو شێوە ئازادیانەیان سنووردارکرد، لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا بەیەکجاری دەرگەی وڵاتیان لەبەردەم جیهاندا داخست.
- **کاریگەری بەندەگی کشتوکاڵ و هاوردەی پسپۆر:** بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ رووسیا لەژێر ساکاری شێوە بەندەگییەکی کشتوکاڵیدا بوو، تەنیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا گۆڕانکاری پێکراوە، بۆیە لە ئاستی زۆر فرەواندا توانای دابینکردنی پسپۆری وەکو ئەندازیار، ژەنەراڵ، مامۆستا و ئەفسەری نەبووە، بەو هاوشێوەیەش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەو پسپۆرانەی لە دەرەوەدا دەهێن

و به بەراورد لەگەڵ رووسیا لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زیاتر کاریگەری ئاینی باڵادەست بووە، کە ئەوەش جیاوازییەکی گەورەی نێوانیان بوو.

- **هێزی لەشکری رووسیا:** رووسیا بەدرێژایی مێژوو خودان ژمارەیەکی زۆری لەشکر بوو، کە لە سەربازانی جووتیاری هەژار پێکدەهات و بە تۆبزی خەڵکیان دەبردە سەربازی و بە بێ بەرانبەر نیوەی زیاتری تەمەنیان خزمەتیان دەکرد، بە میتودەکانی توندوتیژی هاوشێوەی شەڕڤانانی ئاسیای ناوەڕاست شەڕیان پێدەکرا.
- **پێڕەوی لە سیستەمی ئەوروپایی:** بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ ئیمپراتۆریەتی رووسیا بە هاوبەشی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ئاڵمانی و نەمساوی ــ پرووسیایی لە سەدەی ١٨ دا پۆڵۆنیایان بەڕێوە بردووە، لەو کاتەدا سیستەمی ئەوروپایی پێڕەو کراوە. خزمایەتییەکی نێزیك لە نێوان ئەو سێ ئیمپراتۆریەتەدا هەبووە.
- **چاکسازییە مێژووییەکان:** تەنیا لە لە ساڵی ١٨٦١ بەندایەتی سەر زەوی (Serfdom) ((واتە جووتیار لەگەڵ زەویەکەی مامەڵەی پێدەکرا)) هەڵوەشێندرا و تا ڕادەیەك چاکسازی ئەنجامدران بە بەراورد لەگەڵ ئەوروپا ئەو ریفۆرمانە زۆر بەرچاو نەبوون.
- **گەشەی ئابووری ــ سیاسی:** لە پاش شۆڕشی ١٩٠٥-١٩٠٧ رووسیا دەستی بە چەندین ریفۆرم کرد و کێشەکانی لەگەڵ ئینگلستان و فەرەنسا چارەسەر کرد، هەروەها لە ساڵی ١٩٠٧ لەگەڵ وڵاتانی کێشەلەسەری ئاسیاش رێکەوتن، ئەو چاکسازییانە بوونە هۆی گەشەکردنی ئابووری رووسیا، بەڵام زۆری پێنەچوو، کە یەکەمین جەنگی جیهان و دووبارە سەرهەڵدان و شۆڕشی یەك لە دوای یەك لە رووسیا روویاندا و تزاری رووسیا ناچار بوو، کە بەشێك لە هێزەکانی لە بەرەکانی شەڕ بۆ مەبەستی سەرکوتکردنی سەرهەڵدانەکانی ناوەخۆ بەکار بهێنێت، لە بەرئەنجامدا سیستەمی پاشایەتی رووسیا لە بەرەکانی شەڕ و ناوەخۆیشدا ڕووبەڕووی هەرەسهێنان بۆوە.

- **لاوازی دامەزراوەکانی رووسیا:** لەناو ئیمپراتۆریەتی رووسیایی و عوسمانیدا دامەزراوەی بەڕێوەبەری ناوچەیی لاواز بوون، هەر بۆیە لە کاتی هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهان و شۆڕشەکانی رووسیا بە ئاسانی دارمان بەسەر ئەو ناوچە خۆجێیانەدا، لە سەروبەندی رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیشدا ئاتاتورك بۆ پاراستنی بەشێك لەو ئیمپراتۆریەتە دەستی بە دامەزراندنی تورکیا و چاکسازی کرد و لە سایەی سیاسەتێکی زبر و سەرکوتکەرانەدا توانی، کە وڵاتی تورکیا دابمەزرێنێت.
- **دەسەڵاتی بیروکراتی و بەهێزی ناوەندی یەکێتیی سۆڤیەت:** لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتیشدا شورا خۆجێییەکان، کە بە گرینگترین ناوەندی دەسەڵاتی دەناسران نەیانتوانی، کە بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆیانەیان هەبێت، هەموویان گرێدراوی ناوەند و بیروکراتییەتێکی ناوەندی بەهێز بوون. جیاوازی سیستەمی ئیمپراتۆری رووسیایی لەگەڵ دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەت لەوەدا بوو، کە کۆمۆنیستەکان هەوڵیاندا وڵاتێکی سەربەخۆ و جیاواز لە ڕۆژئاوا چێ بکەن، بەڵام لەبەر سنووورداری تواناکانی کێبەرکێ لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداریدا نەیانتوانی، کە ئامانجەکانیان بپێکن و ئەو سیستەمەش لە کۆتایی هەشتاکاندا کۆتایی پێهێنرا.

**بارودۆخی ئەمڕۆی رووسیا:**

- **هەڵوێستی لاوازی رووسیا:** ئەمڕۆ وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات "لە رابردوو هاوپەیمان" بڕوایان بە پایەداری ڕووبەڕووبوونەوەی رووسیا لە هەمبەر یەکێتیی ئەورووپادا نییە، بۆیە لەوانەیە وەکو مەعنەوی پشتگیری لە رووسیا بکەن، بەڵام بەکردەنی هەموویان لەگەڵ پرۆسەی یەکگرتنی ئەورووپادان، تەنانەت دوو وڵاتی وەکو یۆنان و سربیاش هەر بەو شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا دەکەن.
- رووسیا توانای کێبەرکێی تەکنۆلۆژیایی و کوالیتیەتی کاڵا و پسپۆری لەگەڵ ڕۆژئاوادا نییە و سیستەمی بانکیشی بە قەرزی دەرەکی بەستراوەتەوە.

**رووسیا دووباره ئاوڕ لە ڕۆژهەڵات دەداتەوە:**

- لەو هەلومەرجە نوێیەدا، کە مەبەست جێبەجێکردنی ئابلۆقەکانی ئابووری مانگی ٤ی مەی ساڵی ٢٠١٤، لە پاش ئەوەی، کە رووسیا نیمچە دورگەی کریمی داگیرکرد، لە لایەن ڕۆژئاواوە گەمارۆی ئابووری بەسەر رووسیادا داسەپێندراون، ئەمە وایکرد رووسیا ڕووبەڕووی تەنگژە ببێتەوە و ڕوو لە ئاسیا بکات، لێرەدا پرسێك دێتە پێش، کە ئایا رووسیا دەتوانێت ڕێگە پێشکەوتنێکی جیاواز لە ئەوروپا بخاتە روو و ببێتە متمانەی بەشێك لە کۆمەلگەی جیهانی؟ لەڕووی جوگرافیاوەش بەشی هەرە گەورەی رووسیا لەناو ئاسیادایە و لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی ئاسیایی چین، ژاپۆن و کۆریاش هاوسێیە. رووسیا وڵاتێکی هەڵگری دوو ژینگەیە لەلایەکەوە بە ئەوروپاوە بەستراوەتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە وڵاتێکی ئاسیایە.
- ئایا رووسیا لە هەلومەرجی نوێی پێشکەوتنەکانی ئاسیایدا دەتوانێت وەکو رابردوو ڕۆڵی خۆی ببینێت؟ کیشوەری ئاسیا لە دۆخێکی خێرایی پەرەسەندن و گەشەدایە، چین بووەتە یەکێك لە بەهێزترین وڵاتانی جیهان و ماتۆری بزوێنەری هەرێمایەتی، لەو رووەوە ئایا رووسیا دەتوانێت کێبەرکێ لەگەڵ چیندا بکات؟ وەکو دیارە رووسیا دەیەوێت، کە پێگەی لە ئاسیادا بگەڕێنێتەوە. شانسێکی دیکەیش لەبەردەم رووسیادا کراوەیە، بە بڕوای بەشێك لە پسپۆرانی رووسیایی، ئەوروپا پێی خۆشە، کە ئەگەر رووسیا و ئەوروپا بە هاوبەشی ڕۆڵی ئەو پەرەسەندنە سەرسام ئاوەرانە رابگرن، هەروەکو لە مێژوودا بینراوە، کە رووسیا بە هاوبەشی لەگەڵ ئەوروپادا سەرهەڵدانی "ئیهێتوانایان" سەرکوت کرد. وەکو دیارە لەو بارودۆخە نالەبارەیەدا مۆسکو ئامادەیە، کە گفتوگۆ لەسەر بابەتەکانی جۆراوجۆری هاوشێوەدا بکات.

**کێشەکانی دیکەی بەردەم رووسیا:**

- یەکێك لە کێشەکانی دیکەی رووسیا ئەوەیە، کە رووسیا تاکە هێزی بڕیاردەر لە ئەوروپادا نابینێت، بۆیە هەروەکو جاران پێی خۆشە، کە هێزێکی دیکە هەبێت و پێکەوە رێك بکەون.
- دیارە، کە ئەگەر لەو بێنەوبەردانانەدا رووسیا توانای ڕووبەڕووبوونە و بەرگری ئابووری نەبێت ناچارە، کە دووبارە بگەڕێتەوە ناو چوارچێوەی سیاسەتی ڕۆژئاوادا، بەڵام بە هەلومەرجی خراپتر لە ساڵی ٢٠١٤ دا.
- پێڕەوکردنی سیاسەتی ئیمپراتۆریەتی هاوشێوەی پەرەسەندنی سەدەی نۆزدە سیاسەتێکی بێ بنەمایە و بێ سوودە، لە کاتێکدا، کە ئەگەر رووسیا توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نەبێت. لە لایەکی دیکەوە رووسیا لەو بڕوایەدایە، کە ڕۆژئاوا چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی دەبەزێنێت، باشە بۆ رووسیاش ئەو توانا و ئەو مافەی نەبێت؟!.

## سەرچاوەی بەمۆدێرنکردنی رووسیا وڵاتانی ڕۆژئاوایە یاخۆ ئاسیا؟

بەدرێـژایی سـاڵانی پـاش رووخـانی یـەکێتیی سـۆڤیەت رووسـیا ڕۆژئـاوای وەکـو سەرچاوەیەکی باشی بەمودێرنکردن و بەدەستهێنانی تەکنۆلۆژیای سەردەم دەبینی و تـوانرا، کە پێوەندییەکی باشیش چێ بکرێت، بەڵام بەشێك لە دەسەڵاتدارانی رووسیا بە پێچـەوانەی ئاراسـتە گشـتییەکان لـەو بڕوایـەدابوون، کـە ڕۆژهـەڵات دەتوانێـت ببێتـە ئەلتـەرناتیڤی پێوەندییەکانی رووسیا، ئەویش وڵاتانی ئاسیایین و دەتواندرا، کـە پێوەندییـەکی سـتراتیجی درێژخایەن بوونیاد بنرابا، بەڵام لە راستیدا پێوەندییەکانی رووسیا لەگەڵ وڵاتـانی یـەکێتیی ئەوروپا بـەرەو ئاسـتێکی چۆنایەتی هـەنگاویان هـەڵگرتووە، هەنـدێ پێوەنـدیی یاسـایی و مافیش لە نێوانیاندا چێ ببوون، کەرتەکانی مامناوەند، بیزنسی بچووکیش توانیویانە، کـە لەو چوارچێوەیەدا ڕۆڵی خۆیان ببینن و بروسانی رووسیاش لـەو وڵاتانـەدا بووەتـە بەشـێکی چالاکی پێوەندییـەکان، لـە هـەمان کاتـدا هەنـدێ لایـەنی ئـەوروپاییش بەدوورکەوتنـەوەی رووسیا خوشحاڵن و هەوڵی زیاتری ئەو دوورکەوتنەوەیە دەدەن. شەڕی ئۆکراینا هاوسـەنگی رووسیای لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپایی تێکداوە، تەنانـەت پێوەندییـەکان لەگـەڵ بیلارووسـیا و کازاخستانیش ساردبوونەتەوە. جگـە لـەو ئاڵۆزیانـە نرخـی وزەش کەمبوونەوەیـەکی زۆری بەخۆوە بینیوە، کاتێك نرخی نەوت لە سەرەوە بوو هـیچ کـەس پێشـبینی ئـەو بارودۆخـەی نەدەکرد. ئێستە لە ڕووی سوپاوە هەم لە رووسـیا، هـەمیش لـە لایـەن وڵاتـانی ئەنـدامانی ناتۆشدا بودجەیەکی زۆر بۆ سوپا تەرخان دەکرێت.

لە ساڵانی نەوەدەکاندا لە چوارچێوەی سنوورەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا چەندان کۆمـاری دانپێنـەنراو دروسـت بـوون، کـە لەلایـەن رووسـیاوە بـەخێودەکرێن، ئایـا چارەنووسـی دوو پارێزگەی ئۆکراین واتە دونێسك و لۆگانسك، کە بە هەرێمی (دونباس ) یاخۆ ماوەیەك بـەر لـە ئێسـتە پێیـان دەوتـرا (نۆڤۆرووسـیایی)، بـەڵام ئێسـتە ئـەو نـاوە بـە دەگمـەن بـەکار دەهێنـدرێت، هـەمان چارەنووسـی وڵاتـانی دانپێنـەنراویان دەبـێ؟ ئایـا رووسـیا دەبـێ چ ڕێوشوێنێك لەگەڵ ئەو هەرێمەدا بگرێتە بەر، وەکو هەرێمێکی دانپێنـەنراوی لێـدێت و ئایـا چـەند دەیـە سـاڵی دەوێـت تـا ئابوورییەکـەی بێتـەوە سـەرەخۆ، ئـاخۆ بـۆ رووسـیا نابێتـە

سەرئێشەیەکی گەورە یاخۆ ناچارە، کە بەرە بەرە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئۆکراینا ئاشتیان بکاتەوە، بەڵام ئاسۆی ئاشتییەکی نێزیکخایەنیش دیار نییە، چونکە خوێنیان لە نێواندا رژاوە. وەکو دیارە جگە لەو کێشەیە وا پێدەچێت، کە ژمارەیەکی زۆری هێزی چالاك و پسپۆری رووسیایی ئەو وڵاتە بەجێبهێڵن و بەرەو دەرەوە بچن، لەلایەکی دیکەیشەوە ژمارەی ئەو کرێکارانەی، کە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە دەهاتنە رووسیا کەمبووتەوە. لە بارودۆخی قەیراناویشدا رادەی منداڵبوونیش کەم دەبێتەوە، بەپێی مەزەندەکان رووسیا لە ماوەیەکی کورتدا ڕووبەڕووی کەمی پسپۆر و هێزی کاری پێویست دەبێتەوە. ئەو تەنگژانە کاریگەری نەرێنی بەسەر ناوبانگی رووسیا و هاووڵاتیانیشیدا دەبێت.

لەبەر ئابلۆقەی ئابووری لە ساڵی رابردوو رووسیا زیانی ١٥٠ ملیارد $ بەرکەوتووە، بەپێی زانیارییەکانی هەواڵنێری( Ria.ru ) لە ئەنجامی ئابلۆقەی ئابووری لە ساڵی ٢٠١٤ دا، کە لە لایەن وڵاتانی رۆژئاواوە بەسەر رووسیادا سەپێنراوە زیانی ١٢٠ ملیارد $ بە بەر ئابووری نیشتمانی رووسیایی فیدراڵ کەوتووە، بەپێی ئامارەکانی ئینستیتوتی ئابووری سیاسی گایدەر ٣٠ ملیارد $ دۆلاری دیکەیش لە ئاکامی کردەوەکانی وەڵامدانەوەی ئابلۆقەیی بەرابەردا بە بەر ئابووری رووسیا کەوتووە. هەر بەپێی هەواڵەکانی ئەو سەرچاوەیە بەم نێزیکانە چاوەڕێ ناکرێت، کە ئابلۆقەکان هەڵبگیرێن هەرچەندە، کە هەندێ جار تاك و توك وڵات لە کاتی دەنگداندا لە بەرژەوەندی رووسیادا قسەدەکەن، بەڵام بە کردەنی هەموو وڵاتەکان لەسەر یەك رای گشتی دەنگ دەدەن.

لەم نەخشەیەی خوارەوەدا ئەو وڵاتانەی، کە ئابلۆقەیان لەسەر رووسیادا داناوە دیارکراون:



**گرینگترین هەڕەشە و مەترسی بەردەم رووسیا:**

کێشەی هەرە سەرەکی، کە رووسیا ڕووبەڕووی بووەتەوە چۆنییەتی چارەسەری بەرئەنجامەکانی نەرێنییانەی ئابلۆقەکانی ئابوورییە، کە لە لایەن وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەندین وڵاتی دیکەی ڕۆژئاوا و ژاپۆن دانراون، هۆکارەکەشی بۆ دەستێوەردانی رووداوەکانی ئۆکراینا لە لایەن رووسیاوە دەگەڕێننەوە. پسپۆرانی سەر بە حکومەتی رووسیا لە ٥ی مەی ٢٠١٥ دا لە ئۆفیسی ئینستیتوتی لێکۆڵینەوەکانی ستراتیجیدا( rukavkaz.ru ) راپۆرتێکی هاوبەشیان لەبارەی هەڕەشەکانی سەر رووسیا و گۆڕانکارییەکانی جیهانیدا ئامادەکرد، کە باسی چوار مەترسی گەورە وەکو **هەڕەشە لەسەر رووسیا دەکەن:**

١. مەترسی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە، کە دەیەوێت رووسیا وەکو چەند وڵاتی سەربەخۆ دابەش بکات.
٢. ئۆپۆزیسیۆنی لایەنگری بیروڕای ڕۆژئاوایی، کە لە شارەکانی موسکۆ و سانکپیتربۆرگ لەنێو رۆشنبیراندا بەربڵاوە، بەڵام هێزی کردەنییان نییە.
٣. هێزی بێگانە ستیزی( xenophobia )لەنێو رووسەکاندا.
٤. گرووپە توندڕۆکان و تیرۆریستانی ئیسلامی.

لێرەدا باسی چەندان هۆکاری دیکەی مەترسیداری وەکو گەندەڵی، هەڵاتنی سەرمایە بۆ دەرەوە و کزی سەرمایەگوزاری بیانی لەناو رووسیادا و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئابووری رووسیا لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئاکامەکانی ئابلۆقەی ئابووری نەکراوە. بۆیە پێویستە ئەو بنەماهەمەکییە بە لە هەموو بابەتێك بەهەند وەربگیرێت، کە ئەویش لاوازی ئابوورییە، چونکە گەورەترین مەترسییە لەبەردەم پێشکەوتنی وڵاتانی جیهانیدا.

١- بەپێی بۆچوونیان ئەمریکا بەڕێگەی دووبەرەکی خستنە ناو نەتەوە و ئاینزاکانی رووسیادا دەیەوێت، کە پێگەی خۆی بەهێز بکات و رژێمی ئێستەی رووسیا هەڵوەشێنێت و رووسیا وەکو چەند وڵاتی سەربەخۆ دابەش بکرێت. ئەو بۆچوونە زۆر بەربڵاوە، هەر لەو رووەوە سەرنووسەری رۆژنامەی نیزەڤیسیمایا گازێتا (کۆنستانتین ریمچۆکۆڤ)، کە یەکێك لە بەشداربووەکانی چالاکی کۆڕبەندی

ئـابووری سـانك پیترسـبۆرگ لـه ١٩-٦-٢٠١٥ دا لـه چـاوپێكەوتنێكدا لەگـەڵ ڕادیۆی ئێخو ماسكڤا لـه ٢٧-٦-٢٠١٥ بـەو شـێوەیە باسـی مەترسـی رووسـیا لەسەر ڕۆژئاوا دەكات و دەڵێت "بۆ من زۆر جێگەی سەرسـووڕمان بـوو لـەوەی، كە پسپۆرانی حكومی بەو شێوەیە باسی ئەو مەترسـیانە دەكـەن، كاتێـك باسـی مەترسی هەڕەشەكانی داگیركردنی رووسـیایان دەكـرد وامـدەزانی، كـە هیتلـەری دووەم سـاغ بووەتـەوە، هـەروەها كەسـایەتییەكی بـاڵای دەسەڵاتبەدەسـتی وەكـو پاترۆشـێڤ، كـە سـەرۆكی ئەنجومـەنی تـەناهیی رووسـیایە وتـی، كـە ئـەمریكا دەیەوێت ئێمە لەناو ببات، وەكـو پێدەچـێت، كـە ناكۆكییـەكانی كابینـەی پـوتین لەگەڵ ئەمریكا و ڕۆژئاوا بەردەوام دەبن و لە پـاش پـوتینیش ئـەو شـوێنەوارانە هەر دەمێننەوە. بەشێكی زۆری كابینەی پوتین لەو بڕوایەدان ڕۆژئاوا بە ڕەهەند و ئاراسـتەی وڵاتـانی ئاسـیایی كـار دەكـات، بـەپێی ئـەو بنەمایانـە رووسـیاش دەتوانێت، كە خۆی لە ئاسیا نێزیك بكاتەوە و پێویستی بە ڕۆژئـاوا نییـە، بۆیـە هـەر لـە چوارچـێوەی ئـەو بیرۆكەیـەدا بڕیـارە، كـە رووبـەرێكی زۆری زەوی لـە ڕۆژهـەڵاتی دوور بـە كـرێ بدەنـە چـینییەكان و رادەسـتی ئـەو وڵاتـە بكرێـت".
میدڤێدڤ سەرۆك وەزیرانی رووسیاش دەڵێـت، كـە ڕۆژئـاوا بـە هـەموو شـێوەیەك بەربەرەكانی لەگەڵ دەسكەوتەكانی رووسیا دەكات و دەڵێـت، كـە وڵاتـانی( EU )نەیانهێشترۆژەی (تەوژمی باشوور) جێبەجێ بكرێت بڕیاربوو، كە گازی رووسـیا بە ڕێگەی دەریای رەشەوە بۆ بولگاریا هەناردەی ئەوروپا بكرێت، بەڵام وەكو دیار بـوو، كـە ئـەوروپا دژی راكێشـانی ئـەو پرۆژەیـە وەسـتاوە، ئێسـتەش پـرۆژەی (تەوژمی توركیا) لە ئارادایە، هەر لەو رووەوە میدڤێـدڤ دەڵێت ئـەو پرۆژەیـەش ڕووبەڕووی هەندێ كێشە بووەتەوە، بەڵام توانی جێبەجێكردنی هەیە.

٢- ئۆپۆزیسیۆنێكی نێزیك لە بیروڕای لیبراڵـی، كـە ئـەمریكا پشـتگیریان لێـدەكات لەنێو رۆشنبیرانی شارەكانی موسكۆ و سانك پیتربورگ دا چـالاكن، بـەڵام هێـزی كردەنییان لاوازە (هەرچەندە زۆر بەرپرسی رووسیایی پرسی شۆڕشی ڕەنگاوڕەنگ بە مەترسییەكی گەورە دەبینن، كە بە شـێوەیەكی ئاسـایی ئـەو جـۆرە گرووپانـە هانـدەری سـەرەكیی ئـەو شۆڕشـانەنە) نوێنـەری وەزارەتـی بـەرگری ژەنـەراڵ

میخائیل سمێسلۆڤ، که له هەمانکاتدا بەرپرسی سەرەکیی پەروەردەی سوپایی رووسیایه لـه ۲۰-٦-۲۰۱٥ دا لـه(gazeta.ru ) دا دەڵێت: کـه مەترسی شۆڕشی (ڕەنگاوڕەنگ) هەڕەشەیەکی جدییه بۆ سەر ئەمنییەتی رووسیا، ئـەو هەڕەشەیه هەر بەردەوامه و دەبێ بزانین، که کارتێکەریان به چ شێوەیەك دەبێت.

۳- له نێوان بەشێك له توندڕۆوانی هەڵگری بیروڕای نەتەوەپەرەستی رووسەکانیشدا بۆچوون و کردەوەی دژی بیانی( xenophobia )ئەنجام دەدرێن، باروذۆخی ئێستەی رووسیا لەو رووەوه له ساڵانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان دەچێت، بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو شێوه بیروبڕوایانه زۆر گونجاوه. لایەنگرانی ئەو بۆچوونانه دەیانەوێت دووبەرەکی بخەنە ناو نەتەوەکانی رووسیای فیدراڵ و هۆکاری جۆراوجۆری ناسیونالیستی نەتەوەیی دژ بەیەکدیی بەکار بهێنن، بەو شێوەیه ناسەقامگیری له بەردەم دەسەڵاتی فەرمی رووسیادا چێ بکەن.

٤- توندڕۆوانی ئیسلامی، که رووده‌کەنه کردەوەی تیرۆریزمی گەورەترین مەترسی سەر رووسیان لـه باکوری قەفقاز لەنێو گەنج و هۆزه جۆراوجۆرەکان دا زۆر بەهێزن، زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچانه گەنجن لەو هەرێمەدا ڕۆڵی خزمایەتی لەسەر دەسەڵاتیش بەرچاوه، توانای کاری پێویست نییه و دەرفەتی چاکسازی گەنجانیش فەراهەم نییە، بەلایانەوه ڕۆڵی ئازایەتی گرینگە، هەروەها وەبیرهێنانەوه و زیندووکردنەوەی تێهەڵچوونەکانی رابردوو دژی ئیمپراتۆریەتی رووسیا له ڕووی مێژووییەوه و بیروڕای سەلەفی و وەهابیەتیش له راکێشانیان بۆ ناو ڕیزی توندڕۆکان گرینگن. بزوتنەوەی (ئیماراتی قەفقاز) هێزێکە، کـه بانگەوازی جیهاد به دژی رووسیا دەکات و بانگەوازی وڵاتێکی ئیسلامی لـه باکوری قەفقازدا دەکات. دژایەتیکردنی رووسیا به دوو ڕێکارەوه ئەنجام دەدرێت یەکەمیان بە ڕێگەی کردەوەی تیرۆری، دووەمیش پروپاگەندەی نهێنی. پروپاگەندەی ئیسلامی سیاسی بە بەردەوامی بە ڕێگەی ئینتەرنێت و مزگەوتەکانەوه له شاره هەرەگەورەکانی رووسیای وەکو موسکۆ، سانك پیتربورگ و شارەکانی دیکەی هاوشێوه بەڕێوه دەچێت. بە ڕێگەی هاتنی کۆچبەرانی موسڵمانی ئاسیایی ناوەڕاست و قەفقازی باشوور بزوتنەوەی توندڕۆی ئیسلامی

بەهێزکەوتووە، سەرەڕای ئەوەی، کە ژمارەی مزگەوتەکان زۆر کەمە، بەڵام هێزی خۆیان لەو ناوەندانە بەتایبەتی لە بۆنەکان دا بە ئاشکرا پێشان دەدەن. بەشی زۆری مەلاکانی میانڕۆ نەزانن، بەڵام لە هەمبەردا مەلاکانی توندڕۆ چالاکتر و کاراترن. لە بەهێزکەوتنی داعش پشتیوانی بۆ هێزەکانی توندڕۆی ئیسلامیش پەیدا بووە، هەروەها بزوتنەوەی مەترسیداری ئاسیای ناوەڕاست وەکو (بزوتنەوەی ئیسلامی تورکستان) و (بزوتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان) و (کۆمەڵی ئەنسارولڵا) و ئێستەش بزوتنەوەیەکی دیکە بەناوی (خوراسان) چێ بووە. زۆرینەی ئەو گرووپانە لەژێر دەسەڵاتی تاڵیبانەکان بۆ ژێر دەسەڵاتی داعش دەگوازرێنەوە، سەرۆکی بزوتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان بە رەسمی وەفاداری خۆی بۆ سەرۆکی داعش ئەبوبەکر بەغدادی دەربڕیووە. بەپێی ئامارەکان لە دۆڵی فێرگان، کەدەکەوێتە نێوان سێ وڵاتی ئۆزبەکستان و تاجیکستان و قرقیزستان نێزیکەی ٢٠ هەزار چەکداری تێدا هەیە. سەرۆکی FSB هەواڵگری رووسیا لە ئەمریکا وتی، کە ١٧٠٠ کەسی رووسیایی لەناو ریزەکانی داعشدان، هەرچەندە هەندێ سەرچاوە باسی دوو بەرابەر یاخۆ سێ بەرابەریش دەکەن.

لە ناوەخۆی رووسیاشدا حکومەت ڕووبەڕووی چەندان کێشەی دیکەی وەکو کوشتنی کەسایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی رووسیایی نێمسۆڤ لە موسکۆ بووەتەوە، کە بەو تۆمەتەیەوە تاوانبارێکی توندڕۆی ئیسلامی چیچانی دەستگیر کراوە، لە هەمان کاتیشدا زاوای پێشووی سەرۆك کۆماری کازاخستان نازاربایڤ لە ڤیەنا لەناو زیندانندا خۆی کوشت و ئۆپۆزیسیۆنی تاجیکی و ئۆزبەکی بەتایبەتی ئیسلامی سیاسی لە دژی حکومەتەکانیان وەستاونەتەوە، لە ئاسیای ناوەڕاستیش بارودۆخ باش نییە و خەڵك داوای گۆڕانکاری دەکەن. بارودۆخی ئابووری خراپە و دەسەڵاتدارانیش باسی مەترسی داعش دەکەن، کە بەو بیانوانەوە تەمەنی دەسەڵاتی خۆیان درێژ دەکەنەوە. ئۆکراینا و رووسیاش لە ڕووی سوپاییەوە خۆیان بەهێز دەکەن، هەرچەندە هەردوو لایەن بە قسە نەرمتر بوونە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش یەکدیی بە پێشێلکردنی رێککەوتننامەی مینسك تاوانبار دەکەن و شەڕە تەقەش لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا هەر بەردەوامە).

## نەوت وەکو ئاوێنەی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان

دەیان ساڵە، بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەشی سەرەکیی دەرامەتی ئابووری رووسیا، تەنانەت یەکێتیی سۆڤیەتی جارانیش بە نرخی وزە بەستراوەتەوە، هەر جۆرە گۆڕانکارییەك کاریگەری لەسەر تێکڕای گەشە، کۆی بەرهەمی ناوەخۆیی، نرخی ڕۆبڵ، قەبارەی سەرمایە و... هتد دەبێت. سەرۆکی ئینستیتوتی وزە و دارایی( fief.ru )ڤلادیمیر فێگین (کە ئینستیتوتێکی سەربەخۆیە) دەڵێت: کە پشکی نەوت و گاز لە ڕووی دابینکردنی کۆی بەرهەمی ناوەخۆیی بریتییە لە ٣٠٪ و ٥٠٪ بودجە و دوو لەسەر سێی هەناردەی رووسیاش پێکدەهێنێت. بەشێك لە پسپۆرانی لایەنگری حکومەت ئەو خەملاندنە بە هەڵە دەزانن و دەڵێن زیادەڕۆیی بە بەستنەوەی ئابووری بەسەر وزەدا دەکرێت. بەپێی نووسینەکانی ( http://energypolicy.columbia.edu ) بەناوی:

( American Gas to the Rescue ) کە وەکو سەرچاوە ئامارەکانی بانکی ناوەندی رووسیا و( Goldman Sachs ) ی بەکار هێناوە دەڵێت، کە رووسیا بەبڕی ٣٥٦ ملیارد $ نەوتی خاو و گاز و بەرهەمەکانی نەوتی لە ساڵی ٢٠١٣ فرۆشتووە. لە هەمان ساڵدا کۆی بەرهەمی ناوەخۆی رووسیا بە بری ٢,٠٩٥ ترلیۆن دۆلار بووە، بەشی هەناردەی رووسیا بە بری ٥٢٣ ملیارد $ بووە. لە ساڵی ٢٠١٣ دا بە بری ١٧٤ ملیارد $ (کە دەکاتە ٨,٣٪ کۆی بەرهەمی ناوەخۆیی و ٣٣.٣٪ کۆی هەناردەی ئەو وڵاتەیە) نەوتی خاو هەناردە کراوە، بە شێوەیەکی گشتیی رووسیا لە ساڵی ٢٠١٣ نەوتی خاو و بەرهەمی نەوتی بایی ٢٨٣ ملیارد $ کە ١٣,٣ ٪ کۆی بەرهەمی ناوەخۆی و ٥١٪ دەرامەتی هەناردەکردن پێکدەهێنێت. دەرامەتی رووسیا لە هەناردەی گاز لە ساڵی ٢٠١٣ بریتی بووە لە ٧٣ ملیارد $، کە ٣,٥٪ کۆی بەرهەمی ناوەخۆی و ١٣,٩٪ کۆی هەناردە پێکدەهێنێت بەو شێوەیە پشکی نەوت، بەرهەمی نەوتی و گاز لە کۆی بەرهەمی ناوەخۆی بریتییە لە ١٦,٩٪، کە بری ٦٨,١٪ کۆی هەناردەکانی رووسیاش پێکدەهێنێت. لەو ئامارانەدا دیارە، کە وزە چ

کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر ژیانی ئابووریدا هەیە، هەر لێرەدا دەتوانین، کە باسی ئامارێکی هاوشێوەی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە عێراق بکەین، کە تەنیا هەناردەی نەوتی خاو نێزیکەی نیوەی کۆی بەرهەمی ناوەخۆیی ٤٧٪ و ٩٧٪ی هەناردەش پێك دەهێنێت، دیارە کە نەتەنیا هەناردە، بگرە بەرهەمی ناوەخۆیش بەو هۆکارەوە بەستراوەتەوە. دابەزینی لە ناکاوی ساڵی ٢٠١٤ بۆ زۆر وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت وەکو شۆکێك بوو، بەرئەنجامی زۆر چاوەڕواننەکراوی لێکەوتووەتەوە. لەو شیکارییەدا هەوڵ دەدەین، کە هۆکارەکانی دابەزینی نرخی نەوت بهێنین:

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵگری وزەی ئەمریکا، قەبارەی نەوتی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٤ دا لە ئاستێکی هەرە بەرزدا بووە. ناوەڕاستی بەرهەمهێنانی نەوت بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٣ دا لە ئەمریکا بە رۆژانە بە رێژەی ١.٥٩٠.٠٠٠ بەرمیل زیادی کردووە، لە عێراقیش بە رێژەی ٣٣٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا. هەر پێنج وڵاتی عێراق، ئەمریکا، ئێران، کەنادا و بەرازیل ئاستی بەرهەمهێنیانیان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادبوونەوەی بەخۆوە بینیووە، ئێران رۆژانە ١٨٠ هەزار بەرمیلی زیاد کردووە، کە ئەو قەبارە زیادەیە لە بازاڕەکانی جیهاندا دەبیندرا و کاریگەری راستەوخۆی لەسەر بری خواستندا هەبووە.

نەوتی ئێران تا رادەیەکی باش کوالیتی بەرزە و شێوەی سووك و قورسیان هەیە، بەرپرسانی ئێران دەڵێن ئەگەر نرخی نەوت بۆ ٢٥ دۆلاریش دابەزین بەخۆوە ببینێت لە ڕووی بەهایی تێچوونی هەر سوودمەندی خۆی هەیە، بەشێك لە نەوتی ئێران هەناردەی رووسیا دەکرێت بۆ ئەوەی، کە ئێران بەهۆکاری کەمکردنەوەی نرخی نەوت تاوانبار نەکرێت و دۆستایەتی خۆی بپارێزرێت.

نرخی نەوت بە شێوەیەکی راستەوخۆ پێوەندیی بە کوالیتییەوە هەیەن هەروەها هۆکارەکانی دیکەی وەکو خێرایی گەیاندن و ئاسایی و بەدامەزراوەییکردنی بەرهەمهێنان و گەیاندن ڕۆڵی گرینگیان لە نرخدا هەیە. نەوتی برێنت، کە بە یەکێك لە جۆرە هەرە باشەکان دادەندرێت و نەوتی( Urals )ی رووسیاش لەو ئاستەدا ئەژمار دەکرێت. سیاسەتی سەرەکیی ئۆپێك بریتییە لەوەی، کە نرخی نەوت بە رادەیەکی ئەوتۆ گران نەبێت، کە کڕیار توانای کڕینی نەبێت و بەدووی جێگرەوەی دیکەدا

بگەڕێت، هەروەها بەو ئەندازەیەش هەرزان نەبێت، کە بەرهەمهێنەر توانای بەرهـەمی نەبێت واتە هیچ سوودی بۆ نەمێنێتـەوە. لـە نێوەنـدی سـاڵی ٢٠١٤دا نرخـی نـەوت دابەزینی بەخۆوە بینی و بە بڕوای زۆرینەی پسپۆران مەبەست لەو سیاسەتە لاوازکـردن و لـەناوبردنی بەرهـەمی نـەوتی شـێل( shaleoil ) بـووە، کـە بـە تەکنۆلۆژیایـەکی بـەرزەوە بەرهـەم دەهێنرێـت و تێچـوونی لـە ئاسـتێکی بەرزدایـە، هەرچـەندە بەکەمبوونـەوەی نرخـی نـەوت رادەی سـوودیش زۆر کەمبووەتـەوە و داهـاتی وڵاتـانی هەناردەکەری نەوتیش دابەزیووە. ئەمریکا هاوردەکردنی نەوتی زۆر کەمکردووەتەوە و وڵاتی عەرەبستانی سـعودیا کەوتەبـەر بـارودۆخێکی تەنگانـەدا، لـە سـاڵی رابـردوودا وڵاتانی ئۆپێك بایی ٧٠٠ ملیارد دۆلار سوودیان بەدەستهێناوە، کە بەبەراورد لەگـەڵ ساڵی ٢٠١٣ دا ١٤٪ زیانیان بەبەرکەوتووە، زیانی سەرەکیش واتە یەك لە سێ بەبـەر سعودیا کەوتووە.

لە دۆخیی بەردەوامی ئەو هەلومەرجە نرخییە، قازانجی ئۆپێك لە ساڵی ٢٠١٥ بـە ئەندازەی ٤٤٦ ملیارد دۆلار، کە نێزیکـەی نیـوەی واتـە (٤٦٪) کـەمتر لـە سـوودی وەرگیراوی ساڵی ٢٠١٣ دا دەبێت.

کاریگەری بەرئـەنجامی دیکـەی نـەرێنی دابـەزینی نرخـی نـەوت لـە چـەند بـواری دیکەیشدا دەبیندرێت، نرخی ٥٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلی مارکی برێنت تێچـوونەکانی بەرهەمهێنانی لەو ئاستە تەکنۆلۆژیا بەرزە پڕناکاتەوە و کۆمپانیاکـانی بەرهەمهێنـەر ناچـارن، کـە ئـابووره بکـەن و هەلومـەرجی تـەناهیش بـەرەو چـەوتی دەڕوا ت، بۆیـە کرێکـارانی کۆمپانیـای Motiva مانیـان لـەبارەی لەناوچـوونی مەرجـەکانی تـەناهی گرت، هەروەها لەوە دەچـێت، کـە لـە Saudi Aramco ش مـانگرتن ئەنجامـدرێن، بـەڵام لـەو رووەوە هـیچ ئاگادارییـەك بڵاونەکراوەتـەوە. پێناچـێت، کـە لـەو ئاسـتە لەخوارترەوە نرخی نەوت کەمبوونەوە بەخۆوە ببینێت و بگاتە ٤٥ $.

## کاریگەری قەیرانی رووسیا بەسەر هاوسێکانیدا

بەپێی مەزەندەی( Bloomberg News )هەناردەی ولاَتانی بالْتیك بۆ رووسیا دەتوانێت، کە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەوە بەخۆوە ببینێت، لەوانەیە، کە هەناردەی هەر سێ ولاَتی ئیستۆنیا، لاتڤیا و لیتڤیا لە ساڵی ٢٠١٥ بە ئەندازەی ١٨- ٢٥٪ کەم ببێتەوە و ئابووری هەر سێ ئەو ولاَتە بری ٧٨٠ ملیۆن دۆلاریان لە دەست بچێت. ئەگەر ئەو پێشبینییانە راست و دروست دەربچن، گەشەی ئابووری ئەو ولاَتانەش ڕووبەڕووی دابەزین دەبێتەوە، ئاستی هەرە بەرز پتر لە ١,٥٪ نابێت، بۆیە لە ساڵی ٢٠١٥ گەشەی ئەو ولاَتانە بە ڕێژەی ١,٣-١,٧ ٪ بەبەراورد بە ساڵی رابردوودا کەمتر دەبێت، ئەگەر ئەو رێژە کەمبوونەوەیە بە پارە ئەژمار بکەین دەکاتە ١,٥٨ ملیارد دۆلار. هەروەك دیارە، کە لە مانگی ٦- ٢٠١٤ دا یەکێتیی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئابلۆقەی ئابووریان داناوەتە سەر رووسیا، رووسیاش هاوردەکردنی کالاَکانی خۆراکی لەو ولاَتانەوە سنووردار کردووە.، بەلاَم هەر بەپێی بۆچوونی پسپۆرانی ئەو سەرچاوەیە هۆکاری سەرەکیی کەمبوونەوەی هاوردە بۆ دابەزینی نرخی ڕۆبڵ و قەیرانی ئابووریش دەگەڕێنەوە. پشکی بالاَنسی رووسیا لە دابینکردنی ئالْوگۆڕییەکانی بازرگانی دەرەوەی لاتڤیا بریتییە لە ٦,٣٪ لە کۆی قەبارەی هەناردە و ئستۆنیا لە ٥,٥٪ لیتڤیا لە ٤,٤٪.

لەگەڵ دابەزینی نرخی ڕۆبڵ دراوەکانی دیکەی وەکو گریڤنی (ئۆکراینی) لێیا (مۆلْداڤی)، لاری(جۆرجیایی)، ماناتی (ئازەربایجانی)، تێنگێ (کازاخی) و ڕۆبڵی بیلارووسیایی کەمبوونەوەی بەرچاویان بەخۆوە بینیووە، لە هەموویان زیاتر گریڤنی ئۆکراینی و تێنگی کازاخی بەها داشکانیان بەسەردا هاتووە. بە هۆی شەڕی ڕۆژهەلاَتی ئۆکراینا دەرامەتی سەرەکیی ئۆکراینا کەوتووەتە بەر هەڕەشە، چونکە زۆر لە ناوەندە پیشەسازییەکانی وەکو بەرهەمهێنانی ئاسن لە هەرێمەکانی شەڕدا پەکیان کەوتوون، لە بەرئەنجامدا دەرامەتی دراوی پتەوی زۆر کەمبووەتەوە، هەروەها بانکی

ناوەندی ئۆکرایناش نەیتوانی، کە بە باشی ڕووبەڕووی کێشـەی بـەها داشـکانی نرخـی دراوەکـەیان ببێتـەوە و هەوڵیـدا، کـە بارودۆخەکـە کـونترۆڵ بکـات، ئـەو کردەوەیـەش کاردانەوەی پێچەوانەی لێکەوتەوە ،لە بەرئەنجامدا بازاڕی رەشی گۆڕینەوەی پارە هاتـە دی. بە بەراورد لەگەڵ ئۆکراینا وڵاتانی وەکو مۆڵداڤیا، جۆرجیا و ئازەربایجـان تـا ئـەو ئەندازەیە ڕووبەڕووی قـەیرانی ئـابووری نەبوونـەوە. مۆڵـداڤیا وڵاتێکـی بچـووکە، کـە دەکەوێتە نێوان رۆمانیا و ئۆکراینا بە تێکچـوونی بـاری ئـاڵوگۆڕی بازرگـانی هـەرێمی کاریگەری راستەوخۆی کردووەتە سەر ئەو وڵاتەیەش، چـونکە زۆرینـەی هـەناردەی بـە ئاراستەی ئۆکراینا و رووسیاوەیە بەستراوە بە شێوەیەکی بەرچـاو. بیلارووسـیا یـەکێك لەو وڵاتانەیە، کە بەهۆی وزەی هەرزانەوە توانیویەتی، کە تا رادەیەکی سـەرکەوتووانە پەرە بە ئابووری خۆی بدات، بەڵام لەکاتی بەهاداشکانی نرخی ڕۆبـڵ ئـەو وڵاتـەتوانای دابینکردنی پێداویستییەکانی ئابووری پەك کەوتن. لە پاش ئۆکراینا لە هـەمووان پـتر بیلارووسیا زیـانی بەرکـەوت، رووسـیاش لەسـەر هـاوردەی بەشـێك لـە کاڵاکـانی ئـەو وڵاتەدا بە بیانووی دووبارە فرۆشتنەوەی کاڵای قەدەخەکراوی ڕۆژئاوای بەسەر ئەو وڵاتە سنوورداری هاوردەی دانا، گوایە کە ئەو کاڵایانە لە ئەورووپاوە هێندراون نەك بەرهەمی بیلارووسیان. بانکی ناوەندی ئەرمەنستانیش پێشبینی دەکات، کە گەشەی ئابووری لە ساڵی ٢٠١٥ دا بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٤ دا بە رێژەی لـە ٠,٤ بـۆ ٢٪ دەبـەزین بەخۆوە ببینێت، وەکو دیارە هۆکاری سەرەکیش کاریگەری ئـابووری رووسـیایە بەسـەر ئەو وڵاتەدا.

# بارودۆخی ئابووری رووسیا

## سەرەتایەکی گشتی

لە دوای تەنگژەی دارایی - دراوی و هاتنەکایەوەی بارودۆخێکی نوێی ئابووری هەمەکی ( macroeconomics ) و لە ترسی بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵاَیسان و بەهاداشکانی ڕۆبڵ، هەروەها لەبەر مەترسی پەرەسەندنی قەیرانی بانکی لە ناوەڕاستی دیسامبەری ساڵی ٢٠١٤ دا دەسەڵاتداران و بەرپرسانی دارایی رووسیا دەستیان بە بەرزکردنەوەی دەرسەدی سوودی بانکیان کرد، مەبەست لەو کارەش بۆ هاندانی زیاتری سەرمایەگوزاری لەلایەن خەڵکەوە بوو، کە پارەکانیان لە بانکەکاندا نەکشێنەوە و پێشگیری لەبەربەستکردنی ئەو دیاردە نەرێنییە بگرن، لە شەوی ١٥ لەسەر ١٦ی دیسامبەری ٢٠١٤ دا بانکی ناوەندی رووسیا نرخی سوودی بانکی یەکسەرە بە رێژەی لە ٦,٥ ٪ بەرز کردەوە و گەیشتە ئاستی لە ١٧٪، بەڵام لە پاش چەندین هەوڵی ناکامدا بانکی ناوەندی ناچار بوو، کە لە بڕیارێکدا لە ٣-٨-٢٠١٥ دا بۆ ئاستی لە ١١٪ پاشەکشە لەو بڕیارەدا بکات.

هۆکاری سەرەکیی هاندەری قەیرانی ئابووری لە رووسیا بۆ دابەزینی نرخی نەوت لە ئاستی جیهاندا دەگەڕێتەوە، هەر ئەو هۆکارە بووەتە هۆی کەمبوونەوە و لاوازبوونی سەرمایەگوزاری لە ناوەخۆی رووسیادا لەلایەکەوە، هەروەها لە لایەکی دیکەوە بووەتە هۆی چوونە دەرەوە یاخۆ هەڵاتنی سەرمایە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا، بانکەکانی رووسیاش لە ڕووی دابینکردنی پارەوە زۆر بە قەرزی حکومی و دەرەکی بەستراونەتەوە، دەبێ هاتنەکایەوەی بارگرژی لە بەرئەنجامی ئابلۆقەی ڕۆژئاوایشمان لە بەرچاو بێت و وەکو هۆکارێکی دیکەی سەرەکیی بناسرێت، بەڵام دەسەڵاتدارانی رووسیایی تا ئێستە هەوڵ دەدەن، کە کاریگەری ئابلۆقە بە ناگرینگ لە قەڵەم بدەن، دیارە ئەوەش لەبەر سەردەمی سیاسییە. پێویستە بڵێین، کە ئاستی دابەزین و بەهاداشکانی ڕۆبڵ بەبەراورد لەگەڵ دراوەکانی دیکەی وڵاتانی هاوشێوە، کە پارەیان بە هەناردەکردنی نەوتەوە بەستراوەتەوە زۆر زیاترە. (هەر دۆلارێك ٣٠ ڕۆبڵ بوو، بەڵام

له ڕۆژی ١-٩-٢٠١٥ دا به ڕێژەی ٦٦ ڕۆبڵ بووە) ئاستی چوونه دەرەوەی سەرمایەش له رووسیا بەبەراورد لەگەڵ ئەو ولاّتانه زۆر لـه سـەرەوەتربوو، لـه سـاڵی ٢٠١٤ دا بـه ڕێژەی (١٥٠ ملیارد دۆلار تۆمار کراوە) بەپێی ئاماری وەزارەتـی دارایـی رووسـیا لـه شـەش مـانگی یەکـەمی سـاڵی ٢٠١٥ بـه ڕێـژەی ٥٢,٥ ملیـارد $ چـووەته دەرەوە. بەرئەنجامــه نەرێنییــەکانی وەکــو قــەیرانی بــانکی، بەرزبوونــەوەی هەڵاّیســان، کەمبوونەوەی دەرامەتەکانی راستەقینەی بەکاربەران له ناوەخۆی ولاّتدا و لەبەردەست نەبوونی سەرچاوەکانی دارایی بۆ مەبەستی قەرزوەرگرتن وا لەحکومەت دەکـات، کـه له داهاتووشدا سیاسەتێکی چالاکی دراوی و قەرزی نەبێت، هەروەها پێشبینی چـوونه سـەرەوەی نرخـی نـەوتیش بـۆ ئاسـتێکی جـێگیر لـەم زووانـەدا ناکرێـت، بـەپێی ئـەو خەملاّندنانه دەتوانین، که چاوەڕێی تێکچـوونی زیـاتری( macroeconomics )نـەك گەشەی ئابووری. وەکو دیاره لـه کورتخایەنـدا چـاوەڕێی گۆڕانکـاری گـەورەی ئـابووری ناکرێت، هەرچەنده قەبارەی بازرگانی بەرەو کەمبوونەوە چووە، که هۆکاری سەرەکیش بۆ بەرزبوونـەوەی نرخـەکان دەگەڕێتـەوە. بـه شـێوەیەکی گشـتیی قـەبارەی هـەناردەی رووسیایی وەکو گازیش کەم دەبێتەوە و هەناردەی رووسیا بۆ ولاّتانی جارانی یـەکێتیی سۆڤیەت و یەکێتیی ولاّتانی بێ گومرك (رێکخراوی ولاّتانی ئەوروئاسیا)، که ولاّتانی کازاخســتان، رووســیا، بیلارووســیا، ئەرمەنســتان و قرقیزســتان تێیــدا ئەنــدامن کەمبوونەوەی بەخۆوە بینیووە. بەپێی مەزەنـدەکان بـه درێـژایی سـاڵی ٢٠١٥ ئاسـتی نرخی نەوت له رادەیەکی نزمدا دەبێت، بۆیه هێزی کڕینی ناوەخۆیش هەر لەو ئاستەدا دەبێت. پێشبینی ناکرێت، کـه ئاسـتی بەرهـەمهێنانی نـەوت کەمبێتـەوە، بـەلاّم لـه داهاتوودا لەبەر ئابلۆقـەی ئـابووری دەتوانـدرێت، کـه تـەکنۆلۆژیای بەرهـەمهێنان بـه سەختی بەدەست بکەوێت و ئاستی سەرمایەگوزاری کەمبکرێتەوە و گەشەی ئابووریش کزی بەخۆوە دەبینێـت. لـه سـەرەتای سـاڵی ٢٠١٤ و تـا کۆتـایی ئـەو سـاڵە گەشـەی پیشەسازی له ئاستێکی بەرزدابوو، بەلاّم له مـانگی دیسـامبەر نرخـی نـەوت و ڕۆبـڵ بەشێوەیەکی بەرچـاو کەمبوونـەوەیان بـەخۆوە بینـی، کـه یەکسـەر کاریگـەری بەسـەر ئاستی گەشەدا هەبوو، که به درێژایی ئەو پێنج ساڵەدا ئەو دابەزینه بێ هاوتـا بـووە. لەبەردەســتنەبوون و کــەمی ســەرمایەگوزاری نــاوەخۆیش دەبێتــه هــۆی کــزی ئاســتی

سەرمایەگوزاری ناوەخۆیی، هەر بۆیە تواناکانی جێگرتنەوەی بەرهەمی ناوەخۆیی لە بەرامبەر بەرهەمی هاوردەکردندا کەمدەبنەوە. رووسیا دەیەوێت، کە کاڵاکانی خۆراکی بەرهەمهێنراوی ناوەخۆی جێگرەوەی هاوردە بکات، بەڵام بەرهەمی ناوەخۆیش رووبەڕووی بەهاداشکانی رۆبڵ و کەمی هاوردەکردنی خۆراك بووتەوە ، ئەو رێکاریانەش لە لایەن خودی رووسیاوە لە بەرامبەر وڵاتانی رۆژئاوادا پیڕەو کراوە، لەو هەلومەرجە نوێیەدا قەبارەی خستنەڕووی بەرهەمی ناوەخۆیی کەم دەبێتەوە، بۆیە دووبارە کاریگەری لە ڕووی بەرزبوونەوەدا بەسەر ئاستی نرخەکان دادەنێت، هەروەها مەترسی ئەوەش هەیە نرخی گەنمیش، کە رووسیا هەناردەی دەکات بەرزببێتەوە و دووبارە ڕووبەڕووی کێشەی هەناردەکردن ببێتەوە.

## ١- سیاسەتی دراوی و قەرزی و هەڵایسان:

## سەرچاوەی کاریگەری بەسەر نرخی رۆبڵدا:

یەکەم گورزی قەیرانی ئابووری لە ناوەڕاستی مانگی دیسامبەری ٢٠١٤ بە بەهاداشکانی رۆبڵ دەستیپێکرد لەهەمانکاتدا نرخی نەوتیش لە جیهان کەمبووە و دراوی رووسیایی بە بەراورد لەگەڵ دراوەکانی دیکەی وڵاتانی جیهان، کە نرخیان پابەندی گۆڕانکارییەکانی وزەیە زۆر زیاتر لەو وڵاتانە کەمبوونەوەی بەخۆوە بینی، هەروەها رووداوەکانی شەڕی ئۆکراینا کاریگەری سەرەکیان هەبووە، لەگەڵ ئەو هۆکارانە ئابلۆقەی ئابووریش بەسەر هاوردەی بەشێك لە کاڵا تەکنۆلۆژییەکان و سیستەمی دارایی رووسیاییدا دانراوە، لە وەڵامدا رووسیاش بەشێکی زۆری کاڵاکانی خۆراکی لە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپادا قەدەخەکرد. لە سەرەتای ئەو قەیرانەدا نرخی رۆبڵ زیاتر لە ٦٥ دۆلار بەرز بووە، لە کاتێکدا ئەو نرخە لە چەندین ساڵی رابردوودا بە شێوەیەکی جێگیر نێزیکەی ٣٠ رۆبڵ بە یەك دۆلار بوو. لە ناوەڕاستی دیسامبەر تا ئێستە هەر هەفتەیەك بە رێژەی لە ٠,٨٪ تێکڕای گەشەی هەڵایسان بەرز بووەتەوە، کە هۆکاری سەرەکیی ئەو بەرزبوونەوەیە بۆ بەرئەنجامی بەهاداشکانی رۆبڵ دەگەڕێتەوە. رادەی هەڵایسان لە مانگی ژانویە گەیشتە لە ١٣٪، بەپێی سەرچاوەی ئاماری رووسیا لە مانگی ٧ی ٢٠١٥ش بە رێژەی لە ١٥٪ بووە. تەنیا لە کاتێکدا

ئەو زیادبوونەوەی هەڵایسان دەتوانێت رابگیرێت ئەگەر نرخی ڕۆبڵ سەقامگیر بکرێت و سیاسەتێکی سازگارانەی دراوی ـ قەرزی پێڕەو بکرێت.

لە ناوەڕاستی مانگی دیسامبەری ساڵی رابردوو بانکی ناوەندی رووسیا توانی، کە بەهاداشکانی ڕۆبڵ رابگرێت و شێوە سەقامگیرییەك کەوتە ناو بازاڕی دراو، بەڵام لە کۆتایی دیسامبەردا نرخی نەوت دابەزینێکی زۆری بەخۆوە بینی و گەیشتە ئاستی ٤٥ دۆلار بە هاوشێوەی ئاستی ساڵی ٢٠٠٩ی لێهات، لە کۆتایی ساڵیشدا بە شێوەیەکی نائاسایی لە بودجەی حکومەت خەرجییەکی زۆرکرا، ئەوەش هۆکاربوو بۆ بەهاداشکانی زیاتری نرخی ڕۆبڵ، خەڵکیش لە ترسی ئابڵۆقەی ئابووری دەستیان بە کڕینی زیاتری دراوی پتەویان کرد. سەرەڕای دابەزینی نرخی نەوت هۆکاری سەرەکیی بەهاداشکانی نرخی ڕۆبڵ بۆ چوونەدەرەوەی یاخۆ هەڵاتنی سەرمایەی کەرتی تایبەتی لە ساڵی ٢٠١٤ دا دەگەڕێتەوە، کە ئەو ڕێژەیە بایی (١٥١) ملیارد دۆلار بوو، ئاستی خواستن لە رادەیەکی زۆر بەرزدا بووە، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٣ ئەو ڕێژەیە بە ئەندازەی (٦٠) ملیارد دۆلار بوو، بە بیستنی ئەو هەموو رووداو و شڵەژانە خەڵك روویان لە گۆڕینەوەی پارە و کڕینی دراوی پتەو دەکرد، بۆیە ئەو دابەزینە چاوەڕوانکراو بوو، حکومەتیش بە شێوەی پێویست پشتگیری لە نرخی ڕۆبڵ نەدەکرد، ئیدی چیدیی نەیدەویست، کە یەدەکی دراوی رووسیا بۆ پشتگیری ڕۆبڵ بەکار بهێنێت. ئەو بارودۆخە بە تێکڕایی هەندێ زیاتر ڕەوشەکەی ئاڵۆز کرد و شێوە سەرگێژیەك چێ بوو.

لەم نەخشەیەی خوارەوە دینامیکی ئاڵوگۆڕی دراوی بە دۆلار و یۆرو، هەروەها قەبارەی بازرگانی دراو نیشان دەدات، سەرچاوەکەش لە بانکی ناوەندی رووسیا وەرگیراوە.



بۆ ئەوەی، کە نرخی ڕۆبڵ لە ئاستێکی پێویستدا جێگیر بکرێت پێویستە، کە حکومەت چیدی بارودۆخی تۆقین و ترس لەناو بازاڕدا نەهێڵێت و کۆمپانیا هەناردەکارانیش ناچار بکرێن، کە دراوی پتەویان لەناو بازاڕەکانی رووسیادا بەبەردەوامی بفرۆشن بۆ ئەوەی ئەو دراوە بیانیانە لەبەردەست بن.

بەکەمکردنەوەی هاوردەی دەرەکیی بالآنسی پارەدانەوەی وڵات بەهێز دەکەوێت، بەڵام چەندین مەترسی دیکەیش لەسەر ئەو سیاسەتە بەدی دەکرێن یەکێك لەوانە زیادبوونی پارەی نیشتمانییە، چونکە بانکی ناوەندی ناچارە، کە پارەیەکی زیاتر لە چاپ بدات، کە ئەو دۆخە دووبارە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەڵاّیسان و فشار بەسەر بازاڕی دراوی پتەودا. هەروەها پێویستە، کە بارودۆخی بانکی لە رووسیادا لەبارەی زیادکردنی دەرسەدی بانکی ڕێك بخرێتەوە، چونکە ئێستە ئەو دەرسەدەیە زیاد کراوە، کە بەرئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە. ئێستە تێکڕای گەشەی هەڵاّیسان بەشێوەیەکی خێرا لە بەرزبوونەوەدایە، لە کۆتایی مانگی دیسامبری ٢٠١٤ گەیشتە ١١,٤٪ بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٣ کە ٦,٥٪ بوو. بە بەهاداشکانی زۆر خێرایی نرخی دراوی نەتەوەیی نرخی شتومەکی هاوردەکراو بەرزبووەتەوە پرۆسەی بەهاداشکانی ڕۆبڵ لە بەردەوامیدایە و قۆناغی کۆتایشی دیار نییە، زوو یاخۆ درەنگ کاریگەری خۆی دەگوازێتەوە، کە بە زمانی ئابووری پێی دەوترێت (کاریگەری گواستنەوەی نرخی دراو بەسەر نرخەکاندا). قەبارەی کاریگەری گواستنەوە بەستراوەتەوە بە تواناکانی کێبەرکێی ناوەخۆی یاخۆ بارودۆخی ئابووری هەمەکی( macroeconomics )، هەروەها تواناکانی ئاڵوگۆڕی دراوی نیشتمانیش کاریگەرن. کاریگەری گواستنەوەی نرخ لە نێوان ١٠ بۆ ٢٠٪ دا دەبێت، بەو واتایە، کە بە شکانی هەر لە ١٪ نرخی ڕۆبڵ لە هەمبەر دۆلاردا، نرخەکانی بەکاربەر بەسەر هاونیشتمانیان بە رادەی لە ١,٠٪- ٢,٠٪ گرانتر دەبن.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پێشکەوتنی ئابووری رووسیا لە لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٤ تێکڕای گەشەی کۆی بەرهەمی ناوەخۆی( GDP )ئابووری بە هاوشێوەی ساڵی ٢٠٠٩ (کاتێك کە قەیرانی جیهانی بوو) بەشێوەی ناقیسە، لەو کاتەدا بە رێژەی لە ٠,٥٪ بوو، بەڵام وا چاوەڕوان دەکرێت، کە گەشەی( GDP )لە — ٤ بۆ ٥٪ لە

ساڵی ٢٠١٥ لێبێت، ئەگەر ئەو تەنگژە دراوی و بانکیانە هەر بەردەوام بن. بە بەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوودا ئەو ساڵە تێکڕای گەشەی پیشەسازی بە ریژەی لە ٥,٥٪ دابەزینی بەخۆوە بینووە، هەروەها سەرۆکی بانکی ناوەندی رووسیا ئێلڤیرا نەبیولینا وتی کە دابەزینی ئابووری نەگەیشتووەتە خاڵی کۆتایی، ئەو کەمبوونەوەیەش هەر بەردەوامە، لە پریس کۆنفرانسێکدا بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند، کە تێکڕای دابەزینی کۆی بەرهەمی ناوەخۆی( GDP )بە ریژەی ٣,٥ بۆ لە ٤٪ دەبێت. ئەلکسێ کودرین وەزیری پێشووی دارایی رووسیا دەڵێت: لە ساڵی ٢٠١٦ رووسیا ناچارە، کە بودجەکەی بە رێژەی لە ٢٠-٣٠٪ کەمبکاتەوە و ئاستی دابەزینی کۆی بەرهەمی ناوەخۆیی( GDP )هەر لەو ساڵەدا بە رێژەی لە ٤٪ دەبێت و نێزیکەی نیو ملیۆن کەس ناچار دەبن، کە کارەکانیان بەجێبهێڵن. رووسیا ڕووبەڕووی قەیرانێکی تەواو بووەتەوە. بۆ ئەوەی حکومەتی رووسیا بتوانێت، کە ڕووبەڕووی ئەو قەیرانە ببێتەوە پێویستە، کە سەربەخۆی زیاتری سیاسی و ئابووری بداتە هەرێمەکان و گوێ نەدرێتە ئابلۆقە ئابوورییەکان، کە بەو شێوەیە ئاستی سەرمایەگوزاری رابکێشرێت و رکابەری ئابووری زیاد دەکرێت و دووبارە متمانە دەگەڕێتەوە ناو وەبەرهێنەراندا.

ئێستە کە توانای قەرزوەرگرتنی کۆمپانیاکانی رووسیایی لە بانکەکانی ڕۆژئاوا سنووردار کراون، بۆ پڕکردنەوەی بەشێك لە پێداویستییەکانی دارایی حکومەتی رووسیا دەیەوێت، کە کەڵك لە خزمەتگوزارییەکانی سیستەمی بانکی ئیسلامی وەربگرن، چونکە بانکەکانی ئیسلامی بەرژەوەندییان لە سوودی کۆتایی نەك لە دەرسەدی قەرزیدایە، کە کە ئەو بڕە قەرزەش بە (پسوولە) ناودەبردرێت بۆ بەکاربردنی بیزنسی مامناوەندی و کشتوکاڵ بەسوود دەبن، کە بەبەراورد لەگەڵ کاخەزیی بەهادار دەرسەدی سوود وەرناگرن، تەنیا لە بەرئەنجامی کاردا سوودی خۆیان وەردەگرن.

سەرنووسەری رۆژنامەی نیزەڤیسیمایا گازێتا (کۆنستانتین ریمچۆکۆڤ)، کە وەکو کەسایەتییەکی ئۆپۆزیسیۆن دەناسرێت لە ٢٢-٦-٢٠١٥ دا وتی، کە رووسیا بایی ٥٩٧ ملیارد $ قەرزدارە و بەشێکی زۆری ئەو قەرزە پارەی خودی رووسەکانە، کە لە بانکەکانی ئابشور دانراوە و ئێمە دەیدەینەوە، سەبارەت بەوەی، کە رووسیا دەتوانێت

کاڵای ناوەخۆیی بەبەرهەم بهێنیت و پێویستی بە کاڵاکانی دەرەکیی نەبێت ئەوەش ڕاست نییە، چونکە بەشێکی زۆری پیشەسازی بەرهەمی خاو و پیشەسازی پێویستییان بە نوێکردنەوە و سەرمایەگوزاری هەیە، ئێمە ئەو توانایە پارەییەمان نییە و ئێستە پارە بۆ مەبەستەکانی مودێرنکردنی سوپا و تانك و دەبابە بەکار دەهێندرێت و سەرمایەگوزارانی دەرەکیش ئامادە نین، کە سەرمایەگوزاری بکەن. جاریٚ ڕووسیا ئەو ئتوانایەی هەیە، کە بەرگەی قەرزەکانی دەرەکی بگرێت، چونکە یەدەکی دراوی و زێڕی ڕووسیا بە ڕێژەی ٣٠٠ ملیارد$ دایە ئێستە کەمتر بودجەی ڕووسیا دەدزرێت و هیوادارم لە داهاتوودا بارودۆخ باشتر ببێت.

کۆمپانیاکانی جیهانی وزەیی بەتایبەتی نەوتی لەبەر دابەزینی نرخی نەوت گرفت و قەیرانێکی ئابووری و بەهایی بوونەتەوە، کە بێگومان ئەو قەیرانە کۆمپانیاکانی ڕووسیایشی گرتووەتەوە لەبەر دابەزینی نرخی نەوت پشکی کۆمپانیاکانی نەوتی جیهانی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەوەیان بەخۆوە بینیووە، ئەو پرۆسەیە لە بەردەوامیدایە و پشکداران پشکەکانی وزەیی خۆیان دەفرۆشن، لە لایەکی دیکەیشەوە عێراق و سعودیا بە هەموو هێزیانەوە بەرهەمی وزە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکەن. ئاستی سەرمایەگوزاری لەلایەن ئەو کۆمپانیانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆوە بینیووە. ئەو ڕێژە دابەزینەی بەهاییە، کە ١,٣ ترلیارد $ بەرابەرە بە کۆی گشتی بەرهەمی ناوەخۆییGDPی ساڵانەی ئێران (١,٢٨ ترلیارد $) و تورکیا ( ١,٤٦ ترلیارد $ ). زیاتر لە ١٥٠ کەسی دامەزراو لەو کۆمپانیانەدا لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە. کۆمپانیاکانی وزە ناچارن، کە ئابوورە بە سەرمایەیان بکەن و کەمتر سەرمایەگوزاری بکەن.

## ٢- کێشە و مەترسییەکانی سێکتەری بانکی ڕووسیا:

کێشەی سیستەمی بانکی ڕووسیایی و کورتهێنانی سەرچاوەکانی دراوی بانکی هەر لە پێش ئابلۆقەی ئابووری و دابەزینی نرخی نەوتیش هەر هەبوو. بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وابەستەی بانکەکان بە بانکی ڕووسیا و بارگرانی قەرزی بەرەو زیادبوون چووە، بڕی قەرزی ڕێژەی لە ١٠٪ی کیی بەرهەمی ناوەخۆی ڕووسیا پێکدەهێنێت، لە

کاتێکدا ئەو ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠٠٩ بە ئەندازەی لە ٨٪ بووە ئەو بڕە قەرزە زۆرە و کەمبوونەوەی رادەی بەشداری لە چالاکییەکانی بانکیدا متمانەی نێودەوڵەتی بە سیستەمی دارایی رووسیایی هێناوەتە خوارەوە و بارودۆخی دراوی و قەرزی بانکەکانیش بەرەو خراپی بردووە. بۆیە دەتواندرێت، کە نیوەی سەرچاوەکانی قەرزی لە زونی ریسك حیسابیان بۆ بکرێت. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ دا ئاستی پارەخەواندنی تایبەتی لەلایەن هاووڵاتییانەوە کەمبووتەوە و هۆکاری سەرەکیش کشانەوەی مۆڵەتی بانکییە لە هەندێ بانك بوو، کە مەترسی چێکرد. لە ساڵی ٢٠١٤ دا هۆکاری دابەزینی نرخی ڕۆبڵیشی هاتەسەر، بۆیە ئێستە بەشداری خەڵك لە ڕاپەراندنی چالاکییەکانی بانکیدا ڕاگیراوە. لە ساڵی ٢٠١٤ دا خەڵك بە ئەندازەی لە ٥٪ دەرامەتی خۆیان لە بانکەکاندا دەپاراست، بەڵام لەپاش هاتنەکایەوەی ئەو بارودۆخە نوێیە خەڵك بە سەدان ملیارد ڕۆبڵیان لە بانکەکاندا کشاندەوە یاخۆ بۆ بانکەکانی بیانیان گواستووەتەوە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ دا نێزیکەی ٢٥٠ بانك ڕووبەڕووی کێشەی کورتهێنانی سەرمایە بوونەتەوە بۆیە بڕی ٥٠٠ ملیارد ڕۆبڵ بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانە ناوەخۆیانەدا پێویستن. دوو هۆکاری هەرە گرینگ واتە نەتوانینی پارەدانەوەی بڕی قەرزی وەرگیراو و دابەزینی ڕێژەی قازانجی بانکەکان وای لەو ناوەندە داراییانە کردووە، کە بەناچاری بڕی پارەی یەدەکی بۆ ئەو مەبەستە بەکار بهێنن. لە دۆخێکدا ئەگەر توانای گەڕانەوەی سەرمایەیان نەبێت ئەوا بانکی ناوەندی مۆڵەتی کارکردنیان لێدەستێنێتەوە، بە شێوەیەکی گشتیی لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا ناوەندە داراییەکانی رووسیا ڕووبەڕووی نەتوانینی پارەدانەوە بوونەتەوە بەناچاری دەبێ بانکی ناوەندی بڕێکی نێزیکەی ٥٠٠ هەتا ٧٠٠ ملیارد دۆلار خەرج بکات. ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٣ بۆ بانکەکان بە ساڵانی جێگیر و گەشە ئەژمێر دەکرا، پارەیەکی زۆریان بەقەرز دەدایە کەسایەتییەکان و کۆمپانیان، کە ئێستە توانای گەڕانەوەیان نییە، سەرەڕای ئەوەی، کە ئەو لایەنانە زۆر جێگەی متمانەش نەبوون. بۆ ئاساییکردنەوە و سووککردنەوەی ئەو بارودۆخە بانکەکان پێویستیان بە لێکدان و یەکگرتنی سەرمایەکانیان هەیە بۆ ئەوەی، کە تواناکانیان بە ئاراستەیەکی دروست بەکار بهێنن. لە شارە بچووکەکاندا ئەو کارەیە سەرکەوتووانەتر و ئاسانترە. لە کۆی ژمارەی ٦٥٠

بانك دا تەنیا ڕێژەی لە ٥٪ سەرمایەیان لە دەستدایە، بەڵام بڕی هەرە گەورە واتە لە ٩٥٪ لە دەستی ٢٠٠ بانکدایە، کە ئەوەش ناکارایی بانکەکانی دیکە دەگەیێنێت. بە شێوەیەکی گشتیی لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ١٢٥٨ بانك لە ڕووسیادا هەبوو، لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ ٨١٤ بانك کەمبوونەتەوە و چاوەڕێ دەکرێت، کە لەم ساڵەیشدا یەك لەسەر سێیان ڕووبەڕووی لەناوچوون ببنەوە.

## ٣- رباری دارایی ناوچە و هەرێمەکانی رووسیا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ و ساڵی ٢٠١٥ دا:

لەبەر کەمبوونەوەی داهاتی هەرێمەکان، هەروەها لەبەردەستنەبوونی ناوەندەکانی دابینکردنی قەرز، هەرێمەکان ناچار دەبن، کە خەرجییەکانیان سنووردار بکەن و ئاستی تێچوونی بودجەشیان کەمبکەنەوە.

لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٤ دا دەست بە کەمبوونەوەی داهاتی هەرێمەکان و بودجەی دەسەڵاتدارەکانی خۆجێیی ئەو ناوچانە کراوە. دەرامەتی پارێزگە و کۆمارەکانی پێکهێنەری رووسیای فیدراڵ لە مانگەکانی ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٤ لە ٦,٨٪ بۆ لە ٢,٧٪ بەراورد لەگەڵ هەمان دوو مانگی لە ساڵی ٢٠١٣ دا کەمبووتەوە دەرامەت بریتی بووە لە ٢,٢٪. لێرەدا دەتوانین کە باسی چەندان هۆکاری سەرەکیی دابەزینی داهاتی هەرێمەکانی رووسیا بکەین:

١. کەمبوونەوەی داهاتی باج بەسەر قازانجەکاندا، کە لە مانگی ئاپریلی ٢٠١٤ دا دەستیپێکردووە و لە مانگی نۆڤەمبەردا بە رادەی لە ٧٣٪ بووە.
٢. هەناردەی نێوان بودجەکانیش کەمبووەتەوە.
٣. کەمبوونەوەی داهاتی باج بەسەر کەسایەتییە فیزیکەکان.

لەبەر لەبەردەستدانەبوونی سەرچاوەی قەرز، کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی راستەقینەی بودجە. بەپێی بڕیاری سەرۆك کۆماریش کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەرانیش جێبەجێ ناکرێت، بۆیە ناوەندەکانی خۆجێیی ناچارن، کە ژمارەی فەرمانبەرانیان کەمبکەنەوە. لە هەندێك ناوچەدا ناچار بوونە، کە پێکهاتەکانی زیادە خەرجیش لەناو ببەن. لەو بارودۆخە نوێیەی، کە لە ساڵی ٢٠١٥ دا هاتووەتە پێش و

ئاستی هەڵایسان لە رادەیەکی بەرزدا دەبێت و هەرێمەکان ڕووبەڕووی بودجەی کورتهێنان دەبنەوە، بەڵام دەتواندرێت کە لەو بڕە ئاستە هەڵایسانە نوێیەدا باج وەربگیرێت، کە لە ڕووی ئامارەوە دەتواندرێت، کە ئەو کورتهێنانە قەرەبوو بکرێنەوە، هەروەها ئاستی دابەزینی کۆی بەرهەمی ناوەخۆیش( GDP )رابگیرێت. لە لایەکی دیکەوە دەرامەتی راستەقینە کەمبوونەوە بەخۆوە دەبینێت. ئەو ناوەندانە لەوانەیە، کە ڕووبەڕووی گەڕانەوەی قەرزی پێشووی ماوە بەسەرداچووش ببنەوە.

**٤- ئاستی پیشەسازی رووسیا و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکان:**

سەرەڕای کەمبوونەوەی ئاستی سەرمایەگوزاری هەتا ناوەندەکانی ساڵی ٢٠١٤ ئاستی پێشکەوتنەکانی پیشەسازی لە رووسیا لە بەرزبوونەوە دابوو، کە هۆکاری سەرەکیش بۆ گونجاوی نرخی ڕۆبڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو پێشکەوتنانە لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ دا بەرەو نزمی چوون و پرۆسەی پێشکەوتن راگیراوە، دیارە ئابڵۆقە و دابەزینی نرخی وزە و سووتەمەنی کاریگەرییان هەبووە. وا چاوەڕوان دەکرێت، کە لە ساڵی ٢٠١٥ دا پیشەسازی رووسیا ڕووبەڕووی کەمی سەرچاوەکانی سەرمایەگوزاری و کزی توانای خواستن بەسەر کڕیندا ببێتەوە، هەروەها بەهای ئامرازەکانی یەدەك و پێداویستییەکانی پیشەسازیش ڕووبەڕووی گرانی ببنەوە.

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ دا کەرتەکانی پیشەسازی خۆراك، ئۆتۆمۆبیل و ئامێرەکان، پیشەسازی لاستیك و بەرهەمەکانی نەوت پێشکەوتنیان بەخۆوە بینی. لە پایزی هەمان ساڵدا نرخی ڕۆبڵ بە رێژەی لە ١٠ بۆ لە ٢٠٪ کەمبووەوە، ئەمەش هاندەرێکی باش بوو، کە ئەو کەرتانە زیاتر پێشکەون، بەڵام کاتێك لە کۆتایی ساڵدا فشارێکی زیاتر هاتە سەر بازاڕەکان، لەناکاودا نرخی دراوی نیشتمانی بەهاداشکانی زۆری بەخۆوە بینی یەکسەر کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی پێشکەوتنی ئەو کەرتانەدا کرد و پرۆسەی بووژانەوە راگیرا. لە کورتخایەندا وا چاوەڕوان دەکرێت، کە پیشەسازی بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو هۆکار نەرێنییانەوە:

١. کەمبوونەوەی ئاستی تواناکانی کڕین واتە خواستن دابەزین بەخۆوە دەبینێت.
٢. ئامێر و شتومەکی پێویستی یەدەك، کە لە دەرەوە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنان هاوردە دەکرێن بەپێی نرخی دراوی نیشتمانی گران دەبن.

٣. سەرمایەگوزاری ڕووبەڕووی کزبوونەوە دەبێت - لەبەرئەوەی، کە سەرچاوەکانی دارایی ئەوتۆ لەبەردەستدا نابێت و لەبەر ئابلۆقەکانیش بازاڕی دەرەکیش سنووردار بووە، هەرچەندە کە سێکتەری دەرهێنان بە شێوەیەکی جێگری تێکڕای گەشەی ئابووری بریتی بوو لە ١-٢٪، بەڵام لەمەودوا ئەو گەشەیە رادەگیرێت یاخۆ دەکەوێتە ناو بارودۆخێکی بەستوودا لەو هەلومەرجە نوێیەدا وا چاوەڕوان دەکرێت، کە دەستکەوتەکان بکەونە بەر مەترسی زیاتری نزمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا.

## ٥- ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کاریگەری قەیران:

لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤دا لە رووسیا هاوردە بە رێژەی لە ٩,٨٪ کەمبووەتەوە، ئەو بەرئەنجامەش زیاتر بۆ هۆکاری بەهاداشکانی نرخی ڕۆبڵ دەگەڕێتەوە، تا ئێستە پرۆسەی کۆتایی بەهاداشکانی ڕۆبڵ دیارنییە، کە هەر ئەو کاردانەوەیە قەبارەی هاوردە و هەناردەش سنووردار دەکات. هەناردەی کاڵاکانی ستراتیجی رووسیا وەکو گاز لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ بۆ وڵاتانی جارانی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەوروئاسیا کەمبووەتەوە، چاوەڕوان دەکرێت، کە لە داهاتووشدا بەهای هەناردە کەمببێتەوە هۆکاری سەرەکیی بۆ دابەزینی شیاوی کڕین و ئاستی خواستنی ئەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە. بەپێی بۆچوونی بەشێکی زۆری پسپۆرانی رووسیایی پێویستە، کە ئەو بارودۆخە بگۆڕدرێت و چەندین ڕێکاری بە لیبراڵکردنی بازاڕەکان لە پێش بگیرێن.

لە ساڵی ٢٠١٤ دا کۆی هەناردەی بازرگانی رووسیای فیدراڵ بە رێژەی لە ٥٢٣,٣ ملیارد دۆلار بوو، کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٣ بۆ ئاستی ٤٩٣,٦ ملیارد دۆلار کەمبووەتەوە واتە بە رێژەی لە (-٥,٧٪)، هەروەها کۆی هاوردەکردن لە ساڵی ٢٠١٣ دا لە ٣٤١,٣ ملیارد دۆلار بوو، ٣٠٨,٠ ملیارد دۆلار، لە ساڵی ٢٠١٤ دا کەمبووەتەوە، واتە بە رێژەی (٩,٨٪).وەکو دیارە، کە لە ساڵی ٢٠١٥ دا هەر بەپێی ئەو نرخەی دراوی نیشتمانی، کە جێگیرکراوە هاوردەکردن بە ئەندازەیەکی زۆر بەرچاودەبێت و هاوسەنگی بازرگانی لە بەرژەوەندیی هاوردەکردندا دەبێت. لە ڕووی باڵانسی هانارده و هاوردەکردندا رووسیا هەناردەی زیاتر بوو، واتە باڵانسی ئەرێنی بووە لەبەرئەوەی، کە رێژەیەکی زۆری

کەرەستەی خاوی وەکو نەوت و گاز و جۆرەها مـەوادی کیمیـاوی و دار و ئاسـن و... هتـد ڕەوانەی دەرەوە دەکرد.

لـە کۆتـای سـاڵی ٢٠١٤ دا ڕێـژەی هـاوردەکردن بـە شـێوەیەکی گشـتیی بـە هـەموو کاڵاکانییەوە بە تایبـەتی لـە ڕووی هـاوردەی بەرهەمـەکانی ئـامێر و ئۆتۆمبیلسـازی واتـە بەرهەمەکانی، کە بۆ مەبەستی سەرمایەگوزاری بەکاردەهێنـدرێن ڕوویـان لـە کەمبوونـەوە کردووە، ئەو هاوسەنگییە لەگەڵ وڵاتانی کـۆنی یـەکێتیی سـۆڤیەت جگـە لـە ئەرمەنسـتان نـەبێت هـەر لـە بـارودۆخێکی کورتهێنانـدا بـووە، ئـەویش لەبـەر زیـادبوونی هـەناردەی بەرهەمەکانی نەوت بووە. گازپرۆمیش بەرهەمهێنانی خۆی لە سـاڵی ٢٠١٤ دا بـە ڕێـژەی لە ٩٪ کەمکردووەتەوە لەکاتێکدا لە مانگـەکانی کۆتـایی سـاڵی ٢٠١٤ دا ئـەو دابەزینـە زۆر لـە بەرچـاو بـووە بـە ڕێـژەی لـە ٢٣,٤٪ بـوو، وەکـو دیـارە، کـە ئـەو هۆکـارەش بـۆ نزمبوونـەوەی ئاسـتی خواسـتن دەگەڕێتـەوە نـەك خسـتنەڕوو، بۆیـە هـەر لـەو بارەیەشـەوە نوێنەری فەرمی گازپرۆم (کۆپریانۆڤ) لە وەڵامی ڕۆژنامەنووساندا وتـی، کـە هەرچـەند داوا هەبێت ئێمـەش بەقـەد ئـەو داواکارییانـە بەرهـەم دەهێـنین، ئێمـە بـەپێی یاسـاکانی بـازاڕ کاردەکـەین. واتـە رادەی خواسـتن و تواناکـانی کڕینـی بەرهـەم کەمبوونـەوەیان بـەخۆوە بینیووە. هەروەها بەرهەمەکانی نەوتیش لە هـەردوو مـانگی کۆتـایی سـاڵی ٢٠١٤ دا بـە ڕێژەی لە ٢,٩٪ واتە لـە ئاسـتی ٢١٠,٦٦ ملیـۆن تـۆن بـۆ ٢٠٤,٦٣ ملیـۆن تـۆن بـووە. بەگشتی بەرهەمەکانی نەوت بە ئەندازەی لە ١٣,٩٪ کەمبوونەتـەوە. بەرهـەمی ئاسـنیش لەهەمان قۆناغدا واتە لە هەردوو مانگی کۆتایی ساڵدا بە ڕێژەی لە ٣٠٪ بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٣ دا کەمبووەتەوە. ئەو دابەزینە سەرجەم کاڵاکان جگە لە نیکل و کەرەسـتەیی کیمیایی پـەینی نـەبێت، کـە ئاسـتی هـەناردەی ئـەو کاڵایانـە هـەروەکو خـۆی ماوەتـەوە. هۆکارەکانی کەمبوونەوەی هەنارده و هاوردە دەتوانین بـۆ ئەگـەرەکانی سـەرەکیی هـەبوونی **(ئابڵۆقەی ئابووری، نزمبوونی ئاستی خواستن، خراپی بارودۆخی نرخ)** بگەڕێنینەوە.

پسپۆرانی ئەکادیمی سەربە سەرۆك کۆمـار و وەزارەتـی ئـابووری، کـە لـەو لێکۆڵینـەوە کەڵك لە بیروڕایان وەرگیراوە لـەو بڕوایەدانـە، کـە ئـەو ئابڵۆقـە ئابوورییـەی، کەلـە لایـەن رووسیاوە وەکو وەڵامدانەوە لە هەمبەر ئابڵۆقەی ڕۆژئاوا دانراوە و هـاوردەکردنی جلوبـەرگ و خۆراك سنووردار دەکات لە بەرژەوەندی بیزنسی بچـووکی رووسـیادا نییـە و کاریـان بـەو

هاوردەیە وابەستەیە و تەنیا بەرئەنجامی نەرێنی لێدەکەوێتەوە، لە هەمان کاتدا زیان بە یەکێتیی و یەکرێزی وڵاتانی بێ گومرك یاخۆ وڵاتانی ئەندام لەناو رێکخراوی بەناو ئەوروئاسیای هاوسێش دەگەیێنێت، لە کاتێکدا رووسیا بە بەردەوامی باسی هەڵگرتنی بەربەستی گومرك لە نێوان بەشێك لە وڵاتانی کۆنی یەکێتیی سۆڤیەت دەکات، لە لایەکی دیکەوە بەدەستی خۆی بەربەستی هاوردەکردن پێڕەو دەکات، هەروەها ئەو رێکارە وەلامدانانەوە ناوبانگی رووسیاش لە ڕووی نێودەوڵەتیدا خراپ دەکەن و وەکو وڵاتێکی نەتوانراوی جێبەجێکەری هاوپەیمان چاوی لێدەکرێت ئەو ڕێوشوێنانەی، کە لە هەمبەر فرۆشتنی گاز بە ئۆکرایناش گیراونەتەبەر تەنیا زیان بە کۆمپانیای گازپرۆم دەگەیێنن، کە سالانە پارەیەکی زۆری لەدەست دەچێت.

**لەو بارودۆخەدا، کە پێوەندییە ئابوورییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ رووسیادا سنووردارکراون، رووسیا هەوڵی جێگرەوەی ئەو پێوەندییانە لە ڕوو ینێودەوڵەتی و ناخۆییدا دەدات، لە ئاستی جیهاندا پێویستە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتووی ئاسیای وەکو کۆریا، سەنگاپوور، هۆنگ کۆنگ و چین خۆشبکات و هەوڵبدات، کە ئاراستەی بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانە لە ڕووی وەبەرهێنانی وزەدا رابکێشیت بۆ ئەوەی، کە ئاستی بەرهەمهێنانی وزەی رووسیا نەهێتە خوارەوە و چەندین ئاسانکارییان لە ڕووی وەرگرتنی باج و پێدانی مۆڵەتیان بۆ فەراهەم بکات. کەڵك لە بەهاداشکانی ڕۆبڵ هێزی هەرزانی کار وەربگیرێت بۆ ئەوەی ئەو وەبەرهێنەرانە بتوانن بە نرخێکی هەرزانتر بەبەرورد بە رابردوو کار بکەن، حکومەتیش گەرانتی قەرەبوویان لە دۆخی زیانکەوتندا بۆ بکات.**

## ٦- پێشبینییەکانی هەناردەکردنی نەوتی رووسیا لە ساڵی ٢٠١٥ دا:

بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتی رووسیا لەژێر کاریگەری دوو هۆکاردایە، یەکەم کەمبوونەوەی نرخی نەوت لە ئاستی جیهاندا، هەروەها ئابلۆقەی ئابووری، کە لە ڕووی سنووردارکردنی تەکنۆلۆژیاوە بەسەر رووسیادا سەپێندراوە. بەپێی پێشبینی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی جیهانی نرخی نەوت لە ساڵی ٢٠١٥دا هەر بەرمیلە نەوتێك لە ئاستی ٥٠ - ٥٧ دۆلاردا دەبێت. لە ساڵی ٢٠١٥ دا ئابلۆقەی تەکنۆلۆژیای وزە، کە لە لایەن ڕۆژئاواوە پێڕەو دەکرێت دەتوانێت تا رادەیەك کاریگەر بێت، بەلام بەشێوەیەکی بەرچاو

بەرئەنجامەکانی تەنیا لە پاش ساڵی ٢٠١٥ دا دەتوانن وەدەربکەون و کاریگەرییان لەسەر ئەو کێڵگە نەوتیانەدا دەبێت، کە ئاستی بەرهەهێنانیان بە تەکنۆلۆژیای سەردەمییانەوە بەندە و بە شێوەی ترادیسیۆنی بە بەرهەم ناهێندرێن، لە بەردەستنەبوونی تەکنۆلۆژیا دەتوانێت، کە کاریگەری نەرێنی بەسەر ئاستی بەرهەمهێنانیاندا بکات.

لە ساڵی ٢٠١٤دا ئاستی گەشەی بەرهەمهێنانی نەوت لە رووسیادا بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٣دا بە رێژەی ٠,٧٪ واتە بە ئەندازەی ٥٢٦,٨ ملیۆن تۆن نەوت بووە. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٥ دا دۆخی کەرتی نەوت ئاڵۆزتر بووە. لە هەلومەرجی نزمی نرخی نەوتدا گەشەی ئابووری لە ئاستی جیهانیش کەمدەبێتەوە. لە ساڵی ٢٠١٤دا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە جیهاندا بە رێژەی ٢,٢٪ گەشەی بەخۆوە بینی و زیاترین ئەو گەشەیەش لە وڵاتی ئەمریکا بوو، ئەویش بەهۆی بەرهەمهێنانی نەوتی شێل oil shale بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا بەبەراود گەشەی بەرهەمهێنان لە کەرتی ئاسایی نەوت بە رێژەی ٠,٧٪ بووە. لە بەرئەنجامی ئەو زیادە بەرهەمهێنانەدا نرخی نەوتی( Brent )بۆ ١١١,٩ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك دابەزی، لە مانگی ٦-٢٠١٤دا گەیشە ٦٢,٢ دۆلار هەر بەرمیلێك سەرەڕای ئەوەش رێکخراوی ئۆپێك ئامادە نییە، کە ئاستی بەرهەمهێنان کەمبکاتەوە، بەپێی پێشبینی ناوەندەکانی گرینگی وزەی جیهانی نرخی نەوت لە ساڵی ٢٠١٥دا هەر لە ئاستێکی کەمدا دەمێنێتەوە. بەپێی پێشبینییەکانی ئیدارەی وزەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

(US Energy Information Administration, US EIA)

نرخی مامناوەندی نەوت لە ساڵی ٢٠١٥ دا ٥٧,٦ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك و فوندی (IMF) 56,7 دۆلار دەبێت، هەندێ ناوەندی دیکەیش نرخێکی کەمتری بۆ دادەنێن. رێکخراوەکانی وەکو( Bank of America Merrill Lynch )لەو بڕوایەدان، کە نرخی نەوتی مارکی برێنت لە ساڵی ٢٠١٥ دا بە ٥٢ دۆلار و( Goldman Sachs )بە ٥٠,٤ دۆلار مەزەندە دەکەن. وەکو دیارە، کە ئەو پێشبینییانە بۆ سەرەتای وەرزی زستانن، لە پاش ئەوەشدا لەبەر زیادبوونی تێچوونی بەرهەمهێنان وا پێشبینی دەکرێت، کە نرخ بەرز ببێتەوە هەر بەپێی پێشبینییەکانی ئیدارەی هەواڵگری وزەی ئەمریکا بۆ ٦٧ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك و لە هەرە وەرزی پایزی ساڵی ٢٠١٥ دا بەپێی پێشبینییەکانی

سندوقی دراوی جیهانی ئەو ڕێژەیە بگاتە ٦٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك.ئەو نووسینانە لە کۆتایی مانگی سێپتامبەری ساڵی ٢٠١٥ دا دووبارە نوێکراونەتەوە، ئەو پێشبینیانە لە ڕاستیەوە زۆر نێزیکن و ئێستە نرخی نەوت لەژێر٥٠$ دایە، بەڵام لە زستاندا لەبەر بەرزبوونەوەی ئاستی خواستنی زیاتر چاوەڕێی بەرزبوونەوەی نرخ دەکرێت.

**ئەو ڕێکارە ئابلۆقەیە نوێیانەی، کە لەلایەن ئەوروپا و ئەمریکادا لەبەردەم رووسیا لە بواری وزەدا پێڕەو دەکرێن بریتین لە قەدەخەکردنی تەکنۆلۆژیا بۆ بوارەکانی: یەکەم بۆ بەرهەمهێنانی کێلگەکانی جەمسەر، شوێنەکانی سەختی سروشت، کە بەرهەمهێنانیان پێویستیان بە تەکنۆلۆژیای سەردەمییانە هەیە، هەروەها بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی شێل. لە هەر سێ ئەو بوارانەدا رووسیا زۆر گرێدراوی تەکنۆلۆژیای ڕۆژئاوایە.** کاریگەری بەسەر ئەو بوارانەدا بە شێوەکانی جۆراوجۆرە، بۆ نموونە ئەگەر رووسیا بڕیاری فرەوانکردنی بەرهەمهێنان و ناوچەکانی سەختی سروشتی بدات پێویستی بە چوار هەتا پێنج ساڵیش ئامادەگی هەیە، بۆیە لە کورتخایەندا ئەو قەدەخەکردنانە کاریگەری ئەوتۆیان نابێت، بەڵام لە بواری بەرهەمهێنانی وزەی ئاسایدا دەتوانێت، کە لە کاتی نوێکردنەوە یاخۆ پەرەسەندندا ڕووبەڕووی کێشە ببنەوە. دەبێ ئەوەشمان لە پێش چاو بێت لەو کاتەی، کە نرخی نەوت لە ئاستێکی نزمدایە لە ڕووی سوودمەندییەوە دەستپێکردنی پرۆژەی بەرهەمهێنانی نەوت لە شوێنە سەختەکاندا قازانجیان نییە.

لە بواری نەوتی شێل دا بارودۆخەکە بە شێوەیەکی جیاوازە بەپێی مەزەندەی US EIA رووسیا لە ڕووی یەدەکی نەوتی شێل دا لە پلەی یەکەمدایە، بەرهەمهێنانی ئەو شێوە لە بەرهەمهێنانی نەوتدا قازانجی لە شوێنە سەخت و قووڵەکاندا زیاترە، بەڵام لە ڕووی خراپکردنی ژینگەدا زیانی زۆرە و ئەگەر ئاستی نەوتی ئاسایی کەمببێتەوە لەوانەیە رووسیا پەنا بۆ دەرهێنانی نەوتی شێلیش ببات.

- **دەرامەتی رووسیا لە فرۆشتنی نەوت لە ٧مانگی ساڵی ٢٠١٥ دا بە ڕێژەی ٤٢٪ کەمبووەتەوە:** بەپێی ئامارە خزمەتگوزارییەکانی فیدراڵی گومرکی رووسیا customs.ruلە ٧ مانگی ساڵی ٢٠١٥ دا هەناردەی رووسیا بە شێوەیەکی گشتی ٢١٠,٥ ملیارد $ دۆلار بووە بەبەراورد لەگەڵ ٧ مانگی ساڵانی پێشوو ٣٠,٦٪

کورتهێنانی بەخۆوە بینیووە، بەشی هەرە گەورە بەبەر هەناردەی وزە و سووتەمەنی دەکەوێت، کە بە بڕی ٦٨,٥٪ بووە.

- کۆی هەناردەی نەوتی خاوی رووسیا لە مانگی ١ بۆ ٧ی ساڵی ٢٠١٥ بە بەهای ٥٦,٢٣ ملیارد $ بووە، کە بە رێژەی ٤٣٪ کەمبووەتەوە لەکاتێکدا، کە ئەو بڕە هەناردەکردنە لە ساڵی رابردوودا بە رێژەی ٩٧ ملیارد $ بووە، هەرچەندە هەناردەی نەوتی رووسیا بە رادەی ٧,٢٪، واتە لە ١٣٠ ملیۆن تۆنەوە بۆ ١٤٠,٦ ملیۆن تۆن زیادی کردووە، بەڵام ئەو زیادکردنە هەناردەیەش هەر کەمبوونەوەی بەخۆوە بینیووە و نیزیکەی ٣٧٪، واتە لە ٧٠,٥ ملیارد $ بۆ ٤٤,٤ ملیارد $ بووە.

**سێ چاڵی گەورە لەناو بودجەی رووسیادا هەن:**

کێشەکانی هەرە گەورەی بەردەم ئابووری رووسیا دانەوەی قەرز، دابەزینی نرخی نەوت، ئابڵۆقەی ئابووری، بەهاداشکانی رۆبڵ( Devaluation)، چوونە دەرەوەی سەرمایە، زیادی خەرجییەکانی بەرگری، ئاسایش و کۆمەڵگە لەبەردەستدانەبوونی دەرفەتەکانی قەرز و داراییە.

وەزارەتی دارایی رووسیا رایگەیاندووە، کە لەبەر هۆکارە سەرەکییەکانی دابەزینی نرخی نەوت و گاز و بەهای دراوی نیشتمانی و ئابڵۆقەی داسەپێنراو، هەروەها بەرزبوونەوەی چەندین بواری خەرجی دیکەی بودجە حکومەتی رووسیا توانای دارشتن و پێشبینیکردنی بودجەی ئەو وڵاتەیان بۆ زیاتر لە یەك ساڵ نییە. نرخی نەوت بە ٦٠$ مەزەندە کراوە، بەڵام بە درێژایی ساڵی ٢٠١٥ نرخی خوارتر لەو رێژەیەدا بووە. ناسەقامگیری ئابووری، رووسیای ڕووبەڕووی پێشبینی نادروستی گۆڕانکارییەکانی ئابووری زەبەلاحیش کردووە.

وەزیری پێشووی دارایی رووسیا ئەلکسێ کۆدرین پێشبینی گەشەی کۆی بەرهەمی ناوەخۆی زیاتر لە ٠,٥٪ بۆ ١,٥٪ بۆ ساڵی ٢٠١٦ ناکات بە بڕوای ناوبراو (ئەو هەلومەرجە پێشکەوتنانە واتای راوەستانی ئابووری دەگەێنن و وا پێشبینی دەکرێت، کە بۆ ساڵی ٢٠٢٠یش پشکی بەشداری رووسیا لە ئابووری جیهاندا لە ئاستی نەگۆڕدا واتە بە رێژەی ٢,٦٪دا بمێنێتەوە. ناوبراو وتی: کە ساڵانێکی درێژە پێکهاتەی خەرجی واتە

ستراکچەری بودجەی رووسیا بەبێ چاکسازی ماوەتەوە. سێ بواری خەرجییەکانی بەرگری، ئاسایش و کۆمەڵگە بەسەر بودجەدا بارگرانی هەرە گەورەبوونە و بە درێژایی چەندین ساڵە کەمنەکراونەتەوە بە پێچەوانەوە لە ساڵی ٢٠١١ تا ٢٠١٥ لە ئاستی ٥٤٪ بۆ ٦١,٥٪ بەرزبوونەیان بەخۆوە بینیووە و بەشی هەموو خەرجییەکانی دیکەی فیدراڵی بە رێژەی کەمتر لە ٣٨,٥٪ بووە، ٥ ٪ تێچوونی دیکەیش دەبێ بەسەر ئەو بڕەدا بۆ قەرەبووی خەرجییەکانی کورتهێنان زیاد بکرێن).

بەپێی ئامارەکانی بانکی ناوەندی بە شێوەیەکی رێژەی بڕی قەرزی دەرەکی رووسیا لە ئاستێکی نزمدایە و بریتییە لە ٥٥٦,٢ ملیارد $، لە ساڵی ٢٠١٥ دا بە رێژەی ٤٣ ملیارد $ واتە لە ٧٪ی کۆی گشتیی ئەو قەرزەیە دراونەتەوە. **وەزیری ئابووری** دەڵێت: کە ئێمە دوو کێشەی گەورەمان لەبەردەمدا هەن یەکێکیان نرخی قەرز و ئەوی دیکەیش ئەوەیە ئایا دەتوانین، کە کاغەزەکانی بەهاداری رووسیایی بفرۆشین؟. بەپێی بۆچوونی پسپۆرانی شورای ئابووری سەر بە وەزارەتی دارایی هەرچەندە، کە بڕی قەرزی دەرەکی سنووردارە، بەڵام کێشەی دانەوەی ئەو بڕە قەرزەیە لەبەردەم رووسیادا بووەتە بەربەستێکی گەورە، هەر لەو راپۆرتەدا هاتووە، کە لە سەردەمی تەنگژەکانی ئابووریدا وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان توانای بەرزکردنەوەی بڕی قەرزیان هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو وڵاتانەی، کە لە هەلومەرجی بەرەو پێشکەوتندان ئەو دەرفەتەیان لەبەردەمدا سنووردارە و متمانەشیان پێ کەمدەبێتەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە دابەزینی نرخی نەوت هۆکارێکی دیکەی گرینگی بەردەم بودجەی رووسیایە و ئەرك و بوارەکانی دیکەی سیستەمی تەندروستی، خانەنشینی و ناهاوسەنگی لە نێوان داهات و خەرجییەکانی حکومیدا بوونەتە بەربەست لە بەرامبەر گەشەی ئابووریدا. لە سەردەمی تەنگژەکاندا حکومەت توانای دابینکردنی باجی پێویستی نییە.

**پسپۆری کۆمپانیای وەبەرهێنانی سولیدی رووسیا**

**( Solid" Investment Financial Close Company )**

ئازرێت گولییێڤ دەڵێت: کە لە هەلومەرجی ناسەقامگیردا رێگەچارەی لە چاپدانی کاغەزی بەهاداری زیاتر بەباش نازانێت و دەڵێت، کە نرخی سوودی رۆبڵ لە ئاستی ١١,٥ بۆ ١٢٪ دایە، کە لەکاتێکدا کاغەزی بەهاداری ئەوروپایی لە ئاستی ٤-٦,٥٪ دایە بە

زیادکردنی ئەو قەبارەیە فشارێکی زیاتر دەخرێتە سەر ئەو نرخە دیارکراوەدا ناوبراو دەڵێت لە داهاتوودا چاوەڕێی زیاتری خەرجی یەدەکی دراو و زێڕی رووسیا دەکرێت و وا پێدەچێت حکومەت ناچار بێت، کە بڕی قەرزی دەرەکیش کەم بکاتەوە.

**٧- کەرتی کشتوکاڵ لە کاتی ئابلۆقەدا:**

لە هەلومەرجی، کە رووسیاش ئابلۆقەی خستووەتە سەر بەشێکی زۆری کاڵاکانی کشتوکاڵی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، ئوستراليا و نەروێجیشەوە، زۆر کەس لەو بڕوایەدایە، کە بارودۆخی گونجاو بۆ گەشەی کشتوکاڵی نیشتمانی فەراهەمکراوە و هاوردەی کاڵاکانی رکابەر سنووردار کراون و ئێستە دەرفەتی گەشەی ئابووری ناوەخۆیی لەبەردەم بەرهەمهێنەرانی رووسیادا کراوەتەوە، بە پلەی یەکەم کاڵاکانی کشتوکاڵی رووسیا دەتوانن بوژانەوە بەخۆوە ببینن و ببنە جێگرەوەی ئەو کاڵا خۆراکییانە، لە لایەکی دیکەیشەوە بە بەهاداشکانی نرخی رۆبڵ زەمینەی بەرهەمهێنانی خۆراکی زیاتر فەراهەم دەکرێت و ئاستی خواستن بەرز دەبێتەوە، بەڵام کێشەی نەتوانینی جێگرتنەوە لە ڕووی قەبارەی و نرخدا بەبەرستی سەرەکین، بەپێی ئامارەکان زۆر جار نرخی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی رووسیایی لە هی دەرەکی گرانتر بوونە. سەبارەت بە گەنمەوە ئەو بەرهەمەیە بە قەبارەیەکی زۆرەوە هەناردەی دەرەوە دەکرێت، بەپێی مەزەندەکان بەشی ٥٠ ملیۆن کەس دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی، کە ئاستێکی دیارکراوی باج و قەبارەی لەلایەن حکومەتەوە بۆ دانراوە سەختە، کە لەو هەلومەرجە سنووردارکراوەدا بتواندرێت کەڵك لەو بارودۆخە رەخسێندراوە وەربگیرێت، لەهەمانکاتدا بەرهەمهێنەرانی نەوت چاوەڕێی بەرزبوونەوەی نرخی ناوەخۆیی دەکەن و نایانەوێت، کە بە نرخە کۆنەکە گەنم بفرۆشن، مەترسییەك لە ئارادایە، کە نرخی ناوەخۆیش زیادببێت، کە لە بەرئەنجامدا پرۆسەی هەناردەش پێش ناکەوێت، ئەگەر بڕی باج کەم بکرێتەوە بەرهەمهێنەرانی گەنم دەتوانن بەو سوودە سەرمایەگوزارییەکی زیاتر لەناو رووسیادا بکەن و ئێستە ناچارن، کە سوبسید یاخۆ یارمەتی لە حکومەت وەربگرن. ئەو ئابلۆقە ئابوورییە، کە بەسەر کاڵاکانی کشتوکاڵدا پیڕەو دەکرێت بایی بڕی ٨,٤ ملیارد دۆلارە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ دا بە قەبارەیەکی زۆر گەورە هەناردەی بیلارووسیا بۆ رووسیا زیاد بوو، ئەوەش بوو بە کێشەیەك لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، رووسیا لەو بڕوایەدایە، کە ئەو کاڵا

زیادە هەناردەکراوانە هەر هەمان کاڵای خۆراکی قەدەخەکراون، کە دووبارە بە رووسیا دەفرۆشرێنەوە، ئەو وڵاتەش لە وەڵامدا گومرکی بەسەر کاڵاکانی رووسیادا سەپاند. ئێستە حکومەت بیری لە سوبسیدکردنی تۆوی چاندن کردووەتەوە.

لە هەلومەرجی قەیرانی ئابووریدا زۆر سەختە، کە باس لە پێشخستن و بەمودێرنکردنی کەرتی کشتوکاڵ بکرێتەوە، چونکە لە لایەکەوە دەرسەدی قەرزی بانکی زۆر لە سەرەوەن، هەروەها ئاستی خواستنیش لە خوارەوەیە و توانای کڕینی خەڵکیش بەرز نییە. لەو بارودۆخەدا زۆر باشترە، کە پشتگیری لە وردە بەرهەمهێنەران و جووتیار و بیزنسی مامناوەندی بکرێتەوە، نەك بیزنسی گەورە. چونکە بیزنسی بچووك لە کاتی قەیراندا دەتوانێت، کە پابەندی تەکنۆلۆژیای بچووك و توانای کەم ببێت و خۆڕاگرتریشە نەك شێوە تەکنۆلۆژیایەك، کە لەبەردەست نەبێت و پێویستی بە پارەیەکی زۆر بکات.

بەپێی یاسای نوێی رووسیا لەبارەی رێکخستنی نرخدا لەکاتی پێویستی قەیراندا حکومەت مافی ئەوەی هەیە، کە بە شێوەی ئیداری دەستوەردان بکات بەمەرجێك ئەگەر لە ماوەی مانگێکدا بە رادەی ٣٠٪ نرخی هەندێ کاڵای پێویست بەرزبکرێتەوە حکومەت دەتوانێت، کە ماوەی ئەو گرانکردنە بۆ ٩٠ رۆژ درێژبکاتەوە بکاتەوە، هەروەها سنوورێکی دیارکراو بۆ نرخ دابنێت، بەڵام ئەگەر بۆ ئەزموونی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتی بیلارووسیا بگەڕێینەوە دەبینین لەکاتی دەستێوەردانی نرخ و سنووردارکردندا کێشەی کورتهێنان یاخۆ نەمانی ئەو کاڵایانە دێتە پێش.

## ٨- بازاڕی کار لە سەرەتای تاقیکردنەوەکاندا:

لەو ساڵانەی دوایدا هۆکاری کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی چالاك لە ڕووی ئابوورییەوە لە تەمەنی (٢٠ -٦٤) ساڵیدا بەدی دەکرێت لە ساڵی ٢٠١٢ -٢٠١٣ دا گەشەی کەمبوونەوە لەو تەمەنەدا بە رێژەی ٠,٧٪ ساڵانە بووە. بە درێژایی مێژووی نوێی رووسیا ژمارەی دامەزراوان و کرێکاران لە کەرتەکانی وەکو (کشتوکاڵ، پیشەسازی و کانزاکان) تا ئەو رادەیە بەرزی و دابەزینی بەخۆوە نەبینیبوو. لە ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠١٣ رێژەی مامناوەندی ئەو کەمبوونەوەیە لە ٤٪ بوو، بەڵام بە پێچەوانەوە ژمارەی بەکاربەران لە کەرتەکانی وەکو (بازرگانی، ئاوەدانکردنەوە، دارایی و خزمەتگوزارییەکان) زیادی

کردووه و له سالانی ٢٠٠٦-٢٠١٣ به ڕێژەی لە ٢٪ بووه. لە ساڵی ٢٠١٤ دا ئەو گۆڕانکارییانە لە ڕووی دامەزراندندا هەر بەو شێوە بەردەوامبوونە، بەڵام لە کەرتی ئاوەدانکردنەوەدا ڕێژەی دامەزراندن کەمبووەتەوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کاری رووسیای فیدراڵ ڕێژەی بێکاری لە ساڵی ٢٠١٥ بە پێچەوانەی پێشبینییەکان زۆر بەرز دەبێتەوە، هەر ئێستە لە ئاستی لە ٨٪ واتە تا ئێستە ٦٥٠ هەزار کەس وەکو بێکار ناونووسکراون ئەوەش تەنیا ئاماری رەسمییە، بەڵام پسپۆرانی نێزیك لە حکومەت بڕواناکەن، کە ئاستی بێکاری وەکو ساڵی قەیرانی جیهانی ٢٠٠٩ی لێبێت، لەو کاتەدا، کە لە ٣٤٪ بوو، لەوانەیە لە ساڵی ٢٠١٥ دا بگاتە لە ١٨٪یش. لە ساڵی ٢٠١٥ دا حکومەت ڕێکاری هێشتنەوەی دامەزراوانی لە زۆرینەی کەرتەکانی حکومی و تایبەتدا بە مەرجی دواخستن و پێنەدانی مووچەیان گرتووەتەبەر.

## رووسیا لە ماوەی ٦ مانگی رابردوو بایی ٦,٨ ملیارد $ چەکی فرۆشتووە:

لە ڕاگەیاندراوێکدا روس ئابارون ئیکسپورت دەڵێت: کە لە ساڵی ٢٠١٤ بایی ١٣ ملیارد $ چەك فراوشراوە، ئەو ساڵەش بەپێی پلانەکان توانراوە، کە لە ٦ مانگی رابردووی ٢٠١٥ دا بایی ٦,٨ ملیارد دۆلاری ئەمریکایی چەك بفرۆشرێت، لە پاش ئەمریکا رووسیا دووەمین وڵاتی هەناردەکەری چەکە، گەورەترین وڵاتانی کڕیاری چەکی رووسیا بریتین لە چین، کە ساڵانە بایی (٢,٣ ملیارد $) هیندستان (١,٧ ملیارد) ڤنیزوئێلا و ڤێتنام هەر یەکەیان بایی (١ ملیارد دۆلار) چەك دەکڕن. بەشێوەیەکی گشتی پێنج گەورە وڵاتی هەناردەکەر ئەمریکا، رووسیا، فەرەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیا. گەورەترین بەکاربەری چەکی سوپایی وڵاتانی: عەرەبستانی سعودیا و هیندستانن، کە خەرجییەکانیشیان بە رادەی لە ١٣٪ زیادی کردووە.

فرۆشتنی چەکی رووسیا بەردەوامە، بەڵام بۆ گۆڕینی تەکنۆلۆژیای چەك، رووسیا پێویستی بە پارەی زیاتر هەیە، هەروەها لەبەر نەبوونی ئامرازی یەدەکی پێویست، کە جاران لە دەرەوە هاوردە دەکران پلانی خستنەڕووی چەکی نوێی دوا خستووە، بەڵام پسپۆرانی سوپایی دەڵێن پێویستە، کە رووسیا چەکی جێگرەوە چێ بکات و وابەستەی خۆی بەو ئامرازە هاوردەکەرانەوە کەمبکاتەوە.

## گەورەترین وڵاتانی هەناردەکەری جیهانی







**ئەنجومەنی تەناهیی رووسیا:** نێزیکەی ٢ هەزار هاووڵاتی رووسیا لەگەڵ داعشدان

**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی تەناهیی رووسیا (لۆکیانۆڤ) وتی: نێزیکەی ٢ هەزار هاووڵاتی رووسیا لە ریزەکانی داعشدا هەن و مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر رووسیا بە**

**تایبەتی کاتێك، کە دەگەڕێنەوە. بەشێك لەو تیرۆریستانە بەناوی توریست دەگەڕێنەوە ناو تورکیا و دەچنە باڵیۆزخانەی رووسیا لە تورکیا و داوای بەڵگەنامەی نوێ دەکەن و دووبارە دەگەڕێنەوە رووسیا، ژمارەی هەرە زۆریان نیشتەجێی قەفقاز و دەروبەری کەنارەکانی رووباری ڤۆڵگانە.**

د. ئیکەتیرینا ستیپانۆڤا سەرۆکی گرووپی لێکۆڵینەوە لەبارەی کێشەکانی جیهانی سەربە ئینستیتوتی ئابووری جیهانی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەو شێوەیە ئاماژە بۆ گرووپە توندڕۆکانی ئیسلامی جیهادی دەکات: ((دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر دوو بنەمای گرینگ چێکراوە، یەکێکیان جیهادییەکانی هەرێمی، کە لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانەوە پێکهاتوون هۆکاری لە خوارەوە بۆ سەرەوە گرینگە و ئەو بزوتنەوەیە دەیەوێت دەسەڵاتەکانی بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەپێبدات، هۆکاری دووەم جیهادی گلۆباڵییە و مەبەست ئەو تۆڕە نیمچە نهێنی و ئاشکرایانەیە، کە لە ٧٠ وڵات پتر لە جیهاندا چالاکن)). بۆ رووسیا تەناهیی قەفقاز زۆر زیندەگی و زۆر گەورەیە بۆ ئارامی ئەو ناوچەیە، بۆیە بە هەموو شێوەیەك رووسیا دژی تیرۆریزمە. لە ساڵی ٢٠١٥ دا باسی بەشداری ١٧٠٠ هاووڵاتی رووسیا تەنیا لە عێراق دەکرێت، ئێستە بەشداربووان تەنیا لە قەفقازەوە ناچن، بگرە لە کەنارەکانی ڕووباری ڤۆڵگا و ئورالێش بەشداری تێدا دەکەن.

پسپۆری ئینستیتوتی نەتەوەیی و سەرنووسەری گۆڤاری (جیهانی ئیسلام) رەئیس سولیمانۆڤ دەڵێت: کە زیاتر لە ٥ هەزار کەسی موسڵمانی لایەنگری گرووپە توندڕۆکان و داعش لە موسکۆ هەن و پشتگیری لە بیروبۆچوونەکانی ئەو گرووپە دەکەن. هەروەها سەرۆکی لێکۆڵینەوەکانی ناوەندی ئاین و کۆمەڵگە (ئەلکسێ گریشین)یش دەڵێت، کە تەنیا لە موسکۆ لە نێوان ٣٠٠ هەتا ٥٠٠ کەس پروپاگەندەی راستەوخۆ بۆ داعش دەکەن لە رابردوودا تەنیا باسی مەترسی قەفقاز دەکرا ئێستە خوێندکارانی زانکۆی موسکۆش پێوەندی بە داعشەوە دەکەن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بە زمانی رووسیایی (٥ - ١٠) هەزار کەس پروپاگەندەی راستەوخۆ بۆ داعش دەکەن پروپاگەندەکانیان زیاتر بە ئاراستەی موسڵمانان، تاتارەکان و خەڵکی ئاسیای ناوەڕست و رووسەکانە.

## بۆچی هاوولاتیانی رووسیایی دەچنە ناو دەوڵەتی ئیسلامی

تۆڕی میدیای( Kommersant )باسی ئەو نهێنیانە دەکات، کە بۆچی کەسانی وا هەن، کە لە بەناوبانگترین زانکۆی رووسیا دەخوێنن و بە ئاینیش موسڵمان نین، بەڵام پێوەندییان بە داعشەوە کردووە باوکی یەکێ لەو کوڕانە، کە سەردانی سووریای کردووە و لە جیاتی کوڕی خۆی سەردانی قەبری کردووە دەڵێت: لە ڕێگەدا کەسانی وام بینیووە کاتێك، کە گەیشتنە سوریا بەناخی دڵەوە خاکی ئەو وڵاتەیان ماچ کردووە و هۆکارەکەشی بە تەواوی ناتوانن باس بکەن، بەڵام وەکو خۆیان دەڵێن: کە پەرییەکان باڵی بەسەر سووریادا کێشاوە، ئێستە سووریا زەوی پیرۆزی خودابیە، بۆیە خەڵك پێوەندیی بەو گرووپە توندڕۆانەوە دەکەن هەر لەو وتارەدا باسی گەورەترین گرووپە توندڕۆەکانی جیهادی دەکات، کە بەشێك لە کوردانیش لەگەڵ "جەبهەی ئیسلامیدانە".

### لە ١٥٪ی شەڕڤانانی داعشی قەفقازی لە ژنان پێك دێنن:

ڕۆژنامەی( nizavismaya gazeta )لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی چوونی ژنانی ناوچەکانی قەفقازی وەکو داگستان، ئینگوشی و چیچان بۆ ناو داعش کردووە و دەنووسێ: کە لە سەردەمانی کۆنیشدا ژنانی قەفقاز لە شەڕکردندا بەناوبانگ بوون، بەشێکیان بە هۆی پێوەندیی مێردەکانیانەوە بە داعش دەچن بۆ شەڕ، بەشێکی دیکەیان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێوەندیی بە داعشەوە دەکەن و بەشی سێیەمیش لەبەر ناچاری و باری چەوتی کۆمەڵایەتییان. نووسەری ڕۆژنامەکە لەو بڕوایەدایە ئەگەر حکومەت هەوڵی پێشگیری نەدات، ڕەنگە ئاکامی زۆر خراپتری لێبکەوێتەوە:

- بەشێکی دیکەی پسپۆرانی رووسیایی لەو بڕوایەدانە، ئەو داعشانەی، کە چوونەتە سووریا و عێراق گەڕانەوەیان وەکو ناپاکی چاو لێدەکرێت، هەروەها پرسێکی دیکەیش لێرەدا دێتە پێشەوە، کە ئاۆ چەند کەسیان بە ساغی

دەمێننەوە و لەوانەیە لە کاتێکدا هەوڵبدەن، کە بۆ رووسیا بگەڕێنەوە، بەڵام بە بێ چەك و ئایا هەواڵگریی رووسیا ڕێگەیان پێدەدات، بۆیە ئەو پسپۆرانە ئەو هەڕەشانە بە جدی نابینن و دوورکەوەتنەوەیان بە قازانجی رووسیا دەبینن.

**هەواڵنێری تاسی رووسیایی لە مانگی رەمەزاندا هەواڵی چەندین پێکدادانی چەکداری بڵاو کردووەتەوە و دەڵێت:**

کە چەندین چالاکی چەکداری دژ بە هێزەکانی ئاسایشی رووسیا لە کۆمارە خودان ئۆتۆنۆمییەکانی قەفقازی (کاباردینا بالکاریی - داگستان و ئۆسیتیای باکور) لە لایەن گرووپە جۆراوجۆرەکانی سەربە ئیماراتی ئیسلامی قەفقاز لە مانگی رەمەزانی ٢٠١٥ دا ئەنجام دراون، تا ئێستە زیاتر لە ٨ کەس کوژراون و چەندان هەوڵی تەقینەوەش پووچەڵ کراونەتەوە. هەر بەپێی ئەو هەواڵانە لەناو ریزەکانی داعشدا ١٥٠ کەس لە کۆماری ئۆتۆنۆمی کاباردینا بالکاری، ٧٠ کەس لە کەرەچایڤە چێرکێس، ١٧٠٠ کەس لە چیچان و ١٧٠٠ کەسی دیکەیش لە داگستان چوونەتە ناو ریزەکانی داعشەوە. لە ماوەی ساڵێکدا ٥٢ کەس بە تۆمەتی بەشداری لەناو داعشدا دادگەیی کراون. لە رووسیا ٣٥٠٠ حیسابی بانکی، کە پێوەندییان بە تیرۆریستانەوە هەبووە دەستبەسەر کراون، زیاتر لە ٥٠٠ سەرچاوەی ئینتەرنێتی رووسیایی لە ساڵی رابردوودا لە لایەن داعشەوە تووشی هەڕەشەی هاککرد بوونەتەوە.

## رووسیا دەبێ بۆ چ جۆرە شەڕێك خۆی ئامادە بكات

لە دوای توندبوونی گرژی و ناكۆكییەكانی نێوان رووسیا و ناتۆ هەندێ پسپۆر و لێتۆژی رووسیایی هەر لە ئێستەوە باسی بەرئەنجامەكانی شەڕی نەخوازراو دەكەن، كە لێرەدا نموونەیەك دەهێنینەوە. پرۆفیسۆری زانكۆی بەناوبانكی رووسیا لە موسكۆ بەناوی بائومان - لیۆنید ئۆرلینكۆ لە رۆژنامەی( ng )نووسیوویەتی:

- لەنێو ولاّتانی جیهاندا رووسیا توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەمریكا و لەناوبردنی لە ماوەی كاتژمێرێكدا بە گورزی ٤٩٠ موشەكی بالیستیكی، ١٤٨٠ كولاهەكی ئەتۆمی هەیە. لە هەمبەردا ئەمریكا دەتوانێت بە ڕێگەی گورزی بە پەلەی جیهانییەوە ( rapid global strike ) بەرگری دژە رۆكێت، رۆكێتی كرۆزی دەریایی و رۆكێتی بالیستیكی هێرش بكاتە سەر رووسیا. نووسەر وتەی ژەنەراڵ لیۆنید ئیڤاشۆڤ دەهێنێت و دەڵێ: كە (ئاسمانی رووسیا كراوەیە و پێویستە، كە ئامرازی پاراستنی دژە رۆكێتی بالیستیكی و كرۆزی هەبێت، هەروەسا پێویستە، كە ستراتیجی شەڕكردنی خۆمان بگۆڕین) نووسەر دەڵێت: پێویستە رووسیا لەشكری خۆی بە چەكی مودێرن چەكدار بكات، پێشكەوتنی ئابووری و جێگرەوەی بكاتە بەرنامەی كاری و بە هاوشێوەی ولاّتانی چین، ڤێتنام و بیلارووسیا لە پێناو زیندووكردنەوەی ئابوورییەكی سەربەخۆدا كار بكات. كاری سەرەكی ئێمە دەبێ بە ئاراستەی داهێنانی تەكنۆلۆژیای ڕووبەڕووبوونەوەی گورزی بلەزی جیهانی( rapid global strike ) بشكێتەوە.

( http://nvo.ng.ru/realty/2015-07-17/1_war.html )

**بۆچوونێكی دیكەی توندتر باسی هەلومەرجی بەكارهێنانی چەكی ئەتۆمی بەو شێوەیە دەكات:**

بەرپرسی دیپارتامێنتی پەرەنەسەندنی چەك و كۆنترۆڵكردنی سەربە وەزارەتی دەرەوەی رووسیا دەبێژێت: كە لە دوو دۆخدا ئێمە چەكی ئەتۆمی بەكار دەهێنین:

یەکەم ئەگەر چەکی ئەتۆمی یاخۆ کۆکوژی دژ بە ئێمە یاخۆ هاوپەیمانەکانمان بەکار بهێندرێت یاخۆ ئەگەر بەکارهێنانی چەك هەڕەشە بێت لەناوبردنی حکومەتی رووسیا.

**لەو رووەوە ڤلادیمیر پوتین لە پرێس کۆنفرانسێکدا وتی:**

(رووسیا وڵاتێکی گەورە و خودان بەرژەوەندە، دۆستی راستەقینەی رووسیا هێزی دەریایی و وشکانییە و ئێمە پێوەندیمان لەگەڵ وڵاتانی بریکس و هاوپەیمانی شەنگهای زۆر باشە. دوژمنی ئێمە تیرۆریزمی نێودەوڵەتییە. ئێمە هیچ وڵاتێك بە دوژمنی خۆمان نازانین و هیوادارین، کە کەسیش ئێمە بە دوژمن نەناسێت)

لەبارەی شەڕەوە بۆچوونێکی دیکەی جیاوازی دیکەیش لە لایەن د. ئنۆزێمسێڤ سەرۆکی ئینستیتوتی پۆست پیشەسازی دەهێنین، کە لە وتارێکدا بەو ناوەوە نووسیوە (شەڕ لە سەدەی بیستویەکدا قازانجی ئابووری نییە).

لە سەدەکانی رابردوودا شەڕ خێر و بەرەکەتی بۆ لایەنی سەرکەوتوو بەدیدەهێنا پرتوگاڵ و ئیسپانیاییەکان توانیان لە رێگەی تاڵانی ئەمریکا ئیمپراتۆری چیێ بکەن ناپلیۆن توانی، کە سوود بۆ فەرەنسا دەستەبەر بکات، بەڵام دووەمین جەنگی جیهان نەیتوانی، کە زیانەکان قەرەبوو بکاتەوە، هەرچەندە نێزیکەی ۳ هەزار کارگە لە ئەڵمانیا بە تاڵان بردرانە دەرەوە و بە ملیۆنان سەر ئاژەڵیش تاڵان کران، بەڵام ئەو تاڵانانە بەشێکی زۆر بچووکی شەڕیشیان قەرەبوو نەکردەوە. لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا زۆر وڵات کەرتی چاککردنی چەکی پیشەسازی بۆ پیشەسازی مەدەنی گۆڕییەوە، بەڵام لە سەرەتای ساڵانی دوو هەزارەوە دووبارە ئەو پرۆسەیە پێچەوانە بووەتەوە، هەروەها شەڕی ئەفغانستان بۆ یەکێتیی سۆڤیەت و شەڕی ڤێتنام و عێراقیش بۆ ئەمریکا هیچ سوودی ئابوورییان نەبوو.

لە پەنا و چوارچێوەی ئاشتیدا توانراوە، کە دەستکەوتی زۆر گەورە بەدی بهێندرێت بۆ نموونە لە ۲۸ وڵاتی یەکێتیی ئەوروپادا EU درێژی تەمەن لە ۱۹٤٥-۲۰۱۳ بە ئەندازەی ۲۳ ساڵ زیادی کردووە. لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا نێوەنجی درێژی تەمەن ٤۰ ساڵ بوو. بونیادی ئابووری ئەوروپا لەو ساڵە دوایانەدا بە رێژەی ۸,٥ جار زیادی کردووە، کە بەرابەرە بە پێشکەوتنی ٦۰۰ ساڵ واتە لە سەدەی سێزدەیەم بۆ

هەژدەیەم. ئاشتی درێژخایەن، پێشکەوتنی هەموو لایەنەی تەکنۆلۆژیا و ئابووری بۆ مرۆڤایەتی بەدی هێناوە.

نووسەر دەڵێت وڵاتانی زلهێز دەزانن، کە شەڕی یەکدیی سوودی نییە و شەڕی لابەلاش لە ڕووی ئابوورییەوە لە قازانجیان نییە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کۆمپانیاکانی فرەنەتەوەیی پێویستیان بە بەزاندنی سنوورەکانی نەتەوەیی خۆیان هەیە، لە کۆتایدا دەڵێت: کە چیتر شەڕی گەورە روونادەن و لەوانەیە تەنیا شەڕی هەرێمی رووبدەن.

چەندین بۆچوونی دیکەیش هەیە، کە دەڵێن: دووەمین جەنگی سارد تەنیا دۆڕاندنی لێدەکەوێتەوە.

لە هەواڵنێری( rosbalt )سرگیێ شالین دەڵێت: بۆ ئەوەی، کە رووسیا بتوانێت ڕووبەڕووی شەڕی سارد ببێتەوە پێویستە، کە دەسەڵاتی خۆی لە وڵاتانی ئۆکرانیا، جۆرجیا، مۆڵداڤیا بەهێز بکات و داوا لە چین بکات، کە ئاسیای ناوەڕاست بەجێبهێڵێت. (چین)یش ئامادە نییە، کە بۆ خاتری رووسیا پێوەندییەکانی بەهێزی خۆی تێك بدات و دوژمنایەتی ژاپۆنیش بکات و خۆی بخاتە ناو شەڕێکی سارد تەنیا لەبەر خاتری رووسیاوە، (چین)یش شەرم ناکات، کە لە ڕێوڕەسمی ٧٠ ساڵەی رووسیادا وتی: کە تانکەکانی ئێمە لە تانکی رووسیایی (ئارمات) باشترن و تێکیش ناچن. لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا ئەو وڵاتە هێزی سوپایی پێویست و لایەنگری هەبوو، هەرچەندە لایەنگرەکانی لاواز بوون، بەڵام ئێستە رووسیا لە ڕووی ئابوورییەوە پێنج جار لە ئەمریکا لاوازترە و ١٠ جاریش پێکەوە لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپا تواناکانی کەمترن.

ئەنجومەنی تەناهیی چیك لە رۆژی ١٤-٦-٢٠١٥ دا بە کراوەیی باسی چەندین مەترسی لەسەر ئەورووپا دەکات و دەڵێت: کە لە ١٥ ساڵی داهاتوودا وڵاتانی ئەورووپا ڕووبەڕووی گەورەترین کێشە و مەترسی دەبنەوە، هەروەها ئەو ئەنجومەنە دەڵێت تێهەڵچوونەکان نێزیك سنووری ئەورووپا بوونەتەوە، شەڕی سەرچاوە سروشتییەکان دەبێت و تێهەڵچوون و رکابەری نێوان ئەورووپا و باشووری ئاسیای رۆژهەڵاتی بە تایبەتی لەگەڵ چین دەستپێدەکەن و شەڕی هەرێمی لە نێوان زلهێزەکان روودەدات.

## ساڵانە ئاڵوگۆڕی مادە هۆشبەرەکان لە ٥٠٠ ملیارد بۆ ١ ترلیارد $:

سەرۆکی فیدراڵی کۆنترۆڵی مادە هۆشبەرەکانی رووسیا (ڤیکتۆر ئیڤانۆڤ ) لە٢٢ - ٤-٢٠١٥ دا وتی: کە بازرگانی مادە هۆشبەرەکان بوارێکی جدی دارایی و نایاسایی ئابووری جیهان پێك دەهێنێت، کە سەقامگیری سیاسی و سیستەمی ئاسایی ئابووری تێك دەدات و دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ گەشەی تیرۆریزم. لە ڕووی قازانجی قەبارەیی دارییەوە بازاڕی مادە هۆشبەرەکان نێزیکەی بازاڕی گاز و نەوتە لە جیهان ٣٠٠ ملیۆن کەس ئالودەی ئەو مادانەنە. سەرۆکی فوندی ستراتیجی کولتووری ئەلێکسێ بارێنتسێڤ لە ماڵپەڕی fondsk.ru دەڵێت: کە بەپێی ئامارە فەرمییەکانی رووسیا ساڵانە ١٠ هەزار کەس و بەنافەرمی ٣٠ هەزار کەس لەبەر بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان دەمرن، سەرچاوەی سەرەکیی هاوردەکردنیش وڵاتانی ڕۆژهەڵات و هاوسێکانی رووسیان. رێژەی نەخۆشانی ئەو مادە هۆشبەرانە لە ساڵی ٢٠٠٠ بە رێژەی ١٠٠ هەزار کەس ناونووسکراون، ئەو رێژەیە بە بەردەوامی لە زیادبووندا بووە لە ساڵی ٢٠٠٣ (١٩٨ هەزار لە ساڵی ٢٠٠٧ (٢٥٠ هەزار) کەس بوونە.

## ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئۆکراینا و رووسیا لەسەر دونباس بەردەوامن:

یەکێك لە کێشە گەورەکانی دیکەی رووسیا گۆڕانکارییەکانی ئۆکراینان، کە لە ئەنجامی شۆڕشی ئۆکرایناداا رووسیا نیمچە دورگەی کریمی بۆ سەر رووسیا گەڕاندەوە و لە ڕۆژهەڵاتی باشووری ئۆکراییناش شەڕ و پێکدادان بەردەوامنن کە ئەو مژارەش لە بەشی پێوەندییەکانی رووسیا و ئۆکراینا و ئەوروپادا باسی لێوە دەکەین و تەنیا لێرەدا بە کورتی باسی بۆچوونی موسڵمانانی رووسیا بۆ شەڕی دونباس دەکەین.

رووسیا دان بە بەشداری راستەوخۆی لە شەڕی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا نانێت، بەڵام رۆژانە لەو رووەوە بابەتی جۆراوجۆر دەنووسرێن، کە یەکێك لەو نووسینانە باسی بەشداری موسڵمانانی رووسیا لەو شەڕەدا دەکات و دەڵێت جێگەی پرسیارە بۆچی موسڵمانانی رووسیاش وەکو خۆبەخش دەچنە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا

(دونباس) بۆ شەڕی لایەنگری لە رووسەکان و دژ بە ئۆکراینـا. زۆر کەسـی موسـڵمانی تاتار، چیچانی، ئۆسیێتی و خەڵکی دیکەی قەفقازی وەکو خۆبەخش بەشداری دەکەن.

دیارە بەشێك لەو موسڵمانانە لەو بڕوایەدانە، کە پێویستە بۆ سەردەمی یـەکێتیی سۆڤیەت بگەڕێنەوە بەشێکی دیکەش لەو بڕوایەدایە، کە پێویستە ئیمپراتۆری رووسیا دروست بکرێتەوە، هەندی خەڵکی تاتارستانیش ئینکاری نەتەوەیی خۆیان ناکەن، بەڵام خۆیان بە نەتەوەی دووەمی رووسیا دادەنێن. شەڕڤانانی تاتار بۆ پشودان و چارەسـەری دەگەڕێنەوە تاتارستان، بەڵام لە پاش ماوەیەك خۆیان زیاتر بەسـوودمەند دەبیـنن، کـە بگەڕێنەوە ناو ریزەکانی شەڕ، چونکە هەبوونیان لە تاتارستان بێ سوودە.

( http://www.ng.ru/regions/2015-03-25/6_donbass.html )

**رووسیا ناچارە، کە خەبات لە پێناو مانەوەی مافی ڤیتۆدا بکات:**

یـەکێك لـە پرسـەکانی دیکـە، کـە راسـتەوخۆ و پێوەنـدیی بـە بەرژەوەندییـەکانی رووسیاوە هەیە کێشەی ئەندامەتیی هەمیشەیی ئەنجومەنی تەناهیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەبوونی مافی ڤیتۆیە، زۆرینەی وڵاتـانی ئاسـیا و ئـەفریقا پێـداگری لەسەر گۆڕینی ستراکچەری ئەنجومەنی تەناهیی( UN )دەکەن رووسـیا ترسـی لەوەیـە، کە مافی ڤیتۆی لە دەست بچێت، بۆیـە ناچـارە کـە پرۆسـەی گۆڕانکـاریی دوابخـات و کۆسپ بخاتە بەردەم ئەو پرۆسەیە، هەرچەندە ئەو وڵاتانە لە رووسیا ناڕاحەت و دڵگران دەبن. رووسیا دەیەوێت، کە ئەندامانی ئەنجومەنی تـەناهی لـە ئاسـتێکی سـنووردارردا زیاد بکرێن و هەردوو وڵاتی هیندستان و بەرازیلیش ببنە ئەندامی هەمیشـەیی، بـەڵام لایەنەکانی دیکە و بە تایبەتی چین دەیانەوێت، کە ئەنـدامانی هەمیشـەیی نـەمێنن و ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی تەناهییش زۆر زیاتر بکرێت.

## بەشی دووەم

## پەرەسەندنی هاوپەیمانییەتی نوێی رووسیا لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ڕۆژهەڵات

### ئامانجە سەرەکییەکانی چین و پێوەندییەکانی لەگەڵ رووسیا:

دوای ئەوەی، کە رووسیا ڕووبەڕووی ئابلۆقەی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بووەتەوە کێشەی هاوسەنگی و دابینکردنی پێداویستییەکانی بۆ هاتووەتە پێش، لە ڕووی سیاسییەوە رووسیا بە شێوەیەکی کراوەتر ڕووی لە هاوپەیمانی لەگەڵ چین و چەندین وڵاتی دیکەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایی کردووە. لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا پێوەندییەکان بە شێوەیەکی جۆراوجۆر بوون، بەڵام پرسیار ئەوەیە، کە ئێستە بارودۆخی هاوسەنگی رووسیا لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا لە ڕووی ئابووری، تواناکانی پێوەندیی سیاسی و هەرێمی گۆڕاون و ئەو وڵاتانە بەهێزێکی دیکە و مەبەستێکی جیاوازترەوە دێنە پێشەوە، لە لایەکی دیکەوە ئابووری چین گەیشتووەتە ئاستێك، کە پێویستی بە پەرەسەندن و هاوپەیمانی نوێتر هەیە هەر لەو چەند ساڵەی دوایدا چەندان هاوپەیمانی جۆراوجۆری لەگەڵ وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئاسیای ناوەڕاست و رووسیا و وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی ئۆقیانووسی ئارام و ئەفریقا چێ کردووە، بۆیە پێوەندییەکان زۆر ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، چین لەپاڵ هاوپەیمانی ڕێکخراوی شەنگهایدا هاوپەیمانی یەك ڕێگە و یەك کەمەربەندی دروست کردووە، چەندین پرۆژەی دیکەی ئابووری - دارایی وەکو دروستکردنی بانکی ئاسیایی سەرمایەگوزاری ئینفراستروکتۆری لە بەردەستدانە هەرچەندە ڕۆڵی سەرمایەگوزاری جیهانی چین زۆر بە گرینگی وەرناگرێت، بەڵام لە زۆرینەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا چین پتر لە هەموو

وڵاتـانی جیهـانی سـەرمایەگوزاری کـردووە و لـە ڕووی دارییـەوە بـە ملیـاران دۆلار سـەرمایەگوزاری لـە ڕۆژئـاوادا هەیـە، ئێسـتەش بـە ڕێگـەی بـانکی ئاسـیایی سەرمایەگوزاری ئینفراسترۆکتۆری و ڕێکەوتنەکانی وەکو هاوکاری شـەنگهای، ڕێگـەی ئاوریشم (یەك ڕێگە و یەك کەمەربەند)، بریکس، ڕێکخراوی هاوکاری چین - ئەفریقا و هیدیکـە دەیـەوێت، کـە لـە هـەموو جیهانـدا چـالاکییەکانی پـەرە پێبـدات، لـەکاتی تەنگژەی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٨ دا چین زۆر ناوەندی پیشەسازی ڕۆژئاوای کڕی و توانی سەرمایەگوزاری لەو رووەوە بکات و بکەوێتە ناوجەرگەی وڵاتانی ڕۆژئاوا.

## ئاستی پێوەندییەکانی رووسیا و چین لە قازانجی چ لایەنێکدانە

**لێرەدا دەتوانین، کە باس لە چەندین خاڵی هاوبەشی بەرژەوەندی و ناکۆك و پێشبینی گۆڕانکارییەکانی نێوان رووسیا و چیندا بەم شێوەیە بکەین:**

- لە ڕووی سیاسییەوە بەهاتنی سەرۆکی چین بۆ ڕێوڕەسمی ٧٠ ساڵەی سەرکەوتن بەسەر فاشیستدا پێوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەی بۆ ئاستی هەرەبەرز گواستەوە و شێوە تێگەیشتنێك لە ئاستی سەرۆکایەتیدا هاتووەتە کایەوە.
- لە ڕووی ئابوورییەوە قەبارەی ئاڵوگۆڕی لە نێوان هەردوو وڵاتدا بە رادەی ٣٠٪ کەمبووەتەوە، ئەویش بۆ چەندین هۆکاری وەکو دابەزینی ئاستی خواستن لەناو رووسیادا و بەهاداشکانی دراوی رووسیایی  لە هەمبەر دراوەکانی دیکەی جیهان دەگەڕێتەوە، ئاڵوگۆڕی لە ستراکچەری هاوردەی چینیشدا کراوە، چونکە لەکاتێکدا لە ٧٠٪ هەناردەی رووسیا بۆ ئەو وڵاتە بریتییە لە کەرەستەکانی خاو و وزەی وەکو گاز و نەوت، بەڵام چین لە ڕووی پێداویستیی بە وزە توانیویەتی، کە بە نرخێکی هەرزانتر لە وزەی رووسیایی لە تورکەمەنستان و کازاخستان بکرێت.
- تا ئێستە بە ڕێژەیەکی بەردەوام رووسیا توانیویەتی، کە چەك بفرۆشێتە چین، بەڵام لەهەمان کاتدا لەناو بازاڕی چەکی چین دا کێبەرکێیەکی زۆر لە لایەن چەندین وڵاتی هەناردەکار بەتایبەتی کەنەدا دەبیندرێت، کە ئەوەش بەربەستێکە لە هەمبەر زیادکردنی هەناردەی رووسیا.
- چین بە ڕێگەی دروستکردنی پرۆژەی (یەك ڕێگە و یەك کەمەربەند) بۆ ئەورووپا دەیەوێت، کە تێچوونی هەناردەکردنی کەمبکاتەوە، لەهەمانکاتدا وڵاتانی بەشداریش لەسەر ئەو ڕێگەیەدا بکەونە ژێر کاریگەری کاڵا هەرزانەکانی چین، ئەو وڵاتە دەیەوێت، کە دراوی یەن بەکار بهێنیت، رووسیاش دەیەوێت، کە ڕۆبڵ بەکار بهێنێت، بەڵام توانای ئاڵوگۆڕی و پتەوی یەن لە ڕۆبڵ بەهێزترە.

- لـە بەرئـەنجامی ململانێیـەکانی هەرێمیـدا هەڵوێسـت و پێگـەی ئـەمریکا لـە باشـووری ئاسـیا بـەهێز کـەوتووە، چـینیش پێویسـتی بـە هاوکـارێکی نێزیکـی هاوبـالآنس هەیـە، بۆیـە خـۆی لـە رووسـیا نێزیـك دەکاتـەوە، بـەڵام ئـەو نێزیکبوونەوەیە واتـای هاوپـەیمانی سـوپایی لـە هـەموو روویەکـەوە ناگـەیێنێت و خۆلێکنێزیکردنەوەی زیاتر وەکو تاکتیکێك بەکار دەهێندرێت.
- بۆ ئەوەی رووسـیا بـە تـەواوەتی نەکەوێتـە ژێـر بـاری چین لـە ڕووی ئـابووری - سیاسی و نێودەوڵەتیدا ناچارە، کە جۆرە هاوپەیمانییەتی لەگەڵ وڵاتـانی ناحـەزی چین وەکو ئەندونیزیا، ڤێتنام، مالیزیا و تایلەنـد چـێ بکـات هـەر لـە ئێسـتەوە ڤێتنـام وەکـو ئەنـدام لـە بـازاڕی ئـازادی هاوپـەیمانی رێکخـراوی ئەوروئاسـیا وەرگیراوە.
- چین دەیەوێت، کە لە سپتامبەری ئەو ساڵەدا ڕێـوڕەسمی هاوشـێوەی رووسـیا بـە بۆنەی ٧٠ ساڵەی سەرکەوتن بەسەر فاشیستدا بەرپا بکات و دەیەوێت سەرۆکانی جیهـانی بانگێشـت بکـات و نیشـانی بـدات، کـە بەشـداری سـەرەکیی دووەمـین جەنگی جیهانی چین بووە، نەك رووسیا و ئەوروپا، لـە چـینیش لـە (مینچـژوری) شەڕ کۆتایی پێهاتووە و لایەنی سەرەکیی هەڕەشەکەریش ژاپۆن بووە.
- **لە کۆتایدا:** چـین زۆر بـە ژیرانـە و لەسـەرخۆ ڕەچـاوی بەرژەوەندییـە نەتـەوەیی و ئابوورییەکانی دەکات و بەپێی ئەو بەرژەوەندییانە هەنگاو هەڵدەنێت.
- لـە رۆژی ٥ی ئۆگۆسـتی ٢٠١٥ دا کۆبوونـەوەی وڵاتـانی رێکخـراوی ACEAH لەگەڵ وڵاتانی ژاپۆن، ئوستراليا، رووسیا، هیندستان، ئـەمریکا و نیوزلانـدی لـە مـالیزیا بەڕێوە چوو، مەبەستی سەرەکیی چارەسـەری کردەوەکـانی داگیرکەرانـەی چین و کێشەی سنووری دەریایی لـە باشـووری دەریـای چـین بـوون. بـەپێی وتـەی پسپۆران لە هەواڵنێری روسباڵتدا لە ١٢-٥-٢٠١٥ دا رووسیا توانای کاریگەری راسـتەوخۆی لەسـەر ئـەو کێشـەیەدا نییـە و کۆمپانیـای گـازپرۆم نـەوت لـە کەنارەکانی ڤێتنام بەرهەم دەهێنیت، لـە لایـەکی دیکەیشـەوە چـینیش بـەڵێنی بەستنەوەی بە وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بە رووسیا داوە، رووسـیا بـە هەموو شێوەیەك خۆی لە هەوڵوێست وەرگـرتن بـەدوور گرتـووە و نایـەوێت، کـە

دەستێوەردان لەو پرسە هەستیارەدا بکات و خۆی بکاتە لایەن، هەرچەندە ئێستە چین پرۆژەی دروستکردنی دورگەی دەستکردی ڕاگرتووە، ئەمریکاش هەوڵدەدات، کە بەرەیەکی فرەوان بەدژی چین چێ بکات. لەم ساڵانەدا ڤێتنام و ئەندونیزیا خاوەنی گەورەترین تێکڕای گەشەی ئابوورین و وا چاوەڕوان دەکرێت، کە باڵانسەکە بەلای ئەو وڵاتانەدا بشکێتەوە.
( http://www.rosbalt.ru/main/2015/05/12/1397430.html )

**چین خۆی فێردەکات، کە ببێتە زلهێزی جیهان:**

ئەوە چەند ساڵێکە، کە رووسیا و چین بە هاوبەشی مانۆری سوپایی دەریای و وشکانی ئەنجام دەدەن، یەکەمجار ئەو مانۆرانە لەناو سنوورەکانی ئەو وڵاتانەدا بەڕێوە دەچوون، پاشان لە دەریای چین و دواین جار لە دەریایی مدیتەرانە لە ریکەوتی ١١ بۆ ٢١ی ٢٠١٥ مەی بووە، کە بووە جێگەی سەرسووڕمانی وڵاتانی ئەورووپایی و ئەمریکا پسپۆران دەڵێن بۆ جاری یەکەمە، کە چین دوور لە سنوورەکانی خۆی مانۆری سوپایی بە کەشتیەکانی لەگەڵ رووسیادا بکات و بەلای چینەوە زۆر گرینگە، کە بتوانێت لە ڕووی سوپاییەوە کاریگەری بەسەر وڵاتانی باکوری ئەفریقادا هەبێت، چونکە وڵاتانی ئەفریقا بۆ چین زۆر گرینگن، چین زۆرترین رێژەی سەرمایەگوزاری سەبارەت وڵاتانی دیکەی جیهان لەو کیشوەرەدا ئەنجامداوە. مەبەست لەو مانۆرانە ئەوەیە، کە ئەزموونی سوپایی فێرببێت، هەروەها هێزی خۆشی پیشان بدات

## مەترسییەکانی بەردەم وڵاتانی ئۆقیانووسی ئارام و ئاسیا (Pacific Rim ) و ڕۆڵی چین

هەرێمی ئۆقیانووسی ئارام و ئاسیا ٥٨ وڵات بە جەزیرەکانیشەوە لەخۆ دەگرێت، کە ١٠ وڵاتی هەرە زلهێز پێنجیان دەکەونە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لە ٥٧٪ چالاکییەکانی جیهان بازرگانی لەو هەرێمەدا ئەنجام دەدرێن، کە ئەو چالاکییانە تا ساڵی ٢٠٣٠ دەگەنە لە ٧٠٪ی چالاکییەکانی جیهان.

**لە ترسی پێشکەوتنەکانی سوپایی چین، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی چاوەدێری سوپاییان بەسەرداناوە، هەروەها لەبەر مەترسی ئەو پەرەسەندنانەی چین، وڵاتانی باشووری ئاسیای ڕۆژهەڵات لە ئەمریکا نێزیك دەبنەوە. ئەگەریی شەڕێکی گەورە لەو هەرێمەدا زۆر کەمە و کەس نایەوێت، کە باڵانسی وڵاتان تێك بچێت. چین ناتوانێت، کە ڕێگەی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە بلۆك بکات، چونکە ئەو هێزەی نییە و ئەگەر بیەوێت بە ڕێگەی داخستنی دەریایی باشووری چین ئەو ئابلۆقەدانە ئەنجام بدات بە پلەی یەکەم زیان بەخۆی دەگەیێنێت. ئەگەر چین بیەوێت، کە بە هێز وڵاتێکی دیکە داگیر بکات هیچ وڵاتی جیهان، تەنانەت رووسیاش ئامادە نییە، کە بەرگری لە چین بکات. چین دوو ڕێگەی کراوەی پەرەسەندنی ئاشتیخوازانەی لەبەردەستدان، یەکەمیان لە هەرێمە هەژارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا سەرمایەگوزاری بکات، بەڵام زۆر بەکەمی سەرمایەگوزاری دەکات یاخۆ هەوڵی وەدەستهێنانی سەرچاوە سروشتییە دەوڵەمەندەکانی رووسیا بدات و لە داهاتوودا چاوەڕوان دەکرێت، کە لە رووسیادا سەرمایەگوزاری بکات، بەڵام رووسیاش بە چاوێکی مەترسیدارەوە سەرنج لە چین دەدات، هەرچەندە پێویستی بە دۆست هەیە. لە لایەکی دیکەیشەوە بە پێچەوانەی ئەو خواستانە زۆرینەی سەرمایەی رووسیایی بەرەو سویسرا هەڵدێت نەك چین، هەروەها دەسەڵاتدارانی چینیش لەبەر خراپی ژینگە و باری مەترسیداری سیاسی هەوڵ دەدەن، کە پاسپۆرتی وڵاتانی ڕۆژئاوای بۆ خانەوادەکانیان دەستەبەر بکەن و سەرمایەکانیان بەرەو ئەو وڵاتانە دەچێت.**

**مەترسییەکان:**

زۆرینــەی سیاســەتمەدارانی جیهــان ئــەو هەرێمــە وەکــو بــەرمیلی بــاروت دەبیــنن گرینگترین هۆکاریش بریتین لە:

- چین لە بوژانەوەیەکی بەهێز و خێرادایە، ژاپۆن خـۆی چـەکدار دەکـات، ئـەمریکا بەرەو ئاسیا هاتووە، بەڵام ئەوەی راستی بێت ئەگەری شەڕی وڵاتـانی گـەورە زۆر کەمە و هیچ یەك لەو وڵاتانە نایەوێت، کە باڵانسەکان بگۆڕن.
- کۆریای باکور و باشـوور شـەڕ بـە ئەگـەرێکی نێزیـك دەبیـنن هـەروەك چـۆن لـە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٤ لەسەر سنووری ئەو دوو وڵاتـەدا پێکـدادانێك روویـدا و کۆریای باکور هەر لەسەر پەرەپێدانی پرۆگرامی ئەتۆمی بەردەوامە و هەڕەشە لە ئەمریکا و ژاپۆنیش دەکات.
- گرفتـەکانی تـایوان لەگـەڵ وڵاتـی دایـك (چـین) بـەردەوامن و سـنووری چـین لـە بەرەکانی شەڕی پارتیزانی فیلیپین نێزیکـە و کێشـەی دەریـایی لـە نێـوان وڵاتـی ڤێتنام و چین لەسەر پەرەسەندنەکانی چین لـە دەریـای باشـوور بـەردەوامن بـەپێی دەنگوباسەکان ڤێتنام و فیلیپین دەیانـەوێت، کـە هاوپەیمانییـەك دژ بـە چـین چـێ بکەن.
- کێشەی نێوان رووسیا و ژاپۆن لەسەر دورگەکانی کۆریل بەردەوامن، زۆر کێشـەی دیکەیش دەتوانین ناو ببەین وڵاتانی ئەو هەرێمە لە هەلومەرجی خۆچەکدارکردنی بەردەوامدانە، بەڵام ئەگەری روودانی شەڕێکی گەورە زۆر کەمە و ئەو هەرێمە لە دۆخی شەڕدا نییە هاوسەنگییەکی پایەدار لە نێوان وڵاتانی ئەو هەرێمەدا هەیە و تەنیا هەندێ دۆخی تاکانە هێزی روویانداوە.

**هەڕەشەکانی چین:**

وڵاتانی ژاپۆن، کۆریا، تایوان، فیلیپین، ڤێتنام، ئەندونێزیا، ئوستralیا و هیندسـتان هەوڵ دەدەن، کە هاوسەنگی لەگەڵ چیندا چێ بکەن، بۆیـە لـە ڕووی سـوپاییەوە زیـاتر مەیلی ئەمریکایان هەیە و هەموو ئەو وڵاتانە خۆیان بە هاوپەیمانی ئـەمریکا دەزانـن، بەڵام چین هەوڵ دەدات، کە هەڵوێستی سەربەخۆی هەبێت.بەپێی بۆچـوونی زۆر پسـپۆر

له سه‌ده‌ی بیستویه‌که‌مدا هه‌ڕه‌شه‌ی داگیرکردن له‌لایه‌ن هیچ یه‌ك له‌و ولاّتانه به‌دی ناکرێت. هه‌رچه‌نده کێشه له‌سه‌ر چۆنییه‌تی به‌کارهێنانی سه‌رمایه‌ی ده‌ریاکان و ژێر ده‌ریاش هه‌یه، به‌لاّم ئه‌و کێشانه ناگه‌نه ئاستی شه‌ڕ، پێناچیت، که ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکاش نیازی داگیرکردنی یه‌کێك له‌و ولاّتانه‌ی هه‌بێت، چینیش ئه‌و هێزه‌ی نییه، که بتوانێت هه‌ڕه‌شه‌ی داگیرکردن له یه‌کێك له‌و ولاّتانه بکات مه‌گه‌ر به شێوه‌یه‌کی بنه‌ڕه‌تی بالاّنسی هێزی سوپایی بگۆڕدرێت و چین ببێته خاوه‌نی ته‌کنۆلۆژیایه‌کی سوپایی جیاواز و بالاّده‌ست، ئێسته‌ش به ڕێگه‌ی رۆکێته‌وه چین ده‌توانێت، که هه‌ڕه‌شه‌ی که‌شتییه‌کانی جه‌نگی له‌خۆوه دووربکات.

سه‌رۆکی پارتی کۆمۆنیستی ڤێتنام له‌هه‌مانکاتدا سه‌رۆکی ئه‌و ولاّته سه‌ردانی ئه‌مریکای کرد. ١٠ ولاّتی ئۆقیانووسی ئارام له‌گه‌ڵ ژاپۆنیش هاوپه‌یمانییه‌کی بازرگانی - ئابووری هه‌رێمی ئازادی بازرگانیان پێك هێناوه و ئه‌مریکا ئه‌و هاوپه‌یمانییه وه‌کو هێزیك له دژی خواسته‌کانی په‌ره‌سه‌ندنی چین به‌کار ده‌هێنیت. پسپۆری ولاّتانی ئاسیایی ڤلادیمێر مازێرین ده‌ڵێت: که ئه‌مریکا له ١٨٪ هه‌نارده‌ی ڤێتنام به بڕی ٣٦ ملیارد $ پێك ده‌هێنێت، ئه‌مریکا هه‌ندێ خواستی سیاسی له ڤێتنام هه‌یه به‌س بۆ ئه‌و ولاّته زۆر سه‌خته، که له‌گه‌ڵ ئه‌و خواستانه‌دا سازش بکات، ڤێتنامیش ده‌یه‌وێت به‌هاوکاری ئه‌مریکا کێشه‌ی دورگه‌کانی له‌گه‌ڵ چین چاره‌سه‌ر بکات.

وا پێشبینی ده‌کرێت، که چین تواناکانی سوپایی خۆی بۆ پاراستنی ده‌ریای باشووری چین و به‌نده‌ره‌کانی ئه‌و ده‌ریایه به‌کاربهێنێت. ئه‌گه‌ر چین هه‌وڵبدات، که کۆنترۆڵی ده‌ریایی باشووری چین بکات به پله‌ی یه‌که‌م زیان به خۆی ده‌که‌وێت، به هاوشێوه‌ی کۆنترۆڵی گوزه‌رگای بۆسفۆر یاخۆ ده‌ریای باڵتیك، که له لایه‌ن رووسیاوه درا و زیانی پێکه‌وت، هه‌رچه‌نده رۆژانه بایی ملیاران دۆلار بار به ڕێگه‌ی ئه‌و ده‌ریایه‌دا هه‌نارده و هاورده ده‌کرێت، ده‌بێ ئه‌وه‌شمان له‌بیر بێت، که به‌شی هه‌ره سه‌ره‌کیی ئه‌و ئاڵوگۆڕانه به‌ر چین ده‌که‌وێت، هه‌روه‌ها دوو له‌سه‌ر سێی نه‌وتی هاورده‌کراوی تایوان، کۆریا و ژاپۆن به‌و ڕێگه‌یه‌وه هاورده ده‌کرێت، به‌شی هه‌ره زۆری نه‌وتی چینیش هه‌ر به‌و ڕێگه‌یه‌وه دابین ده‌کرێت، مه‌ترسی جێبه‌جێکردنی ئه‌و سیناریۆیه بۆ چین بووه‌ته جێگه‌ی مه‌ترسی، بۆیه چین خۆی له ئاسیای ناوه‌ڕاست نێزیك

کردووەتەوە، هەر لە ئێستەوە وزە لەو ولاتانەوە دەکرێت. هەرچەندە لە ٨٠٪ی نەوتی چین بە ڕێگەی دەریای باشووری چین دەگاتە بەندەرەکانی ئەو ولاتە. بە بەراورد لەگەڵ چین ولاتانی تایوان، کۆریا و ژاپۆن دەتوانن، کە ڕێڕەوی هاوردە بگۆڕن و بە چەندین میل دوورتر کەشتییەکانی نەوتی هاوردە بکەن. ئەگەر چین هاوسێکانی بەو ڕێگەیەوە بخاتە ناو مەترسییەوە، لەهەمانکاتدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ناچار بکرێت، کە بەرگری لە هاوپەیمانەکانی بکات چ بەسەر چیندا دێت، ئایا ئەو ولاتە ئەو بیرۆکەیەی بوو ناهێت، کە نابێ هەرگیز ئەو کارە بکات. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە داهاتووشدا هەوڵ دەدەن، کە چاوەدێری بەسەر چینەوە بکەن، بەپێی پێشکەوتنەکانی سوپایی ئامادەیی خۆیان زیاد دەکەن، بەلام پێناچێت، کە هیچ هێزیکی سوپایی بۆ راگرتنی ئەو پرۆسەیە بەکار بهێنن، بۆیە لە کاتی خۆپڕچەککردن و هەڕەشەیی سوپایی لەلایەن چینەوە ولاتانی ئەو هەرێمە بەخۆدەکەون و زیاتر بەلای ئەمریکاوە دەسووڕێنەوە بۆ نموونە ولاتێکی وەکو ڤێتنام، کە گەورەترین شەڕی لە رابردوویەکی نێزیکدا لەگەڵ ئەمریکادا کردووە و خەڵکی بەشداری ئەو شەڕانە هەر زیندوون، پارتی کۆمۆنیستیش لەسەر دەسەلاتە. دەبینین کە لە ١٣-٧-٢٠١٥ دا سەرۆکی ڤێتنام سەردانی واشنتنی کرد. هەر ئەو هۆکارە مەترسیانە لە زۆر هەلومەرجدا (ئیمپراتۆری ئەمریکا)یان چێ کردووە، ئەمریکا بە ئاسانی توانیویەتی، کە دەسەلاتی بەسەر جیهاندا پەرە پێبدات، چونکە زۆر ولات هەن، کە هەست بە مەترسی دەکەن و ئەمریکاش لەو رووەوە کلۆبی هەلبژاردەکانی دروست کردووە، کە زۆر ولاتانی جیهانیش دەیانەوێت ببنە ئەندام. چین ئەو پرۆسەیە بەهێز دەکات، زۆرینەی هەرە زۆری ولاتانی ئاسیای باشووری ڕۆژهەلات دەیانەوێت، کە بکەونە ژێر باڵی پاراستنی ئەمریکا. ولاتی واش هەیە، کە نایەوێت بکەوێتە ژێر ساکاری ئەمریکا. لە ساڵی ١٩٩٢ فیلیپین پێگەیەکی سوپایی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای داخست، هەندێ لایەنی ژاپۆنیش بانگیان لە حکومەتەکەیان دەکرد، کە ئەوانیش ئەو میتۆدەی هاوشێوە بەکار بهێنن، هەتا لە ئوسترالیاش سەرۆك وەزیرانی پێشووی کۆنسرڤاتیڤ خوازیاری ئەوەبوو، کە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا ببڕنەوە، هەرچەندە سەربەخۆیی سیاسی بەقسە ئاسانە، بەلام بە کردەنی کارێکی ئاسان نییە و ئێستە وەکو دیارە، کە

فیلیپین زیاتر پێی خۆشە، کە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا باش بن و لەوە باشترە، کە مەترسی چینی لەسەر بێت و سەقامگیری باری ناوەخۆیش تێکبدرێت. پێویستە کە چینیش ئەوە لەبیر بکات، کە بتوانێت بەسەر وڵاتانی هەرێمیدا بە شێوەی سوپا زاڵ ببێت، هەتا رووسیاش ئامادە نییە، کە لەو رووەوە بەرگری لە چین بکات، چینیش ناتوانێت، کە ئەو هەرێمە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئابلۆقەدانە بکات. پێویستە کە چین بیر لەوە بکاتەوە، کە ئەمریکا دەتوانێت دەرگەی بازاڕی جیهانی لەسەردا دابخات و چینییەکان لەوەش دەترسن و حیسابی بۆ دەکەن.

ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ڕێگەی ڕێکخراوی وڵاتانی ئۆقیانووسی ئارام و ئاسیا ( Trans-Pacific Partnership, TPP ) بازاڕی ئازادی ئابوورییان چێ کردووە، کە مەبەستی سەرەکیی زەمینەی هاتوچۆی کەشتییەکان فەراهەم بکات و توانای پێشگیری لە پاراستنی مافی بیری( intellectual property )هەبێت.

وڵاتانی چین و رووسیا ناچار بوون، کە مەرجەکانی ڕێکخراوی ئۆقیانووسی ئارام و ئاسیا ( Trans-Pacific Partnership, TPP )پەسەند بکەن و مەرجەکانی سەرەکیی لەلایەن ئەمریکاوە هاوپەیمانەکانی دادەسەپێندرێن. لە کاتی چێکردنی ڕێکخراوی جیهانی بازرگانیش( WTO )ئەو فێڵە لە رووسیا و چین کراوە و کاتێك، کە مەرجەکان قبووڵ دەکەن ئینجا بە ئەندام وەردەگیرێن. چینیش بەپێی تواناکانی خۆی چەندین ڕێکخراوی هەرێمی ئازادی بازرگانی ئۆقیانووسی ئارام و ئاسیایی چێ کردووە، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە. ئێستە چین دوو ڕێگەی کراوەی لەبەردەمدا هەیە، کە دەتوانێت پەنا بۆ سەرمایەگوزاری لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوی باشووری ئاسیای ڕۆژهەڵات ببات یاخۆ بەرەو سەرچاوە سروشتییە دەوڵەمەندەکانی رووسیا و ئاسیای ناوەڕاست هەنگاو بنێت، هەرچەندە سەرمایەگوزارانی چینی بە شێوەیەکی کەم وەبەرهێنان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا دەکەن و لە داهاتوودا چاوەڕوان دەکرێت، کە چین زیاتر لە رووسیادا سەرمایەگوزاری بکات. هەر لەو رۆژانەدا لە رووسیا زۆر باسی بەکرێ وەرگرتنی زەوێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی دووری رووسیا لەلایەن چینەوە بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ دەکەن و بەشێك لە پسپۆرانی رووسیایی لەو بڕوایەدانە، کە ئەو جیاوکە دەبێتە هۆی جێگیربوونی

هاوولاتیانی زۆری چینی لەو هەرێمانەی رووسیادا و بە شێوەیەکی ئاسایش چین زۆر بە چەوتی و بێ بەزەیی کێڵگەکانی کشتوکاڵی بەکاردەهێنن.

رووسیا دەیەوێت پێوەندییە ستراتیجییەکانی خۆی لەگەڵ ولاتانی ئاسیایی رۆژهەلات بەهێز بکات بەپێی راگەیاندنی وەزارەتی دەرەوەی رووسیا لە ٩-٦-٢٠١٥ دا لە ساڵی ٢٠١٢ دا ئاڵوگۆڕی بازرگانی رووسیا لەگەڵ ولاتانی کۆمەڵەی ئاسیای رۆژهەلات بە رێژەی ٢٠٠ ملیارد $ واتە لە ٢٥٪ کۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانی پێك دەهێنا. لەپاش دانانی ئابلۆقەی ئابووری رووسیا زیاتر گرینگی بە پێوەندییەکانی دەرەوە دەدات، دەخوازێت پێوەندیی ستراتیجی لەگەڵ ولاتانی ئاسیایی پێك بهێنێت وەکو دیارە زیاتر وەخۆکەوتووە. بەلام زۆر جار ئەو رەخنەیە لە رووسیا دەگیرێت، کە لە پێوەندییەکانیدا تەنیا لایەنی سوپایی - سیاسی و وزە لەبەرچاو دەگرێت و تواناکانی دیکەی لاوازن، بۆیە ئاڵوگۆڕی بازرگانی ناهاوسەنگە.

هەر لەو راگەیاندراوەی وەزارەتی دەرەوەدا هاتووە، کە رووسیا بە نیازە پێوەندییەکانی بە رێگەی رێکخراوەکانی وەکو (شەنگهای)، ولاتانی ئاسیای ئۆقیانووسی ئارام

( Asia-Pacific (ATP) )

رێکخراوی هاوکاری ئابووری ولاتانی ئۆقیانووسی ئارام( APEC )، رێکخراوی کومەڵەی ولاتانی باشووری ئاسیای رۆژهەلات( ASEAN )، پەرەپێبدا بەلای رووسیاوە لە هەموان گرینگتر رێکخراوی هاوکاری شەنگهای و فۆرمی ولاتانی ئاسیای رۆژهەلاتین، کە تا ئێستە ٩ فۆرمی ولاتانی ئەندام بەرێوە چوون، رووسیاش تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٥ بەشداری لەو فۆرمەدا کردووە.

رووسیا لەو هەلومەرجەدا، کە ئابلۆقەی ئابووری بەسەریدا سەپێنراو پێویستی بە برادەر و هاوپەیمانی نوێ هەیە، لەهەمانکاتدا بەچاوێکی گومانەوە چاو لە پەرەسەندنەکانی چین دەکات. سالانە پارەیەکی زۆری رووسیایی بۆ دەرەوەی ولات دەگوازرێتەوە و زۆرینەی هەرە زۆری بەرەو سویسرا نەك بەرەو چین دەچێت، هەروەها دەسەلاتدارانی چینیش ئەمریکا وەکو دوژمن نابینن و زۆرینەیان لەبەر بارودۆخی خراپی ژینگە و مەترسییە سیاسییەکان هەوڵ دەدەن، کە پاسپۆرتی ئەمریکایی بو

خانەوادەکانیان دەستەبەر بکەن و سەرمایەکەشیان زیاتر لە ڕۆژئاوا سەرمایەگوزاری پێدەکرێت، ڕێگەی پەرەسەندنی هەرێمی هەرە نێزیك لە بەردەست چیندا کراوەیە، بەڵام گەشانەوەی ئەو هەرێمانەش کارێکی ئاسان نییە.

لە نەخشەی خوارەوەدا وڵاتانی ئۆقیانووسی ئارام و ئاسیا دەستنیشانکراون، کە هەندێ جار هیندستان و ئەندونیزیاش دەکەونە ناو ئەو بازنەیەدا



**چین ستراتیجییەتی خۆی لە ٤ بواردا بەهێز دەکات: لەشکری دەریایی، ئاسمانی، ئینتەرنێت ( Cyberspace )و ئەتۆمی:**

بەپێی سەرچاوەی رۆژنامەی (ژینمین ژیبائو لە ٢٧-٥-٢٠١٥ دا) هاتووە، کە لە مانگی ٥ی ٢٠١٥ دا پرۆژەی ستراتیجییەتی ولاتی چین لە پەڕتووکێکدا بە ناوی پەڕتووکی سپی لە چاپ دراوە، کە تێیدا باسی چوار هێڵی ستراتیجی سەرەکیی بۆ چین دەکات، کە پێویستە ئەو ولاتە لەو چوار بوارەدا خۆی بەهێز بکات بەلای چینەوە گرینگە، کە لە ڕووی دەریاییەوە هێزێکی بە توانای هەبێت، هەروەها لە ڕووی ئینتەرنێتشەوە ئەو ولاتە زۆر جار ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی هاککەران بووەتەوە، بۆیە پێویستە، کە هەموو تواناکانی لەو رووەوە بخاتە گەڕ، هەروەها پێویستە گرینگییەکی تایبەت بداتە وزەی ئەتۆمی بۆ خوپاراستن لە ڕووی ئاسمانییەوە گرینگی ئەو کەرتەش رۆژ بە رۆژ پتر دەبێت.

**ئایا هاوپەیمانی (یەك کەمەربەند و یەك ڕێگە)ی چینی و ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای لە بەرژەوەندی رووسیادایە؟**

**ئەو هاوپەیمانییە لە ٦٠٪ دانیشتوانی ولاتانی جیهان و لە ٢٩٪ کۆی بەرهەمی ناوەخۆی( GDP )جیهان پێك دێتن، کە ئەوروپا و ئاسیا، ئۆقیانووسی ئارام و هیندستان و ئەتلانتیك پێکەوە دەبەستێتەوە هێڵی ئاسنی باشووری ڕۆژهەلاتی چین بە ولاتانی کازاخستان، رووسیا، بیلارووسیا و پۆلۆنیا دەبەستێتەوە. بە هۆی ئەو پرۆژەیەوە رووسیاش دەستی دەگاتە بازاڕەکانی کامبۆچیا، بۆرما، تایلاند و مالیزیا، بەلام رووسیا دوودڵە، کە کاریگەری خودی رووسیا بەسەر یەکێتیی ولاتانی سەربەخۆ( CIS )و ئەوروئاسیا کەم دەبێتەوە، بۆ چینیش زۆر گرینگە، کە دەستی بگاتە بازاڕ و وزەی ولاتانی ئاسیای ناوەڕاست، چونکە لە دۆخی ئابلۆقەی ئابووری بەسەر وزەی چین لە دەریای باشووری چین ئەو ولاتە دەکەوێتە ناو تەنگانەدا، بۆیە بازاڕی ولاتانی ڕێکخراوی ئەوروئاسیا بۆ چین زۆر زیندەگییە، سەرچاوەیەکی ئەلتەرناتیڤی دیکەیشە.لە هەلومەرجی تێکچوونی پێوەندییەکانی رووسیاش لەگەڵ ڕۆژئاوا ئەو هاوپەیمانییە بۆ رووسیا گرینگە.**

ئاڵوگۆڕی بازرگانی چین لەگەڵ رووسیا لە ساڵی ٢٠١٢ (٨٨ ملیارد $) و لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا ٥٤٦ ملیارد $ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ٥٠٠ ملیارد $، ژاپۆن ٣٢٠ ملیارد $، ئەمڕۆ بەراوردی هاوسەنگی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان رووسیا و چین بە رادەی ٤,٥ جار زیاتر لە بەرژەوەندی چیندایە لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٠٦ دا ئەو بەراوردە بە شێوەیەکی یەکسان بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ دا جیاوازی هاوسەنگی بە رێژەی ١٢,٧ ملیارد $ گۆڕاوە. تەنگژەی ئابووری رووسیا لەوەدایە، کە هەناردەی جۆراوجۆری نییە لە ساڵی ٢٠١٤ دا لە ٧٠٪ ئەو هەناردەیە لە کەرەستەی خاو پێك دەهات، لە کاتێکدا لە ٦٢٪ هەناردەی چین لە ئامێر و دەزگە و بەرهەمە جۆراوجۆرەکان پێك دێن، لەو ئاڵوگۆڕانەدا لایەنی سەرەکیی بەشدار حکومەتی رووسیایە، کە ئەو کەرتە توانای کاریگەرانەی راپەڕاندنی پێوەندییەکانی نییە و زۆر جار بەرئەنجامی نەرێنی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. مەترسی ئەوەش هەیە، کە لە ساڵی ٢٠٣٠ چین پێویستی بەو کەرەستانە نەمێنێت، چونکە ئەلتەرناتیڤی وزە، هەروەها سەرچاوەکانی دابینکردنیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٥ دا چین پلانی هەیە، کە وێستگەیەکی کارەبایی بە وزەی خۆر بە هێزی ١٧,٨ ملیۆن کیلۆ وات دروست بکات. لەهەمانکاتدا دوور نییە، کە گەشەی ئابووری چینیش دابەزین بەخۆوە ببینێت و ئاستی خواستن لەسەر وزە کەمببێتەوە، چین لە ٦,٢٪ کۆی بەرهەمی ناوەخۆیی( GDP )هاوردەی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست پێك دەهێنێت، لە هەمبەردا رووسیا لە ٨,٥٪، بەڵام رووسیا لە ساڵی ٢٠٠٠ بە رێژەی لە ١٤,٥٪ی ئەو رێژەیەی دابین دەکرد، بۆیە ئەو بەراوردانە پەیتا پەیتا لە قازانجی چیندا دەگوڕدرێت.

تواناکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی چین لەگەڵ وڵاتانی( ASEAN )لە ئاستێکی زۆر بەرزدان، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا ئاڵوگۆڕی لە ئاستی ٢٤ ملیارد $ بوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٥ دا گەیشتە ٥٠٠ ملیارد $ هۆکاری سەرەکیی ئەو گەشەکردنە لەناکاوەیە بۆ کردنەوەی بازاڕەکان و دامەزراندنی بازاڕی ئازاد دەگەڕێتەوە ئایا رووسیا دەتوانێت، کە رێکارێکی هاوشێوە بگرێتە بەر و هاوسەنگییەکان لە قازانجی چ لایەنێك

دا دەبن. لە ڕووی هاوسەنگی ئاڵوگۆڕی بازرگانی چین لەگەڵ وڵاتانی ڕێکخراوی( ASEAN )دا تەنیا لەگەڵ وڵاتی ڤێتنامدا گۆڕانکارییەکان لە قازانجی ڤێتنامدا بووە.

لە ڕۆژی ٢٩-٥-٢٠١٥ دا لە سیان فۆرمی نێودەوڵەتی گومرك کۆتایی پێهات و بە شێوەیەکی سەرەکیی باسی پرۆژەی (یەك ڕێگە و یەك کەمەربەند) کرا. هەردوو وڵاتی کازاخستان و چین بڕیاریانداوە، کە بە درێژایی هێڵی ئاسن لە شارە گەورەکاندا ناوچەی ئازادی بازرگانی بکەنەوە، ئەو پرۆژەیە هانی زیاتری بیزنس و ئاڵوگۆڕی زیاتری بازرگانی و کشتوکاڵ دەدات. ئاستی هاتوچۆی ترانسپۆرت زیاد دەبێت، هەروەها ڕێگەیەکی ئۆتۆمۆبیلیش لەو ساڵەدا چێ دەکرێت، کە کازاخستان بە ئەورووپای ڕۆژئاوای دەبەستێتەوە.

دیارە لە ڕووی هاوسەنگی ئابوورییەوە هاوپەیمانی (یەك ڕێگە و یەك کەمەربەند) بە شێوەیەکی بەرچاو لە قازانجی چیندا دەبێت، بەڵام کاریگەری بەسەر تێکڕای گەشەکردنی هەرێمیشی هەردەبێت، لە ڕووی سیاسی و هاوپەیمانی و تواناکانی ڕووبەڕووبوونەوەی رووسیا لە هەمبەر فشاری ڕۆژئاوایشدا لە قازانجی رووسیادا کۆتاییان پێدێت و فشارەکانی سەر رووسیاش کەم دەبنەوە. زۆر پسپۆر لەو بڕوایەدانە، کە پێویستە رووسیا واز لە بیروڕای زلهێزی جیهان بهێنێت، چونکە ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو خواستە پێویستی بە دەرامەتێکی زۆر گەورەی وەبەرهێنان و سوپایی هەیە.

دەسەڵاتدارانی چین لە رۆژنامەی ژێنمین ژیبائۆ لە رۆژی ٢٢-٦-٢٠١٥ دا رایانگەیاندووە: رووسیا پێشوازی لە پرۆژەی نوێی چین بەناوی (ڕێگەی ئاوریشمی نوێ) دەکات و بە هەنگاوێکی باش لە پێناو دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی سەقامگیری تەناهی، ئابووری و سیاسی و کولتووری دەزانێت. کازاخستان ئامادەیە، کە ٢٠ ملیارد $ بۆ مەبەستی دروستکردنی ڕێگەی ئاسنی شەمەندەفەری تەرخان بکات، هەر لە ئێستەوە هاوسێکانی چین هەوڵ دەدەن، کە ئەو ڕێگەیە بە وڵاتەکانیاندا تێپەڕێت و رووسیا پێشنیاز دەکات، کە بە ڕێگەی سیبیریادا واتە بەسەرووی کازاخستان دا ئەو ڕێگەیە چێ بکرێت، هەروەها وڵاتانی وەکو کرکیزستان، کازاخستان و بیلارووسیاش هەوڵ دەدەن، کە لەو پرۆژەیە بێبەش نەبن.

**هەناردەی کاڵاکانی چین تایبەت بە تەکنۆلۆژیای بەرزەوە، بە زیانی رووسیا تەواو دەبن:**

هەر لە چوارچێوەی ئاڵوگۆڕییە بازرگانییەکانی نێوان رووسیا و چیندا مەترسییەکی دیکەی نەرێیانە لەو ئاڵوگۆڕیانەدا، کە بە زیانی رووسیا دەزانـدرێت بـە دی دەکرێت، ئـەویش گـۆڕینی ستراکچـەری ئـابووری چـین لـە پێگـەی بەرهـەمهێنانی کاڵاکـانی بەکاربەری ئاسایی و گشتی بۆ بەرهەمهێنەری کاڵاکانی بەرزی تەکنۆلۆژیاییە، کـە لـە ئەنجامـدا ئاسـتی داخـوازی بەسـەر بەرهەمـە سروشـتییەکانی رووسـیایی وەکـو وزە و بەرهەمـە خاوەکـانی دیکـەدا کـەم دەبێتـەوە، هـەر لـە ئێسـتەدا لـەو ئاکامـە ئاسـتی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەوەی بەخۆوە بینیووە. هەناردەی چین بـۆ دەرەوە بـە رێـژەی نێزیکـەی لـە ٧٪ بـۆ کـەمتر لـە ٢ ترلیـون $ کەمبووەتـەوە. هەناردەی چین بۆ رووسیا لە سەرەتایی ساڵی ٢٠١٥ تـا مـانگی شـەش بـە رێـژەی ٣٠ ملیارد دۆلار بـووە، بـە رادەی لـە ٣٦٪ واتـە بـە رێـژەی ١٤,٦ ملیـارد $ بەبـەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوودا کەمیکردووە، هەروەها هەناردەی رووسیا بۆ چین بە ئەندازەی لە ٢٤٪ واتە بە ئەندازەی ١٦,٥ ملیارد $ کـەمیکردووە. جێگـری سـەرۆك وەزیـران بـۆ کاروباری وزە (ئەرکادی دڤەرکۆڤیچ) دەڵێت: کۆمپانیاکانی نەوت و گازمـان دەتـوانن، کە هەناردەیان بۆ وڵاتانی ئۆقیانووسی ئارام دوو بەرابەر بکەن، سەرەڕای ئەو توانایانە رووسیا لە نێوان مانگی (١ — ٥)ی ئەو ساڵەدا بە رێژەی (١٠,٦٩٠) بـەرمیل نـەوتی لە رۆژێکدا هەناردە کردووە و لە جیهان دا یەکەم بووە.

رۆژنامەی ژیمین ژیبـائۆ دەڵێـت: لـە چوارچـێوەی ئـەو هاوپەیمانیانـەدا چین بـە بـێ راوەستان هەر لە ئێستەوە بڕیاری داوە، کە کۆگەیەکی زەبەلاحی کاڵای ئۆنلاینی چینی لە رووسیا چێ بکات، لەمەودوا ئەو کەلوپەلە ئەلکترۆنییانەی، کە بە ڕێگـەی ئـۆنلاین لە چین دەکڕدران و ماوەی گەیشتنیان لە ٢٠-٣٠ رۆژی پێدەچوو، ئێستە بە یارمـەتی ئەو کۆگەیە ماوەی گەیشتن بە ٢-٧ رۆژ کەمدەکرێتەوە.

## ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای( SCO ):

**ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای لە ڕووی تەناهییەوە تا رادەیەك دەستکەوتی هاوبەشی هەبووە، لە ڕووی سوپایشەوە لێکنیزیکبوونەوەیەك چێ کراوە، بەڵام وەکو ڕێکخراوێکی هەرێمی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵگە بە هاوشێوەی وەکو بلۆکەکانی جیهانی نەیتوانیووە ڕۆڵی خۆی ببینێت.**

ئەو ڕێکخراوە لە وڵاتانی رووسیا، چین، کازاخستان، کرکیزستان، ئۆزبەکستان، هیندستان و پاکستان پێکدێت وڵاتانی (ئێران، ئەفغانستان، بیلاروسیا و مەغۆلستان)یش وەکو ئەندامانی چاوەدێرن (ئازەربایجان، ئەرمەنستان، نیپاڵ، تورکیا، کامپۆچیا و سریلانکا) بە هاوکارانی دانوستاندن ئەژمار دەکرێن. چاوەڕێیەکی زۆر دەکرا، کە بە ئەندامبوونی هیندستان و پاکستان وەکو دوو وڵاتی زلهێز و خودان ئەتۆم هەڵوێستی نێودەوڵەتی و ئابووری ئەو ڕێکخراوە بەرز ببێتەوە. سێگوشەی رووسیا، هیندستان و چین زۆر گرینگە و هەر لە ساڵانی هەشتاکانەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەبووە. ئەرکی سەرەکیی ڕێکخراوەکەش:

- پەرەسەندنی پێوەندییەکانی ئابووری — بازرگانی و گواستنەوەیە.
- هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیە ئەرکی تەناهی یەکێك لە پرسە گرینگە هاوبەشەکانی نێوان لایەنەکان بووە، کێشەی ئەفغانستان یەکێکە لە مەترسییەکانی سەر وڵاتانی( SCO )بووە، بۆیە دەستپێشخەری چوونە دەرەوەی هێزە دەرەکییەکانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا یەکێك لە هەوڵە هاوبەشەکان بووە، لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی بۆشایی لەو وڵاتەدا چێ نەبێت، پێویستە کەکاری هاوبەش بۆ سەقامگیری ئەنجام بدرێت، هەڕەشەی دەوڵەتی ئیسلامیش یەکێکی دیکەیە لە مەترسییەکان.
- پێویستە بانکی پێشکەوتنی( SCO )و سندوقی هاوکاری دابمەزرێندرێن.

ئەرکێکی دیکەی سەرەکیی ئەو ڕێکخراوە لێکۆڵینەوەیە لەبارەی هاوکارییەکانیان لەگەڵ گرووپی بیست، ناتۆ، ( ( ASEAN،UN ) )و...هتد. ئێستە هەر سێ

ڕێکخراوی (ئەوروئاسیا، شەنگهای و ڕێگەی ئاوریشم، کە بەناوی (یەك ڕێگە و یەك کەمەربەند دەناسرێت) هەوڵدەدەن، کە ئامانجەکانیان لەگەڵ کاروباری یەکدیی ناکۆك نەبن، بەو واتایە، کە بیرۆکەی جۆراوجۆر لەبارەی پێشکەوتنەکاندا دەگەیێنین بەشێك لە پسپۆڕانی چین لەو بڕوایەدانە، کە ڕێکخراوی شەنگهای کارا نییە و زۆر لەسەرەخۆ کار دەکات، بۆیە چین ناچار بووە، کە وەکو دەستپێشخەرێك ڕێکخراوی یەك ڕێگە و یەك کەمەربەندیش دروست بکات دەتوانین باسی چەندین کێشەی دیکەیش بکەین:

- بەرژەوەندییەکانی رووسیا و چین هەمیشە لە ئاسیای ناوەڕاست یەکناگرنەوە.
- کێشە لەسەر سەرچاوەکانی ئاو هەیە. لە دوای ئەوەی، کە هێزی ئەمریکایی و هاوپەیمانان لە ئەفغانستان بچنە دەرەوە لەوانەیە، کە کێشەکان پتر تەشەنە بکەن، هەروەها هەڕەشەی تیرۆری دەوڵەتی ئیسلامیش لە پەرەسەندندایە و بووەتە جێگەی مەترسی لایەنەکان.

**ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای پێویستە، کە ئە مەرجە گرینگانەش بەهەند وەربگرێت:**

١- تا ئێستە پرسی بانکی پێشکەوتنی ئەو ڕێکخراوەیە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە.

٢- مەترسی گرووپەکانی توندڕۆی ئیسلامی لە ئەفغانستان و ئەگەری پەرەسەندنی داعش لەسەر زەوی ئەو وڵاتانەدا.

٣- هێنانەکایەوەی پێوەندییەکی هەمەلایەنە لە جێگەی پێوەندیی سنووورداری دوولایەنە. هەروەها پێویستە، کە ئەو ڕێکخراوەیە خۆی لە ڕێکخراوەکانی دیکەی ئەوروئاسیا و کەمەربەندی ئابووری ڕێگەی ئاوریشمی زۆر نێزیك بکاتەوە، کار لە پێناو پەرەسەندنی ئینفراسترۆکتۆرێکی هاوبەشدا بکرێت، یاساکانی کۆچکردن لەیەکدیی نێزیك بکرێنەوە و یاسای هاوبەشی کاری جێگیر بکرێت، بانکێکی هاوبەش دابمەزرێندرێت، لە هەمانکاتدا بانکی ئەوروئاسیا پەرەپێبدرێت، سیستەمێکی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی چێ بکرێت، رووسیا داوا دەکات، کە هەڵوێستێکی هاوبەش لەگەڵ ڕۆژئاوادا پێڕەو بکرێت.

لە ڕووی ئابوورییەوە ئەو ڕێکخراوە دەتوانێت، کە ئاسانکاریی جۆراوجۆری ئابووری هەبێت، دەتوانێت لە ڕووی تەناهیی هەرێمییەوە ڕۆڵی خۆی ببینێت، بەڵام دووبەرەکی

نێوان رووسیا – چین، ئێستەش، کە هیندستانیشی هاتووەتەسەر کارامەیی ئەو ڕێکخراوەیە کەمدەکاتەوە، پێویستە ئەو ڕێکخراوەیە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی رووسیا و چیندا سەرووتر هەنگاو بنێت، هەر ئەو هۆکارەش یەکێك لە بەربەستە سەرەکییەکانی ناکارایی بووە، دیارە هەر لەبەرئەوەشە، کە چین ڕێکخراوی (یەك ڕێگە و یەك کەمەربەندی) دروست کردووە، ٨ – ٩ ساڵ بەر لەو ڕێکخراوە وەکو ئامرازی دەستەبەرکردنی تەناهی دەستی بەکار کرد، ئێستەش بەسەر هەموو شتێکەوە گرینگی بە دیداری دوو لایەنەی رووسیا و چین دەدرێت، لە ئەنجامی ئەو دیدارانەش لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە بۆ پرسە گرینگەکان دەکرێت، بەرژەوەندی هەموو لایەنەکان لەبەر چاو ناگیرێت. بەهێزکەوتنی کێبەرکێی نوێی نێوان چین و هیندستان لە چوارچێوەی هەرێمی دەسەڵاتی ئەو ڕێکخراوەدا وا لە رووسیا دەکات، کە ڕۆڵی بەپێی کات کەمبکرێتەوە. ڕێکخراوی شەنگهای لەبەر چالاکبوونی ئەمریکا لە ئەفغانستان توانای چارەسەری ئەو کێشەیەی نییە، بەڵام دەتوانێت ڕۆڵی ئاشتیخوازانە لە نێوان هیندستان و پاکستاندا ببینێت. لەلایەکی دیکەیشەوە بەرژەوەندییەکانی چین و هیندستان لەگەڵ ڕۆژئاوادا بە شێوەی جۆراوجۆری نێزیك و پێکەوەبەستراوەن و نایانەوێت، کە رووسیا مەیدانی ئەو ڕێکخراوانە بۆ دژایەتی ڕۆژئاوا بەکار بهێنێت. چوارچێوەی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سنووردارن، هەرچەندە لە ڕووی داراییشەوە چەندین سەرچاوەی دارایی دروستکراون، بۆیە پێناچێت، کە ڕۆژئاوا لەو ڕێکخراوەیە بترسێت.

ئایا ڕێکخراوی( BRICS )دەتوانێ رابەرایەتیی جیهان بکات:

لە رۆژانی ٨-١٠ مانگی (٧)ی ٢٠١٥ لە ئوفا پایتەختی باشکورتستان کۆبوونەوەی هاوبەشی لووتکەی سەرانی ڕێکخراوی بریکس ئەنجامدرا، کە لە ساڵی ٢٠٠١ دامەزراوە لە وڵاتانی (بەرازیل، رووسیا، هیندستان، چین و ئەفریقای باشوور) پێکدێت، دانیشتوانی( BRICS )نێزیکەی ٣ ملیارد کەس، لە ٢٦٪ پێوەری جیهان، ١٥,٤٣٥ ترلیارد $ لە کۆی بەرهەمی ناوەخۆی GDP جیهانی واتە ١٤,٦٪ پێکدێنێت.

بریکس یەکێتییەکی نارەسمی نێوان وڵاتانی بەرازیل، رووسیا، هیندستان، چین و ئەفریقای باشوورە، کە لە ٤٢٪ دانیشتوانی جیهانی پێك دێنێت. رووسیا لە ساڵی

٢٠١٥ و بە تایبەتی کاتێك، کە ڕووبەڕووی قەیران بووەتـەوە زۆر باسـی ئەلتـەرناتیڤی باشی پێوەندییەکان و پێویستی بە هەوڵی هاوبەش لە پێنـاو گـۆڕینی ڕێکخسـتنەکانی ئابووری جیهانی دەکات و رووسیا بەو ڕێگەیەوە دەیەوێت، کـە سیسـتەمی دراویـی - دارایی و پێوەندییەکانی دیکەی ئابووری بگۆڕێت، لـەو بڕوایەشـدایە، کـە سیسـتەمی هەنوکەیی لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە بەسەر جیهان داسەپێنراوە، لەسەرەتادا پێویستە، کە دراوێکی وەکو ئەلتەرناتیڤی دراوی پتەوی دۆلار و یورۆ بە هاوبەش لـە نێـوان ئـەو وڵاتانـەدا چـێ بکرێـت و سیسـتەمێکی نـوێی بـانکی و بیمـەیی بهێندرێتـە کایـەوە و پێوەندییەکانی ئابووری و ئاڵوگۆڕییەکانی بازرگانیش بۆ ئاستێکی بەرزتر بگوازرێنەوە، لە هەمبەر ئەو داخوازیانەدا چەندین کێشەی زەق هەن، کە گرینگترینیان بریتین لە:

١- بڵاوبوونەوەی ئەو وڵاتانە لە نێوان چوار کیشوەردا.
٢- چین و هیندستان وەکو دوو زلهێزی ئـەتۆمی هـەوڵ دەدەن، کـە ببنـە پێشـڕەو لـە ڕووی تەکنیك و تەکنۆلۆژیا بە ڕێگـەی کـەناڵ و هاوکارییـە هاوبەشـەکان لەگـەڵ ئـەوروپا و ئـەمریکادا، رووسـیا بەبـەراورد لەگـەڵ ئـەو هەلۆێسـتەدا ڕووبـەڕووی ئابلۆقەی ئابووری لەلایەن ئەو وڵاتانەوە بووەتەوە.
٣- چـین و هیندسـتان دەیانـەوێت، کـە پێوەندییـەکانیان لەگـەڵ هـەموو جیهـان و بەتایبەتی ئەوروپا و ئەمریکا بەهێز بکەن، بە پێچـەوانەوە بـەرازیل و ئـەفریقای باشوور دەیانەوێت لەگەڵ ئەفریقا و ئەمریکادا و رووسیاش لەو نێوەدا ماوەتەوە.
٤- بەرژەوەندییە لۆکاڵییەکانی رووسیا، چین و هیندستان یەکدی ناگرنەوە.

میدیای رووسیایی باسی دراوێکی هاوبەشی بریکس و بانکێکی هاوبەش دەکەن، کە سەرمایەی ١٠٠ ملیارد $، کە ٤٠ ملیاردی چین و ٢٠ ملیـاردیش رووسـیا دابـین دەکات بەبەراورد لەگەڵ بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی ئەوروپا ئەو بڕە پارەیە زۆر کەمە. زیاتر لە ٧٥٪ دانیشتوانی جیهان لە ئەوروئاسـیادا دەژیـن، لە ٧٠٪ی یەدەکی وزەی جیهانیشی تێدایە. بەپێی مەزەندەی بانکی جیهانی لە سـاڵی ٢٠٢٥ دا کۆی بەرهەمی ناوەخۆی( GDP )ی جیهان بەو شـێوەیە دەبێـت (١- چین، ٢- ئەمریکا، ٣- ژاپۆن، ٤- هیندستان، ٥- ئەندونیسیا) بەپێی مەزەندەی سـندوقی نێودەوڵەتی دراو لە ساڵی ٢٠١٤ کـۆی بەرهـەمی نـاوەخۆی( GDP )ی جیهـان ١٠٠

ترلیارد $ بووە، کە (١٨) ترلیۆن $ بە بەر ئەمریکا، (١٧) ترلیۆن چین، بەرازیل ١,٢ ترلیۆن، ٦ ترلیۆن $ ئەڵمانیا و ٢ بۆ ٢,٥ بە بەر هەریەك لە وڵاتانی فەرەنسا، رووسیا، ئینگلستان و ئیتالیا کەوتووە.

رووسیا چاوەڕێی دەکرد، کە وڵاتانی بریکس لە لووتکەی ئوفادا هەڵوێستی هاودەردی لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوادا دەربڕن، بەڵام دیاربوو، کە ئەو وڵاتانە ئامادە نین، کە بە شێوەیەکی رادیکاڵی ڕووبەڕووی ڕۆژئاوا ببنەوە، بۆیە رووسیا خۆی بە تەنیا دەبینێت هەرچەندە راگەیاندنێکی هاوبەش لەبارەی ڕووداوەکان دەرکرا. بەهەر شێوەیەك بوو بۆ رووسیاش لە ڕووی دیپلۆماتییەوە سەرکەوتن بووە، کە توانی سەرۆکی وڵاتانی هەرەگەورە کۆبکاتەوە.

بانکی (ئاسیایی سەرمایەگوزاری ئینفراستراکتۆری) هێزی دارایی و توانایی یەن بەرەو ئاسۆیەکی بەرزی نێودەوڵەتی دەبات.

چین زۆر بە بایەخەوە دەڕوانێتە کاروباری بانکی سەرمایەگوزاری ئینفراستراکتۆری ئاسیا

( Asian Infrastructure Investment Bank (AIIB) )

وەکو رکابەرێك لە بەرامبەر سندوقی دراوی جیهانی و بانکی جیهانی و بانکی پێشکەوتنی ئاسیایی دەبینیت و لەو بڕوایەدایە، کە ئەو بانکانە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و ژاپۆن کاردەکەن، لە کاتێکدا، کە هەرێمەکەمان لە ساڵانی ٢٠١٠ بۆ ٢٠٢٠ پێویستی بە ٨ ترلیۆن سەرمایەگوزاری لە بوارەکانی ئینفراستراکتۆری هەیە بۆ ئەوەی، کە ئابوورییەکی بەکار وەگەڕ بخرێت، چین خوازیارە ئەو بانکە نوێیە بتوانێت، کە دارایی پێویست بۆ پرۆژەکان دابین بکات. لە ساڵی ٢٠١٤دا چین پارەی دەستپێکی ئەو بانکەی لە ٥٠ ملیارد $ بۆ ١٠٠ ملیارد زیاد کردووە. چەندین جار کۆبوونەوەی جۆراوجۆر لەسەر بەئەندامبوونی وڵاتانی دیکە بەڕێوە چووە و بڕیارە، کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ کارەکانی بە کۆتایی بەگەیێندرێن. هەر لە سەرەتادا وڵاتانی گەورەی جیهانی وەکو ئیتالیا، بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیاش بەشداریان لەو پرۆژەیەدا کرد، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەرەتادا هەڵوێستی دژی دروستکردنی ئەو بانکە بوو، بەڵام ئێستە هەڵوێستی

نـەرمتر بـووە. لـە ٢٩ی ژانویـەی ٢٠١٥ دا نوێنـەری ٥٧ وڵات ڕێکەوتننامەیـەکیان لەبارەی خستنەکاری ئەو بانکـە واژۆ کـرد. لـە ئێسـتەدا کاریگـەری چین بەسـەر ئـەو بانکەدا بەرچاوە و زۆرینەی دەنگەکانیش بەر چین دەکـەون و بـە ڕێـژەی لـە ٢٦,٦٪، هیندسـتان ٧,٥٪ و رووسـیاش ٥,٩٢٪ دەنگـی هەیـە، ئێسـتە دراوی بەکارهێنـەر دۆلارە، بەڵام لە داهاتوودا چین دەیەوێت، کە لەپاڵ دراوەکانی دیکـە پـارەی نەتـەوەیی خۆی یەن بەکار بهێنێت، کـە ئـەوەش واتـای بـە جیهـانیبوون و ئینتەرناسیۆنالیستی بـوونی دراوی چـینی دەگـەێنێت. جـاران بـە پـارەی چین و وڵاتـانی دیکـەی باشـووری ڕۆژهـەڵاتی ئاسـیا بـە ڕێگـەی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکادا پـرۆژەی ئینفراسترۆکتۆری بۆ ئاسیا جێبەجێ دەکران، بەڵام ئێستە چین دەیەوێت، کە راسـتەوخۆ ئەو کـارە بکـات، لەهەمانکاتـدا ببێتـە گـەورەترین ئەکتـەری مـاڵی جیهـانیش. چین دەیەوێت بە بەشداری لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی ئینفراسترۆکتۆری وەکو ڕێگەوبان، راکێشـانی هێڵـەکانی تەلـەفۆن، چـێکردنی بەنـدەر و هێڵـی ئاسـن، فڕۆکەخانـە و ناوەندەکانی وزە ببێتە بەشێك لە لایەنەکانی ناو بازاڕی وڵاتانی جیهانـدا. لـەو رووەوە پسپۆری کۆمپانیای Universal Gold ( سیائۆ لیی) لە رۆژنامەی ژێـنمین ژیبـائۆدا دەڵێت: چین خودان ٤ ترلیارد $ یەدەکە، کە زۆرینەی بـە شـێوەی کاغـەزی بـەهاداری ئەمریکایی سەرمایەگوزاری کراوە، ئێستە چین پشکی سەرەکیی لەو بانکەدا هەیە، بە ڕێگەی بەشداری وڵاتـانی هەرەگـەورەی جیهـان و سـەرمایەکی زۆرەوە دەتوانێـت، کـە بەشداری لە ئاوەدانی ئینفراسترۆکتۆری جیهانـدا بکـات، بـەو ڕێگەیـەوەش دراوی یـەن دەبێتـە دراوێکـی جیهـانی پایـەدار، هـەروەها رادەی هـەناردەی چین و بەشـداری لـە بازاڕەکانی دارایی و دراوی جیهانیش بەرز دەبێتەوە.

( http://russian.people.com.cn/n/2015/0324/c95181-8867812.html )

# دراوی یەنی چینی دەیەوێت ململانێ لەگەڵ دۆلاردا بکات

جگە لە پسپۆرانی چینی زۆر لێتۆژانی دیکەی وڵاتانی ئەوروپاییش دەڵێن: کە بە ئەندامبوونی وڵاتانی ئەوروپایی لە بانکی ئینفراستروکتۆری سەرمایەگوزاریدا بنەمایەکانی دارایی - ئابووری ئەو وڵاتانە بەهێز دەکەن، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەو بەشدارە هاوبەشە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دراوی یەنی چینی، وەکو دیارە ئەمریکا پێی ناخۆشە، کە وڵاتانی ئەوروپایی لەو بانکەدا دەبنە ئەندام، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پاڵپێوەنەرێك بوو، کە چین ئەو هەنگاوە بگرێتە بەر، دەنگەکانی چین لە بانکی جیهانی دراو کەمکراونەتەوە، ئەوەش وەکو هاندەرێك بوو، لە لایەکی دیکەوە چینیش بە سیاسەتی دووبەرەکی نانەوە لە نێوان ئەوروپا و ئەمریکا دەیەوێت، کە پێوەری دەسەڵاتی دارایی و دراوی خۆی لە ئاسیادا فرەوان بکات. وڵاتانی ئاسیایی ناوەڕاستی وەکو کازاخستان و کرکیزستان و تاجیکستانیش بوونەتە ئەندام و بڕیارە، کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ ئەو بانکە دەست بەکار ببێت.

( http://www.ng.ru/world/2015-03-20/1_yuan.html )

بەشێکی زۆری پسپۆرانی چینی لەو بڕوایەدان، کە تا ئێستە سیاسەتی سەرمایەگوزاری چین لە ڕووی داراییەوە هەر بە پارێزکارانە مابووە، بۆیە پێویستە کە چەندین هەنگاوی دیکەی خێرا بنێت:

١- پێویستە بارودۆخی لەباری زیاتری سەرمایەگوزاری فەراهەم بکرێت.

٢- ڕێگە بە سەرمایەی دارایی بیانی بدرێت، کە سەرمایەگوزاری لەناو چین دا بکەن، چینییەکانیش بەهەمان شێوە لە دەرەوەدا.

٣- پێویستە یاساکان لەبارەی دەستەبەرکردنی دراوی پتەودا بگۆڕدرێن. (تا ئێستە ناکۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەندێ وڵاتی دیکەی پێشکەوتووی جیهان لەگەڵ چین لەسەر ئەوەیە، کە چین چیدیی پشتیوانی لە نزمبوونی نرخی یەن نەکات و نرخی گۆڕینەوەی لە هەمبەر دراوەکانی دیکە بە ئازادی بهێڵێتەوە، لەو هاوسەنگییە بەهێزەی بازرگانی و گەشەی بەرزی ئابووریدا دراوی چینی

بەنرخ  دەکەوێت و نرخی بەرز دەبێتەوە، ئیتر ئەو وڵاتەش چیدیی وەکو جاران ناتوانێت، کە بەو قەبارە گەورەیە کاڵا هەناردەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات، چونکە بۆ ئەمریکا بووەتە جێگەی نیگەرانی، هەرچەندە تا ئێستەش سیاسەتی ئەمریکا بە رەهەندی شێوەی دابینکردنی کاڵای هەرە هەرزانە، کە ئەوەش سیاسەتی دوو ستانداری دەگەیێنێت، کە لەلایەکەوە دەیەوێت، کە کاڵای هەرزان هاوردە بکات، لە لایەکی دیکەیشەوە زیادی هەناردەی چین و هەرزانی شتومەکی وەکو مەترسییەك و ڕکابەرێك لە هەمبەر کاڵاکانیدا دەبینێت ). سەرەڕای ئەو کەموکووڕییانە لەو ١٠ ساڵەی دوایەدا قەبارەی سەرمایەگوزاری لە چین بە رێژەی ٣٤ جار زیاد بووە  و رێژەی قازانجی کۆمپانیاکانی حکومەتی چین لەو دوو مانگەی رابردوودا بە ئەندازەی لە ٢٠٪ کەمبووەتەوە.

# یەكێتییەكی پڕ لە كێشە

**یەكێتیی ئابووری ئەوروئاسیا:**

**( The Eurasian Economic Union (EAEU or EEU) ):**

كە رووسیا وەكو ئەلتەرناتیڤێكی گرینگ لەبارەی خاوكردنەوەی ئابلۆقەكانی ئابووری لەلایەن ڕۆژئاوا، هەروەها ڕێگەچارەیەكە، كە رووسیا بتوانێت ڕووبەڕووی مەترسییەكانی چین و ولاتانی دیكەی ئاسیایی باشووری ڕۆژهەلات ببێتەوە، ئەو یەكێتییەش كێشەی زۆرە و لێرەدا دەتوانین باسی گرینگترینیان بكەین:

- ئەرمینیا وەكو ولاتی نادامەزرێنەر لە دواین كۆبوونەوەی سەرانی ئەو یەكێتییە لە ئاستانا ئامادە نەبوو، كركیزستانیش تەنیا بڕیاری لەسەر وەرگرتنی وەكو ئەندام دراوە، تاجیكستانیش نەبووەتە ئەندامی تەواو.
- بیلارووسیا داوادەكات، كە قەبارەی ئالوگۆڕی بازرگانی بەرزببێتەوە، نەوتیش بە نرخێكی هەرزانتر پێی بفرۆشرێت، ئەگینا هیچ پێویستییەك نییە، كە لەو رێكخراوەدا بمێنێتەوە. لە ئەنجامی ئابلۆقەی ئابووریدا بیلارووسیا گەورەترین گورزی پێكەوتووە، پتەوی بەهای دراوی لە هەمبەری دراوەكانی دیكەی جیهان بە شێوەیەكی بەرچاو كەمبوونەوەی بەخۆوە بینیووە، گەشەی ئابووری دابەزیووە، هەر لەو چوارچێوەیەدا چەندان جۆر كێشەی هەلاٸیسانی‌نرخ، بێكاری، كەمبوونەوەی ئاستی سەرمایەگوزاری و...هتد ڕووبەڕووبووەتەوە، سەرەڕای ئەو پرسانە چەندین جار رووسیاش بە بیانووی دووبارە فرۆشتنەوەی كالاكانی یەكێتیی ئەروپا بە رووسیا ڕێگەی هاتنە ناوەوەی كەلوپەلەكانی لە لایەن دەسەلاتدارانی گومركی رووسیاوە لێگیراوە، كە كاردانەوەی زۆر نەرێیانەی لە لایەن سەرۆك كۆماری بیلارووسیاوە لێكەوتنەوە و هەڕەشەی جیابوونەوەی دەكرد. بیلارووسیا لەبەر كێشەی ئازادی سیاسی و پێشێلكردنی مافی مرۆڤ لەلایەن ولاتانی ڕۆژئاوایشەوە كەوتووەتە ناو ئابلۆقەیەكی سنوورداری ئابووری - سیاسییەوە.

- وڵاتانی ئەرمەنستان، کرکیزستان و تاجیکستانیش چاویان لە جۆرەها یارمەتی سوپایی و دارایی  رووسیاییە.
- لەنێوا ئەو وڵاتانەدا بارودۆخی کازاخستان لە هەمبەر وڵاتانی دیکەی ئەندام باشترە، بەڵام کازاخستانیش بە ئابلۆقەی ئابووری بەسەر رووسیادا ناڕاحەتە و بەهاداشکانی دراوی رووسیایی (ڕۆبڵ) کاریگەری خراپی بەسەر ئابووری ئەو وڵاتەدا چێ کردووە، لەلایەکی دیکەیشەوە هەڕەشە لە رووسیا دەکات، کە دەتوانێت لە ڕووی دابینکردنی وزەدا ببێتە بەشێك لە یەکێتیی ئازەربایجان و تورکیا.

( http://www.ng.ru/editorial/2015-03-18/2_red.html )

**رووسیا و چین رکابەری لەسەر وڵاتانی ڤنێزوێلا، نیکاراگوا و کوبا دەکەن:**

- هەردوو وڵات هەوڵدەدەن، کە چەك بە ڤنێزوێلا بفرۆشن و باڵادەستی چین لەوەدایە، کە بە توانایەکی زیاتری دارایی و قەرزی دێتە پێشەوە، رووسیاش کەڵك لە رابردووی خۆی و ناوی یەکێتیی سۆڤیەت و تەکنۆلۆژیای ئەو سەردەمانەوە وەردەگرێت. بڕیارە کە رووسیا کارگەیەکی بەرهەمی کلاشینکۆف و ناوەندێکی چاککردنەوەی هەلیکۆپتەر دروست بکات، بەڵام چین تا ئێستە بایی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار چەکی وەکو تانك و زرێپۆشی فرۆشتووەتە ڤنێزوێلا.
- هەموو قەبارەی کۆی بەرهەمی ناوەخۆی( GDP )نیکاراگوا بایی ١١ ملیارد دۆلارە ویستویەتی، کە ٨ فڕۆکەی میگی ٢٩ بایی ٣٠ ملیۆن دۆلار لە رووسیا بکڕێت، بەڵام جارێ بە بێ بڕیار ماوەتەوە.
- سەبارەت بە کوباوە چین لە پێشەوەیە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی ساڵانە بە رێژەی ١,٨ ملیارد دۆلارە، لە کاتێکدا لەگەڵ رووسیا بایی ١٨٥,١ ملیۆن دۆلارە.
- چین لە چۆنییەتی پەرەسەندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە بە هەستیاری لەگەڵ ئەمریکا سەوداکاریی دەکات، بەڵام رووسیا بێ منەترە و سەربەخۆتر دێتە پێشەوە.

له نەخشەی خوارەوەدا دەبینرێت، کە نیکاراگوا دەیەوێت ئەلتەرناتیڤی کەناڵی پەناما چێ بکات، لە ساڵی ٢٠١٣ دا حکومەتی نیکاراگوا ئەو پرۆژەیەی بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ داوەتە دەست کۆمپانیای هۆنگ کۆنگی

Nicaragua Canal Development Investment Co Ltd )،( HK

کە بایی ٥٠ ملیارد دۆلارە، لەو روەوە نیکاراگوا پێویستی بە پاراستنیشی هەیە لەبەرئەوەی، کە سوپایەکی ئەوتۆی نییە، بۆیە هەوڵ دەدات، کە لەو رووەوە خۆی بەهێز بکات، رووسیا ئامادەی بۆ ئەو مەبەستە دەربڕیووە.

سەرچاوەکان:


http://russiancouncil.ru/inner/?id_4=5451#top

https://ru.wikipedia.org/wiki/Никарагуанский_канал




## هیندستان دەیەوێت لە ئاسیای ناوەڕاستدا ببێتە ئەلتەرناتیڤی رووسیا و چین

لە پێش دەستپێکردنی لووتکەی ئوفای مانگی (٧)ی ٢٠١٥دا سەرۆك وەزیرانی هیندستان سەردانی وڵاتانی کازاخستان، ئوزبەکستانی کرد، پاشان بەشداری لە فورمی ئوفا لە رووسیادا کرد، لە دوای ئەوەش سەردانی وڵاتانی کرکیزستان، تورکمەنستان و تاجیکستانیشی کرد. بڕیارە کە هیندستان تا ساڵی ٢٠١٨، ٥٠٠ ملیۆن تۆن یۆرانیۆم لە ئۆزبەکستان و ٥ هەزار تۆنیش لە کازاخستان بکڕێت، دەخوازێت کە هیندستان بە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بەناوی ڕێگەی باکور- باشوور ببەستێتەوە. بەشێك لە پسپۆران لەو بڕوایەدانە، کە بەهاتنی چالاکانەی هیندستان بۆ ناو ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای و بەشداری چالاکانە لەناو بریکسدا، ئەمریکا بەو ڕێگەیەوە دەیەوێت جێ پێی چین بەناوی پرۆژەی (یەك ڕێگە و یەك کەمەربەند) سنووردار بکات و هاوسەنگی بخاتە ناو ئەو وڵاتانە و پێشگیری لە باڵادەستی و زلهێزی چین بگرێت. لەو هەلومەرجەدا دەبێ رووسیا پێداگری لە پێوەندییەکانی لەگەڵ چین یاخۆ هیندستان بکات؟ وەکو

دیـاره، کـه رووسـیا ئێسـتە لـە ڕووی توانـای سـەرمایەگوزارییەوە لاوازە و بـەدوور دەبیندرێت، کە هیندستانیش ئەو سەرمایە گەورە و زەبەلاحەی چینی هەبێت و توانای جێگرتنـەوەی وڵاتـی چـینی هـەبێت. سـەرۆك وەزیرانـی هیندسـتان مـودی لـە کـاتی سەردانی بۆ تاجیکستان باسی بە کرێ وەرگرتنـی بنکـەی سـوپایی (ئـاینی)، کـە ٢٠ کیلۆمەتر لە پایتەختی تاجیکستانەوە دوورە کردووە بەو شێوەیە هیندستان دەیـەوێت، کـە بەسـەر پاکسـتان و ئەفغانسـتاندا باڵادەسـتی سـوپایی هـەبێت، بـەڵام لـەو ڕووەوە پێویستی بە ڕەزامەندی رووسیا و چینیشەوە هەیە، وەکو دیارە چین بە دژی ئەو بڕیارە دەوەستێت، لەوانەیە کە رووسیا پێی خۆش بێت، کە بە هاتنی هیندستان باڵادەستی و کاریگەری چین کەمببێتەوە و هاوسەنگی بکەوێتە نێوان هیندستان و چین، لـە لایـەکی دیکەیشـەوە بـەهاتنی هیندسـتان کاریگـەری رووسـیا لـە ئاسـیای ناوەڕاسـتدا کەمدەبێتەوە.

دەتوانین باسی چەندین دەستکەوتی دیکەی سەرۆك وەزیرانـی هیندسـتان (مـودی) لە ناوەڕاستی سەردانی پێنج وڵاتی ئاسیای ناوەڕاستدا بکەین ناوبراو لەگەڵ کرکیزستان هاوپەیمانییـەکی سـوپایی، ئـابووری، کولتـووری و وەرزشـی واژۆکـردووە. بـە ڕێگـەی تورکمەنستانەوە دەیەوێت، کە نـەوت هـاوردەی هیندسـتان بکـات و تورکمەنسـتان بـە ڕێگەی ئێرانەوە بە کەنداوی فارس، پاشان بە بەندەری بۆمبای بیەسترێتەوە. بڕیارە کە کازاخستان و ئۆزبەکستان یۆرانیۆم هەناردەی هیندستان بکەن. ڕێگەیەکی وشکانی لـە مانگی ئۆگۆستی ٢٠١٥ لە نێوان ئەو وڵاتانەدا دەستبەکار دەکات، ڕێکەوتننامەیەکی دیکە لە نێوان کازاخستان و هیندستان لەبارەی وەبەرهێنانی نەوتی کازاخستان لەسەر کـەنارەکانی دەریـای مازەندەرانـدا واژۆ کـراوە، کـە مەبەسـتی سـەرەکیی کازاخسـتان بـەجۆراوجۆرکردنی هاوپەیمانەکانییـەتی وزەیـەتی تـەنیا گـیرۆدەی دەسـتی لایـەنێکی دیـارکراو نـەبێت ئەلتـەرناتیڤی هەڵبـژاردنی هـەبێت. هیندسـتان دەیـەوێت لەگـەڵ ڕێکخراوی ئەوروئاسیادا ناوچەی ئازادی بازرگـانی چـێ بکـات. ئـاڵوگۆڕی قوتـابی لـە نێوان وڵاتانی هیندستان، کرکیزستان و تاجیکستان ئەنجام دەدرێت و بڕیارە، کـە چـەند کارخانەی هاوبەشی بەرهەمهێنان لە نێوان لایەنەکاندا چێ بکرێن.

## ڕێگەچارەکانی کێشەی نێوان ژاپۆن و ڕووسیا

### کێشەی نێوان رووسیا و ژاپۆن لەسەر دورگەکانی کۆریل بەردەوامە:

دورگەکانی کۆریل یاخۆ دورگەکانی باکوری ژاپۆن یەکێکە لە مژارە سەرەکییەکانی کێشەی نێوان ژاپۆن و رووسیان، هەر لەبەرئەوەشە تا ئێستە ڕێکەوتننامەی ئاشتی لە دوای دووەمین جەنگی جیهانی لە نێوانیاندا واژۆ نەکراوە، ئێستە ژاپۆن داوای ٤ دورگە دەکات لە ڕووی مێژوویییەوە هەروەکو لەو نەخشەیە، کە لەلایەن هەواڵنێری رییا نۆڤەستیدا بڵاوکراوەتەوە دەبینین، کە مافی خاوەندارەتیی ساڵ بە ساڵ لە گۆڕاندا بووە:

- لە ساڵی ١٨٥٥ دا لە نامەیەکی هاوبەشدا رووسیا دان بە چوار دورگەی کۆریلی ئیتورۆپ، کۆناشیر، شیکۆتان و هابۆمای دەنێت، کە موڵکی ژاپۆنن و نیمچە دورگەی ساخالینیش بە هاوبەشی بەڕێوە دەبردرێت.
- لە ساڵی ١٨٧٥ دا هەموو دورگەکانی کۆریل دەبنە موڵکی ژاپۆن و ژاپۆنیش لە هەمبەردا خاوەندارەتیی رووسیا بەسەر ساخالین بەفەرمی دەناسێت.
- لە ئەنجامی شەڕی ژاپۆن و رووسیا لە ساڵی ١٩٠٥، جگە لە دورگەکانی کۆریل نیوەی نیمچە دورگەی ساخالینیش دەکەوێتە ژێر فەرمانڕەوای ژاپۆن.
- لە ساڵی ١٩٤٥ دا لە ئەنجامی دووەمین جەنگی جیهاندا رووسیا بە تەواوەتی خاوەندارەتیی خۆی بەسەر دورگەکانی کۆریل دادەسەپێنێت.
- لە ساڵی ١٩٥١ لە سانفرانسیسکۆ لە نێوان هاوپەیمانانی بەشدار لە جەنگدا ڕێکەوتننامەیەك بەبێ واژۆی یەکێتیی سۆڤیەت مۆر کرا، کە ژاپۆن دورگەکانی کۆریل بە موڵکییەتی خۆی نازانێت، بەڵام پاشان ژاپۆن پەشیمان بووە و خاوەندارەتیی چوار دورگەکەی بە مافی مێژوویی خۆی زانی.
- لە ساڵی ١٩٥٦ لە ئەنجامی ڕاگەیاندنێکی هاوبەشدا یەکێتیی سۆڤیەت ڕەزامەندی خۆی نیشاندا، کە دوو دورگەی شیکۆتان و هابۆمای ڕادەستی ژاپۆن بکات، بەڵام پاشان ژاپۆن پەشیمان بووە و داوای هەر چوار دورگەکەی دەکرد، لە ئەنجامدا هیچ ڕێکەوتننامەیەکی ئاشتی واژۆ نەکران، تا ئێستە ئەو کێشەیە بە

بێ چارەسەرکردن ماوەتەوە و پرسی سەردانی (پوتین)یش بۆ ژاپۆن بەو کێشەیەوە بەستراوەتەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە ئەوە جاری دووەمە، کە میدڤێدڤ سەردانی ئەو دورگانە دەکات و ژاپۆنیش دژی ئەو سەردانانەیە.



لەبارەی چۆنییەتی چارەسەری ئەو کێشەیە پانۆڤ

Ambassador extraordinary and plenipotentiary

پسپۆری ئینستیتوتی ئەمریکا و کەنەدا

ئەو پێشنیازانە دەخاتە بەردەم رای گشتی و حکومەتی رووسیا ناوبراو پێشنیازی خاوکردنەوەی توندوتیژییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و پەرەسەندنی ئابووری دەکات.

- دانوستاندن لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی ژاپۆن ئەنجام بدرێت و تەنیا گرینگی بە کەناڵەکانی سیاسەتی دەرەوە نەدرێت.
- گرووپێکی دوولایەنە لە ئاستی دیپلۆماتییەتی گشتی( public diplomacy )پێك بهێندرێت تێبینی: (دیپلۆماتییەتی گەلی هەموو پێوەندییەکانی کولتووری، مرۆیی، وەرزشی و ئینفۆرماسی و...هتد لەخۆدەگرێت)
- گرووپێك بۆ لێکۆڵینەوەی چارەسەری کێشەکان پێکبهێندرێت.
- پرۆژەی ئابووری هاوبەش لە نێوان رووسیا و ژاپۆن لە ڕۆژهەڵاتی دوور و سیبیریا دروست بکرێن.
- دایەلۆگ لەبارەی سەقامگیری لە باکوری - ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بهێتە ئاراوە، چونکە ژاپۆن زۆر گرینگی بە سەقامگیری و لەناوبردنی بارگرژییەکانی لەگەڵ رووسیا، چین و کۆریای باکور دەدات.
- پرۆژەی دوولایەنە لە دورگەکانی کێشەلەسەری کۆریل ئەنجام بدرێن، وەکو پێدەچێت رووسیا ئامادە نییە، کە خاوەندارەتیی ئەو دورگە ستراتیجییانە بداتە ژاپۆن و تەنیا دەڵێت وەرن پێکەوە وەبەرهێنان لەو دورگانە بکەین، ژاپۆنیش مەرجی دانپێنانی یاسایی بۆ خۆی دەخوازێ.

# بەشی سێیەم

## رووسیا و ئاڵوگۆڕییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی رووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

سەرەتایی دەستپێکی پێوەندییەکانی نێوان رووسیا و وڵاتانی عارەبی بۆ ساڵی ١٩٥٠ دەگەڕێتەوە کاتێك، کە یەکێتیی سۆڤیەت داوای لە وڵاتانی عەرەبی کرد، کە هەڵوێست دژی ڕۆژئاوا دەربڕن. بەر لە رووخانی یەکێتیی سۆڤیەت ئاڵوگۆڕی بازرگانی و تەکنیکی ئابووری ساڵانە لەگەڵ وڵاتانی عارەبی بە ڕێژەی ٦,٥ بۆ ٧ ملیارد دۆلار بوو. یەکێتیی سۆڤیەت یەکێك لە وڵاتانی سەرەکیی هەناردەکاری چەك و تەقەمەنی بوو بۆ وڵاتانی عێراق، سوریا، میسر، یەمەن، جەزائیر و لیبیا، تەنیا لە ساڵی ١٩٨٣-١٩٩٠ یەکێتیی سۆڤیەت بە ڕێژەی ٥٥ ملیارد دۆلار چەکی فرۆشتووەتە وڵاتانی عارەبی، بەڵام لەهەمانکاتدا لە ساڵی ١٩٩١ بە رادەی ٣٥ ملیارد دۆلاریش ئەو وڵاتانە قەرزداری رووسیا بوون، عێراق نێزیکەی ٨ ملیارد دۆلار، سوریا نێزیکەی ١١ ملیارد دۆلار و جەزائیر زیاتر لە ٤ ملیارد دۆلار و میسریش ٣ ملیارد دۆلار. بەر لە هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە زۆر کەمببووە، رووسیا زیاتر گرینگی بە پەرەسەندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا دەدا. لە لایەکی دیکەیشەوە عێراق و لیبیا لە ساڵانی نەوەدەکاندا کەوتنە ژێر باری ئابلۆقەی ئابووری، ڕێڕەوی سیاسی جەزائیریش گۆڕا، یەمەنی باشووریش خۆی لەگەڵ یەمەن لێکداوە، رووسیا ئەو هاوپەیمانانەی لە دەست دان، لەلایەکی دیکەوە هەر لەو هەرێمەدا بەهۆی کۆچی جوولەکە رووسیاییەکان بۆ ئیسرائیل پێوەندییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتە بەهێز کەوت. لە پاش ساڵی ١٩٩٥ رووسیا جارێکی دیکە سەر لەنوێ دەستی بە دامەزراندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عارەبی وەکو عێراق، سوریا، لیبیا و جەزائیر کردەوە. لەو ساڵانەی دوایدا باسی چەندین گرێبەستی چەك لە نێوان رووسیا و

کوێت لەبارەی کڕینی ڕۆکێتی بەرگری ئاسمانی کراوە، میرنشینی عارەبیش نێزیکەی ۳۰۰ نەفەربەری سوپایی رووسیایی کڕیووە و چەندین ڕێکەوتننامەی کاتی واژۆ کراون. ئەمڕۆ پێوەندییەکانی نێوان رووسیا لەگەڵ وڵاتانی ئیسرائیل، تورکیا، ئێران، میرنشینی عارەبی، کوێت، عێراق، عارەبستانی سعودیا و میسریش گەشەیەکیان بەخۆوە بینیووە و ئوردنیش داوای کڕینی چەندین جۆر چەکی کردووە.

١- **پێشبینییەکانی سیاسەتی دەرەوەی رووسیا لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا:**
رووسیا لەگەڵ بەشێکی زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بازاڕەکانی جیهاندا لە ڕووی وزەوە رکابەرە وەکو دیارە، کە لە درێژخایەنیشدا ئەو بارودۆخە هەر بەردەوام دەبێت. بەڵام هەلومەرجی بازاڕ وا لە رووسیا دەکات، کە جۆرە هاوکارییەك لەگەڵ ئۆپێکدا بکات، لە ڕووی بەربەرەکانیکردنی دیاردەی تیرۆریزمیش ناچارە، کە هاوکاری لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بکات.

یەکێك لە کێشەکانی پێوەندی رووسیا لەگەڵ سەرانی عارەبی جێگیر و نەگۆڕ ئەوەبووە کاتێك، کە ئەو سەرکردانە لەسەر کار لابردراون یاخۆ جێگرەوەکانیان دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست رووسیا نەیتوانیوە، کە سوود لە پێوەندییەکانی رابردووی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتانە وەربگرێت، بۆ ئەوەی لەوێوە بکارێت پێوەندییەکان ئابووری و سیاسییەکانی خۆی نوێبکاتەوە و درێژە بەو پێوەندییانە بدات، بگرە بە پێچەوانەوە کێشەش بۆ رووسیا دروست کراون.

بازاڕی چەکی وڵاتانی کەنداوی فارسی، کە خاوەنی توانای زۆری دارایین زۆر جێگەی بایەخی رووسیایە، بەڵام تا ئێستە کڕیارەکان لە ئاستێکی وادا نین، کە مایەی دڵخۆشی و گەشبینی ڕووسیا بێت یاخۆ نەگەیشتوونەتە ئاستی گرێبەستی درێژخایەن، رووسیاش ئەو ئاراستەیە بە بابەتێکی گرینگی بووژانەوەی ئابووری دەبینێت. کڕیارانی سەرەکیی چەکی رووسیا عێراق و ئێرانن، لەم دوایەدا میسریش رەزامەندی دەربڕیووە، بەڵام وڵاتانی دیکەی وەکو ئوردن، کوێت و میرنشینی عارەبی بەشێوەی کاتی چەندین جار پێداویستیی چەکیان لە ڕووسان کڕیووە. دەسەڵاتدارانی رووسیایی لەو بڕوایەدان، کە لە ڕووی فرۆشتنی چەکەوە ڕووبەڕووی دژایەتی ئەمریکا دەبنەوە، بۆیە ناتۆانن، کە لە بازاڕی ئەو وڵاتانەدا کار بکەن.

پێوەندییەکانی رووسیا لەگەڵ ئیسرائیل پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیووە، چونکە رووسیا هیچ بەربەستێکی ئەوتۆ لەبارەی بەرفرەوانکردنی ئەو پێوەندیانەدا نابینێت و بروسانی رووسیایی زمان لەو وڵاتەدا رۆڵێکی گەورەیان هەیە، هەر بە رێگەی ئەو پێوەندییانەوە رووسیا دەستی دەگاتە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی سەردەمییانە.

گۆڕانکاریی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا هاتووە و زۆرتر بەبەراورد لەگەڵ جاران بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆی لە جیهانی ئیسلامدا دەگەڕێت و ناسنامەی ئیسلامی بەلای تورکیا گرینگ کەوتووە، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر ناتێگەیشتنی لەگەڵ هاوپەیمانە کۆنەکانی واتە یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکای بۆ دروست بووە. رووسیا بەپێی رەچاوکردنی ئەو گۆڕانکارییانە و گرینگی ڕۆڵی تورکیا بە پێویست دەزانێت، کە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا پەرەپێبدات، چونکە لە ڕووی ئابووری، کولتووری و ئایدیۆلۆجیشەوە تورکیا کاریگەری خۆی لەو هەرێمەیەدا هەیە، وا دیارە کە پێوەندییەکان دەبێ تایبەتمەندیی گشتیی بەخۆوە ببینن بۆ ئەوەی ئەنجامی باشیان لێبکەوێتەوە. لە کاتی پۆست سۆڤیەتدا تورکیا هەوڵی پەرەسەندنی سیاسەتی خۆی لە بەلکاندا دەدا، کە تا ڕادەیەك لەگەڵ خواستەکانی رووسیادا ناتەبا بوون، بەڵام ئێستە وا پێدەچیت، کە لەو بارودۆخەدا ئەوە کێشەی سەرەکیی نەبن.

## کوردستان:

رووسیا یەکێك لە کۆنترین وڵاتی ئەوروپایی و بیانییە، کە پێوەندی سیاسی لەگەڵ بزوتنەوەکانی قۆناغی جۆراوجۆری کوردستانی ژێردەستی عوسمانی و فارسدا هەبووە. لە سەدەی بیستەمیشدا رووسیا یەکێك لە لایەنە سەرەکییەکانی پشتگیری بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد بووە. لە شۆڕشی ئەیلوول دا یەکێتیی سۆڤیەت تا ساڵانی حەفتاکان وەکو پشتگیری سەرەکیی کورد دەژمێردرا. لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا رووسیا پشتگیری لە بزوتنەوەی کوردان لە تورکیا دەکرد بە تایبەت کاتێك، کە تورکیا پشتگیری بەهێزی توندڕۆ و جوداخوازانی چیچانییەکانی دەکرد، بەڵام دواتر رووسیا

پرسی کوردانی لە تورکیادا بە کێشەیەکی ناوەخۆیی ناوبرد، ئەمەش وایکرد تورکیاش یارمەتی چیچانەکان کەمبکاتەوە.

یەکەمین هەنگاوی جدی لەگەڵ کوردستانی باشوور لە کاتێکدا دەستیپێکرد کاتێك، کە ئێڤگێنی پریماکۆڤ بوو بە وەزیری دەرەوە و بەڕێزان هوشیار زێباری و شەهید سامی عەبدولڕەحمان لە ساڵی ١٩٩٨ بە فەرمی بانگێشتی موسکۆ کران. حکومەتی رووسیا زیاتر بەشێوەیەکی مەعنەوی لەگەڵ کێشەی کورداندایە، بەڵام کاتێك بەرژەوەندییە گەورەکان دێنە پێشەوە لەو دۆستایەتییە بێدەنگ دەبێت. چەندین جار لە پەرلەمانی رووسیا بەدەنگێکی زۆرەوە پشتگیری لە کوردستانی باشوور و باکور کراوە. رووسیا دووەمین وڵات بوو، کە کونسولخانەی خۆی لە هەولێر کردەوە و چەندین جار وەفدیان لە ئاستە جۆراوجۆرەکان هاتوونەتە کوردستانی باشوور. لە ساڵی ٢٠١١ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە فەرمی سەردانی موسکۆی کرد و لە بەرزترین ئاستدا پێشوازی لێکرا. لە رۆژانێك، کە رووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی تەنگانە و ئاستەنگ بووەتەوە، من گەواهی ئەوە دەدەم، کە لە میدیا و دەزگەکانی راگەیاندن و بەرپرسانیان باسی پەرەسەندنی پێوەندییەکانیان لەگەڵ کورد دەکەن و دەڵێن پێویستە، کە رووسیا پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کوردان توندوتۆڵتر بکات.

ئەنجومەنی دیپلۆماتانی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی رووسیا لە ساڵی ٢٠٠٩ دا لە پەرتووکێکی ٤٠٥ لاپەڕەییدا بە ناوی (عێراق و بیزنس) بە شێوەیەکی فرەوان تاوتوێی کێشەی کورد و چۆنییەتی پێوەندییەکانیان و باسی چەندین کۆمپانیای رووسیایی، کە لە کوردستاندا کار دەکەن دەکات، هەروەها باسی سەردانەکەی پریماکۆڤ بۆ کوردستان دەکەن و دەڵێن، کە هەرێمی کوردستان زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێکردووە، لە کوردستاندا زۆر دەرفەت هەیە، کە کاری بیزنسی تێدا بکرێت و کوردان زۆر بەگەرمی پێشوازی لە رووسیا دەکەن. ئێڤگێنی پریماکۆڤیش لە پەرتووکی (جیهانی بێ رووسیا)، کە لە ٢٠١٢ بە باشی باسی سەردانەکەی دەکات و لە کاتی خۆیدا من بەشێکم لێ وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و لە رۆژنامەی خەباتدا بڵاوکراوەتەوە، بە هەستێکی پڕ لە بایەخەوە باسی بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی دەکات و دەڵێت زۆر زیرەك و لێوەشاوەن و دەتوانن لە داهاتوودا کوردستانیش بەڕێوە ببەن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی، کە لە وەزارەتی دەرەوەم بەدەست کەوتوون لایەنی فەرمی رووسیایی پێیان خۆشە، کە راوێژکارییان لەگەڵدا بکرێت بەتایبەتی لەو بارودۆخەدا، کە رووسیا رووبەڕووی کێشەی شەڕی ئۆکراینا بووەتەوە. هەڵوێستی فەرمی رووسیا لەبارەی بەربەرەکانی تیرۆریزم لە عێراق و سوریا بەو شێوەیەیە، کە دەیەوێت حیسابی لایەنێکی سەرەکیی بەشداری بۆ بکرێت و نەکەوێتە ژێر فەرمانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دیکەوە، بۆیە پێداگری لەسەر کاریگەری ڕۆڵی ئەنجومەنی تەناهیی UN دەکات و ئەو چەك و تەقەمەنییەی، کە دەفرۆشێتە عێراق وەکو یارمەتێك بۆ بەربەرەکانی تیرۆریزم دەزانێت، دیارە لەو رووەوە هەنگاوەکانی رووسیا لەگەڵ سیاسەتی کوردستانی یەك ناگرنەوە. بەپێی هەڵسەنگاندنی ئەو یارمەتییە مرۆیانەی، کە لە ساڵی ٢٠١٤ دا بە فڕۆکە بۆ عێراق و کوردستانی نارد مەبەستی ئەوەبووە، کە هەڵوێستی هاوسەنگ لە هەمبەر عێراق و کوردستان دەربڕێت.

دەتواندرێت بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان رووسیا و کوردستان لەم چوارچێوەیەدا پەرەیان پێبدرێت:

- کەرتی نەوت و گاز بە شێوەیەکی گشتی و وزەی ئەتۆم و کاڵاکانی بەستراو بەو بەرهەمە خاوانەوە، کە سەبارەت بە رووسیا گرینگییەکی ستراتیجییان هەیە و داهاتی سەرەکیی رووسیاش لەو کەرتانەوە پێکدەهێندرێت. رووسیا هەردەم چاوی لە نەوتی عێراق و کوردستان بووە، بۆیە هەڵێنانی هەر هەنگاوێك لە پێناو دەستەبەرکردنی ئەو بەرژەوەندییانە بەو ئاراستەیەوە دەبنە هۆی گەرەنتی گەشەی پێوەندییەکان.
- هەر لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا رووسیا ڕووبەڕووی تیرۆریزم بووەتەوە، ئەو کێشەیەش بووەتە بابەتی هەڕەشەی تەناهی نیشتمانیش، کێشەی تیرۆریزم بۆ رووسیا تەنیا لە چوارچێوەی قەفقازدا سنووردار نییە، بگرە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئەو هەرێمەیەش پەڕیوەتەوە، لایەنگرانی گرووپە تیرۆریستەکانی ئیسلامی لە زۆر شاری گەورەی رووسیادا چالاکن، کە بەشێکی زۆر لەو تیرۆریستانە چوونەتە ڕیزی دەوڵەتی ئیسلامی و هەڕەشەی لەناوبردنی رووسیا دەکەن.

- کوردستان بە باشوور و باکورەوە لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیایی و ترانزێتی وزەدا خودان پێگەیەکی بایەخدارە، بۆیە بۆ رووسیا جێگەی سەرنجڕاکێشانە.
- دروستبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ یاخۆ نیمچە سەربەخۆی کوردستان بۆ هەموو وڵاتانی زلهێزی جیهان وەکو دروستکردنی هاوسەنگییەکە لەگەڵ هێزە هەرە گەورەکانی هەرێمایەتی.
- کوردستانی باشوور و کوردستانی رۆژئاوا توانیویانە، کە لە رووداوەکانی هەرێمیدا ببنە هاوسەنگ بۆ زۆر وڵاتی بەرژەوەندخوازی جیهان، زۆر گرینگە، کە ئەو هاویسەنگیانە رابگیرێن و هەنگاوی پێویستی گونجاو لەگەڵ ڕووداوەکاندا بهاوێژرێن، واتە بە ئاراستەی ڕاگرتنی بالآنسی بەرژەوەندییە جیهانی و هەرێمایەتییەکان بن نەك بە پێچەوانەوە.
- فرۆشتنی چەك و گەشەی پیشەسازی سوپایی یەکێك لە بەرنامە هەرە گرینگەکانی رووسیایە.
- پاشەکشە لە دەستکەوتە بەدەستهێندراوەکان نەکرێت و هەوڵی پەرەسەندنیان بدرێت.

**کێشەکانی بەردەم پێوەندییەکان:**

- زۆر جار هاوسەنگییەکانی هەرێمی لە بەرژەوەندنی وڵاتانی گرینگی وەکو تورکیا، ئێران و وڵاتانی عارەبی و بە زیانی پرسی کوردان شکاونەتەوە، ئەو گۆڕانکارییانە لە هەمبەر پرسی نەتەوەیی کوردستان جێگەی مەترسین، هەروەها هەڵوێستی گۆڕاوی رووسیاش لەو هاوسەنگییە مێژوویانەدا بەرچاو بووە، بۆیە دەبێ ئەو خاڵە بەهەندوەربگیرێت.
- نەبوونی یەکێتیی و هاوڕایی ناوەخۆیی لە نێوان پارت و گرووپەکانی کوردستانی لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا بووەتە هۆی لێکترازاندنی نەتەوەیی، بە بەردەوامبوون لەسەر ئەو ئاراستەیە متمانەی نێودەوڵەتیش لەدەست دەدرێت.
- نەبوونی هاوڕایەکی یەکگرتووی نێودەوڵەتی لەبارەی کێشەی کورد واتە کێشەی کورد وەکو بابەتی سەربەخۆیی لێنەهاتووە.

- لاوازی دیپلۆماسییەت و لۆبی کوردان لە ئاستی دەزگە فەرمییە نێودەوڵەتییەکان و لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان بەگشتی، لە وڵاتێکی وەك رووسیاش لە دەزگە فەرمییەکانی ئەو وڵاتەدا تاکو نها بەشێکی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بە ناوی کوردستانەوە نییە.

**هەڵوێستی فەرمی رووسیا لە هەمبەر کۆبوونەوەی قەتەر:**

وەزیری دەرەوەی رووسیا سرگێ لاڤرۆڤ لە سەردانی وڵاتی قەتەردا لە ٣-٨-٢٠١٥ دا باسی دوایین هەڵوێستی نوێی سەرۆك کۆماری رووسیای فیدراڵ ڤلادیمێر پوتینی کرد و وتی ئێمە لەگەڵ هاوپەیمانییەکی هاوبەشی نێوان سوپایی عێراق - سوریا و کوردایین، دیارە مەبەست لە کوردانی هەردوو پارچەی سوریا و عێراقە. رووسیا بە شێوەیەکی راستەوخۆ هەردوو رژێمی سوریا و عێراقی چەکدار کردووە پێوەندی لەگەڵ کوردانیش زیاتر بە شێوەی دیپلۆماتی و بەشداریکردنیان لە گفتوگۆکان و سەردانەکانی دیپلۆماتی و دەربڕینی هاودەردی بە دژی تیرۆریزمە، لەو رووەوە سەرۆکی ناوەندی بەشی تێهەڵچوونەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەر بە ئینستیتوتی ئەمریکا و کەنەدا ئەلیکسەندەر شومێلین و چەندان پسپۆری دیکە لە رادیۆی ئازادی بە زمانی رووسیایی باسی ئەو هەڵوێستە نوێیەی رووسیایان کرد و دەڵێن کە:

- سوریا دابەشکراوە و نیزیکترین بیرۆکە پێکهێنانی جۆرە فیدراڵییەتێکە بە شێوەی نافەرمی باسی دابەشکردنی سوریا کراوە و بڕیارە، کە چەندین هەرێمی جۆراوجۆر بۆ پێکهاتەکانی کورد، دروز، سونە و عەلەوی دروست بکرێن، حکومەتی سوریاش لەسەر ئەو بیرۆکەیە رەزامەندی خۆی پیشانداوە.
- ئەگەر مەبەستی رووسیا پشتگیری لە کوردانی رۆژئاوای سەر بە ئۆجەلان بێت ڕووبەڕووی نارەزایەتییەکانی تورکیا دەبێتەوە، تورکیاش دژی ئیئتیلاف لەگەڵ کوردانی عێراقی دیموکراتیخواز نییە، بۆیە دوو شێوە کوردی زۆر جیاواز هەن. بە هەر شێوەیەك بێت دەربڕینی ئەو هەڵوێستە جۆرە نەرمی و بایەخدان بە کێشەی کوردی دەگەیێنێت.

**بۆچوونی دوو پسپۆری رووسیایی لەسەر بارزانی نەمر و ستالین ١٣-٧-٢٠١٥ کەی پرۆژەکەی ستالین بۆ کوردان جێبەجێ دەکرێت:**

بەو ناوەوە دوو نووسەری رووسیایی بەناوبانگ ستانیسلاڤ تاراسۆڤ و ستانیسلاڤ سترێمیدلۆڤسکی لە( regnum.ru )باسی ئەو پرۆژەیە دەکەن:

لەگەڵ گوزەری کات و رووداوەکاندا بەڵگەنامەی مێژوویی زیاتر لەسەر کوردان ئاشکراتر دەبن، هەندێ نادیاریش زیاتر ڕووی راستییان بۆ دەردەکەوێت هەردوو نووسەر دەبێژن: کە ستالین پێی خۆش نەبووە، کە کەمەربەندی تورك زمانەکان و ئازەربایجانی گەورە لە باشووری سنوورەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا دروست بکرێت و ئەو لایەنانە بکەونە ژێر کاریگەری تورکیا، کە لەو هەلومەرجەدا قەفقاز و رووسیا دەکەوتە ژێر ئابلۆقەی گەلانی تورکزمانی ئەمڕۆی ئازەربایجان، تورکمەنستان و ئۆزبەکستان، بۆیە وای بە پێویست دەزانی، کە دەوڵەتێکی کوردی پێکهاتوو لە کوردانی ئێران و تورکیا دروست بکرێت، هەروەها بارزانیش باش لەو پلانانە تێگەیشتبوو، دەیویست کە لە ناکۆکی ئەو زلهێزانە سوود ببینێت، بارزانی دەیویست، کە لە هەمبەر جێبەجێکردنی بەشێك لە پلانەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا دەوڵەتی کوردیش دروست ببێت. پاش ئەوەی کە پلانی کوردستانی گەورە جێبەجێ نەکرا ستالین دەیویست، کە ئۆتۆنۆمییەك لەناو ئازەربایجانی سۆڤیەتدا بۆ کوردان چێ بکات (کە بە کوردستانی سوور) ناسراوە. سەرۆك کۆماری ئازەربایجان باگیرۆڤ لەو پلانە دەترسا، کە بە هاوکاری بارزانی جێبەجێ بکرێت، بۆیە باگیرۆڤ سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمۆنسیتی ئازەربایجان، بارزانی و یاوەرانی هەناردەی ئۆزبەکستان کرد و ئەو پلانەیان تێکدا. لە کۆتایدا هەردوو نووسەر دەڵێن: کە ئێستەش لەوانەیە پلانی پێکهێنانی کوردستانی گەورەی ستالین سەرنجڕاکێش و ئەکتوێل بێت.

**گرینگی ئابووری کوردستان:**

گوڤاری( topneftegaz )سەربە ناوەندەکانی نەوتی رووسیا باسی بواری نەوتی هەرێمی کوردستان دەکات، کە دەتوانێت بە ملیاردەها $ سوود بەدەستبهێندرێت

**گوڤاری ناوبراو دەڵێت: کە کۆمپانیای تورکی( Genel Energy )، کە سەر بە مێحمێد ئەمینە نێزیکەی ٢ ملیارد $ سەرمایەگوزاری کردووە ئەگەر هەناردەی نەوتی کوردستان بگاتە ١ ملیۆن بەرمیل و کێشەی داعش بەکۆتا بێت و کوردستانیش بەهاوکاری ئەمریکا بتوانێت، کە بە فەرمی لە عێراق جیا ببێتەوە کۆی سەرمایەی دەتوانێت، کە دوو بەرابەر ببێت، ئەگەر کوردستان بکارێت بە ڕێگەی سوریاشدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەستی بگاتە دەریای ناوەڕاست، واتە جگە لە تاکە ئەلتەرناتیڤی تورکیا بەکار بهێنێت نەوتی خۆی هەناردە بکات دەتوانێت، کە جێگەی لیبیا بگرێتەوە**. جگە لەو کۆمپانیایە کۆمپانیای فەرەنسایی( Oryx )بە سەرۆکایەتی ژان کلۆد گاندۆر بایی زیاتر لە ٢ ملیارد دۆلار سەرمایەگوزاری کردووە، هەروەها کۆمپانیای ویسترن زاگرووسیایی کەنەداییش سەرمایەگوزاری زۆری کردووە، کە بە خۆشی بابەتی دارایی لێگەڕان دابین دەکات و بە سەدان ملیۆن دۆلاریش قەرزی داوە. بەشێکی هەرە زۆری سەرمایەی ئەو کۆمپانیایە بەهۆی دراوی بانکی ئافشورەکانی رووسیاوە دابین دەکرێت.

هەر لەو وتارەدا هاتووە، کە زۆرترین سوودی بەدەستهاتووی، کە ملیاردێرەکان سەرمایەگوزاریان تێدا کردووە بریتی بووە لە بوارەکانی بە پلەی یەکەم:

١- لە بەشی( high-Tech ).

٢- لە خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت.

٣- دەرهێنان و لێگەڕانی هایدرۆکاربۆن لە ناوچە مەترسیدارەکاندا.

٤- چێکردنی باڵەخانە و خانووبەرە لەناو شارەکاندا.

بەپێی مەزەندەکانی فۆربێس لە ساڵی ٢٠٠٩ دا زۆرترین سوود لە بواری ئەڵماسی ڕەنگیندا بووە، کە سوودەکەی بە رادەی لە ٣٦٠٪ بووە.

لە پێشمەرگەوە بۆ پنتاگۆن - کێ دەتوانێ بەسەر داعش و توندڕۆیدا سەربکەوێت:

ڕۆژنامەنووسی پسپۆر لەسەر تیرۆریزم (ئیڤان یاکۆڤینا) بۆ slon.ru و lenta.ru، کە گەورەترین سایتی رووسەکانە دەنووسێت:

لە ئەنجامی کردەوەکانی تیرۆریدا فشارەکانی ناوەخۆی و نێودەوڵەتی بۆ سەر ئۆباما زیاد دەبن، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ناچارە یارمەتی کورد بدات و کوردانیش

دەتوانن، کە هەرسێ هەرێمی کوردی دابڕاو لە سوریا بگەینە یەك و لە عێراقیش موسل بخەنە ناو ئابلۆقە و بەو شێوەیە کەمەربەندێکی یەکگرتوو چێ بکەن، کە لەداهاتوودا دەستیان بگاتە دەریای ناوەڕاست و داعش لە سەرچاوە سەرەکییەکەی تورکیا دادەبڕن و ڕێگە لە یەکێتیی ئێران، حکومەتی سوریا و حزبولڵای لوبنانیش دابخەن. شیعەکان بەو بێهێزی و لاوازییەی خۆیان هەوڵ دەدەن، کە بە شەڕ ناوچەکانی کۆنترۆڵی کێشەلەسەر بگەڕێننەوە، بەڵام ئێستە کێشەی سەرەکیی لەسەر داعشە، بۆیە ئەو پرسە بۆ داهاتووی دوور دەمێنێتەوە. تاکە هێز، کە بتوانێ بەکردەنی ڕووبەڕووی داعش ببێتەوە کوردانن بە ١٦٠ هەزار پێشمەرگە و چەند هەزار شەڕڤانی کوردی سوریاشەوە توانای شەڕیان بە کردەنی لە هەمبەر ١٥٠ هەزار شەڕکەری داعش، کە بەسەر بەرە جۆراوجۆرەکان و دوور لە یەکدیی بڵاوکراوەن هەیە. ئەگەر بەشار ئەسەد و حیزبولڵاش بە هاوشێوەی کوردان بتوانن بەرەی ڕۆژئاوا رابگرن دەتوانن، کە داعش لەو سنوورانەدا ئابلۆقە بدەن، کە لەو کاتەدا قەیرانێکی ناوەخۆی ئایدیۆلۆجی لەناو داعشدا چێ دەبێت. رۆژنامەنووسی ناوبراو ئەو بابەتەیەی لە رۆژی ١١-٦-٢٠١٥ دا لەچاپ داوە، کە ناوچەی سەرێکانی و کۆبانی بەیەك نەگەیشتبوو، بەڵام پێشبینی ئەو تاکتیکە سەربازییەی کردبوو.

**ئەرمەنستان پەنجەرەیەك بە ڕووی کەنداوی فارس دەکاتەوە:**

ئێران و ئەرمەنستان گەیشتوونەتە رێکەوتنێك، کە هێڵێکی ئاسن لە نێوان ئەو دوو وڵاتە دروست بکەن و هێڵی ئاسنی شەمەندەفەری گورجستانیش بەو هێڵە دەبەستنەوە لە بەرئەنجامدا ئەو هێڵە هەردوو دەریای رەش و کەنداوی فارس پێکەوە دەبەسترێتەوە. درێژایی ٣٠٠ کیلۆمەترە و تێچوونیشی بە بڕی ٣,٢ ملیارد $ دەبێت ئەو ڕێگەیە دەتوانێت ساڵانە ١٥-١٨ ملیۆن تۆن کەلوپەل بگوازێتەوە. لە داهاتوودا ئەو دەرفەتە لەبەردەم کوردستانیشدا کراوە دەبێت و دەتوانێت، کە ببێتە بەشێك لە هێڵی ئاسنی (دەریای رەش - کەنداوی فارس)

**دیاردەی تیرۆریزم:**

دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر دوو بنەمای گرینگ جیهادییەکانی هەرێمی فرەنەتەوەیی و جیهادییەکانی ئاستی گڵۆباڵی دروست بووە، ئەو دەوڵەتە دەیەوێت، کە لە هۆکاری خوارەوە واتە لە هەرێمەکانەوە بۆ سەرەوە بەرەو رووبەرێکی فرەوانتر گەشە بکات. ئەو بزوتنەوەیە خوازیارە، کە دەسەڵاتەکانی بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەپێبدات، هۆکاری دووەم جیهادی گڵوباڵییەکانن، کە لە تۆڕە نیمچە نهێنی و ئاشکرا زیاتر لە ٧٠ وڵاتی جیهاندا چالاکن.

سەقامگیری هەرێمی قەفقازی رووسیای فیدراڵ بۆ ئەو وڵاتە زۆر گرینگە و بە بەهایەکی زۆر گەورەی ئارامی گەڕاوەتەوە ئەو ناوچەیە، بۆیە بە هەموو شێوەیەك رووسیا دژی تیرۆریزمە هەر لەو رووەوە سرگێ لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی رووسیا دەڵێت کە: شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرژەوەندی رووسیا دەخاتە مەترسییەوە بە هەموو شێوەیەك رووسیا هەوڵ دەدات، کە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی ئاشتییانە کۆتاییان پێبهێندرێن، چونکە بەردەوامی ئەو شەڕانە بەرژەوەندییەکانی رووسیا دەخەنە مەترسییەوە

لە ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن بەرپرسانی رووسیا باسی بەشداری ١٧٠٠ هاووڵاتی رووسیا تەنیا لە عێراق دەکرێت، ئێستە بەشداربووان تەنیا لە قەفقازەوە ناچن، بگرە موسڵمانەکانی کەنارەکانی ڕووباری ڤۆڵگا و ئۆراڵیش لە ڕیزی توندڕۆکانی وەکو داعشدان، پسپۆری ناوەندی کارنگی رووسیا (ئەلکسێ مالاشینکۆ ) لەو بڕوایەدایە کە:

- رژێمە تۆتالیتارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەر هۆکاری بەربەرەکانیکردنی تیرۆریزمدا توانیویانە، کە ببنە هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
- پێشبینی گۆڕانکارییە سیاسییەکان کارێکی سەختە هەروەك چۆن کەس چاوەڕێی لەناوچوونی شا و هاتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، لەناوچوونی یەکێتیی سۆڤیەت و پەرەسەندنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و بەهاری عارەبانی نەدەکرد.
- بە مانەوەی بەشار ئەسەد و پشتگیری رووسیا، پێگەی رووسیا لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێزتر بوو، هەرچەندە رووسیا ناتوانێت، کە ڕۆڵی

یەکێتیی سۆڤیەتی جاران بگێڕێت، بەڵام توانی، کە هێزی خۆی لە سووریادا بهێڵێتەوە، هەر بۆیە ئێستە میسریش تا رادەیەك بڕوای بە رووسیا گەڕاوەتەوە.

- تیرۆریزم پێگەی ڕژێمەکانی ئاسیای ناوەڕاستی بەهێزکرد، بە بیانووی هەڕەشە و مەترسییەکانی تیرۆریزم دەتوانن بە ئاسانی لەسەر حوکم بمێننەوە.
- رووسیا بانگێشتی شەڕی داعش ناکەن، بەڵام بە بەشدارنەبوونی سوودمەندیشە، هەرچەندە ئێستە ڕووسیا خۆی ڕاستەوخۆ هاتووەتە نێو شەڕەکەوە، بەو پێیەی ڕووسیا تیرۆر بە هەڕەشەی جدی لەسەر وڵاتەکەی دەبینێت.
- خەڵکی ئاسایی ئەوروپایی و ئەمریکایی لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ماندووبوونە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان نییە.
- خاڵە هاوبەشەکانی نێوان تێهەڵچوونەکانی ڕۆژهەڵاتی باشووری ئۆکراینا و شەڕی داعش ئەوا شەڕی ئۆکراینا دەتواندرێت، کە کۆتایی پێ بهێندرێت، بەڵام شەڕی داعش بمانەوێ و نەمانەوێت ئاسۆی کۆتاییەکانی دیار نییە.

- بزوتنەوەی ئیسلامگەرایی لە فۆڕمی جۆراوجۆردا پەرەدەستێنێت لایەنێکی بەشێوەی توندڕۆییە، لایەنێکی دیکەی فۆڕمێکی میانڕۆیە، ئەمڕۆ مۆدێلی وەکو چیچانیشمان لەژێر سەرکردایەتی رووسیادا هەیە.
- ئیسلامگەرایی توندڕۆ هەوڵ دەدات، کە لە هەموو جیهان حوکم بکات و دەسەڵاتی خۆی بە توندی و بە خورتی بسەپێنێت، بۆیە ئەو بیروڕایە لەنێو ملیۆنان موسڵمانان بەهەرمێنە و بەهێزە.
- وڵاتانی ئیسلامی نەیانتوانیوە، کە سیستەمێکی جیاواز و ئابوورییەکی جیاواز واتە ئابووری ئیسلامی چێ بکەن، بەڵام هەوڵی بەردەوامی بۆ دەدەن.

هەر لە چوارچێوەی ئەو شرۆڤانەدا پرۆفیسیۆر ڤیتالی نائومکین سەرۆکی زانکۆی ڕۆژهەڵاتناسی رووسیا لە پرێس کۆنفرانسێکدا وتی: **لەبەر پەرەنەسەندنی دژایەتکردنی ئەمریکا**، لەلایەکی دیکەیشەوە گورزوەشاندنەکانی دژی دەوڵەتی ئیسلامی سنووردارن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێت، کە داعش لەناو ببات. بەکردەنی ڕووبەڕووی هاوپەیمانییەکی لاواز بووەتەوە، بۆیە بارودۆخەکە بەو شێوەیە و بۆردومانی فڕۆکەکانیش ناتۆانن، کە داعش لەناو ببەن.

زۆر بە خاوی هەڵسەنگاندن بۆ بیروبۆچوون و ئامانجەکانی داعش دەکرێت، ئەو بزوتنەوە رادیکاڵە دەیەوێت، کە ناوەندی جیهانی ئیسلام مەکە و مەدینە داگیر بکات، لە رووسیاش کەسایەتییە ئاینییەکان لەسەر بیروبۆچوون و ڕەفتارەکانی ئەو توندڕۆانە بێ ئاگان. پان رادیکاڵەکان زۆر بە ئاگایانە کەڵك لە دژایەتی شیعە و سونە وەردەگرن و ئەو ناکۆکییانە دژ هەردووکیان بەکار دەهێنن.

بابەتێکی گەرمی میدیاکانی جیهانی هاتنەکایەوەی دراوی تایبەت بە داعشە، کە لە رووسیاش ئەو بابەتە باس دەکرێت رادیۆی بی بی سی رووسیایی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پسپۆری ئینستیتوتی رووسیایی گەیدەری کردووە، کە دەڵێت: هەر هێزێك ئەگەر رووبەرێکی دیارکراو لەگەڵ دانیشتوانی دیارکراوی هەبێت دەتوانیت، کە پارەی خۆی هەبێت و هەموو بانکەکانی ناوەندی بەو شێوەیە کاردەکەن، هێنانەکایەوەی پارەی تایبەت کارێکی ئاسانە بە مەرجێك، کە زیادە لە رادە پارە لە چاپ نەدرێت و ئەو پارەیە بتوانێت، کە ببێتە جێگەی متمانەی خەڵك، بەڵام بە پێچەوانەوە هەروەکو لە زیمبابوێ، کە بە شێوەیەکی نائاقڵانە پارە لە چاپ درا و بووە هۆی هاتنە کایەوەی...هتد هەڵایسان... لە سەردەمی دەسەڵاتی شۆڕشی چیچانییەکاندا کۆمپانیایەکی تورکی پارەیان بۆ لەچاپدا، بەڵام لەبەر ترسی ریسوایی نێودەوڵەتی نەتوانرا، کە لە تورکیاوە ئەو دراوە بگاتە دەستیان، لە سەردەمی شەڕی ناوەخۆیی لە رووسیا لە سەرەتای ساڵانی بیستەکاندا لە کاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر چەندین دراوی جۆراوجۆری لە چوارچێوەی دەسەڵاتی هەرێمە جۆراوجۆرەکان لەسەر خاکی رووسیادا هەبوون. ئەگەر بێتو داعش تەنیا دراوی زێڕ لە چاپ بدات توانای چاپی زیاتری سنووردار دەکرێت، بۆیە وڵاتانی جیهان دراوی کاغەز لە چاپ دەدەن، بەڵام لە داهاتوودا دەتوانێت، کە بە پشتیوانەی ئەو پارە زێڕانە پارەی کاغەزیش چاپ بکات، بە مەرجێك خودان رووبەرێکی دیارکراو و پێکهاتوو لە دانیشتوانی لەژێر دەستدا بێت، گرینگ نییە ئەو هەنگاوە یاسایی بێت یان نایاسایی، ئاڵوگۆڕی مادە هۆشبەرەکانیش بەنایاسایی ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەو مادانە بازاڕ و نرخی خۆیان هەیە، بۆیە دراوی داعشیش بەهایەکی دیارکراوی دەبێت، ئەگەر لەلایەن وڵاتانی دیکەیش دانپێدانراو بێت بەهێزتر دەکەوێت.

**یەمەن:**

رووسیا هەڵوێستێکی نادیاری بێلایەنی بەناو ئاشتیخوازانەی لە هەمبەر کێشەی ناوەخۆیی یەمەن گرتووەتەبەر و بە ڕێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەوڵ دەدات، کە لایەنەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆبکاتەوە.. ئێران زۆر هەوڵیدا، کە ڕەزامەندیی بە رووسیا بهێنێت، کە پشتگیری لە بزوتنەوەی حوسییەکان بکات و لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا بڕیاری پێویست بۆ پشتگیری ئەو بزوتنەوەیە بدات. لەهەمانکاتدا چەندین جار شاندی عەرەبستانی سعودیاش سەردانی رووسیایان کرد، ئەو سەردانانە بوونە جێگەی دوودڵی حوسییەکان، کە پێوەندییەکی نهێنی لە نێوان سعودیا و رووسیادا هەیە، بۆیە هاتنی شاندی حوسییەکان بە فەرمی ڕاگیرا. جێگری پادشای سعودیا لە سەردانی بۆ فۆرمی سانك پیتربۆرگ رایگەیاندووە، کە لەو نێزیکانەدا پادشای سعودیا سەردانی موسکۆ دەکات، کە هەر ئەو سەردانەش بووە مایەی ئەوەی حوسییەکان بۆ جاری دووەم سەردانی رووسیا نەکەن. لە سەرەتای ئالۆزییەکاندا شاندێکی حوسیی سەردانی رووسیای کردبوو، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی باسی لێوە نەکراوە. رووسیا دەیەوێت، کە کەڵك لەو بارودۆخە نوێیە وەربگرێت، چونکە نایەوێت بۆ خاتری یەمەن، کە داهاتووکەشی دیار نییە، وڵاتانی میسر، ئوردن و سعودیا لە خۆی بتۆرێنێت.

مەترسی عەرەبستانی سعودیا و ئەمریکا لەوەوە سەرچاوە وەردەگرێت، کە حوسییەکانی یەمەن بەناوی (ئەنساروڵا) لەگەڵ شیعەکانی ڕۆژهەڵاتی سعودیا، کە ناوچەی هەرە نەوتین یەکدی بگرن، بۆیە سعودیا سەرەڕای ناکۆکییەکانیان پشتگیری لە رژێمی پێشوو دەکات و باڵیۆزخانەیشی بۆ عەدەن گواستووەتەوە. ئێران و رووسیا هەوڵ دەدەن، کە بە ڕێگەی ئاشتیخوازانە کێشەی یەمەن و بەحرێن چارەسەر بکەن.. (جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ کاروباری وڵاتانی عارەبی و ئەفریقا (حوسێن ئەمیر عەبدولاهیان) سەردانی موسکۆی کرد و چەندان دیداری لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە و ئەنجومەنی فیدراڵ ئەنجامدا، دیارە دەیەوێت، کە پشتگیری رووسیا لەبارەی یەمەن بەدەست بهێنێت، وەزیری دەرەوەی سعودیاش تەلەفۆنی بو لاڤرۆڤ کرد و داوای

هەڵوێستی هاوبەش یاخۆ دژایەتی نەکردنی رووسیای کردووە، لەکاتێکدا ئەوە دووەمین جارە، کە وەزیری دەرەوەی سعودیا سەردانی رووسیا دەکات،

نوێنەری (خامنەئی)یش عەلی سەعید وتی: کە سنوورەکانی کۆماری ئیسلامی تا کەنارەکانی دەریایی ناوەڕاست درێژەیان هەیە، واتە هەتا کۆتایی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کەنداوی باب ئەلمەندێب لە یەمەن گواستراونەتەوە، عەلی ئەکبەری ناتقی نوریش وتی: کە شۆڕشی ئیسلامی ئێران گەیشتووەتە ئامانجەکانی لە سوریا، عێراق، لوبنان و یەمەن و ئینقلاب هەنارده کراوە.

**عێراق:**

هەتا بەر لە ساڵی ١٩٩٠ ساڵانە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و عێراق لە ئاستی ٨ ملیارد دۆلاردا بووە. عێراق لە ڕووی نەوت و یەدەکییەوە یەکێکە لە وڵاتانی پێشەوە و لە ڕووی جوگرافیاشەوە یەکجار گرینگ و سەرنجڕاکێشە. وڵاتانی رووسیا، چین، فەرەنسا، ئیتاڵیا و ئەڵمانیا لە بەرئەنجامی راگرتنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا زیاتر لە ٢٢٠ ملیارد دۆلار زیانیان بەرکەوتووە، بۆیە لە کاتی شەڕی ئەمریکا و عێراق ئەو وڵاتانە دژی دەستێوەردانی دەرەکی ئەمریکایی بوون و نەهاتنە پاڵ هاوپەیمانان. رووسیا، چین و فەرەنسا هەوڵیان دەدا، کە لە عێراق دا ڕۆڵی UN بخەنە گەڕ و عێراق لەژێر کۆنترۆڵی راستەوخۆی ئەمریکا بێتە دەرەوە. هەروەکو دەزانن ئێستەش عێراق دووبارە بە ڕێژەیەکی زۆرەوە چەك لە رووسیا دەکڕێت.

بە درێژایی چەندین دەیەی سەدەی رابردوو عێراق یەکێك لە هاوپەیمانانی بازرگانی نێزیکی یەکێتیی سۆڤیەت بووە، لە دوای ساڵانی نەوەدەکاندا ئابلۆقەی قەدەخەی هاوردەکردنی چەك لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەسەر عێراق دا پێڕەو کرا. لە ساڵی ٢٠٠٣ دا حکومەتی عێراقی رووخاێندرا، رووسیاش ئەو گۆڕانکارییانە بە زیانی خۆی دەبینێت و زۆر جار رەخنەی توند بە تۆمەتی لەناوبردنی حکومەتەکانی نێزیك لە رووسیا وەکو لیبیا، عێراق ئاراستەی ڕۆژئاوا دەکات، ئێستەش بە هەموو توانایەوە بەرگری لە حکوومەتی سووریا دەکات. هەوڵەکانی دووبارە نوێکردنەوەی پێوەندیی بازرگانی بە شێوەیەکی جدی لە پاش رووخانی رژێمی عێراق لەلایەن وەزیری دەرەوەی

عێراق هوشیار زێباری دەدران و چەندین جار سەردانی رووسیای بۆ ئەو مەبەستە کرد و توانی، کە رەزامەندی لەسەر لێخۆشبوونی قەرزەکانی عێراق لە رووسیا لە رێکەوتی ١١ی فێبریوەری ٢٠٠٨ بە رێژەی لە ٩٣٪ ئەو قەرزانە، کە بڕی گشتیی ١٢,٩ ملیارد $ بووە وەربگرێت. کێشەی قەرزەکانی عێراق وەکو بەربەستێکی گەورە لە پێناو لەناوبردنی بەندی ٧ی UN بوون. لە بەرئەنجامی چەندین تەندەری وزە و کارەبادا کۆمپانیاکانی رووسیایی وەکو لوك ئۆیل، گازپرۆم نەوت ، باشنێفتی رووسیا توانیویانە، کە کۆنتراکتی گەورە لەو رووەوە لەگەڵ عێراق مۆر بکەن و بگەڕێتەوە ئەو شوێنانەی، کە لە سەردەمی رژێمی بەعسدا واژۆیان لەسەر کرابوو. ئەو رێکەوتننامانەی، کە بە هاوبەشی لەبارەی کڕینی چەك واژۆ کراون لایەنی فەرمی رووسیایی میخائیل بەگدانۆڤ جێگری وەزیری دەرەوە و نوێنەری پوتین بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڵێت: کە هاوکارییەکانمان لەگەڵ عێراق لەسەر بنەمایەکی هەمیشەیی دەبن و لە ساڵی ٢٠١٢ دا رێکەوتننامەیەکی سوپایی - تەکنیکی لە نێوان ئێمە و عێراق بە بڕێی ٤,٣ ملیارد دۆلار مۆرکراوە تا ئێستە ٤٣ هەلیکۆپتەر، کە بە شکاری شەوانە دەناسێندرێن رەوانەی عێراق کراون، کە توانیویانە باش بەکار بهێندرێن، ناوبراو دەڵێت: پێویستە کە رووسیا یارمەتی عێراق بدات و فڕۆکەوانانی عێراقیش لە رووسیا راهێنانیان پێکراوە.

**بەغدا و موسکۆ دووبارە پەرە بە هێزی چەکی خۆیان دەدەن:**

**بەپێی سەرچاوەی بەرپرسی یەکێتیی بەرهەمهێنەرانی چەك (پوخۆڤ) و پسپۆری ناوەندی تەکنیکی و ستراتیجی (دێنیسێنسۆڤ):**

لە مانگی ٦ی ساڵی ٢٠١٥دا (٣) جۆر چەکی دیکەی قورسی
( TOS-1A "sun" )
گەیشتنە عێراق، کە ئەو هەناردەیە بەشێکە لە رێکەوتننامەی ساڵی ٢٠١٣ بە بڕی ١,٦ ملیارد $، کە لەبارەی ئەو چەکانەوە لەگەڵ عێراق واژۆ کراوە. ماوەی ٢٠ ساڵە، کە رووسیا چەکی بە عێراق نەفرۆشتووە. لە ساڵی ١٩٥٨ بۆ ١٩٩٠ رووسیا (یەکێتیی سۆڤیەتی جاران) بایی ٣٠,٥ ملیارد $ چەکی فرۆشتووە و( licenses )

ی ٦٠ جۆر بەرهەمهێنانی چەکی فرۆشتووە. لە ساڵی ٢٠١٢ گرێبەستێك بە بڕێی ٤,٢ ملیارد $ واژۆ کراوە، کە (٤٨) ڕۆکێتی زێنیتی دژی هەوایی( Carapace-C1 )و (٤٠) هەلیکۆپتەری( Mi-28NE )لەخۆدەگرێت. لە ساڵی ٢٠١٣ دا دووبارە ڕێکەوتننامەیەکی دیکەیش بۆ فرۆشتنی شەش هەلیکۆپتەری( Mi-35M )مۆرکراوە لە ساڵی ٢٠١٤ هەلیکۆپتەرێکی نەوەی نوێی چەکی رووسیایی بە ناوی( Mi-28NE ) هەناردە کراوە لایەنەکانی بەرپرس دەڵێن: ئەمریکا چەندین جار ویستویەتی، کە بەربەست چێ بکات، بەڵام ئێمە دۆستانمان بەجێناهێڵین و یارمەتیان دەدەین، دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت، کە بە هەناردەکردنی ئەو چەکانە پێگەی سوپایی رووسیا بەهێز دەکەن.

- عێراق لە بواری کڕینی چەکدا بە پێش چین کەوتووە، تەنیا لە پاش هیندستاندا بووە، بەپێی داتاکانی سەرۆکی خزمەتگوزارییەکانی فیدراڵی چەك و تەکنۆلۆژیایی رووسیا (ئەلیکساندر فۆمین ) لە ساڵی ٢٠١٤ دا رووسیا (٩) فڕۆکەی Su-25 و ١٢ دانە (heavy flamethrower system TOS-1A ) و ٦ هەلیکۆپتەری ( Mi-28 ) و ١٠ هەلیکۆپتەری دیکەی( Mi-35M) ، هەروەها سیستەمی بەرگری ئاسمانی( Carapace-C1 )داوەتە عێراق، کۆی ئەو هەناردانە بایی ١,٧ ملیارد $ بووە.
- پسپۆرانی رووسیایی دەڵێن هۆکاری کڕینی چەکی رووسیایی بەو ڕێژەیە بۆ جۆراوجۆریی و لابردنی بیرۆکراتیەتی هەناردنی چەکی ئەمریکایی بۆ عێراق دەگەڕێتەوە.



**سیستەمی بەرگری**
Carapace-C1

heavy flamethrower system TOS-1A



**عێراق خۆی بەدەستپێشخەر  لەگەڵ کۆمپانیای لوك ئۆیڵ دەزانێت:**

عادل عەبدولمەهدی لە سمینارێکدا لە کۆبوونەوەی ئۆپێك وتی، کە پێوەندییەکانمان لەگەڵ رووسیا زۆر جدییە و دەمانەوێت، کە کۆمپانیایەکی هاوبەش بەکار بخەین. زۆر لە کارەکانی لوك ئۆیڵ رازین. سەرمایەگوزاری ئەو کۆمپانیایە لە (قورنە ٢) بریتییە لە ٥,٣ ملیارد $ لوك ئۆیڵ دەیەوێت، کە بەشداری لە تەندەری ناسرییەدا بکات، هەروەها پاڵاوگەیەکی نەوت تا ٣٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرهەم بهێنێت. هەر لەو بارەیەوە عێراق بایی ٢,٦ ملیارد $ قەرەبووی کۆمپانیای «LUKOIL» کردووە و بڕیارە، کە ١,٧ ملیارد $ دیکەیش بدات و تا کۆتایی پایزی ٢٠١٥ تەواوی ٥ ملیارد $ قەرەبووەکان بدەنەوە.

هەر لە ساڵی ٢٠١٥ دا حکومەتی عێراق بایی ٦١٢ ملیۆن دۆلاری وەکو قەرەبووی (قورنە ٢) داوەتە کۆمپانیای «LUKOIL» و ٣٠ ملیۆنیش وەکو پاداشت (remuneration) داوەتە ئەو کۆمپانیایە. لە سەرەتای مانگی مارسی ٢٠١٥ دا جێگری سەرۆکی ئەو کۆمپانیایە (لیۆنید فیدۆن) وتی: کە عێراق  بە شێوەیەکی گشتیی بایی ٢,٦ ملیارد $ وەکو قەرەبوو ڕادەستی ئەو کۆمپانیایە کردووە، کە کۆی خەرجییەکانی لە (قورنە ٢) بریتییە لە ٥ ملیارد $، کە بڕیارە تا کۆتایی پایزی ٢٠١٥ ئەو بڕە بە تەواوی وەربگرنەوە.

هەندێ کەسایەتی رووسیایش فرۆشتنی چەك بە عێراق بەبێ هیچ مەرجێك بە مەترسییەك بۆ خودی عێراق دەبینن لەو رووەوە پسپۆری ڕۆژهەڵاتناس د. ستانیسلاڤ ئیڤانۆڤ بۆ kurdistan.ru دەڵێت: کە عێراق وەکو وڵاتێکی یەکگرتوو نەماوە و بە

هاوردەکردنی ئەو بڕە چەکە پێشکەوتووانە بەرەو رووخانی زیاتر دەچێت، لەکاتێکدا عەبادیش کەسایەتییەکی زۆر لاوازە و سوپایەکی دامەزراوەشی نییە، دیارە لەبەرئەوەیە، کە ئەمریکاییەکان پەلە لە هەناردنی چەك ناکەن، نابێ رووسیاش تەنیا چاوی لە سوودێکی خێرا بێت، بە ڕێگەی هەناردنی ئەو چەکانەش دەتواندرێت، کە ئاکامی نەرێنی و خراپیان بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێبکەوێتەوە.

ئەوەی لە میدیاکانەوە دەبینرێت و دەخوێندرێتەوە ئەوەیە شاندی فەرمی عێراق زوو زووسەردانی رووسیا دەکەن، کە وا لە خوارەوە بەشێك لە پرێس کۆنفرانسی هاوبەشی نێوان لاڤرۆڤ و جەعفەری دەهێنینەوە:

**لاڤرۆڤ: (ئێمە بە باشترین شێوە پشتگیری عێراق لە ڕووی دابینکردنی تەکنیکی چەك دەکەین و بە تەواوەتی لەسەر پرسە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هاوڕاین و لەگەڵ سەربەخۆیی عێراق و دژی دەستێوەردانی دەرەکین و لەگەڵ عێراقێکی یەکگرتوو داین، ئێستە کێشەی سەرەکیی دژایەتیکردنی تیرۆریزمە، ئێمە لەگەڵ دایەلۆگی نەتەوەیی و تەباین و پێویستە، کە لەگفتوگۆکاندا حیسابی بەرابەر بۆ ئێران لەبارەی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا بکرێت، ئێمە ئامادەین، کە بەڕێگەی یوئێن و ئەنجومەنی تەناهیی هەڵوێستێکی هاوبەش لەبارەی بەربەرەکانیکردنی تیرۆریزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقادا دابڕێژین، باسی شەڕی سوریا، کێشەی ئەتۆمی ئێران، کێشەی یەمەن و باکوری ئەفریقاش کراوە....).**

**جەعفەری: حکومەتی عێراق لە هەموو پێکهاتەکانەوە دامەزراوە، ئێمە بە هاوبەشی لەگەڵ سوپا، حەشدی شەعبی، پێشمەرگە و هۆزەکانی دیکەی عێراق شەڕی داعش دەکەین و هیچ هێزێکی دەرەکی بەشداری لە شەڕی دژی داعشدا ناکات و نامانەوێت، کە بەشداری بکەن، من زۆرم لەبارەی رووسیا خوێندووەتەوە و زۆر سوپاستان دەکەم، کە شارە جوانەکەتانم بینی و زۆر سوپاسی رووسیا و وەزیری دەرەوە دەکەم و...)**

**عەرەبستانی سعودیا:**

لە نێوان عەرەبستان و رووسیادا کۆمیتەیەکی هاوبەشی ڕووبەڕووبوونەوە دژ بە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی چێکراوە، کە کێشەی تیرۆریستەکانی چیچانیش لەو چوارچێوەیەدایە. لە روانگەی رووسەکانەوە ئەو هاوپەیمانییە باسی زۆر شت و پەسەندنەکردنی سیاسەتی ئەمریکاش دەگەیێنێت، ئێستە دەسەڵاتدارانی سعودیا ناچاربوونە، کە هاوسەنگییەك لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی جیهاندا دروست بکەن، لە ئەمریکادا چەند جار وتار لەسەر گۆڕینی دەسەلات لە سعودیا لە خانەوادەی سعودییەوە بۆ هاشمییەکان، کە خۆیان بە میراتگری پێغەمبەر دەزانن نوسراون، کە ئەوەش بووەتە جێگەی مەترسی دەسەڵاتدارانی سعودیا. عەرەبستانی سعودیاش قورساییەکی گەورەی دارایی لە جیهاندا هەیە، لە ڕووی جیۆپۆڵیتیکیشەوە هەڵکەوتووی سعودیا بۆ رووسیا زۆر گرینگە، بۆیە دیپلۆماتەکانی رووسیا زۆر هەوڵ دەدەن، کە پێوەندییەکی پتەوی ئابووری و تەکنیکی - سوپایی لەگەڵ وڵاتی پێغەمبەری ئیسلامدا چێ بکەن، هەروەها ئەو وڵاتە ڕۆڵی لە ڕووی جیۆپۆڵیتیکدا بەرەو پەرەسەندن دەچێت.

لە سەردەمی ئێستەدا رووسیا دۆستی نێزیکی لەو هەرێمەدا نییە، دۆستە کۆنەکانی وەکو لیبیا، عێراق، سوریا و ئێران لەژێر ئابلۆقەی ئابووریدا بوون، کە ئێستەش ڕووبەڕووی کێشەی شەڕ بوونەتەوە، بۆیە ئێستە دۆستی ئەوتۆی نییە، کە بتوانێت بە دروستی لەپاڵ بەرژەوەندییەکانی رووسیادا بووەستن. بزوتنەوەی فەلەستینیش ئەو قورساییە نێودەوڵەتییەی نییە و وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی سیاسەتی دەرەوەی رووسیا نییە.

وڵاتی عەرەبستانی سعودیا واتە: ناوەندی (زێڕی رەش)، وڵاتی ئیسلام، وڵاتی مەکە و مەدینەیە خاکی پیرۆزە لای ملیۆنان موسڵمان، کە هەڵوێستێکی بەهێزی لەناو وڵاتانی عارەبی و ئیسلامی و نێودەوڵەتیشدا هەیە، ئەو وڵاتە ڕۆڵێکی گرینگ لە یەکگرتنی موسڵمانان و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئیسلامگەرایی و پاراستنی بەرژەوەندی گەلانی موسڵمان دەبینێت، یارمەتی زۆر رێکخراوی موسڵمانی جیهانیش دەدات. لە ڕووی یارمەتی دەرەکیدا عەرەبستانی سعودیا لە پاش ئەمریکا لە

پلەبەندی دووەمدایە، بۆیە لەو رووەشەوە ڕۆڵی نێودەوڵەتی لەبەرچاوە و کاریگەری بەسەر بڕیارەکانی جیهاندا هەیە. لە ڕووی پێشکەوتنەکانی زانست و ئابووری دەستکەوتی زۆر گەورەی بەدەستهێناوە و نەخوێندەواری بنبڕ کردووە، لە وڵاتێکی بیابانەوە بووەتە گەورەترین بەرهەمهێنەری کشتوکاڵ، لە وڵاتی هاوردەکارەوە بووتە هەناردەکاری کشتوکاڵ، لەڕووی تەندروستیشدا زۆر دەستکەوتی گەورەی بەدەستهێناوە لە ڕووی مردنی منداڵانیشدا کەمترین ڕێژەی لە جیهاندا هەیە. لە ڕووی یارمەتیدان و دابینکردنی بژێوی ژیانی هەژار و هەتیو و ژنانی بێسەرپەرەشتدا ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت و هەوڵ دەدات، کە نرخی خۆراکیش لە ئاستێکی دیارکراودا بێت و هەموو چین و توێژەکان توانای کڕینیان هەبێت. سیستەمی پاراستنی مافی کار یەکێکە لە سیستەمە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهان.

لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەشدا سعودیا زۆر پێڕەو لە سیاسەتی ئەمریکا دەکات، بۆیە لە نێوان سالآنی هەشتا و نەوەدەکاندا دەستێوەردانی لە کاروباری وڵاتانی عێراق، ئێران و ئەفغانستاندا دەکرد هەر لەبەرئەوەشە، کە پێوەندییەکانیان لەگەڵ بەشێك لە وڵاتانی ئیسلامی ناڕێکە، بەڵام هۆکاری دیکەی ئەو ناتەباییانە بۆ بەربڵاوی بیروڕای وەهابیەتیش دەگەڕێتەوە، کە زۆر جار سعودییەکان پروپاگەندەی راستەوخۆ یاخۆ ناڕاستەوخۆی بۆ دەکەن. کێبەرکێ لە نێوان وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتیشدا هۆکارێکی دیکەی ئەو ناتەباییە و چەندین بەرژەوەندی دیکەی هەرێمی لە نێوان سعودیا و ئێران و شیعە و سونەشدا پەرەیان سەندووە، بەڵام خاڵی هاوبەشیش لەسەر دانانی نرخی نەوت و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل لە نێوان ئەو وڵاتانەدا بەدی دەکرێن.

لە سالآنی هەشتا و نەوەدەکاندا لەبەر شەڕی ئەفغانستان و چیچان عەرەبستانی سعودیا پێوەندیی لەگەڵ رووسیادا باش نەبوو. تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٣دا شازادە عەبدوڵا سەردانی رووسیای کرد و لە بەرزترین ئاستدا باسی پێکەوە کارکردنی دەرهێنانی نەوت و گاز و پیشەسازی کیمیاویان کرد، کە ئەو پرۆژانە بایی ٢٥ ملیارد دۆلار مەزەندە دەکران. عەرەبستانی سعودیا دەیەوێت، کە هەلیکۆپتەری رووسیایی (کامۆڤ) بەرهەم بهێنێت. شازادە باسی پەرەسەندنی پێوەندییەکانی سوپایشی کرد. بازاڕی سعودیا

یەکێکە لە گەورەترین بازاڕی کڕینی چەکە لە جیهانـدا، بـەڵام ئێسـتە پشـکی رووسـیا زۆر کەمە، کە دەگاتە ڕێژەی لە ٢,٠٪.

**پرسە ناکۆك و هاوبەشەکانی نێوان رووسیا و سعودیا:**

**کێشەی سوریا و پێشنیازی رووسیا لەبارەی پێکهێنانی کوالیسیۆنێك، کە کوردیش بەشدار بێت:**

پشتگیری رووسیا لە رژێمی سـوریا بووەتـە مایـەی نـاکۆکی و دابڕانـی پێوەندییـە بەهێزەکانی دیپلۆماتی لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا. لە سەرەتای دەسـتپێکی شـەڕدا زۆر باسی جدی لەسەر رێکەوتننامەی فرۆشتنی چەکی رووسیا بۆ سعودیا بە بڕێی ٤ بـۆ ٦ ملیارد دۆلار دەکرا، بڕیاربوو، کە بە سەدان تانك و ١٥٠ هەلیکۆپتەر و چەندین جۆری رۆکێت و چەکی قورس بفرۆشرێنە سعودیا. لە پاش شەڕی ناوەخۆی سوریا هەموو ئـەو هەوڵانە راگیران. یەکێك لە ناکۆکییەکانی دیکەی نادیاری نێـوان لایەنـەکان چۆنییەتی پێکهێنانی کوالیسیۆن و ڕووبەڕووبوونـەوەی تیرۆریزمـە. وەزیـری دەرەوەی رووسـیا لـە دەوحا باسی دروستکردنی کوالیسیۆنێکی لەشکری لە سوپای عێراق، سوریا و کـوردان کـرد، رووسـیا لـەو بڕوایەدایـە، کـە لـە چوارچێوەی ئـەو کوالیسـیۆنەدا لەسـەر زەوی دەتواندرێت، کە گورزی توند و جدی لە داعش بوەشندرێت، چـونکە رووسـەکان پێیـان وایە بۆردمانەکان لە ڕێگـەی فڕۆکەکانـەوە زۆر کاریگـەر نـین. لـە ڕووی دروسـتکردنی کوالیسیۆن بەمەرجی بەشـداری ئـەو لایەنانـە سـعودیا لەگـەڵ رووسـیادا هـاوڕا نییـە، ئێستە ئەو پێشنیازە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە.

**خاڵە هاوبەشەکان:**

لە ڕووی ئابوورییەوە و بەتایبەت لەم هەلومەرجە دژوارە ئابوورییـەی، کـە ئێسـتە رووسیا تێی کـەوتووە زۆری پێخۆشـە، کـە پێوەندییـەکانی و ئاسـتی سـەرمایەگوزاری دەرەکی لە وڵاتەکەیاندا پەرەبەخۆوە ببینێت، هـەروەها رێکـەوتنی فرۆشـتنی چـەکیش واژۆ بکـرێن. لـە ڕووی ئـابووریی و فرۆشـتنی چـەکەوە رووسـیا پێشـنیازی بێهاوتـای سەرنجڕاکێشی مێژوویی خۆی پێشکەش بە سعودیا کردووە، بۆ نموونە رووسیای فیـدراڵ

ئامادەیە، کە کۆمپلکسی رۆکێتی ئەسکەندەر بفرۆشێتە سعودیا، ئەوەش جاری یەکەمە، کە رووسیا سەوداکارییەکی بەم شێوەیە لەگەڵ وڵاتێکی دەرەکیدا لە ڕووی فرۆشتنی رۆکێتی دوورهاوێژدا ئەنجام بدات، رووسیا ئامادەیە، کە بە قەبارەیەکی زۆرەوە زەوی کشتوکاڵی خۆی بە سعودیا بۆ پێداویستییەکانی ناوەخۆی بسپێرێت و بەشداری لە دابینکردنی سەقامگیری خۆراکیدا بکات، بەو واتەیە ئەو بەرهەمە خۆراکیانەی، کە لە رووسیادا بەرهەم دەهێندرێت دووبارە هەناردەی سعودیا بکرێن، رووسیا ئامادەیە، کە بە هەموو شێوەیەك لە پێناو دروستکردنی وێستگەی کارەبای ئەتۆمیدا کاربکات و سعودیاش بەڵێنی رادەستکردنی بونیاتنانی ١٦ ریاکتۆری ئەتۆمی بە رووسیا داوە. بەر لە رووسیاش چەندان وڵاتی دیکەی وەکو ئەمریکا، فەرەنسا، ئەرجەنتین و ژاپۆنیش بەشداریان لەو پرۆژانەدا کردووە. رووسیا ئامادەیە، کە بە هاوبەشی تەکنۆلۆژیای بەکارهێنانی سوودەکانی ئاسمانی لەگەڵ سعودیا کار بکات، لە ڕووی دابینکردنی سیستەمی نۆڤیگەیشنی (گلۆناس) رووسیا دەتوانێت، کە ئەرکی وەگەڕخستنی جێبەجێ بکات. رووسیا دەزانێت، کە عەرەبستانی سعودیا پێگەیەکی بەهێزی نەوت و گازی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەیە و توانای کارتێکەری بەسەر ئاراستەی بیرۆکەی ١,٦ ملیارد موسڵماندا هەیە و یەکێکە لە ناوەندە هەرە بەهێزەکانی وڵاتانی عارەبان. سەرەڕای تەنگژەی ئابووری تێکڕای گەشەی کۆی بەرهەمی ناوەخۆیی بە رێژەی لە ٥,٦٪ لە پێشکەوتندایە. رووسیا بە ڕێگەی سعودیاوە دەتوانێت، کە پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و وڵاتانی موسڵماندا هاوسەنگ بکات و دەستی بگاتە سەرچاوەکانیان.

لە هەمبەردا سعودیاش ئامادەیە، کە بە بڕی زیاتر لە ١٠ ملیارد $ سەرمایەگوزاری لەناو رووسیادا ئەنجام بدات ئەو بڕە پارەیەش بە گەورەترین رێژەی سەرمایەگوزاریکراو لە لایەن وڵاتانی دەرەکییەوە لەناو رووسیادا ئەژمار دەکرێت، چونکە تا ئێستە بەو بڕە گەورەیە سەرمایەگورازی راستەوخۆ لە رووسیادا ئەنجام نەدراون و پتر دراوی ئەو وڵاتە بەرەو دەرەوەی سنوورەکانەوە دەچێت و لە دەرەوەدا وەبەرهێنانی پێدەکرێت.

## گۆڕینی ڕەهەندی سیاسیی سعودیا:

دوای ئـەوەی پادشـای نـوێی سـعودیا هاتـە سـەر تـەخت بلـەز بـە دینـامیکی گۆڕانکارییەکانەوە بایەخی پتر بە بوارە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان دراوە. کـوڕی پادشـا محەمـەد کـوڕی سـەلمان، کـە بـە جێگـری پادشـا دادەنـدرێت، لەهەمانکاتـدا وەزیـری بەرگریشە لە مانگی ڕەمەزانی ٢٠١٥ دا سەردانی ڕووسیای بـۆ بەشـداری لـە فـۆرمی ئـابووری لـە سـانك پیتربۆرگـدا کـرد هەرچـەندە لـەو مانگـەدا چـالاکییە سیاسـی، دیپلۆماتییـەکانی وڵاتـی سـعودیا زۆر سـنووردارن، کـە ئـەوەش واتـای گرینگـی ئـەو پێوەندییانە دەگەیێنێت. پادشای سـعودیا تـوانی، کـە چـەندین گۆڕانکـاری گـەورە لـەو وڵاتەدا ئەنجام بدات بۆ نموونە بەسەر کابینـەی وەزارەتەکانـدا ١٢ کۆمیتـەی حکـومی چاوەدێر دروستکراون، کە کوڕی پادشا کۆمیتـەی ئـابووری و بـەرگری بـەڕێوە دەبـات. بەشـێك لـە پسـپۆرانی عـارەبی لـەو بڕوایـەدان، کـە پادشـای سـعودیا بـە شـێوەیەکی ئاشتییانە توانی، کە گۆڕانکاریی گەورە و پێویست لەو وڵاتەدا بەدی بهێنێت. بـەپێی سەرچاوەکانی ڕۆژنامـەی Arab News پادشـا تـوانی، کـە سیاسـەتێکی سـەربەخۆ سەرەڕای نارەزایەتی هەندێ لایەنی ڕۆژئاوا پێـڕەو بکـات. سـەفەری (محەمـەدی کـوڕی سەلمان) کوڕی پادشـای سـعودیا بـۆ ڕووسـیا لەکاتێکـدا ئەنجامـدرا، کـە بـەپێی داوای ئـــەمریکا دەبـــوا بنـــەماکانی ئابلۆقـــەدان بەســـەر ڕووســـیا لـــە لایـــەن ریـــازەوە بەهەندوەربگیرابان. لەکاتی خۆیـدا سـعودیاش هەڵوێسـتێکی بێلایـەنـەی لـە هەمبـەر ڕووداوەکانی ئۆکراینا هەبوو، کە ئـەوەش واتـای سـەربەخۆی سیاسـەتی دەرەوەی ریـاز دەردەبڕێت.

## هۆکارەکانی گۆڕینی ئاراستەی سعودیا بەرەو ڕووسیا:

دەبێ چ هۆکارێك لە پشت گۆڕینی سیاسەتی سـعودیا لـە هەمبـەر ڕووسـیادا بـن؟ یـەکێك لـەو هۆکارانـە گـۆڕینی سیاسـەت و هەوڵوێسـتی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست بـەرەو ڕۆژهـەڵاتی دوورە، بـەو واتایـە، کـە ئێسـتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مـەترسیان لەسـەر گۆڕانکارییـەکانی چین و کۆریـای باکور و تا ڕەدەیەك ڕووسیاش لێنیشتووەتەوە، بەتایبەتی لە هەڵوێستی چین بە گومانن

کەوتوو، چونکە جۆرە نارەزایەتییەکی هەرێمی دروست بووە. لەهەمانکاتدا چین خۆی بە هەموو هێزێکەوە چەکدار دەکات، بەلای ئەمریکاوە ئەو هەنگاوانە جێگەی مەترسین بەتایبەتی لە کاتێکدا، کە ئەو رووداوانە لە نێزیك سنوورەکانی ڕۆژهەلاتی ئەمریکادا روودەدەن، رابەرانی عەرەبستانی سعودیا لەو بڕوایەدان، کە ئەمریکا دەیەوێت هاوسەنگییەکانی هەرێمی بگۆڕێت و پێگە و توانا سوپایی و ئابوورییەکانی خۆی بۆ ئاسیای ڕۆژهەلاتی دوور بگوازێتەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەلاتی دوور بە هەڕەشە بۆ سەر هاوپەیمانان و خۆی دەبینێت، ئەوەش بووەتە جێگەی نیگەرانی سعودیا هەر لەبەر ئەو هۆکارەش، کە سعودیا هەولّی بەدەستخستنی رۆکێتی دوورهاوێژ دەدات و چەندین جار داوای پاراستنی لە ئەمریکا کردووە، ئەمریکاش بەلێنی فرۆشتنی چەکی هەرە پێشکەوتووی پێداوە، سعودیا دەیەوێت، کە هاوسەنگی گۆڕانکارییەکانی لە پێش چاو بن و حیسابی هەموو ئالوگۆڕییەکان بکات و خۆی بۆ هەر پێشهاتەیەکی ناخوازراو ئامادە بکات. هۆکاری دووەم، کە بووەتە جێگەی دوودلّی سیاسەتی سعودیا لە هەمبەر ئەمریکا هەولّی دابینکردنی گاز و نەوت بە ڕێگەی بەرهەمهێنانی گاز و نەوتی شێلە، کە لەو رووەوە دەیەوێت خۆی لە مەترسییە نادیار و ئالۆزییەکانی پێشبینی نەکراوی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دووربخاتەوە و لە دۆخی شەڕدا توانای دابینکردنی وزەی خۆی هەبێت و نەکەوێتە ناو قەیرانەوە. هۆکاری سێیەم مەترسی سعودیا لە پەرەسەندنەکانی شیعەی ئێرانە، هەروەها ئەو ئابلۆقەدانەیە شیعەییەی، کە لە دەوروپشتیدا روودەدات.

سعودیا ڕووبەڕووی مەترسی ئابلۆقەدانەی هەمەلایەنە بووەتەوە، لە لایەك (دەولّەتی ئیسلامی) دەیەوێت، کە مەکە وەکو ناوەندی ئیسلامی لێبێت و بیکاتە سەنتەری چالاکییەکانی خۆی، هەروەها هەڕەشەی حوسییەکانی یەمەنیشی لێ قوتبووەتەوە، لەلایەکی دیکەیشەوە لە عێراق دەسەلاتی شیعە حوکمی بەدەست گرتووە بە درێژایی سنوورێکی زۆر لەگەلّ ئەو ولاتە هاوسێیە، بۆیە دەستی بە دروستکردنی دیوارێك کردووە. هەندێ پسپۆر لەو بڕوایەدان، کە بۆ ئەوەی سعودیا بتوانێت، کە بەرهەمی نەوت و گازی شێل لەناو ببات دەستی بە کەمکردنەوەی نرخی نەوت لە ئاستی جیهاندا کرد، مەبەستی سەرەکیشی دارمانندنی کۆمپانیاکانی نەوت و گازی

شێلی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، بەڵام بە کردەنی ئەو پلانە جێبەجێ نەکرا، هەرچەندە زیانێکی زۆر بەر ئەو کۆمپانیانە کەوتووە، بەڵام تووشی دارمانی یەکجاری نەبوونەتەوە. لە کاتێکدا بەرژەوەندی رووسیا و خودی سعودیا و وڵاتانی دیکەی بەرهەمێنەری نەوت لە بەرزکردنەوەی نرخی نەوتدایە، کە زوو یاخۆ درەنگ پێویستە، کە نرخەکەی بەرز بکرێتەوە.

لە ڕووی هەڵبژاردنی هاوپەیماندا ریاز زیاتر چاوی لە پەرەسەندنی پێوەندییەکانی سوپایی لەگەڵ رووسیایە، نەك چین هەرچەندە چین لە ڕووی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بە قەبارەیەکی زۆر گەورەوە بازرگانی لەگەڵ سعودیا دەکات، نەوتی خاوی ئەو وڵاتەش بە قەبارەکی زۆر گەورەوە دەکرێت، بەڵام وەکو هاوپەیمانێکی لەشکری حیسابی بۆ ناکات. پێگە و کارتێکەری رووسیا لەناو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەکو سوریا، ئێران، عێراق و تا رادەیەك لەگەڵ میسر و کاتی خۆی لەگەڵ عەدەنیشدا هەبووە، ئێستەش هەست بە هێزی ئەو پێوەندییانە دەکرێت، لەو رووەوە سعودیا ئاگادارە، لەلایەکی دیکەیشەوە سنوورەکانی باشووری رووسیا لە سنوورەکانی سعودیاوە نێزیکن. رووسیا بە بەراورد لەگەڵ چین زیاتر ڕووبەڕووی تیرۆریزمیش دەبێتەوە و پێداگرانەتر لە چین خۆی تێکەڵاوی کاروباری سیاسی دەکات و هەر لە کۆنەوە بەلای رووسیاوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرینگ بووە.

### هەڵکشان و داکشانی پێوەندییەکان:

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی وڵاتی سعودیا بەرژەوەندییەکانی نێوان ئەو وڵاتە و رووسیا بە شێوەیەکی زۆر جیاواز و ناکۆك بوون، هەرچەندە یەکێتیی سۆڤیەت یەکەمین وڵات بوو، کە دانی بە سەربەخۆی سعودیادا نا، بەڵام لە بەرەی جیاوازدابوون. یەکەمین هەنگاوی باشترکردنی پێوەندییەکانی جدی لە ساڵی ٢٠٠٣ بە سەردانی جێگری پادشای سعودیا دەستپێکرد لەو سەردانەدا عەبدوڵای کوڕی عەبدولعەزیز ئەلسعود  بە دەیان بەڵگەنامەی مۆر کرد،  کە گرنکترینیان هاوکارییەکانی نەوت و گاز بوون. بە سەردانی ڤلادیمێر پوتین لە ساڵی ٢٠٠٧ دا پێوەندییەکانی رووسیا و سعودیا بەرەو ئاستێکی بەرزتر چوون، لەو دیدارانەدا چەندین بەڵگەنامەی دیکەیی

هاوکاری لەبارەی فەزا و چەندین بواری دیکـەی تـەکنۆلۆژیایی و نـەوت و گـازدا واژۆ کران. گرینگترین پرۆژەی ئابووری بـە کـاری کۆمپانیـای نـەوتی لـوك ئۆیـلْ لـە سـالْی ٢٠٠٤ دەست پێدەکات، کـە مـافی بەرهـەمهێنان و لێگـەڕانی گـازی وەرگـرت، لـە هەمان سالْیشدا کۆمپانیای رووسیایی (ستروی ترانس گـاز) تەنـدەری لـە کۆمپانیـای ئارامکۆی سـعودیا لـەبارەی راکێشـانی بـۆڕی نـەوت لـە بیابانـەکانی ڕۆژهـەلاتی ئـەو ولاتەدا بە بڕی (١٠٠) ملیۆن دۆلاری بردەوە، لەو رووەوە ئەو کۆمپانیایـە تـوانی، کـە متمانەی سعودیا وەربگرێت و مافی مانەوەی هەمیشەیی پێدراوە. لـە سـالانی ٢٠٠٩ -٢٠١٠ لایەنە پێوەندیدارەکانی حکومـەت توانیـان بگەنـە رێکەوتننامەیـە، کـە بـە رێژەی ٤ بۆ ٦ ملیارد دۆلار چەکی قورسی وەکـو هەلیکۆپتـەر، تانـك و مووشـەك لـە رووسیا بکڕن، بەلام ئەو هەموو هەولانە لە مارتی ٢٠١١ لە دوای بـەرپابوونی شـەڕی سوریا راوەستان.

## نائومێدی لە گۆڕانکارییەکان دا:

بەشـێك لـە دەسـەلاتدارانی رووسـیا لـەو بڕوایـەدان، کـە نیـازی سـعودیا لـە دەستپێکردنی ئەو رێکەوتننامانەدا تەنیا چارەسەری کێشـەی سـوریایە و هیچـی دی، رەهەندەکانی سعودیا بـەرەو ڕۆژئـاوا و ئـەمریکا نـەگۆڕە، هـەرجارە بـە بیانوویەکـەوە گفتوگۆکان دەستپێدەکرێن، راستە کە کێشەی سوریا یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکان و هەندێ پسپۆر لەو بڕوایەدان، کە چەندان جار سەرۆکی هەوالگریی سعودیا بەندەر کـوڕ سولتان بۆ ئـەو مەبەسـتە سـەردانی رووسـیا و پـوتینی کـردووە، بـەلام ئێسـتە لـەکار لابـردراوە، دیـارە جـۆرە گۆڕانکارییـەکی دەسـەلاتداریەتیی لـە سـعودیادا ڕووی داوە. لەلایەکی دیکەیشەوە رووسیا توانای دابینکردنی بەشێکی زۆری خواستەکانی ئـابووری و چـەکی هەیـە و باشـترین شـێوە چـەکی خـۆی پێشـنیاز کـردووە، هـەروەها توانـای ریاکتۆری ئەتۆمی باشتر لە هاوشێوەی ڕۆژئاوای هەیە. بۆچی کەلْك لە توانای رووسـیا بـۆ چارەسـەری کێشـەی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت وەرنـەگیرێت؟ لـە نـەبوونی پێوەنـدیی راستەوخۆی نێوان رووسیا و سعودیادا لایەنەکان سوودیان وەرنەگرتووە، بۆیە دەبێ ئەو بەربەستانە هەلْبگیرێن.

بابەتی گۆڕینی لەناکاوی پێوەندییەکانی رووسیا و عەرەبستانی سعودیا یەکێکە لە بابەتە گەرمەکانی دیکەی گۆڕانکارییەکانی ساڵی ٢٠١٥ لە نێوان ئەو دوو وڵاتە، عەرەبستانی سعودیا خاوەنی پێگەیەکی گەورەی ئاینی، سیاسی - ئابووری لە نێوان وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیسلامی و نێودەوڵەتیدا هەیە، بەلای رووسیاوە پەرەسەندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە زۆر گرینگن.

**هەڵوێستەکانی لەناکاوی نێوان ئەمریکا و رووسیادا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەبارەت بە عەرەبستانی سعودیا بوونەتە جێگەی مەترسی، بۆیە ئەو وڵاتە کەوتووەتە وتوێژی راستەوخۆ لەگەڵ رووسیا. رووسیا مەترسی لە تیرۆرە، بەڵام وڵاتانی کەنداو لەو بڕوایەدان، کە رووسیا ئەو هۆکارە تەنیا بۆ پەرەسەندنی سیاسەتی ناوەخۆی بەکار دەهێنێت، چونکە ئەو ژمارە تیرۆریستە کەمانەی، کە لە رووسیاوە چوونەتە ناو داعش ناتوانن، کە بۆ وڵاتێکی گەورەی وەك ڕووسیا ببنە مایەی هەڕەشەیەکی جدی، هەروەها نادیاری و لێڵی پێوەندیی ئەمریکا لەگەڵ ئێرانیش بۆ وڵاتانی کەنداو بوونەتە جێگەی نیگەرانی و دوودڵی.**

چەند ساڵێك بەر لە ئێستە سعودیا رووسیای بە پشتگیری لە حکومەتە دیکتاتۆرەکانی عارەبان تاوانبار دەکرد، رووسیاش سعودیای بە پشتگیری لە تیرۆریزم و تەقینەوەکانی ناو رووسیا مەحکوم دەکرد. ئێستە سعودیا دەزانێت، کە بەبێ دەستێوەردانی راستەوخۆی رووسیا کێشەکانی ئەو هەرێمە چارەسەر ناکرێن، بۆیە باشترە، کە بە دانوستاندنی راستەوخۆ لەگەڵ رووسیا کێشەکان چارەسەر بکرێن و کێشەی سەرەکیش پرسی سووریایە، بەڵام رووسیاش دەیەوێت جێگە و پێگەی خۆی لە دوای نەمانی ئەسەد بزانێت. جێگری سەرۆکی کۆمپانیای هەناردەکاری چەکی رووسیایی (روس ئابارۆن ئێکسپۆرت) لە سان پیتربۆرگ وتی: رووسیا ئامادەیە، کە رۆکێتی ( The 9K720 Iskander ) بفرۆشێتە سعودیا، هەرچەندە لە هەمبەر ئاڵوگۆڕییەکانی بازرگانی و ئاستی وەبەرهێنانی سعودیا و ئەمریکا ئەو رێژە مسەوداکارییە زۆر کەمە.

بڕیارە لـە مـاوەی ٥ بـۆ ٦ سـاڵ عەرەبسـتانی سـعودیا لـە بـوارە جۆراوجۆرەکـانی کشــتوکاڵ، خانووبــەر، ئینفرۆســترۆکتۆرا، تەندروســتیدا بــە ڕێــژەی ١٠ ملیــارد $ وەبەرهێنان بکات.

- **جێگری پادشای سعودیا و پوتین لەبەردەم هیوای گەورەدان:**

لە چاوپێکەتنی سانك پیرستبۆرگدا یاریدەری پوتین (یۆری ئۆشاکۆڤ) دەڵێت: کە لـە دیداری نێوان سـەرۆکی رووسـیا پـوتین و جێگـری پادشـای سـعودیا باسـی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست، سوریا، کێشەی دەوڵەتی ئیسلامی و هاوکارییە ئابوورییـەکان و پرسـی وزە کراو،ە وەکو دیارە سعودیا دەیەوێت، کە رووسـیا لـە هەمبـەر هەنـدێ کۆمپرەمیسـدا چەند جیاوکی ئابووری وەکو دروسـتکردنی وێسـتگەی ئـەتۆم و هاوکارییـە وزەییـەکان وەربگرێت، سعودیاش ئێستە هەوڵی راگرتنی باڵانسی نێودەوڵەتی دەدات و ناچارە، کە سازش بکات و پێدەچیت، کە رووسیاش بۆ خاتری حوسییەکان ئـەو دەرفەتـە لەدەسـت نەدات، هەروەها لەبارەی سـووریاش بگەنـە ڕێکـەوتنێك. ئێسـتە وەزارەتـی دەرەوەی سعودیا دەڵێت: کە ئێمە لەبارەی کڕینـی چـەکی رووسـیا هـیچ بەربەسـتمان دانـەناوە. بەپێی سەرچاوەی هەواڵنێری تاس لە سانك پیتربۆرگ، کە فۆرمی ئابووری لـە ٢٠-٦-٢٠١٥ دا بەڕێوە چوو بڕیارە، کە لە کاتێکی نێزیکدا پادشای سعودیا سەردانی رووسیا بکات و باسی چەندین کێشەی هاوبەش و سەرنجڕاکێش بکەن.

یەکێك لە بابەتە گرینگەکانی دیکەی جیهان دابەزینی نرخی نـەوت بـووە، کـە زۆر لایەن عەرەبستانی سعودیا بە هۆکاری ئەو دابەزینـە دەزانـن، بـەڵام ئـەوەی کـە دیـارە هۆکاری زیادەیی ئاستی نەوت لەناو بازاڕی جیهانـدا هۆکـاری سـەرەکیی بـووە، بـەڵام وەکو دەستپێکیش ئاستی قەبارەی سعودیا و ڕۆڵی وزەیش دەبێ لە پێش چاوبگیرێت.

- لە ئـەنجامی نرخـی بەسـەرووی ١٠٠ $ سـەرمایەگوزاری لـە زۆر وڵاتـدا پـەرەی سەند و ئەو بارودۆخە لەبارەش بۆ زۆر وڵات کەڵکی هەبووە و هەناردەی رووسیا و بەرازیل و ئەمریکا زیادی کرد، لەهەمانکاتدا بەرهەمی نـەوتی شـێلیش هاتـە سەری، کە نە تەنیا سعودیا، بگرە رووسیاش گرینگـی بـەو بەرهەمـە نـەدا و بـە

جدییان وەرنەدەگرت، هەر ئەو بەرهەمە نوێیە توانی، کە زیادە بەرهەمی ئەمریکایی بۆ ٨,٥ پاشان بۆ ٩ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز بکاتەوە.

- لەبەر بارودۆخی ناهاوسەنگی هەناردەکردنی نەوت لە جیهاندا سعودیا هەستی بە پاڵەپەستۆیەك لە هەمبەر خۆی لە لایەن وڵاتانی هەناردەکاری نەوتی ڤنیزوێلا و رۆژئاوای ئەفریقا بۆ وڵاتانی چین و هیندستان دەکرد، هەروەها لەسەر داخوازی هیندستان عەرەبستانی سعودیا ناچار بوو، کە نرخی نەوتی خۆی دابەزێنت، بۆ ئەوەی کاریگەری و پاڵەپەستۆی ئەو وڵاتانە کەمبکاتەوە. پسپۆران نرخی ئێستەی نەوت وەکو ساڵانی هەشتاکان دەبینن کاتێك، کە خستنەڕوو زیاتر لە خواستن بوو، ئەوە بوو نرخی نەوت بۆ ١٠ دۆلار دابەزیی، بۆیە ئێستەش ئاستی خستنەڕوو زیادە بەرهەمی هەیە.

## عەرەبستانی سعودیا لە هەناردەکەری نەوتەوە دەبێتە هاوردەکەر:

بەپێی روانگەی ئینستیتوتی بوکاروباری نێودەوڵەتی پادشای بەریتانیا
( british royal institute of international affairs , Ian glade and paul stevens )

ئاستی خواستەکانی نەوتی ناوەخۆی عەرەبستانی سعودیا ساڵانە بە بڕی لە ٧٪ لە زیادبووندانە، ئەو پرۆسەیە لە ساڵی ٢٠١١ دەستیپێکردووە، سعودیا ناچارە، کە ساڵ لە دوای ساڵ تێچوونەکانی کۆمەڵگەی خۆی بەرزبکاتەوە، بۆیە جۆرەها ئاسانکاری بۆ کۆمەڵگە دەکات، هەر بۆ نموونە فەراهەمکردنی کارەبا و وزە بە نرخێکی یەکجار هەرزان بۆ هاووڵاتیان دەستەبەرکراوە، ئەو سیاسەتە هەرزانکردنە بەربەستە لە هەمبەر گەڕان بە دووی سەرچاوەی دیکەی وزە و سەرمایەگوزاری بە قەبارەیەکی گەورە. عەرەبستانی سعودیا نێزیکەی ١٠ ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بەرهەم دەهێنێت، پێداویستی ناوەخۆی لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بریتیبووە لە ١,٩ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا. لە ساڵی ٢٠١٢ دا خەرجی ناوەخۆی بۆ رادەی ٢,٩ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز بووەتەوە، بۆیە هەناردەی دەرەکی بە رادەی یەك لەسەر چوار واتە لە ٨,١ ملیۆن بەرمیل بۆ ٧,١ ملیۆن کەمبووەتەوە. بە شێوەیەکی تیۆری ئەگەر ئەو ئاراستەیە

بەردەوام بێت لە ساڵی ٢٠٢٦ دا ئاستی هەناردە و خەرجی ناوەخۆی بە ٥ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرابەر دەکرێت. بۆیە لێتۆژان پێیان وایە درێژەدان بەو سیاسەتە وا پێشبینی دەکرێت لە دوای ساڵی ٢٠٣٨ عەرەبستانی سعودیا لە وڵاتی هەناردەکارەوە ببێتە هاوردەکار و لە ساڵی ٢٠٤٥ دا ناچار دەبێت، کە رۆژانە ٦ ملیۆن بەرمیل نەوت بۆ پێداویستییەکانی ناوەخۆی هاوردە بکات و ئاستی بەکاربردنی دەگاتە ١٦ ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا. لە عەرەبستانی سعودیادا هەر ١٠٠٠ کەس ٢٣٠ کەس خاوەنی ئۆتۆمۆبیلن، هەروەها نەوتێکی یەکجار زۆر بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی کارەبا بەکار دەهێندرێت، لەو ١٠ ساڵەی دواییدا توانای بەرهەمهێنانی کارەبا دوو بەرابەر کراوە، کە لە ٥٢٪ ئەو خەرجییانە بۆ بەکارخستنی سپلیت بەکار دەهێندرێت. کورتهێنانی بودجە لە بەردەوامیدایە. بەپێی ئامارە فەرمییەکان لە ١١٪ و نافەرمییەکانیش لە ٣٠٪ دانیشتوان بێکارن. سیاسەتی ناوەخۆی بە سیاسەتی نەوت بەستراوەتەوە، عەرەبستانی سعودیا تاکە وڵات نییە، کە ئەو دیاردانەی تێدا بەبڵاوە.

**پسپۆرانی رووسیایی باسی پێکهێنانی لەشکرێکی یەکگرتووی عارەبان هاوشێوەی ناتۆ دەکەن:**

**بەپێی بۆچوونی بەشێك لە پسپۆرانی رووسیایی نها وڵاتانی عارەبی ئامادەیی پێکهێنانی لەشکرێکی یەکگرتووی عارەبییان تێدا نییە. چونکە لە ڕووی ئابووری - سیاسی ناکۆکیان زۆرە. بەو پێیەی دابەشبوونەتە سەر دوو بەرەدا، واتە بەرەی سعودیا و قەتەر، وڵاتانی وەکو ئیسرائیل، تورکیا، ئێران و ئەمریکاش ترسیان لە پێکهێنانی لەشکرێکی هاوبەشی عارەبان هەیە. ئەو دەمەی جێگری ئەبوزەبی لەگەڵ پوتین کۆبووەتەوە باسی پێکهێنانی سیستەمی بەرگری لە کەنداودا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و داعشیان کردووە، بەڵام عەرەبستانی سعودیا دژی بەشداری راستەوخۆی رووسیا و ئێرانە.**

رۆژنامەی نیزەڤیسیمایا گازێتا لە ٢٧-٨-٢٠١٥ دا باسی چەندین بۆچوونی پسپۆرانی رووسیایی دەکات: وڵاتانی عارەبی ئێستە ئامادەیی پێکهێنانی لەشکرێکی هاوبەشیان نییە، کە تەواوی وڵاتانی عارەبان لەخۆ بگرێت، چونکە ئەو وڵاتانە بەسەر بەرەی سعودیا و قەتەر دابەش بوونە، وڵاتانی سونی وەکو سنیگال و پاکستانیش پێیان

خۆش نییـە، کـە دەسـتێوەردان لـەنێو وڵاتـانی موسـڵماندا بکـەن و ببنـە لایـەنێکی مەترسیدار. هەرچەندە لـە کۆبوونـەوەی قـاهیرە باسـی لەشـکرێکی ٤٠ هـەزار کەسـی کراوە، ئەگەر ئەو لەشکرە دەست بـە چالاکی بکـات یەکـەم ئـەرکی چارەسـەرکردنی کێشەی لیبیا و ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتی ئیسـلامی دەبێـت، لەوانەیـە بەشـداری لـە شەڕدا نەکەن، بەڵام چەك بدەنە حکومەتی دانپێنراوی لیبیـا یـاخۆ بەشـێوەی هاوبـەش لەگـەڵ هاوپەیمانانـدا بەشـداری بکـەن، لـە هەلومـەرجی پێکهێنـانی ئـەو لەشـکرە هاوبەشەدا وڵاتانی عارەبی دەتوانن، کە هاوکـاری لەگـەڵ ناتۆشـدا بکـەن. یـەکێك لـە پسپۆرانی دیکە بە نـاوی ئیگنـاتێنکۆ دەڵێـت: کـە سـعودیا زۆر هیـوای بـە ئـەمریکا نەماوە و پێی وایە، کە پشتی لێکردووە و زیاتر بەلای ئێراندا دەشکێتەوە، ئەمریکاش باش ئاگاداری ناکۆکی ناو وڵاتانی عارەبییە و باش دەزانێت، کە وڵاتانی وەکو قەتـەر، ئیمارات و عەمان زیاتر لایەنگری ئەمریکان و ئامادەن، کە پێڕەوی لە سیاسـەتەکانی بکەن.

**توركيا:**

پێوەندییەکانی رووسیا و تورکیا بۆ چەندین سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر دووردرێژ ئەو پێوەندییانە بە شێوەی جۆراوجۆر بوون هەم کێبەرکێ، هەمیش شەڕ لەسەر باڵکان، قەفقاز، دەریای رەش و دەریای ناوەڕاست بوون. پێوەندییەکانی رووسیا و تورکیا لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و نەمانی سنووری هاوبەش بەرەو باشی چوون، بۆیە چەندان بەرژەوەندی هاوبەشی ئابووری و جیۆپۆلیتیکی کەوتووەتە نێوانیان. لە دوای ساڵی ١٩٩٤ دا کێشە و گرفتی تێپەڕینی کەشتییەکانی رووسیایی لە گوزەرگەی بوسفۆر لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هاتنە پێشێ، ئەویش لەبەرئەوە بوون رووسیا پێداگری دەکرد، کە هەناردەی نەوتی ئازەربایجان و کازاخستان لە سەرەتادا بۆ شاری نوڤوروسیسك لە رووسیا ئەنجام بدرێت، دواتریش بە رێگەی کەشتی بۆ تورکیا بگوازرێنەوە، بەڵام ئازەربایجان و تورکیا پێداگرییان دەکرد، کە هێڵی نەوتی باکۆ - جەیهان چێ بکرێت و راستەوخۆ نەوت هەناردە بکرێت. هەروەها پرۆژەی پانتۆرکیزم و یەکگرتنی گەلانی تۆرانی، کە تورکیا دەیوت پێویستە گەلانی هاووڵاتی رووسیا وەکو چیچانی، تاتار، چێرکێس، کۆمێك، نۆگایسەکان، ئینگۆشی، ئاڤارەکان، کە گەلانی وڵاتانی تورکەمەنستان و ئۆزبەکستان و کرکیزستان و ئویگۆری چینی هەموویان یەك بگرن و وڵاتێکی هاوبەش دابمەزرێنن، ئەو پروپاگەندانە بوونە مایەی تووڕەبوونی رووسیا و دەستێوەردان یاخۆ چاوەدێری پتری تورکیا لەو ناوچانەدا.

تورکیاش لە ڕووی سوپاییەوە مەترسی لە رووسیا هەیە، چونکە چەندین بنکەی سوپای رووسیایی لەسەر سنووری تورکیا لە ئەرمەنستان و گورجستانیش (لە چەند ساڵ پێشدا) و لە قەفقازدا هەن. هەڵوێستی رووسیا لەسەر پرسی قوبرسیش جیاوازە، رووسیا زیاتر لایەنگری لە یۆنان دەکات، لە پاش فرۆشتنی رۆکێتی مودێرنی دوورهاوێژ بە قوبرس ئەو پێوەندییانە ئاڵۆزی زیاتریان بەخۆوە بینی. ماوەیەك بوو، کە پرسی کورد لەلایەن رووسیا و پرسی چیچانیش لەلایەن تورکیاوە وەك کارتی فشار بەکاردەهێندرا، بەڵام ئێستە رووسیا کێشەی کورد لە تورکیا بە کێشەیەکی ناوەخۆی دەزانێت، تورکیاش بە شێوەیەکی فەرمی دان بەوە دەنێت، کە چیچان بەشێکە لە

رووسیا هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە چیچانییەکان لـە تورکیـادان و بریندارەکانیشـیان هەر لەوێندەر چارەسەریان بۆ دەکرێت.

پرۆژەی هەناردەی گاز، کە بە (تەوژمی تورکیـا یـاخۆ تـەوژمی شـین) بەناوبانگـە یەکێکە لە پرۆژە هەرەگەورەکانی پلانکراوی نێوان ئەو دوو وڵاتە و بڕیارە، کـە تورکیـا بایی ٣٠ ملیارد دۆلار مەتر سێجا گازی رووسیا بکڕێت.

**ئەمڕۆ پێوەندییەکانی رووسیا و تورکیا زیاتر لە پێوەنـدیی تـاکتیکی - ئـابووری دەچن، چونکە لە ڕووی سیاسییەوە چەندین ناکۆکی زەق لە نێوانیاندا هەن، لە ڕووی قەبارەی هەناردەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا رووسیا نێزیکەی لە ٨٠٪ هەناردە دەکات و تورکیا تەنیا لە ٢٠٪، بەڵام ساڵانە نێزیکەی ٢ ملیۆن توریستی رووسیایی سەردانی تورکیا دەکەن. ئەگەر تورکیا ناچار ببێت، کە خـۆی لـە ئـەمریکا و ڕۆژئـاوا نێزیـك بکاتەوە ئەوا ناچارە، کە لە رووسیا دوور بکەوێتەوە. تورکیـا دەیـەوێت، کـە گـازی رووسیایی بە نرخێکی داشکاوی زۆر بکڕێت و بە خۆی دووبارە بیفرۆشێتەوە و ببێتـە گەورەترین هەناردەکاری گاز لە ئەوروپا، لە لایەکی دیکەیشەوە دەیەوێت، کە گـازی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستیش بە ڕێگەی خۆیەوە هەناردە بکرێت. ڕۆژئـاوا و نـاتۆ بـە ڕێگەی تورکیاوە دەتوانن، کە کاریگەری بەسەر دەریای رەش، دەریای خەزەر، ئاسیای ناوەڕاست و قەفقازدا چێ بکەن، بەو ڕێگەیەوە پەرە بـە بەرژەوەندییـەکانی ئـابووری خۆیان بدەن، رووسیاش بە ڕێگەی تورکیاوە دەتوانێت، کە کاریگەری بەسەر ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناتۆدا هەبێت و نەکەوێتە ناو گۆشەگیریدا، هەروەها نـەوت و گازیش هەناردە بکات. لە رووی سیاسییەوە بە تایبەتی لەسەر کێشەی کریم، ئێران، سوریا و هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهـەڵات ناکۆکییـان زۆرە، هـەر لـەم ماوەیـەدا کۆنفرانسێك بۆ گەڕانەوەی کریم لە ئەنقەرە بە بەشداری لایەنەکانی ئۆکرایینایی و تاتار و جێگری سەرۆك وەزیران نەعمان کورتوڵمۆش بەڕێوە چوو.**

**پێوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان رووسیا و تورکیا:**

تورکیا بۆ رووسیا و یـەکێتیی ئـەوروپا گرینگییـەکی گـەورەی هەیـە، ئـەوروپا بـە ڕێگـەی تورکیـاوە دەتوانێـت، کـە کاریگـەری بەسـەر دەریـای رەش، دەریـای خـەزەر،

ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز دا چێ بکات و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی پەرەپێبدات و دەستی بگاتە سەرچاوە سروشتییەکان و وزەی ئازەربایجان و ولاتانی ئاسیای ناوەڕاست، هەروەها رووسیاش لە ڕێگەی تورکیاوە دەتوانێت، کە کاریگەری بەسەر ئەوروپا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و ناتۆدا هەبێت. بۆ جاری یەکەم لە ئاستی هەرەبەرزدا پێوەندییەکانی نێوان رووسیا و تورکیا بە سەردانی پوتین لە سالی ٢٠٠٤ دەستیانپێکرد و لە سالی ٢٠١٠ دا کۆمیتەیەك بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکان بە ناوی ئەنجومەنی هاوکاری لە ئاستی هەرەبەرزداپێکهات، کە هەردوو سەرۆك وەزیرانی تورکیا و رووسیا راستەوخۆ سەرپەرشتی ئەو ئەنجومەنە دەکەن، لایەنەکان کۆبوونەوەی لووتکەی سالانە بە بەشداری وەزیرانی ئابووری، دەرەوە و وزە و ترانسپۆرت بەڕێوە دەبەن. لە دواین ساتدا بە شێوەیەکی زۆر کراوە لایەنەکان باسی چەندان بابەتی هابەش و ناکۆکی لەسەر وەکو کێشەکانی هەرێمی قەفقاز، ئاسیای ناوەڕاست، بالکان، سوریا و ئێرانیان کرد، لە ڕووی سیاسەتی دەرەوەدا لایەنەکان لە هەندێ رووە ناکۆك بوون، بەلام بەردەوامی هاوکاری هەرێمی ستراتیجی نێوان رووسیا و تورکیا بۆ سەقامگیری هەرێمی بە پێویست زانرا. تورکیا بانگێشتی رێکخراوی هاوکاری شەنگهای کرد، کە ئێستە وەکو هاوبەشی دانوستاندنەکانی هاوکاری شەنگهای وەرگیراوە. هەر لە ئەنجامی ئەو نێزیکبوونەوانەدا پسپۆری ئینستیتوتی پێوەندییە ئابووری و سیاسییە نێودەولەتییەکانی سەربە وەزارەتی دەرەوەی رووسیا یۆلیا کۆدریاشۆڤە لە پەڕتووکێکدا لە سالی ٢٠١٢ بەناوی (چالاککردنی پێوەندییەکانی رووسیا و تورکیا: بنەما و پێشبینییەکان ) لە لاپەڕە ٣٨ دا دەلێت: کە لە **"ئەنجامی واژۆی چەندان رێکەوتننامەی هەمەلایەنە لە نێوان لایەنەکاندا، رووسیا دەستی لە پشتیوانی پارتی کرێکارانی کوردستان هەلگرتووە، حکومەتی رووسیاش لەو بڕوایەدایە، کە هەلومەرجی دیموکراتی بۆ بەدیهێنانی مافی کورد لە تورکیادا رەخسێندراون، هەرچەندە تورکیا بە بەردەوامی هەولْ دەدات، کە رووسیا پارتی کرێکارانی کوردستان وەکو هێزێکی تیرۆریستی بە فەرمی بناسێنێت، بەلام رووسیا نەچووەتە ژێر باری ئەو بڕیارەدا. هەر بەپێی نووسینەکانی کۆدرایاشۆڤە هیچ نوێنەرایەتییەکی کوردانی تورکیا لە رووسیا بوونی نییە. رووسیا و تورکیا مەترسی ئەنجامدانی چالاکی تیرۆریستانەیان**

لەسەر تەقاندنەوەی بۆڕی نەوتی سامسۆن - جەیهان هەیە، بڕیارە، کە بە هاوبەشی لەگەڵ کازاخستان و رووسیادا بە ڕێگەی دەریای رەشەوە بۆ دەریای ناوەڕاست نەوت رەوانە بکرێت. رووسیا پێشنیاز بۆ تورکیا دەکات، کە گرووپێکی تایبەت بۆ پاراستنی ئەو هێڵە نەوتە دابین بکرێت".

**خاڵە ناکۆك و هاوبەشەکانی نێوان رووسیا و تورکیا:**

- **پەرەسەندنی کاریگەری تورکیا:** لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، لەبەر هۆکارەکانی ئیتنیکی، ئاینی و کولتووری تورکیا توانی، کە پێوەندییەکانی لەگەڵ ولاتانی ئاسیای ناوەڕاست و ئازەربایجان و کۆماری ئۆتۆنۆمی داگستانیش پەرەپێبدات، هەروەها بە رێگەی چەندین رێکخراوی ناحکومی وەکو (نورجولار)، کە رێکخراوێکە هەڵگری بیروڕای ئاتاتورکە و چەند رێکخراوی دیکەی ئاینی هەوڵی بەرفرەوانکردنی کاریگەری خۆی لەو ولاتانە و رووسیادا دەدات، ئەو پەرەسەندنانە بوونەتە مایەی نیگەرانی بۆ رووسیا.
- **مەترسی و هەڕەشەکان:** پێوەندییەکانی رووسیا لەگەڵ جۆرجیا هەر لە دوای جیابوونەوەی دوو هەرێمی ئۆتۆنۆمی ئۆسیتیای باشوور و ئابخازیا ئالۆزی و مەترسی زیاتریان لە هەرێمی قەفقازدا هێناوەتە دی. لە هەمبەر ئەو مەترسیانەدا رووسیا هێزی سوپایی خۆی لەناو ئەرمەنستاندا جێگیر کردووە، لە قەیرانی قەفقازیای ساڵی ٢٠٠٨ی نێوان رووسیا و جۆرجیادا تورکیا رۆڵی بێ لایەنی نیشاندا و لە جیاتی ئەمریکا ئامادەیی خۆی بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی قەفقاز دەربڕی.
- **رۆڵی تورکیا لە سەقامگیریدا:** لە سەفەری لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوی رووسیا بۆ تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٨ دا تورکیا بەڵێنی پێدابوو، کە رێگە بە هیچ کەشتییەکی جەنگی دیکە، جگە لە ولاتانی کەناری دەریای رەش نادەن، کە بە رێگەی گوزەرگەی بوسفۆرەوە بکەونە ناو ئەو دەریایە. لەپاش تێکچوونی هاوسەنگی و رووداوەکانی نێوان رووسیا و ئۆکراینا و داگیرکردنی کریم لە لایەن رووسیاوە ئەو سەقامگیرییە لە دەریای رەشدا تێك چووە، لە ساڵی ٢٠١٥ دا میدیاکانی جیهان و رووسیایی چەندین جار باسی هاتنی کەشتی جەنگی ئەمریکا و فەرەنسەیان بە رێگەی گوزەرگەی بوسفۆر کردووە، کە توانای هەڵگرتنی رۆکێتی کیشوەربڕیان هەیە.
- **پرسی وزە:** بۆڕی نەوتی باکۆ - تبیلیسییا - جەیهان: بە لای تورکیاوە گرینگی ترانزیت و دەرامەتێکی جێگیرە و بایەخی سیاسی هەیە، چونکە هەر بە رێگەی

ئەو بۆرییەوە تورکیا دەستی دەگاتە سەر سامانی دەریای خەزەریش. پسپۆرانی رووسیایی لەو بڕوایەدان، کە بە بێ هەماهەنگی لەگەڵ رووسیادا جێبەجێکردنی ئەو پلانانە ئەستەمە.

- لەم سالانەی دواییدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەرەنسا زۆر پێداگری لەسەر باسی بە فەرمی ناسینی جینۆسایدی ئەرمەنییەکان دەکەن و لەوانەیە بەشێك لەو هەولانە بۆ رێگرکردنی تورکیا لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نێودەولەتی سەربەخۆییانە بگەڕێتەوە.
- **بەرژەوەندی هاوبەش لە قەفقازدا:** تورکیا لەگەڵ رووسیادا هاوڕایە، کە هیچ هێزێکی دیکەی ناقەفقازی بەشداری لە چارەسەری ئەو کێشە هەرێمیانەدا نەکەن. پسپۆرانی رووسیایی لەو بڕوایەدان، کە لەو رووەوە دەتواندرێت، کە هاوپەیمانییەکی سنووردار لە نێوان رووسیا و تورکیادا چێ بکرێت، بەلام یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکا دژی ئەو نێزیکبوونەوەیە دەوەستن.
- **هەڵوێستی دوو لایەنەی تورکیا:** چەند ساڵ بەر لە ئێستە رووسیا زۆر بە ئەرێنییانە چاوی لە دوورکەوتنەوەی تورکیا لە ناتۆدا دەبڕی، بەلام پێشبینی ئەوەش دەکرا، کە ئەگەر تێهەڵچوونەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ئالۆزیان تێبکەوێت تورکیا ناچارە جارێکی لە ناتۆ و رۆژئاوا نێزیك ببێتەوە، هەروەکو چۆن ئەمڕۆ دەیبینین، کە رووداوەکان بەو ئاراستەیە دەچن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانیش تورکیا ناچارە ،کە هاوکاری لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بکات و بنکەی سوپایی خۆی بۆ ئەمریکا بخاتە سەر پشت.
- **مەترسی رووسیا:** رووسیا ترسی لە تێکچوونی بالانس لەبارەی دامەزراندنی رۆکێتی بەرگری مووشەکی ( Missile defense ) ئەمریکایی لە تورکیادا هەیە. دامەزراندنی راداری ئەمریکایی لە کورێچیکێی تورکیادا رووسیا بە مەترسی بۆ سەر خۆی دەبینێت، هەرچەندە تورکیا ئەو رادارە بۆ بەرگری خۆی لە ئێران بەکار دەهێنێت، بەلام پسپۆرانی سوپایی رووسیا دەڵێن: بە کەمێك گۆڕانکاریی لە پرۆگرامی ئەو سیستەمەدا دەتواندرێت، کە لە ئاراستەی ئێرانەوە بەرەو رووسیا بگۆڕێت و توانای دەستنیشانکردنی هەڵدانی رۆکێتی کیشوەربڕی

رووسیایی هەر لە بنکەوە دەبێت و دەتوانن، کە بەر لە هەڵدان هەر لەسەر سەکۆکانی خۆیانەوە لەناوی ببەن. بە دامەزراندنی راداری لەو شێوەیە باڵانسی هێز دەگۆڕدرێت و تواناکانی بەرگری رووسیا نامێنن، بۆیە سەرۆك کۆماری رووسیا لە ساڵی ٢٠٠٩ لە سایتی فەرمی کریملین دا دەڵێت: ئێمە دەتوانین، کە رۆکێتی خۆمان لە سنوورەکانی باشووری نێزیك جۆرجیا و تورکیای هاوپەیمانی ناتۆدا جێگیر بکەین
( en.kremlin.ru/events/president/news/13637 )

- **ئەگەری بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپادا:** ئەگەر تورکیا وەکو ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپادا وەربگیرێت زۆر پێوەندی ئابووری و سیاسی لە نێوان رووسیا و تورکیا تێکدەچن و تورکیا دەبێ سیاسەتە نێودەوڵەتی و ناوەخۆییەکانی خۆی لەسەر زۆر پرسدا بە هاوشێوە و هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی ئەو یەکێتییە رێك بخاتەوە، پرسی هەرە گرینگ بۆ رووسیا هەناردەی وزەیە، کە تورکیا ناچار دەبێت، کە پابەندی رێنوێنییەکانی کەمکردنەوەی نرخی نەوت بێت و گومرك لەسەر کاڵاکانی رووسیادا زیاد بکات، لە ئەنجامی ئەو بەئەندامبوونەی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا زیان بە پێوەندییەکانی رووسیا و تورکیا دەگەن.

**قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی:**

رووسیا لە ٦٠٪ گاز و لە ٢٠٪ نەوتی خاوی تورکیا دابین دەکات و بە یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکان دێتە ناسین بۆ ئەو وڵاتە. لە ساڵی ٢٠١٣ گازپرۆم بە رێژەی ٢٦,٦ ملیارد مەتر سێجا گازی بە رێگەی بۆڕی گازی (تەوژمی شین — کە لەژێر ئاوەکانی دەریای رەشەوە بەرەو سنوورەکانی ئاسیایی تورکیادا راکێشراوە)، ئەویدیکەیش بە رێگەی ئۆکراینا - ترانس باڵکان رەوانە دەکات. بەپێی ئامارە فەرمییە خزمەتگوزارییەکانی گومرکی فیدراڵ ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان رووسیا - تورکیا لە ساڵی ٢٠١٣ دا بە رێژەی لە ٣٢,٧ ملیارد $ بووە. تورکیا لە ریزبەندی حەوتەمی بازرگانی دەرەکی رووسیادا جێدەگرێت و لە ٣,٩٪ ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەرەکی رووسیا پێك دەهێنێت.

**بۆچی تا ئێستە پرۆژەی (تەوژمی تورکیا) جێبەجێنەکراوە:**

هاوکات لەگەڵ هێڵی گازی (تەوژمی شین ) بڕیاربوو، کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ هێڵێکی دیکەی گاز بە ناوی (تەوژمی تورکیا) دەست بەهەناردەی گاز بۆ تورکیا بکات، لەوێشەوە وەکو ترانزێت رەوانەی ئەوروپا بکرێت، بەڵام ئەوە چەند ساڵی بەسەردا تێپەڕیووە، جگە لە کۆنتراکتی خواستن نەبێت گرێبەستی دیکە واژۆ نەکراوە، بە بەردەوامی باس لە دواکەوتن و کاتی دەستپێکردنی راکێشانی هێڵەکە دەکرێت، لە لایەکەوە تورکیا داوای داشکانی پتر دەکات و رووسیاش دەڵێت: کە تا ١٠٪ داشکانمان ئەنجامداوە، تورکیا دەڵێت: پێویستە لە سەرەتادا پەیماننامەی وزەی تەناهیی ئەورووپایی واژۆ بکرێت، پاشان دەست بە راکێشانی بکرێت، هەندێ لایەن ئەو پرسە بۆ هۆکاری ناوەخۆی تورکیا دەگەڕێننەوە. بەر لە پرۆژەی تەوژمی تورکیا پرۆژەی راکێشانی هێڵێك بە ناوی (تەوژمی باشوور) لە ئارادا بوو، کە لە کەنارەکانی دەریای رەشی سنووری رووسیا دەستیپێدەکرد و لەژێر دەریاوە بۆ بولگارستان، ئینجا بۆ وڵاتانی دیکەی ئەوروپا هەناردە دەکرد، لەبەر ناکۆکییە سیاسی و تێکچوونی پێوەندییەکانی رووسیا و ئۆکراینا و یەکێتیی ئەوروپا هەموو وڵاتانی ئەندامی ناچار کرد، کە لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە پەشیمان ببنەوە، هەرچەندە رووسیا تێچوونی زۆریشی کرد و دەستی بە راکێشانی ئەو هێڵە کرد. لەم هەلومەرجەدا رووسیا ڕووبەڕووی کێشەی هەناردەکردنی گاز بۆ ئەوروپا و تورکیا بووەتەوە. وەکو دیارە تورکیا پێی خۆشە، کە رووسیا تا ٢٠٪ داشکانی بۆ بکات، ئینجا تورکیا دووبارە بە بێ رووسیا خۆی گاز هەناردەی ئەوروپا بکات. لەهەمانکاتدا تورکیا هەوڵ دەدات، کە هێڵی گازی تورکمەنستان - ئازەربایجان - جۆرجیا و تورکیاش بە هەموو تواناکانییەوە بخاتە گەڕ و ئەو وڵاتە ببێتە گەورەترین هەناردەکاری وزە. تورکیا خوازیارە ئەوروپا پابەندی سیاسەتی خۆی بێت و بە خواستی خۆی یاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بکات.

لەو هەلومەرجەدا رووسیا ناچارە، کە گاز جگە لە ئۆکراینا بە ڕێگەی تورکیاشدا هەناردە بکات، بەڵام تا ئێستە نرخەکە بەدڵی تورکیا نییە. هەندێ لە کەسایەتییە

سیاسییەکانی رووسیا لەو بڕوایەدان، کە ئەو پرسە لە نێوان بەرپرسە باڵاکانی هەردوو حکومەتدا دێتە چارەسەرکردن.

ئەمڕۆ پێوەندییەکانی رووسیا و تورکیا زیاتر لە پێوەندی تاکتیکی - ئابووری دەچن، چونکە لە ڕووی سیاسییەوە چەندین ناکۆکی زەق لە نێوانیاندا هەن، بەڵام تا ئێستە بە تولێرانتەوە سەوداییان لەگەڵ پرسەکان کردووە، بەشێك لە بیزنسمانانی رووسیا و بەرپرسانی حکومەت، کە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بیزنس لەگەڵ تورکیادا دەکەن بەرژەوەندیان لەو پەرەسەندنانەدا هەیە، لە ڕووی ترانزێتی وزەوە تورکیا بایەخی هەیە. لە ڕووی سیاسیشەوە هەردوو لایەن لە سەوداکارییان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەیانەوێت کەڵك لە هەڵوێستی یەکدیی وەربگرن. تورکیا توانای کاریگەری بەسەر باشووری قەفقاز و ئەفغانستاندا هەیە. بۆ ئەوەی رووسیا پتر ڕووبەڕووی گۆشەگیری جیهانی نەبێت و کاریگەری بەسەر ناتۆ و ڕۆژئاوادا هەبێت پێویستی بە راگرتنی هاوسەنگی پێوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا هەیە.

## چەندان ناکۆکی دیکەی نێوان رووسیا و تورکیا:

لەسەر چۆنییەتی چارەسەرکردنیی کێشەی سوریا، رووسیا زیاتر لە ئێران و حکومەتی سوریا و عێراق و کوردان نێزیك دەبێتەوە، کە لێرەدا پرسێك دێتە پێشەوە ئاخۆ لەو رووەوە رووسیا و ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانن زمانی هاوبەش لەگەڵ ئۆردوگان ببیننەوە، ئایا پێکەوە دەتوانن ڕووبەڕووی دەوڵەتی ئیسلامی و حکومەتەکەی ئەسەد ببنەوە یاخۆ ئێران ئەو توانایەی دەبێت، کە رووسیاش لەگەڵ خۆی بکاتە هاوپەیمان. تا رادەیەکی زۆر چارەنووس و ئاراستەی تورکیا بەو هاوپەیمانیانە و پەرەگرتنانەوە بەستراوەتەوە، بۆیە ئەگەر ئۆردوگان توانای نێزیکبوونەوەی زیاتری لەگەڵ ئەمریکا نەبێت، ئەوە دووبارە لەگەڵ رووسیا باسی دۆستایەتیی مێژوویی دەکات و هەوڵ دەدات، کە خۆی لێنێزیك بکاتەوە، ئەگەر رووداوەکان بە پێچەوانەوە بکەونەوە، ئەوا تورکیا رۆژ لە دوای رۆژ لە رووسیا دووردەکەوێتەوە.

بابەتی راکێشانی بۆڕی گاز لە نێوان رووسیا و تورکیا، کە بە ناوی (تەوژمی تورکیا) ناوبانگی دەرکردووە، بووەتە مایەی مشتومڕێکی زۆری ئەورووپایی و جیهان. تا ئێستە لە نێوان تورکیا و رووسیادا هیچ رێکەوتنێکی دیارکراوی کاتی بۆ راکێشانی گاز بەناوی تەوژمی تورکیا دیارنەکراوە، لە لایەکی دیکەیشەوە وڵاتانی ئەورووپاییش لەبارەی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە تەمومژییەکیان پێوە دیارە، تورکیاش بۆ ئەو پرۆژەیە هیچ پەلەی نییە، بۆیە جارێکی دیکەیش دەرفەتی گفتوگۆی زیاتر لەبارەی نرخەوە دەڕەخسێندرێت. پرسی ئەوەی ئایا بە چەند لقەوە ئەو بۆڕییە گازانە بۆ تورکیا رادەکێشرێن نادریارە، لە ڕووی یاسایشەوە تا ئێستە هیچ بەرپرسیارەتییەك لە نێوان لایەنەکاندا نییە، بەڵام پسپۆران پێیان وایە، کە ئەوروپا پێویستی بە ٢٥ بۆ لە ٣٠٪ گازی رووسیا هەیە.

پێوەندییەکانی رووسیا و تورکیا لە ئاستێکی زۆر بەرزدان و ئاڵوگۆڕی کاڵا لە ساڵی ٢٠١٤ دا بە رێژەی ٣١,١ ملیارد $ بووە، کە تورکیا لە ڕیزبەندی شەشەمدایە، لە ڕووی هەناردەی رووسیاش لە ریزبەندی پێنجەدا بووە، بۆ گازپرۆم بازاڕی تورکیا لە پاش ئەڵمانیا دووەمینە. رووسیا تا ساڵی ٢٠٢٠ چەندان وێستگەی ئەتۆمی بایی ٢٢ ملیارد $ بۆ تورکیا چێ دەکات. تورکیا بۆ توریستانی رووسیایی لە ریزی دووەم لە پاش فینلەندادایە، لە ساڵی ٢٠١٤دا ٤,٣٨ ملیۆن کەس سەردانی ئەو تورکیایان کردووە، ٣٦١ هەزار تورکیاییش سەردانی رووسیایان کردووە، رووسەکان ٥٧٠٠ خانوویان لە ئالانیای تورکیا کڕیووە. بەپێی رێکەوتنەکان هەردوو وڵات بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ دەیانەوێت، کە ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بگەیەننە ١٠٠ ملیارد $، لە ڕووی سوپایشەوە بەرپرسانی تورکیا دەڵێن، کە وڵاتەکەیان لە ڕووی کڕینی سیستەمی دژە رۆکێتی رووسیا دەتوانێت، کە چاوخشانەوە بکات، بە مەرجێك ئەگەر کوالێتی ئەو سیستەمەیە باشتر بکرێت.

**لۆکیانۆڤ: ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا پرۆژەی گازی (تەوژمی تورکیایان) ڕاگرتووە:**

- سەرۆکی ئەنجومەنی بەرگری و دەرەوەی سەربە وەزارەتی دەرەوە (لۆکیانۆڤ) دەڵێت: لەبەر کێشەی ڕۆژهەڵاتی تورکیا و تێهەڵچوونەکانی تورکیا لەگەڵ کوردان، تورکیا حەز و خولیای چێکردنی تەوژمی تورکیای نییە و پەلەشی لە بەئەنجامگەیاندنی ئەو پرۆژە نییە.
- وەکو دیارە پرۆژەی تەوژمی تورکیا بەستراوەتەوە بە بڕیاری حکومەتی داهاتووی تورکیا، ئێستە تورکیا تەنیا یەك هێڵی گازی دەوێت، هەرچەندە باسی سێ هێڵی گاز دەکرا وەکو دەڵێن کێشەکە لەسەر نرخە، بەڵام کێشەی سەرەکی حکومەتی داهاتووە و بۆیە تا پایز ئەو پرۆژەیە ڕادەگیرێت.
- لەبەر دابەزینی نرخی لیرە ئەو پرۆژەیە بۆ کۆمپانیای ( Botas ) سوودمەند نییە. هەناردەی تورکیا بۆ بالکان بە ڕێژەی لە ٧٪ کەمیکردووە.

( http://www.kommersant.ru/doc/2781173 )

**ئێران:**

**بەرئەنجامەکانی هەڵگرتنی ئابلۆقە لەسەر ئێران و پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا و جیهاندا:**

ئێران لە ڕووی پێگەی سوپایی - ستراتیجی دەکەوێتە شوێنێکی گرینگ وەکو وڵاتێکی ناوەندی ڕۆژهەڵاتی، قەفقازی و ئاسیای ناوەڕاست و دەریای خەزەر دەناسرێت. هەموو ڕووداوە هەرێمیە چارەنووسسازەکان کاریگەریان بەسەر ئەو وڵاتەدا هەیە، لە ڕوانگەی ڕووسیاوە بەشێك لە چارەسەری کێشە نەتەوەیی، ئاینی، هەرێمی و ڕادیکاڵی و تێهەڵچوونەکانی ئابووری و سوپایی، کێشەی مادە هۆشبەرەکان، کێشەی کۆچکردن و تیرۆریزمیش پێوەندییان بە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هەیە. ڕووسیا دەیەوێت لە ڕووی نێودەوڵەتیدا کاریگەری بەسەر سیاسەتی ئێراندا هەبێت و وەکو هاوسەنگییەك لە سەوداکارییەکانیدا لەگەڵ ڕۆژئاوا و وڵاتانی عارەبیدا بەکاری بهێنێت. ئێران ڕۆڵێکی گرینگی لە پێشکەوتنەکانی وڵاتانی ئاسیایی و ڕۆژئاوادا لە

ڕووی دابینکردنـی سەرچـاوە سروشـتییەکانی گـاز ونـەوت و هاتوچـۆدا هەیـە. ئێـران خاوەنی یەکێك لە گەورەترین سوپای جیهانە، کە ژمـارەی چـەکدارانی لـە نێـوان ٥٤٠ هەزار بۆ ٩٠٠ هەزار کـەس مـەزەنـدە دەکرێـت. زیـاتر لـە ٤٠ ٪ی هـەناردەی نـەوتی جیهان، کە بە ڕێگەی دەریاوە هەناردە دەکرێـت بـە گوزەرگـەی هـورمزدا تێدەپـەڕێت. بەپێی بۆچوونی دەسەڵاتدارانی رووسیایی، ئێران توانای پێشگیری پەرەسەندنەکانی ناتۆ و ئەمریکا و تیرۆریزمی لە سنوورەکانی باشـوور و قـەفقاز و دەریـای خـەزەردا هەیـە. کێبـەرکێی مێـژووی لـە نێـوان رووسـیا و ئێـران لەسـەر کاریگـەریان بەسـەر هـەرێمی قەفقازدا جێگەی خۆی بـە هاوکـاری دوو لایەنـە و ڕووبەڕووبوونـەوەی مـەترسـییەکانی وەکو پەرەسـەندنی شۆڕشـەکانی ڕەنگـاوڕەنگ و تیرۆریزمـدا گۆڕیوەتـەوە. هەڵوێسـتی ئێران بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئیسلامی لەبارەی کێشەی چیچـان و باشـووری ئۆسـێتیا و تاجیکسـتان جیـاوازە، هـەروەها بۆچـوونەکانی رووسـیا و ئێـران لـەبارەی ئەفغانسـتانیش وەك یـەکن. ئـەو لێکچـوونە و سیاسـەتانەی ئـەو دوو وڵاتـە لـە دوای ڕووخانی یـەکێتیی سـۆڤیەت هاتوونەتـە کایـەوە، ئێسـتە هـەردوو وڵات بـە هاوبەشـی بەربـەرەکانی لەگـەڵ پەرەسـەندنی سیاسـەتی ڕۆژئـاوادا دەکـەن. ئێـران دەیـەوێت، کـە دەستی بگاتە بازاڕی رووسیایی و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست لە هەمبەردا ئێران ڕێگەی کەنداوی فارسی لەبەردەم ئەو وڵاتانەدا کردووەتەوە.

ئـەوەی راسـتی بێـت، کـە لـە هـەموو روویەکـەوە رووسـیا و ئێـران سیاسـەتی هاوبەشیان نییە، بۆ نموونە لە ڕووی قەبارەی بەرهەمهێنانی نـەوت و گـاز و چۆنییەتی هەناردەکردن و کێبەرکێ و ناکۆکیان لەسەر وڵاتانی هاوردەکاری نەوت و گازدا هەیـە، هەروەها کێبەرکێ لەسەر بازاڕەکانی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاسـت و بەشـێك لـە وڵاتـانی سەربەخۆیشدا بەدی دەکرێت. تـا ئێسـتە وڵاتـانی دەریـای خـەزەر نـەیانتوانیوە، کـە کێشـەی خاوەنداریـەتی و چـۆنییەتی کـەڵك وەرگـرتن لەسـەر سـامانی ئـەو دەریایـەدا چارەسەر بکەن، کە ئێران و رووسیا وەکو لایەنی سەرەکی ئەو کێشەیەن.

**گرینگترین بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئێران و رووسیا:**

١- ئێران و رووسیا بە هەموو توانایانەوە هەوڵ دەدەن، کە دووبارە بارودۆخی ئابووری - سیاسیان لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوەخۆیدا ئاسایی بکرێتەوە و بگەڕێنەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کە گرینگترین بابەتی هاوبەشی نێوان ئەو دوو وڵاتەیە.

٢- هەردوو لایەن هاوڕان، کە قەبارەی پێوەندییەکانی ئابووری - بازرگانی و تەکنیکی چەك بەرز بکرێتەوە.

پێوەندییە ئابوورییەکانی نێوان رووسیا و ئێران لەبەر ئابلۆقەی نێودەوڵەتیدا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەوەیان بەخۆوە بینیووە، هۆکاری سەرەکیش بۆ ئابلۆقەی دارایی و بانکی دەگەڕێتەوە، بەپێی ئامارە خزمەتگوزارییەکانی گومرکی رووسیا قەبارەی ئاڵوگۆڕییە بازرگانییەکانی نێوان رووسیا و ئێران لە ساڵی ٢٠١٢دا بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١١ بە رادەی ٣٧,٩٪ کەمبوونەوەی بەخۆوە بینیووە و بریتیبووە لە کۆی ٢,٣٣ ملیارد$. هەناردەی رووسیا بۆ ئێران بە رادەی ٤٤,١٪، کە دەکاتە ١,٩ ملیارد $ کەمبووەتەوە، بە پێچەوانەوە هاوردەی رووسیا لە ئێران بە بڕی ٢١,٩٪ بۆ ٤٢٨,٩ ملیۆن $ بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینی. پشکی ئێران لە قەبارەی ئاڵوگۆڕییە بازرگانییەکانی دەرەوەی رووسیادا لە ساڵی ٢٠١٢ بریتی بووە لە ٠,٤٧٪، وەکو پێدەچێت، کە لە پاش هەڵگرتنی ئابلۆقەی ئابووری هەناردەی رووسیایی بۆ ئێران ڕووبەڕووی رکابەرێکی بەهێز لە لایەن وڵاتانی دیکە ببێتەوە، چونکە رووسیا لە ماوەی رابردوودا نەیتوانیووە، کە پێگەی خۆی بەهێز بکات، بەو پێیەی لەو رووەوە وڵاتی چین زۆر چالاك بووە.

٣- بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە ئاسیای ناوەڕاست و مەترسی چوونە دەرەوەی هێزی هاوپەیمانان لە ئەفغانستاندا.

سەرەڕای ئەوەی، کە رکابەرییەك لەسەر بازاڕی ئاسیای ناوەڕاست لە نێوان زلهێزانی جیهان وەکو ئێران، چین، هیندستان و رووسیا بەدی دەکرێت، بەڵام ئەو وڵاتانە ناچارن،

کە لە بوارەکانی سەقامگیری وزە - پیشەسازی و ئینفراسترۆکتۆریدا یارمەتی یەکدیی بدەن، لە هەمان کاتدا ئەو هاوکارییانە دەبنە هۆی پێشگیریکردن لە پەرەسەندنی تیرۆریزم و بیروبۆچوونی رادیکاڵیدا. پرسی چوونە دەرەوەی هێزی هاوپەیمانان و ئەمریکا لە ئەفغانستان یەکێکە لەو بابەتانەی بووەتە نیگەرانی هاوبەشی نێوان وڵاتانی زلهێزی هەرێمی، بەتایبەتی رووسیا و ئێران زۆر مەترسیان لە بەرئەنجامەکانی پەرەسەندنی لێکەوتنەوەی نەرێیانەی پەرەسەندنی توندڕۆی و هاتنەکایەوەی بزوتنەوەکانی گۆڕانکاردا هەیە، زیاتر لە هەمووان وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست ترسیان لێنیشتووە، لە هەمانکاتدا دەسەڵاتدارانی پایەداری نەگۆڕی ئاسیای ناوەڕاست و رووسیا ئەو مەترسیانە وەکو ئامرازی درێژەدان و بەردەوامبوون و مانەوەیان لە دەسەڵات لە هەمبەر هاووڵاتیانیاندا و لە ئاستی نێودەوڵەتیش بەکار دەهێنن.

٤- بۆچوونی هاوبەش لەبارەی سەقامگیری وڵاتانی باکوری ئەفریقا و کەنداوی فارس.

ئێران و رووسیا لەبارەی رووداوەکانی بەناو بەهاری عارەبان و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی باکوری ئەفریقادا بۆچوونی زۆر نێزیك و هەڵوێستی هاوبەشیان هەبوو. لەسەر پرسی سوریادا ئەو دوو وڵاتە هەڵوێستیان زۆر لەیەکدیی نێزیکە و هەردووکیان یارمەتی حکومەتەکەی ئەسەد دەدەن و لە هەموو بڕیارە نێودەوڵەتییەکانیشدا پشتگیری لە سوریا دەکەن. ئێران چاوەڕێی پشتگیری رووسیای بۆ حوسییەکانی یەمەنیش دەکرد، بەڵام رووسیا نەیدەویست، کە ڕووبەڕووی عەرەبستانی سعودیا و وڵاتانی دیکەی سونی ببێتەوە، لەلایەکی دیکەیشەوە پێگەی بەهێزی ئەوتۆی پێوەندی سیاسیی لەگەڵ حوسییەکانی یەمەندا نییە و هەنگاوەکانیشیان بەسەرکەوتوو نابینێت، لەو پرسەدا زیاتر هەڵوێستی بێلایەنی دەربڕیوە.

٥- چارەسەری ستاتۆی دەریای خەزەر و هاوکاری نێوان وڵاتانی ئەو دەریایە.

گەورەترین بەربەستی پەرەسەندنی پێوەندییەکانی وڵاتانی دەریای خەزەر بۆ نەبوونی ستاتۆیەکی یاسایی - خاوەنداریەتی و چۆنییەتی کەڵك وەرگرتن لە سامانەکانی ئەو

دەریایە دەگەڕێتەوە، هەر هۆکاری ئەو ڕێکنەکەوتنەیە بووەتە هۆی پێکنەهێنانی یەکێتییەکی هاوبەش لە نێوان ئەو وڵاتانەدا، لایەنەکان ئێران بە بەربەستی سەرەکیی دەبینن. لەم ساڵانەیە دواییدا تورکمەنستان زۆر پێداگری لەسەر مافی چێکردنی هێڵی بۆری گازی لەژێر دەریادا دەکرد، بەڵام رووسیا و ئێران پێیان خۆشە، کە گازی تورکمەنستانی بەڕێگەی ئەوانەوە هەنارده بکرێت. چەندین جار کۆبوونەوەی لوتکەی وڵاتانی دەریای خەزەر بەڕێوەچووە، هەموو جارێك بەڵێنی چارەسەرکردن دەدەن، بەڵام تا ئێستە چارەسەری کۆتایی بەهەڵواسراوی ماوەتەوە. رووسیا نایەوێت، کە دەستی ناتۆ و ئەمریکا بگاتە سەر دەریای خەزەر، بۆیە جار جار مانۆری سوپایی دەریایش ئەنجام دەدات و هێزی خۆی پیشان دەدات، لە ڕووی ڕێگریکردن لە لایەنێکی دەرەکی وەکو ناتۆ و ڕۆژئاوا، رووسیا و ئێران هاوڕان.

٦- گرینگی سەقامگیری عێراق، ئەفغانستان و پاکستان.

ئالۆزییە ناوەخۆییەکان و پەرەسەندنی تیرۆریزم لەو وڵاتانەدا کاریگەری راستەوخۆی بەسەر بارودۆخی ئێران و رووسیا و وڵاتانی دیکەی هەرێمایەتیدا هەیە، بۆیە لایەنەکان پەرۆشی بڵاوبوونەوەی سەقامگیرین هەرچەندە بە کردەنی چارەسەری دیارکراویان لە دەستدا نییە، بە پێچەوانەوە زۆر جار هۆکاری پەرەسەندنی ئالۆزییەکانن و رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەبەرزتر لە هەنگاوە پێویستییەکانی چارەسەری دەبینن. ئێران هەوڵ دەدات، کە ببێتە ئەندام لە ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهایدا و خۆی لە ڕێکخراوی ئەوروئاسیاشدا نێزیك دەکاتەوە، زۆر پسپۆر لەو بڕوایەدان، کە لە ئەنجامی ئەو لێکنێزیکبوونانەدا وڵاتانی هەرێمی ناچار دەکات، کە زیاتر لە ڕووی تەناهییەوە هاوکاری یەکدیی بکەن. لە ساڵی ٢٠١٥ دا هەردوو وڵاتی هیندستان و پاکستان بوونەتە ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای و ئێرانیش، کە وەکو چاوەدێرە دوورنییە، کە ببێتە ئەندام.

٧- چارەسەری کێشەکانی قەفقاز.

بە درێژایی مێژوو هەرێمی قەفقاز ڕووبەڕووی شەڕە ناوەخۆی و گۆڕەپانی پەرەسەندنی سیاسەتی رووسیایی - عوسمانی و ئێران بووە. ئەگەر ئێران و رووسیا

بتوانن هەڵوێستی هاوبەش لەبارەی پێکهێنانی  هاوپەیمانییەتی وڵاتانی هەرێمیایەتیان هەبێت دەتوانن تا رادەیەکی زۆر بەسەر بارودۆخی سیاسیدا زاڵ بن. ئێران توانیویەتی، کە خۆی لە کاروباری ناوەخۆی کۆمارەکانی ئۆتۆنۆمی رووسیای فیدراڵی بەدوور بگرێت، رووسیاش ئەو سیاسەتە بە ئەرێنی هەڵدەسەنگێنێت، بەڵام ئایا کێبەرکێیەکانی هەناردەی وزەی لەسەر وڵاتانی ئازەربایجان و تورکمەنستان بە چ لایەنێکدا دەشکێنەوە، هەر لەو رووەوە تورکیاش هەوڵەکانی شکاندنەوەی هاوسەنگی بەلای خۆیەوە چڕکردووەتەوە، ئازەربایجانیش پێشنیازی هەناردەی گازی ئێران بە رێگەی ئازەربایجانەوە بۆ ئەوروپا پێشکەش بە ئێران کردووە، دروستکردنی پرۆژەی هاورکی هاوشێوەی گاز بە دژی هەناردەی رووسیا ئەژمار دەکرێن، ئەمەش واتای لاوازکردنی پێگە وزەییەکانی دەگەیێنن،  کە دوور نییە رووسیا ئەو هەنگاوانە بە دژی خۆی ببینێت.

٨- ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی وەکو تیرۆریزم، هاتوچۆی مادە هۆشبەرەکان، تاوانە نێودەوڵەتییەکان، کێشەی کۆچی نایاسایی و تێهەڵچوونە نەتەوەیی و ئاینییەکان.

رووسیا و ئێران تاقیکردنەوەی هاوبەشی کارکردنیان لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانە لە ئەفغانستان و دەریای خەزەردا هەیە.

٩- پەرەسەندنی پێوەندییە نێزیکەکان پێویستیان بە داڕشتن و رەچاوکردنی کێشەکان هەیە بۆ ئەوەی، کە ئێران و رووسیا بتوانن زیاتر لە یەکدیی نێزیك ببنەوە و لەڕووی هەناردەی وزەدا نەبنە رکابەری کارتێکەری نەرێیانە، هەر ئەم ئاراستەیەش توانای دامرکاندنەوەی تێهەڵچوونە هەرێمایەتییەکان دەبێت، هەر بۆیە تەنیا هاوکارییەکانی هەناردەی چەك بەش ناکات، بۆیە پێویست بە داڕشتنی سیاسەتێکی ستراتیجی درێژخایەن دەکات بەتایبەتی لەو هەلومەرجەی ئێستەدا، کە بڕیارە ئابلۆقە بەسەر ئێراندا هەڵبگیرێت و دەرگەکانی ئەو وڵاتە بەسەر جیهاندا بکرێنەوە.

١٠- لە ڕووی وزەوە بۆچوونی جۆراوجۆر هەن، کە ئێران لە ئێستەدا توانای جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی لە مەودای کورتخایەندا نییە، رووسیا پێی خۆشە، کە ئابلۆقەی فرۆشتنی چەك لەسەر ئێران هەلْبگیرێت، بەلاّم وەکو دیارە لە کورتخایەندا ئەو خواستەش جێبەجێکردنی سەختە. لە ڕووی نرخەوە ئەگەر ئێران و رووسیا رێکبکەون دەتوانن کاریگەریان بەسەر بازاڕدا هەبێت.

١١- لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە رووسیا رێکەوتنی هەلْگرتنی ئابلۆقەی ئابووری لە چوارچێوەی گفتوگۆکانی ٥+١ وەکو سەرکەوتنێکی دیپلۆماتی بۆ خۆی لە قەڵەمدا.

١٢- لە داهاتوودا قەبارەی بازرگانی و ئابووری ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و رووسیا لە بەرژەوەندی ئەو وڵاتەدا پەرەدەستێنێت.

١٣- لەو هەلومەرجانەدا بۆ رووسیا بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و کێشەلەسەرەکاندا گرینگە، بۆیە چاوی لەو بەرژەوەندیانەیە، لەلایەکی دیکەیشەوە لەگەڵ وڵاتانی عارەبی و کەنداویش هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە.

## پاشەکشەی ئێران لە پرۆگرامی ئەتۆمیدا:

ئێران باش هەستی بە بەرئەنجامە نەرێنییەکانی ئابلۆقەی سەری کردووە و دەزانێت، کە ئەو هۆکارە دەبێتە هۆی دواکەوتنی جێبەجێکردنی ئەو پرۆگرامە و گورزەێکی گەورەش بەر ئابووری وڵات دەگەێنێت. رووسیا پێویستی بە ڕۆڵی سەقامگیرانەی هەرێمایەتی ئێران هەیە. لە کاتی گفتوگۆکانی ٥+١ دا مەرجی سەرەکیی رووسیا بەر لە هەموو بابەتەکان هەلْگرتنی ئابلۆقەی فرۆشتنی چەك بەسەر ئێران بوو، چونکە لە ئێستەوە رووسیا دەیەوێت پەرە بەو بوارە بدات و ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی چەك بەرز بکاتەوە.

## کاریگەری ئابلۆقەدان بەسەر بارودۆخی ناوەخۆیدا:

بەپێی سەرچاوەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە ئەنجامی ئابلۆقەی ئابووری و داراییدا لە ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ دا بەسەر تاران دا کۆی بەرهەمی

ناوەخۆی(GDP) بە ڕێژەی ١,٩ - ١,٥ ٪ دابەزینی بەخۆوە بینی، نرخی گەشەی کاڵاکانی بەکاربەر بە ڕادەی لە ٤١,١٪ لە ساڵی ٢٠١٢وە لە ٣٥٪ لە ساڵی ٢٠١٣ دا بووە. ئێستە زیاتر لە ٦٠٪ی دانیشتوانی ئێران لە خوار هێڵی هەژاریدا دەژین و جیاوازی چینایەتیش زۆر بەرچاوە. بەپێی ئامارەکانی بانکی ناوەندی ئێران لە ساڵی ٢٠١٢ دا ئاستی بێکاری بە شێوەیەکی فەرمی بە ڕادەی لە ١٢,٣٪ بوو، بەڵام بە شێوەی نافەرمی ١٩ — ٢٠٪ بووە، لەنێو گەنجانیش بە ڕادەی لە ٤٠٪ بووە. ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران لە ٣,٨ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ ١,٣ ملیۆن بەرمیل کەمبووەتەوە، لە کاتێکدا نرخی نەوتیش زیاتر لە نیوە کەمبوونی بەخۆوە بینیووە. بودجەی ئێران تووشی کورتهێنانێکی گەورە بووە و ئێران توانای هاوردەکردنی تەکنۆلۆژیای نەوتی و پیشەسازی و وەبەرهێنانی دەرەکی نییە و سیستەمی هاتوچۆی دەریایش تووشی گرفت بووە. نرخی ریاڵ لە بەرامبەر دۆلاری ئەمریکایی بە ڕادەی لە ١٠٢٪ کەمبووەتەوە. مافی خزمەتگوزاری بانکی( SWIFT )لە ئێران وەرگیراون.

## کێشەکانی بەردەم هاوکارییە ستراتیجییەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا:

بۆ جاری یەکەم لە ئاستێکی بەرزدا کۆمیتەیەکی هاوبەش لە ساڵی ١٩٩٥ دا باسی پێویستی بەستنی هاوپەیمانییەکی ستراتیجی درێژخایەن لە نێوان ڕووسیا و ئێران لە بوارەکانی وزە، ئاوەدانکردنەوە، پیشەسازی، ئەتۆم و هاتوچۆ و پێوەندیدا کرد. لە ساڵی ٢٠٠٧ دا دووبارە بە بەرزکردنەوەی ئاستی دانوستاندنەکان شانسی ڕێکەوتنی ستراتیجی هاتەکایەوە. لەبەردەم پەرەسەندنی پێوەندییە دوولایەنەکاندا پرسەکانی ئەتۆم، وزە، پیشەسازی نەوت و گاز، کانزا، هاوکاری لە بواری بیۆتەکنۆلۆجیادا، تەندروستی، ژینگە، چۆنییەتی بەکار هێنانی فەزا، بەکارهێنانی هاوبەشی سامانی ماسی و دارستان، جێبەجێکردنی پرۆژەی گەورەی هاتۆچو، چارەسەری کێشەی دیمۆگرافیا، هەماهەنگی دابینکردنی تەناهی و سەقامگیری خرانە بەردەم ئەو دانوستاندنەدا. بەپێی بۆچوونی پسپۆرانی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە سایتی فەرمی سەرۆك کۆماریشدا باسی لێوەکراوە (www.president.ir) لایەنەکان دەتوانن، کە تا ساڵی ٢٠١٨ دا ئاستی پێوەندییەکان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی بگەیێننە ٢٠٠ ملیارد

$. لە ڕووی مێژووییەوە پێوەندییەکانی ئێران و رووسیا بۆ ساڵانی ١٩٦٠ -١٩٧٠ لە سەردەمی محەمەد رەزا شا دەگەڕێنەوە، کە لە ئاستێکی بەرزدا بوون، هەرچەندە لەو کاتەدا ئێران ئەندامی هاوپەیمانی سوپایی بلۆکی سینتۆ بوو تا پێش شۆڕشی گەلانی ئێران زیاتر لە ٦٠ پرۆژەی گەورە لە لایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە لە ئێران دروست کراون، کە گەورەترینیان کارخانەی میتالۆرژی ئەسفەهان و کارخانەی مەکینەسازی ئەراك، وێستگەی کارەبایی رامین و شەهید مونتەزری و وێستگەی ڕووباری ئاراس و چەندین پرۆژەی دیکە بوون. لە بوارەکانی سوپایشدا بە سەدان پسپۆری عەسکەری یەکێتیی سۆڤیەتی تا بەر لە شۆڕش کاریان لە ئێراندا دەکرد و زیاتر لە ٥٠٠ ئەفسەری ئێران پلەی خوێندنیان لە سۆڤیەتدا تەواو کرد، رووسیا چەندان جۆر چەکی قورسی هەناردەی ئێران کردووە. چەندین کارخانەی چاککردن و بەرهەمهێنانی چەکی لە ئێران دروست کراون.

لە ساڵی ١٩٩٠ دووبارە رووسیا بە قەبارەیەکی زۆر گەورەوە چەندان جۆر چەکی وەکو فڕۆکەی مێگ و تانك و تۆپ و کەشتی ژێردەریای و...هتد هەناردەی ئێران کردووە، کە ئەو ڕێژەیە لە ٦٠٪ی هاوردەی ئێرانی پێك دەهێنا، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەو شێوە ئاڵوگۆڕییە بازرگانیانە لە ئاستی سفرەوە نێزیك بووتەوە، ئێستە دووبارە رووسیا هیوای بەوە هەیە، کە دەتوانێت سەرلەنوێ ئەو پێوەندییانە نوێ بکاتەوە.

ئەمڕۆ رووسیا ئاسنی رەش، چەندین جۆری مەکینە و ئۆتۆمۆبیل و کەرەستەی کاغەز هەناردە دەکات، کە لە هەمبەردا چەندین کەرەستەی خۆراك، کەلوپەلی پیشەسازی کیمیاوی، ئۆتۆمۆبیلی سەمەند و پێژوی ٢٠٦، هەروەها چەند جۆری ئامرازی ئەلیکترۆنی لە ئێرانەوە هاوردە دەکات. هەروەکو لە سەرەوە دیارکراوە کە ئەو قەبارە ئاڵوگۆڕە لە چاو بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دیکە زۆر سنووردارە، بەپێی ئامارەکان لە ساڵی ٢٠١٢ بەشی ئێران لە کۆی قەبارەی ئاڵوگۆڕییە بازرگانییەکانی دەرەوەی رووسیادا بریتی بووە لە ٠,٤٧٪. سەرەڕای ئەو قەبارە بچووکە ئاڵوگۆڕییەی نێوان رووسیا و ئێران، ئێران خاوەنی بنەمایەکی گەورەی گەشەی ئابوورییە لە ڕووی

یەدەکی گاز لە جیهاندا لە ریزبەندی دووەمدایە و لە ڕووی یەدەکی نەوتیش لە ئاستی سێیەمدایە

( BP Statistical Review of World Energy )

لە ساڵی ۲۰۱۳. بەپێی ئامارەکانی سایتی ( www.luckycamper.net ) لە ڕووی پێکهاتەی دیمۆگرافیایدا زیاتر لە ۷۰٪ی دانیشتوانی ئێران تەمەنیان لە خوار ۳۰ ساڵ دایە و تەنیا ٤٪ لەسەرووی ٦٥ ساڵاییەوە، ۳۰٪ خوێندکارانی زانکۆکان لە رشتەکانی ئەندازەیی دەخوێنن، کە ئەو داتایانە باس لە هەبوونی بنەمایەکی بەهێزی ئابووری ئێران دەکەن.

پسپۆرانی ئەنجومەنی رووسیا بۆ کاروباری نێودەوڵەتی( russiancouncil.ru )، کە سەربە وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەروەها ئەکادیمی زانیاری رووسیایە لەو بڕوایەدان، کە پێوەندییە ئابوورییەکانی رووسیا و ئێران لە ڕووی هەڵسەنگاندنی پێشکەوتندا لە (هەلومەرجێکی سڕبووندایە) لە کاتێکدا رووسیا زۆری پێخۆشە، کە پێوەندییە ئابوورییەکانی گەشە بەخۆوە ببینن.

## گرینگی هەناردەی کاڵا پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکانی رووسیایی:

- ئێران و رووسیا و ڤینێزوێلا بە هاوبەشی ۳۲٪ یەدەکی بەرهەمی نەوتیان هەیە و پێکەوە دەتوانن، کە کاریگەری بەسەر بازاڕی نەوت و گاز دابنێن.
- بە پەرەسەندنی ئەو پێوەندیانەوە دەتوانرێت، کە تێکڕای گەشەی کۆی بەرهەمی ناوەخۆیی رووسیایی، کە لەلایەن بەرهەمهێنەرانی نەتەوەیدا بەرهەم دەهێنرێت بەرز بکرێتەوە.
- دەتوانرێت ئاستی هەناردەی کاڵا نانەوتییەکان بەرز بکرێنەوە.
- دەتوانرێت پەرەبە زیادکردنی ئاست و رێژەی بەکارخستن بدرێت.
- بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیاکانی رووسیایی دەتوانن، کە دەستیان بگاتە کەنداوی فارس و بەو ڕێگەیەوە کاڵاکانیان بۆ وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەناردە بکەن.

**پێشبینیی تواناکانی رووسیا لەگەڵ ئێراندا:**

چەندین ساڵە، کە تواناکانی گەشەی پێوەندییە ئابوورییەکانی رووسیا لەگەڵ ئێراندا فەراهەم کراو بووە، بەڵام لەبەر تەنگژەکان نەتوانراوە کەڵك لەو دەرفەتانە وەربگیرێن. گەورە کۆمپانیاکانی رووسیا و حکومەت توانای پەرەسەندنی پێوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئێراندا هەیە، بە پێچەوانەوە بیزنسی مامناوەندی و بچووکی رووسیا لە ئاستی پێویستی پەرەسەندنی پێوەندییەکاندا نییە، لێرەدا دەتوانین باسی چەندین پێشبینی و دەرفەتەکانی بەردەم رووسیا و ئێران بکەین. لە ڕووی چەك و تەکنیکی سوپاییەوە رووسیا دەتوانێت، کە تا رادەیەکی زۆر پێداویستییەکانی ئێران جێبەجێ بکات، بەڵام لەم هەلومەرجە نوێیانەدا لەوانەیە، کە ئێران تەنیا داوای چەکی مودێرن و سەردەمییانە و رۆکێتی دوورهاوێژ بکات، لە لایەکی دیکەیشەوە چەکی زۆری سۆڤیەتی بە ئێران فرۆشراوە، کە ئێستە پێویستی بە چاککردنەوە و بەمۆدێرنکردن هەیە، لەو رووەوە رووسیا دەتوانێت وەبەرهێنان ئەنجام بدات و پەرە بە پێوەندییەکانی لە ڕووی دابینکردنی چەك و تەقەمەنیدا بدات.

پێداویستی وزەی ئەتۆمی ئێران لە دوای هەڵگرتنی ئابلۆقەی سەر ئەو وڵاتە هەوڵی چێکردنی چەندین وێستگەی ئەتۆمی بۆ مەبەستی وزەی کارەبا دەدات، بەڵام جگە لە رووسیا وڵاتی ژاپۆنیش ئامادەی هاوکاریکردنی خۆی لە ڕووی دابینکردنی وزەی ئەتۆم و چێکردنی ئەو وێستگانە دەربڕیووە. کۆمپانیاکانی وزە و نەوت و گازی رووسیا ئومێدیکی زۆریان بە کارکردن لە بواری وزەدا هەیە، بەڵام لە دوای دابەزینی نرخی نەوت، هەروەها ئەو کێشە داراییانەی، کە کۆمپانیاکانی نەوت و گازی رووسیا لە ئەنجامی ئابلۆقەی ڕۆژئاوا بەسەر رووسیادا دووچاری بوونە تواناکانی وەبەرهێنانیان کەمبووەتەوە. کۆمپانیای گازپرۆم لە ساڵی ٢٠١٢دا بۆ بەشداری لە راکێشانی بۆڕی گاز بۆ پاکستان بانگێش کراوە و کۆمپانیای (زەروبێژ نەوت)یش خۆی ئامادە کردووە.

لە ٢ی فێبریوەری ٢٠٠٩ دا ئێران بووەتە دەیەمین وڵاتی زلهێزی فەزایی، ئەگەر ئەو وڵاتە نیازی بەشداری لە پرۆژەکانی کەڵك وەرگرتنی فەزایدا هەبێت، ئەوا بە هاوبەشی لەگەڵ رووسیادا دەتوانێت، کە لەو پرۆژەنەدا بەشدار ببێت. رووسیا و ئێران دەرفەتی بەگەڕخستنی بواری کانزایان بە هاوبەشی چ لە دۆزینەوە یاخۆ لە بەرهەمهێنانیشیدا

هەیە، جگە لە چوارچێوەی ئەو چالاکییانەدا لایەنەکان دەتوانن، کە کاری تواندنەوەی ئاسن و مسیش ئەنجام بدەن. رووسیا توانای هەناردەی بەشێك لە بەرهەم و تەکنۆلۆژیای نەوت و گازی و ئامرازەکانی بیرلێدان و ئامێرەکانی لێگەڕانی هەیە، هەروەها رووسیا توانای دابینکردنی چەندین جۆرە بەرهەمی جیۆلوجیایی و ئامێری هاتوچۆی هەیە، هەروەها توانای دروستکردنی پالاوگەی نەوت و گازی هەیە و دەتوانێت، کە چەندان جۆر ئامێر، کە بۆ بەرهەمهێنانی کیمیاوی بەکار دەهێندرێن هەناردە بکات و لایەنەکان دەتوانن، کە لە بوارەکانی پێوەندیی تەکنۆلۆژیای بەرز، کەشتیسازی و چاککردنەوە و فڕۆکەوانی، سەرمایەگوزاری لە ڕووی دروستکردنی کارگە و کارخانەی مۆبیل و کاغەزدا بکەن، کە بەو ڕێگەیەوە چەندین جۆرە بەرهەمی کشتوکاڵ و دانەوێڵەی ئێرانیش دابین بکات.

## گرینگترین بەربەستەکانی بەردەم ئابووری:

بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی رووسیایی توانای کێبەرکێیان لەگەڵ بەرهەمەکانی هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانی نییە، هەرچەندە لەو هەلومەرجە ئابلۆقە ئابوورییەدا ئێران پێویستی بەو کوالێتییەش هەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەو پلان و خواستانە جێبەجێ نەکران، لێرەدا باس لە چەندین بەربەست دەکەین:

- رووسیاش بەشداری لە ئابلۆقەکانی دژی ئێراندا کردووە.
- لایەنەکانی بیزنسی ئاگاداری ئەوتۆیان لەسەر تواناکانی ئابووری یەکدیی نییە.
- رۆتین و بیروکراتی بەهێز، هەروەها پێکهاتەی کۆمپانیاکانیش لاوازن.
- ئاراستە و رەهەندی کۆمپانیاکانی ئێران سەبارەت بە هاوکارییان لەگەڵ ئەورووپا و رووسیا جۆراوجۆرە، کۆمپانیاکان زیاتر مەیلی رۆژئاوایان هەیە هەر لە ڕووی مێژووییەوە بەو شێوەیە بووە.
- سیستەمی بڕواپێکراوی بیمە و بانکی لەنێو لایەنەکاندا نییە.
- پێوەندیی مرۆڤدۆستانە لە نێوان لایەنەکاندا لە ئاستی زۆر نزمدایە.
- ئاڵوگۆڕی گەشتیاری نێوان لایەنەکان زۆر لاوازە.

یەکێك لە بەربەستە گەورەکانی بەردەم پەرەسەندنی پێوەندییەکان بەشداری رووسیا لە ئابلۆقەی ئابووری سەر ئێران بوو، ئەویش بەپێی بڕیاری ژمارە ١٩٢٦، کە لە ئەنجومەنی تەناهیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بڕیاری لەسەر دراوە. لە نێوان رووسیا و ئێرانیشدا هیچ سیستەمی حیساباتی بانکی و بیمەیی نییە، بۆیە چۆنییەتی جێبەجێکردنی سەوداکارییەکانیان سەخت کردووە، هەروەها زۆرینەی گەورە کۆمپانیاکانی رووسیا پێوەندیی زۆر باشیان لەگەڵ ولاتانی رۆژئاوا و ئەمریکادا هەیە، بۆ نموونە کۆمپانیای (لوك ئۆیڵی) رووسیایی، کە بەرژەوەندی هاوبەشی گەورەی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە زۆر بە ئاگاییەوە پێوەندی بەلایەنی دژە ئەمریکایی دەکات، ئەو کۆمپانیایە ئامادە نییە، کە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئێران دا قوربانی بدا.

کەمترخەمی بیزنسی رووسیایی سەبارەت بە ئێران بۆ هۆکاری یاسا نارۆشنەکانی ئێران دەگەڕێتەوە، ئەو یاسایانە بۆ لایەنی رووسیایی ئاشکرا نین و ترسیان لە بەستنی سەوداکارییەکاندا هەیە. تا ئێستە لەناو ئێران کاروباری کۆمپانیا دەرەکییەکان سنووردارە، ئەو کۆمپانیانە مافی تەواوی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ سوودی بەدەستهێنراودا نییە. هاوردەکردنی بەشێکی زۆری کاڵاکان بۆ ناو ئێران قەدەخەیان لەسەرە، هەروەها ئێران وەکو وڵاتێکی داخراو ئەژمار دەکرێت و ئاگاداری لەسەر کاروباری وەبەرهێنان زۆر کەمە و زۆر لە یاساکان بە رێنونییەکانی رەهبەرەوە بەستراونەتەوە، دەسەڵاتە هەرە گەورەکانی ئابووریش بەدەست ئەو ئۆرگانانەوەن، هەر بۆیە ئەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی هاندانی پەرەسەندنی گەندەڵی. بیزنسی بچووکی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو پابەندی دابو رێورەسمەکانی ئاینزایی شیعەگەرییە، بۆیە ئەوەش یەکێکی دیکەیە لە بەربەستەکانی بەردەم پەرەسەندن و پێشکەوتنە دوو لایەنەکان. هەر لەو رووەوە پرەنسیپی تەقیە یاخۆ خۆپارێزی رۆڵێکی نەرێیانە لەو رووەوە دەبینێت. هەندێ لایەنی کۆنەپارێزانی ئێرانیان، رووسیا بە هاوکاری ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دەناسێنن، بۆیە هەندێك پێیان وایە لەئارادابوونی ئەو بیروبۆچوونانە هۆکاری سەرەکین لە هەناردەنەکردنی سیستەمی بەرگری رۆکێتی( C-300 )رووسیایی بۆ ئێران.

زۆرینەی گەورە کۆمپانیاکان و مامناوەندی ئێران رەهەندی ڕۆژئاواییان هەیە و بیزنسی بچووکیش بە ئاراستەی تورکیا و وڵاتانی دیکەی هاوسێ کار دەکات، هەرچەندە هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکانی رووسیاش توانای دامەزراندنی ئەو پێوەندییانەیان هەیە. بیزنسی ئێرانیش ئاگاداری زۆر کەمی لەسەر کاروباری ئابووری رووسیادا هەیە و ترسی لە کاراپشنی رووسیایی هەیە. پێویستە لایەنی رووسیایی ئاگادار پتریان لەسەر دابوڕێوڕەسمە ئاینییەکان و تایبەتمەندییەکانی ئێران هەبێت و تاکو بکارن لە ڕووی سایکۆلۆژیا و کولتووریشەوە زمانی هاوبەش ببیننەوە.

## کێبەرکێ لەسەر بازاڕی ئێران:

لە دوای هەڵگرتنی ئابلۆقە لەسەر ئێران پرسی کردنەوەی بازاڕی ئێران بە ڕووی وڵاتانی جیهان دێتە پێشەوە، سەبارەت بە رووسیا گرینگە، کە لەو رووەوە ئامادەی بەشدارکردنە لە پرۆژە و هەلومەرجەکانی بازاڕی کراوەدا، دیارە، کە توانا دارایی و تەکنۆلۆژیایەکانی رووسیا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بۆ نموونە وەکو ئەوروپا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ژاپۆن و چینیش زۆر کەمترن، لە لایەکی دیکەیشەوە بەپێی سەرچاوەی رووسیایی هەواڵنێری (روس بالت) نێزیکەی ٨٠ بۆ لە ٩٠٪ی خەڵك دەیانەوێت، کە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاسایی بکرێنەوە و پشتگیری لە بەرنامەی روحانی دەکەن، کە ئەوەش نیشاندەری زیادبوونی خواستی بەرەو ڕۆژئاوایی جەماوەری ئێران دەخاتە روو، بەشێك لە پسپۆرانی رووسیایی لەو پێیان وایە، کە هەر لە ئێستەوە دەبێ رووسیا بە باشی بیر لە چۆنییەتی کەڵك وەرگرتن لەو هەلومەرجە نوێیەدا بکاتەوە.

## کاریگەری بارودۆخی ئەفغانستان و پاکستان لەسەر رووسیا و ئێران و ئاسیای ناوەڕاستدا:

نائارامییەکانی پاکستان و ئەفغانستان و پەرەسەندنی تەوژمی توندڕۆی ئیسلامی، هەروەها کێشەی پەرەسەندنی مادە هۆشبەرەکان کاریگەری راستەوخۆیان بەسەر هەموو ناوچەکان بە تێکڕایی و بەسەر بارودۆخی وڵاتانی ئێران، چین، رووسیا و

هیندستانیشـدا هەیـە، بۆیـە ئـەو وڵاتانـە ناچـارن، کـە هاوکـاری یەکـدیی بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردانە بکەن، هەر لـە ئێسـتەوە زیـاتر لـە هـەموو لایەنـەکان وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست هەست بە ترسی پەرەسەندنی تیرۆریزم دەکەن، وەکو دیارە لە داهاتوودا حکومەتی ئەفغانستان ناچارە، کە بزوتنـەوەی تالیبـان بـە فـەرمی پەسـەند بکـات، واتـە سـنوورەکانی ڕۆژهـەڵاتی ئـەو وڵاتـە دەکەونـە دەسـت ئـەو بزوتنەوەیـە، هەروەها بەشێکی زۆری پاکستانیش لەژێر کـۆنترۆڵی حکومـەتی ناوەنـدی دا نـەماوە، بۆیە ئەوانە کێشەی زەقی دیارن، کە پێویستە لایەنەکان لە ڕووی ڕووبەڕووبوونەوەیاندا هاوکاری لەگەڵ یەکدیی بکـەن، هـەر لـەو رووەوە کاتێـك، کـە ئێـران وەکـو ئەنـدامی ڕێکخـراوی هاوکـاری شـەنگهای وەربگیرێـت چـاوەڕێی نێزیکبوونـەوەی زیـاتری پێوەندییەکانی رووسیا و ئێران دەکرێت و لایەنەکان هاوڕان، کە پێویستە سـەقامگیری ئاسیای ناوەڕاستیش بپارێزرێت.

**ئێـــران + رووســـیا = ســـەرلەنوێکردنەوە (پێرێزەگروســـکا - reboot) پێوەندییەکانیان:**

**ئێـران بەهـەموو شـێوەیەك هـەوڵ دەدات، کـە رۆکێتـی( C300 ) ی بەدەسـت بکەوێت، بۆیە ئامادەیە کە زۆر سازش لەگەڵ رووسیادا بکات و بە قسە بـۆ هـەموو شتێك و هاوکارییەك ئامادەیە و دەتوانێت، کە ببێتە ئەندامی( CSTO )و بەشداری لە کردنەوەی بازاڕی ئازادی ئەوروئاسیاشدا بکات. لە رووسیادا دوو شێوە لایەنگری ئێران و دژی ئێران هەن، کە لەناو بیزنس و دەسـەڵاتی رووسـیادا لـۆبی دژی ئێرانـی بەهێزترە.**

ئێستە زۆر ناوەنـدی رووسـیایی باسـی باشـبوونی پێوەندییـەکانی رووسـیا و ئێـران دەکەن و بـاس لـە دروسـتکردنی هـەرێمی ئـازادی بازرگـانی ئێـران لەگـەڵ ڕێکخـراوی یـەکێتیی وڵاتـانی ئەوروئاسـیا (ئەرمەنسـتان، رووسـیا، کازاخسـتان، کرکیزسـتان و بیلارووسیا) دەکەن. لەو رووەوە پرۆفیسۆر و پسپۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و ئاسـیای ناوەڕاست ئەلیکسەندەر کنیازۆڤ دەڵێت: کـە ئێـران گرینگییـەکی زۆری بـۆ رووسـیا و وڵاتانی ئەوروئاسیا هەیە، کە بە ڕێگەی کەنداوی فارسەوە ئەو وڵاتانە دەستیان دەگاتە

ئۆقیانووسی هیند و ئەتلەسی، هەروەها بازاڕی ئێران لەگەڵ بازاڕی ئیسرائیل بەراورد ناکرێت، ئێران زیاتر لە ٩٠ ملیۆن کەس دانیشتوانی هەیە و لە ڕووی ستراتیجییەوە وڵاتێکی زۆر گرینگە، بەڵام لە موسکۆ لۆبییەکی بەهێز دژی ئێران هەیە، هەموو کەسێك دەزانێت (ناوبراو مەبەستی لە لۆبی ئیسرائیلییە، واتە ئەو جوولەکانەیە و لایەنگرانی ئاراستەی ڕۆژئاوا پشتگیری لە ئیسرائیل دەکەن، بە شێوەیەکی گشتیی لەناو دەسەڵاتدارانی حکومەتدا زۆر کەس باسی مەترسی لۆبی جوولەکە بەسەر رووسیادا دەکەن، هەردەم جوولەکەکان بەتاوانباری کێشەکان دەناسێنن و دەڵێن هەموو دەسەڵاتی رووسیایان بەدەستەوەیە.

**پوتین: لەبەرهۆکاری بیزنسی و راگرتنی بالآنس ئێمە( C-300 ) دەدەینە ئێران.**

کێشەی چارەسەری ناوەکی ئێران یەکێك لە پرسە گرینگەکانی جیهان بوو، کە وڵاتانی زلهێزی جیهان خەریکی چارەسەرکردنی بوون. سەبارەت بە رووسیا کێشەی ئاڵوگۆڕییە بازرگانییەکانی بە تایبەت فرۆشتنی چەك بەو وڵاتە زۆر گرینگ بووە، بۆیە ڤلادیمێر پوتین لە پرێس کۆنفرانسێکدا وتی: ((کە لەسەر پرسی هەناردەکردنی C-300 دا لەبەر هۆکاری خەرجیی، کە نێزیکەی ١ ملیارد دۆلاری تێچووە، لەهەمان کاتدا ئەو چەکە نەکەوتووەتە ناو لیستی چەکی قەدەخەکراوی UN، بۆیە دەتوانین، کە بفرۆشینە ئێران. لە دوای جەنگی یەمەنیش ئەوە سەلمێندرا، کە پێویستە بالآنس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێڕەو بکرێت و ئەو چەکەش نابێتە هەڕەشەیەك بۆ سەر ئیسرائیل)).

ئەگەر رێکەوتننامەی لۆزان لەبارەی کێشەی ئەتۆمی ئێران واژۆ نەکرابا بەرئەنجامی پەرەسەندنی کێبەرکێ و دژبەرایەتی چەك و سیاسی لە نێوان شیعە و سونەی لێدەکەوتەوە وەکو شەڕێکی سارد ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەگرتەوە، لە لایەکی دیکەوە هاوپەیمانانی سعودیا هێزیکی هاوشێوەی ناتۆ دروست دەکەن و پاکستانیش ئامادەیی خۆی بۆ بەشداری دەربڕیووە. هەرچەندە بە واژۆکردنی ئەو رێکەوتنەیەش دژبەرایەتییەکان بەردەوامن و ئاسۆی چارەسەرکردنەکان دیار نییە.

پسپۆران زیاتر گرینگی بە داهاتووی پەرەسەندنەکانی ئێران و تورکیا وەکو دوو زلهێز دەدەن و ڕۆژئاوا دەیەوێت، کە بە ڕێگەی دروستکردنی قەواریەکی سەربەخۆ یاخۆ نیمچە سەربەخۆیی بۆ کوردان بالآنس لە نێوان ئەو دوو هێزەیدا دروست بکات. ئێران لە ڕووی کارتێکەری هەرێمیدا بە پێش تورکیا کەوتووە و خاوەنی لە ١٠٪ی یەدەکی نەوتی جیهان و لە ٢٠٪ یەدەکی گازی جیهانە، لە داهاتوودا دەتوانێت، کە بە هاوشێوەی وڵاتانی باشووری ئاسیای ڕۆژهەڵات، کە بە (پڵنگ) ناودەبردرێن پێش بکەوێت.

هەڵوێستی چین و ڕووسیا و ئێران لەسەر کێشەی یەمەن یەکگرتوو نییە، چین بەرژەوەندی لە دابینکردنی نەوت و گواستنەوەدایە، چونکە زۆرینەی نەوتی چین بە ڕێگەی عارەبستانی سعودیا و ئێران دابین دەکرێت و زیاتر لایەنگری لە عارەبستانی سعودیا دەکات. ڕووسیا هەڵوێستی بێلایەنە و نایەویت، کە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی سونەی وەك ئوردن، میسر و فەڵەستین تێك بچن. بۆیە ئەو شەڕە بەشەڕی خۆی نازانێت و دەیەوێت کێشەی یەمەن بە ڕێگەی( UN )چارەسەر بکرێت. ڕووسیا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی دەیەویت، کە ڕۆکێتی C-300 بداتە ئێران بۆ ئەوەی ئێرانیش وەکو لایەنگری ڕووسیا ڕابگرێت. لەوانەیە ئێران بە شێوەی پشتگیری چەك پشتیوانی لەیەمەن بکات و سعودیەش لە سونەکان، بەو شێوەیە یەمەن وەکو ئەفغانستانی لێدێت، هەروەك چۆن پاکستانییەکان پشتگیریان لە تالیبان دەکرد.

**NIGC : ئێران دەتوانێت، کە بۆڕی گازی خۆی لەگەڵ (تەوژمی تورکیا)ی ڕووسیا ببەستێتەوە**

سەرۆکی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمپانیای گازی نەتەوەیی ئێران (عەزیولا ڕەمەزانی) ڕایگەیاند، کە ئێران لە داهاتوودا دەتوانێت گازی خۆی بە ڕێگەی بۆڕی تەوژمی تورکیا، کە ڕووسیا دەیەوێت لە تورکیاوە بۆ ئەورووپا گاز هەناردە بکات ببەستێتەوە، هەروەها ئێران و ڕووسیا دەتوانن زیاتر لەبارەی چۆنییەتی پەرەسەندن و هەناردەکردنی گاز کەڵك لە ئەزموونی یەکدیی وەربگرن.

بەپێی وتەکانی مەهدی سەنایعی باڵیۆزی ئێران لە رووسیا ئەو دوو وڵاتە دەتوانن، کە پرۆژەی هاوبەشی پیشەسازی، وزە، هاتوچۆ، بازرگانی بایی ٧٠ ملیارد $ بخەنە گەڕ. وەکو دیارە ئێران بە هەر نرخێك بێت دەیەوێت، کە رۆکێتی( C300 )ی بەدەست بکەوێت، هەر لەبارەی گازیش پێشنیاز دەکات و دەڵێت: ئێمە ئامادەین گاز بە رێگەی رووسیادا هەناردە بکەین. ناوبراو رەخنەی لەوە گرت، کە کۆمپانیاکانی رووسیا بە بەراورد لەگەڵ کۆمپانیاکانی چین و هیندستان زۆر چالاك نین. لەو بارەیەوە باڵیۆزی ئێران لە ئازەربایجان وتی: ئێران پێی خۆشە: کە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپایی ئاسایی بکاتەوە و نەوت و گازی خۆی لە رێگەی بۆرییەکانی تاپ و تاناپ واتە بە هێڵەکانی ئازەربایجانی - تورکیاوە ببەستێتەوە، کە جۆرە دووڕووییەك لەو وتانەدا دیارە. سکرتێری پێوەندییەکانی حکومەتی ئازەربایجان - ئێران و بەرپرسی پێوەندییەکانی ئابووری بازرگانی (مەهدی موحتەشەمی) دەڵێت ئێران ئامادەیە، کە بە هێڵی( Trans Adriatic Pipeline (TAP) ) گازی خۆی هەناردەی ئەوروپا بکات، ئەو سایتە حکومییە دەڵێت، کە ئێران ئامادەیە راستەوخۆ لە رێگەی ئازەربایجانەوە پێکەوە لەگەڵ تورکمەنستان واتە بە هێڵەکانی ( TANAP، TAP ) ببەستێتەوە، کە ئەو پرۆژەیە بە ناوی( Southern Gas Corridor )ناسراوە. هەر لێرەدا هاتووە، کە هەرسێ وڵات دەتوانن پێکەوە پێداویستی ئەوروپا دابین بکەن و مۆنۆپۆڵییەتی رووسیاش لەو رووەوە لەناو ببەن. ئێستە ئێران بە هێڵی گاز بەناوی تیبری - ئەنقەرە گاز هەناردەی تورکیا دەکات، کە قەبارەکەی ١٤ ملیارد متر سێجایە و تەنیا توانای دابینکردنی گازی بۆ تورکیا هەیە، لە رووی تەکنیکییەوە توانای هەناردەکردنی بۆ ئەوروپا نییە. بەپێی سەرچاوەی پسپۆران تا ٥ ساڵی دیکەیش ئێران توانای دابینکردنی گازی بەو قەبارە زۆرە نییە، بەڵام ئێران خاوەنی لە ١٨٪ی یەدەکی جیهانە. لە سەرەتای مانگی ئۆگۆستی ٢٠١٥ لە دیداری نێوان وەزیری وزەی ئازەربایجان و وەزیری وزەی ئێراندا، ئازەربایجان پێشنیازی هەناردەکردنی نەوت و گازی ئێران بە ئینفراسترۆکتۆری ئازەربایجان و هێڵی( TANAP )ی کرد، هەروەها پێشنیازی کەڵك وەرگرتن لە ئەمبارەکانی پاراستنی گازی خستە بەردەم حکومەتی ئێران. بۆری باکۆ - تفلیسیا - جەیهان توانای هەناردەکردنی ١,٢ ملیۆن بەرمیلی لە

شەو و ڕۆژێکدا هەیە، کە ئێستە ئەو هێڵە هەناردەی نەوتی ئازەربایجان، کازاخستان و تورکمەنستان بۆ کەنارەکانی دەریای مدیتەرانەی تورکیا دەکات.

**ڕووسیا نەوتی ئێرانی بۆ چییە؟**

**لەوانەیە لە پاش هەڵگرتنی ئابلۆقەی سەر ئێران ئەو وڵاتە لە ڕۆژئاوا نێزیک ببێتەوە یاخۆ دوورنییە، کە کاردانەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی سوپا و پاسداران بە دژی ئەو نێزیکبوونەوەیەی لێبکەوێتەوە، بەرئەنجامەکانی ئەو ئاڵۆزییانە بە بەرژەوەندی ئیسرائیل، سعودیا دەبن. هەروەها ئەگەر سیاسەتی وزەی ئێران لە بەرژەوەندی ڕووسیادا نەبێت، ئەوا ڕووسیا بەشێکی زۆری بازاڕی وزەی لەدەست دەدات و کاریگەری نێودەوڵەتی ڕووسیاش کەم دەبێتەوە.**

لەلایەکەوە ڕووسیا دەڵێت هیچ نیازی گۆڕینەوەی (نەوت لە هەمبەر کاڵا)مان نییە، بەڵام وەزیری وزە بیژەن نامدار زەنگەنە دەڵێت: کە ئامادەن لە ڕێگەی ڕووسیاوە ٥٠٠ هەزار بەرمیل بفرۆشن، ڕووسیاش دەڵێت: تەنیا نیازی یارمەتیدانی فرۆشتنی نەوتی ئێرانمان هەیە، دیارە مەبەستی ئەو ئاڵوگۆڕییە و قسانە زیاتر سیاسی بێت، نەك ئابووری. ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان ڕووسیا و ئێران بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دەریای مازەندەران زۆر نییە و تەنیا بە ڕێژەی ٢ ملیارد $ بووە، ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دەریای خەزەر بە ڕێژەی ١٠ بۆ ١٦ ملیارد $ بووە. ئێران دەیەوێت، کە سێ هێڵی دیکەی دەریایش چێ بکات و هێڵی شەمەندەفەری کازاخستان - تورکمەنستان و ئێرانیش دەکەوێتە کار. هەر لە دوای هەڵگرتنی ئابلۆقەی ئابووری، ئێران ناتۆانێت، کە یەکسەرە بە قەبارەیەکی گەورەوە بکەوێتە ناو بازاڕی جیهانی وزەدا، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری پیشەسازی وزە و کیمیاوی ئێران کۆن بووە و لەکار کەوتووە و پێویستی بە پەرەسەندن و نۆژەنکردنەوە هەیە، ئێران پێویستی بە وەبەرهێنانی ١٢٠ بۆ ١٥٠ ملیارد $ لە کەرتی وزە و نەوت هەیە، لە بواری کەرتی کیمیایش پێویستی بە ڕێژەی ٣٠ بۆ ٣٥ ملیارد $ هەیە، بۆ ڕووسیا ئەو هەڵکەوتەیە دەرفەتێکی باشە، بەڵام لەم هەلومەرجەدا، کە ڕووسیا خۆی ڕووبەڕووی چەندان ئاریشە

بووەتەوە ئاخۆ دەتوانێت، کە بۆ مەبەستی وەبەرهێنان ئەو بڕە پارەیە دابین بکات و بەشداری لەو پرۆژە گەورانەدا بکات.

گەورە کۆمپانیاکانی جیهان ئامادەیی خۆیان دەربڕیووە، کە بە هاوبەشی سەرمایەگوزاری بکەن. پسپۆری (روس ئەنرجی) میخائیل کروتیخین دەڵێت: کە کۆمپانیاکانی لوك ئۆیڵ و گازپرۆم و تات نێفت توانای کارکردنیان لە ئێران هەیە، بەڵام کۆمپانیای گاز پرۆم نەوت پارەی پێویستی نییە و ناوبانگیشی لە دوای ئەو ئابڵۆقە ئابوورییانە تێکچووە. ئێران دەتوانێت، کە لەسەرەتادا ئەو نەوتە یەدەکەی، کە هەیەتی بە نرخێکی زۆر هەرزان بفرۆشێت بۆ ئەوەی بتوانیت خەرجییەکانی هەرە پێویست دابین بکاتەوە. هەر بەپێی ئەو بۆچوونانە زیاترین سوودمەند سوپای پاسدارن دەبن و دەرفەتی زیاتری پشتگیری شیعەکانیان لە جیهان بۆ دەڕەخسێت.

## دەبێ چ سەوداکارییەك لەسەر کێشەی ئەتۆم لە نێوان رووسیا و ڕۆژئاوادا کرا بێت:

رابەرانی ڕۆژئاوا چاوەدێرییەکی وردیان لەسەر کاریگەری رووسیا بەسەر پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران دانابوو، لە دیداری نێوان روحانی و پوتین لە ئوفا باسی کێشەی ناوکی ئێران کرا، پوتین وتی، کە گەشبینە بە گفتوگۆکان، یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی رووسیا بۆ هەڵگرتنی ئابڵۆقەی ئابووری بەسەر رووسیادا ئەوەبووە، کە لە سەرەتادا ئابڵۆقە بەسەر هەناردەی چەك بۆ ئێران لابردرێت، لاڤرۆڤ ئەو داخوازییەی لە ئوفاشدا دووبارە کردەوە، وەکو دیارە رووسیا خۆی ئامادە کردووە، کە بە بڕێکی زۆرەوە چەك بفرۆشێتە ئێران، بەپێی هەندێ سەرچاوەی دیپلۆماتی رووسیا دەستکەوتی هەبووە، بەڵام ئایا ئەو دەستکەوتانە دەبێ لە هەمبەر هەڵگرتنی دانانی دژە رۆکێتی ئەمریکایی لە پۆڵۆنیا یاخۆ شێوە دانپێنانێکی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا، یان گۆڕینەوەی کریم لە هەمبەر سوریا، یان بەشداری لە کواڵیسیۆنێك بە هاوکاری رووسیا - ئەمریکا - ئێران لە دژی داعش لە عێراق و سوریا یاخۆ سازش لەسەر لادانی بەشار ئەسەد و جێگرتنەوەی رژێمێکی سیکۆلار بێت. ئەوەی دیارە دەبێ گۆڕینەوەی ئابڵۆقە بە ئابڵۆقە ئەنجام بدرێت و رووسیا زۆر پێی خۆشە، کە کێشەی قەرز وەرگرتنی بۆ

چارەسەر بکرێت و بتوانیت، کە کۆمپانیاکانی گەورە و وەزارەتی بەرگری بخاتە سەر پێ و بکەونە کار.

**بە دەستپێکردنی فرۆشتنی نەوتی ئێران رووسیا ترسی دابەزینی نرخی لێنیشتووە:**
بودجەی رووسیا بۆ ساڵانی ٢٠١٦-٢٠١٨ بۆ هەر بەرمیلە نەوتێك بە رێژەی ٦٠ $ مەزەندە کراوە ئەگەر بۆ ئاستی ٤٠ دۆلار دابەزێت ئەوا یەك لەسەر سێی دەرامەتی رووسیا کەمدەبێتەوە. پسپۆڕێکی وەك (ڤیسانیۆك) دەڵێت بە ٢ ملیۆن بەرمیل نەوتەوە ئێران توانای روخانی نرخی نەوتی نابێت.

**میدیاکانی رووسیایی دەڵێن:** ئێران ئێستە (٢٠١٥) توانای هەناردەی ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی زیادەی هەیە، بەپێی وتەی وەزیری نەوتی ئێران دەتوانیت، کە ٢,٥ ملیۆن بەرمیل لە داهاتوودا هەنارده بکات. ئێستە پشکی ئێران لە هەناردەی نەوتی جیهان لە ١,٥٪ واتە ١,١ ملیۆن بەرمیلە. ئێران تەنیا لە ساڵی ٢٠١٧ دا دەتوانێت، کە ٦٠٠ هەزار بەرمیلی دیکەیش زیاد بکات. ئێران زۆر کێشەی لەبارەی نوێکردنەوەی تەکنۆلۆژیای نەوتی هەیە و پێویستە سەرمایەگوزارییەکی زۆر لەو رووەوە بکات.

پسپۆری کۆمپانیای ( RusEnergy ) میخائیل کرۆتیخین لەو بڕوایەدایە ((کە بەهەڵگرتنی ئابلۆقی ئابووری سەر ئێران و یارمەتی رووسیا لەو رووەوە دەبنە هۆی دابەزینی نرخی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو، هەروەها زەمینەی هەناردەی نەوت و گاز بۆ ئێران بە بۆڕییەکانی تاپ و تاناب بە ڕێگەی تورکیادا فەراهەم دەکرێن، هەروەها گاز بە ڕێگەی پاکستانیشەوە هەناردەی چین دەکات و ڕێگەیەکی چینی - پاکستانی و ئێرانی چێ دەکرێت، کە بەبەراورد لەگەڵ هێڵی چین - سیبیریا لە ڕووی ئاڵوگۆڕی قەبارەیەوە زۆر کەمتر لە پرۆژە ئێرانییەکە دەبێت، هەرچەندە لەوانەیە رووسیا نیازی بەشداری لەو پرۆژانەدا هەبێت، بەڵام رووسیا خۆی پارە و سەرمایەی کەمە)).

**پێشبینییەکانی ئەندامەتیی ئێران لە ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای و ئەوروئاسیادا:**

**بە ئەندامبوونی ئێران تواناکانی ئەو ڕێکخراوەیە لەناو بەشێکی موسڵمانانی جیهان و کەنداوی فارسدا بەهێز دەکات و تواناکانی ئابووری و ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەکانی وەکو تیرۆریزم، ئیکستریمیزم و بەربەرەکانی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان فەراهەم دەکرێن. رووسیا لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات، کە پێوەندییەکانی لەگەڵ سعودیاش بەهێز بکات و سێگۆشەیەکی هێزی موسکۆ - ریاز- تاران چێ بکات. ئێران و رووسیا و چین زۆر بابەتی هاوبەشی وەکو تەناهیی ناوچەیی و ئابووری و وزەییان هەیە، بۆیە دوور نییە، کە ئێران داوای ئەندامەتیی لە ڕێکخراوی ئەوروئاسیاش بکات. جێگەی سەرسووڕمانە، کە هاوکاری شەنگهای دەیەوێت ئێران وەکو ئەندام لە دوای هەڵگرتنی ئابلۆقەکان وەربگیرێت، هەرچەندە ئابلۆقە بەسەر خودی رووسیاشدا سەپێندراوە، لەلایەکی دیکەیشەوە چین بە بەرفرەوانی پێوەندیی ئابووری لەگەڵ ئەو وڵاتەدا هەیە، دیارە ئەو ڕێکخراوە دەیەوێت، کە وەفاداری خۆی لە هەمبەر ڕۆژئاوادا دیار بکات. ئامانجی سەرەکیی ئێران، چین و رووسیا لەناوبردنی هاوسەنگی یەك جەمسەری هێزی جیهانە و دەیانەوێت، کە باڵانسەکە بە شێوەی فرە زلهێزی بێت هەروەکو چۆن لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا هەبووە.**

**رووسیا دەیەوێت فڕۆکەی( Sukhoi Superjet 100 ) هەناردەی ئێران بکات ئێران دەکەوێتە ناو بازاڕی ئەوروئاسیادا:**

دوور نییە بە هاوشێوەی ڤێتنام وڵاتانی ڕێکخراوی ئەوروئاسیا بازاڕێکی ئازادی بازرگانی لەگەڵ ئێران چێ بکەن، هەر بەو ئاراستەیە پێوەندییە ئابووریەکانیشی لەگەڵ وڵاتانی حەوزی دەریای خەزەر بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەسەندن بەخۆوە ببینن. بڕیارە، کە لە ٢٢- ٢٤-٧- ٢٠١٥( Business Forum ) بە هاوبەشی کازاخستان و ئێران بەڕێوە بچێت لە ساڵی رابردوودا ڕێگەی وشکانی کازاخستان - تورکمەنستان - ئێران کراوەتەوە، هەروەها بەندەری ئاکتاو بە ڕێگەی دەریاوانی توانیوییەتی، کە لە ئاستێکی بەرزی بازرگانیدا دەست بەکار بکات، لەهەمان کاتدا ئێران بە ڕێگەی دەریای خەزەر لەگەڵ وڵاتانی دیکەی هاوسنوور سەوداکاریی بازرگانی دەکات، ئەرمەنستانیش زۆر چاوی لە پەرەسەندنی پێوەندییە ئابوورییە دوولایەنەکانە،

بەتایبەتی لە ڕووی وزەییەوە. کازاخستانیش بە رادەیەکی زۆر کەرەستەی ئاسن و گەنم و چەندین جۆرە خۆراکی کشتوکاڵی دابین دەکات.

**ڕێگەیەکی دووری ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی ئابووری لە نێوان ئێران و ڕۆژئاوادا:**

ئەندامی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەلاتی نێزیك و دووری سەربە ئینستیتوتی ڕۆژهەلاتی رووسیا (ئێلێنا دۆنایڤە) دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی، کە خواستێکی زۆر لە نێوان ئەوروپا و ئێران لەبارەی پەرەسەرندنی پێوەندییە ئابوورییەکان هەیە، ئەوروپا چاوی لە بازاڕ و سەرچاوەکانی سروشتی ئێرانە، بەڵام پێویستە، کە ئێران بۆ ئەو مەبەستە ڕێگەیەکی دوور لەو رووەوە ببڕێت و بەربەستەکان تەخت بکات:

- پێویستە ئێران گۆڕانکاریی لە دەستوور و یاساکانیدا بکات، کە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە، کاتی خۆی خاتەمی لەو بارەیەوە هەوڵیدابوو.
- کۆمپانیاکانی چین بەشێوەیەکی بەرچاو هەڵوێستی خۆیان لە ئێران بەهێز کردووە و بازاڕیان قۆرخ کردووە.
- هێزە کۆنەپارێزەکانی ئێران بەرژەوەندیی خۆیان لە پێوەندییەکانی ڕۆژئاوادا نابینن، بۆیە هەوڵ دەدەن، کە لەگەڵ ولاتانی ڕۆژهەلات و ئیسلامیدا پەرە بە پێوەندییە ئابوورییەکانی خۆیان بدەن.

( http://www.ng.ru/world/2015-08-03/6_tegeran.html )

**میسر:**

**رووسیا و میسر لە رۆژی ٦ بۆ ١٤ی - ٦ - ٢٠١٥ مانۆری دەریایی و ئاسمانی لە دەریایی مدیتەرانە ئەنجام دەدەن:**

بەپێی وتەی سەرۆکی ئەرکانی سوپایی دەریایی رووسیا ڤیکتۆر چێرکین ئەو مانۆرە هاوبەشە سوپایی - دەریایی دەتوانیت، کە سەقامگیری لەناو دەریاکاندا مسۆگەر بکات و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەر جۆرە هەڕەشەیەکیش بدەینەوە. لەو مانۆرەدا چەندین کەشتی و فڕۆکە بەشداری تێدا دەکەن. مانۆرەکەش بە ناوی (پردی دۆستایەتی) ناونراوە.

# بەشی چوارەم
# تێهەڵچوونەکانی نێوان رووسیا - ئۆکراینا و یەکێتیی ئەورووپا

## ئۆکراینا و ئەورووپا:

لە بەرئەنجامی تێهەڵچوونەکانی ئۆکرایینادا وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و باکوری ئەورووپا توانا سەربازییەکانی خۆیان زیاد کردووە، وڵاتانی باڵتیکی ئیستۆنیا، لاتڤیا و لیتڤا و پولونیاش مەترسیان لەوەیە، کە رووسیا داگیریان بکات بەپێی راپرسییەکان زیاتر لە ٦٠٪ی دانیشتوانی پۆڵۆنیا لەگەڵ دامەزراندنی دژە رۆکێتی ئەمریکایی بوون، بەڵام بە پێچەوانە لە چیك بە دژی راوەستاون. لە کاتی شەڕی ئۆسیتیای باشوور لە ساڵی ٢٠٠٨ دا سوید و فینلەندا خۆیان لە ناتۆ نێزیك کردەوە، سوید ئاستی ئامادەباشی سوپایی بەرز کردووەتەوە. لاتڤیا داوا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات، کە سیستەمی دژە رۆکێتی بداتێ. ناتۆ، رووسیا وەکو هێزێکی داگیرکار و ئاژاوەچی دەبینێ، کە کریمی داگیرکرد و بارودۆخی دونباسی تێك داوە و چاوی لە وڵاتانی دیکەی ئەو ناوچانەیە، کە زۆرینەی دانیشتوانیان روسن یاخۆ روس زمانن. هەندێ کەسی باکوری کازاخستان بە خاکی رووسیا دەناسێنن. کێشەی رووسەکان لە وڵاتانی باڵتیك، جۆرجیا، مۆلداڤیا و پریدنیسترۆڤیا بەردەوامە وڵاتانی ئیستۆنیا، لاتڤیا و لیتڤی زۆر ترساون. لەناو خودی رووسیاشدا بە شێوەی جۆراوجۆر شیکار و پێشنیاز بۆ چارەسەری ئەو تەنگژانە دەکەن بۆ نموونە ئەکادیمیکارێکی وەك ئەرباتۆڤ، کە لایەنگری بیروڕای لیبراڵە دەڵێت: پێویستە رووسیا راگەیاندراوێکی فەرمی دەربکات و دان بەوە بنێت، کە چاوی لە خاکی ئەو وڵاتانە نییە و نیازی داگیرکردنیان نییە لە بڵاوکردنەوەی راگەیاندنێکی لەو چەشنە هیچ زەحمەتی تێدا نییە. چەندین لێتوژی دیکەی رووسیایی پێیان وایە، کە ناتۆ هێزێکی زۆری کۆکردووەتەوە و رووسیا لە ڕووی ئابوورییەوە ناتوانێت، کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن

کێبەرکێ لەگەڵ ڕۆژئاوادا بکات، چونکە ئەو کێبرکێیە وەکو خۆکوژییە، هێڵی کۆتایی ئەو کێبەرکێیەش سوپاییە دیار نییە و شەڕی ئۆکرایناش کۆتایی پێنەهاتووە تا ئەو کاتەی، کە شەڕ لە ئۆکراینا بەردەوام بێت گرژی لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاش بەردەوام دەبێت.

سەرۆك کۆماری ئۆکراینا پوروشینکۆ دەڵێت، کە لەناو هەرێمی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەدا لە ٤ بۆ ١٤ هەزار سەربازی رووسیایی هەن و یارمەتی جوداخوازەکان دەدەن، بۆیە پەرلەمانی ئۆکرایناش لەو رووەوە یاسایەکی دەرکرد، کە ڕێگە بە هێزە دەرەکییەکان دەدرێت، کە لەناو ئۆکرایینادا بمێننەوە، چونکە لە ڕابردوودا تەنیا یاسای مەشق و راهێنانی هاوبەش هەبووە. رووسیا دژی هاتنی هێزی دەرەکییە و پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی پەیمانی مینسك دەکات و دەڵێت: پێویستە دەسەڵاتدارانی ئۆکرایینایی کێشەکانیان راستەوخۆ لەگەڵ کۆمارەکانی دانپێنەنراوی دونێسك و لۆگانسك چارەسەر بکەن، بەڵام لایەنی ئۆکرانیاییش لەو بڕوایەدایە، کە بەبێ بەشداری و چاوەدێری هێزی دەرەکیی کێشەی ناوەخۆی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا چارەسەر ناکرێت.

لەناو خودی یەکێتیی ئەوروپادا بەشێك لەو وڵاتانە دژی ئابلۆقەی ئابووری زیاترن و پێیا وایە، کە بەرژەوەندییەکانیان کەوتووەتە بەر مەترسییەوە، ئەو وڵاتانەش بریتین لە هەنگاریا، چیك، ئیتالیا، سلۆڤاکیا، رۆمانیا، بولگارستان و یۆنان، سەرەڕای ئەو نارەزایەتییانە لەکاتی دەنگداندا سەرجەم وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا هاوڕابوون، کە تا مانگی ١ی ساڵی ٢٠١٦ وادەی ئابلۆقەی داسەپێنراو بەسەر رووسیادا درێژ بکرێتەوە هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر مەرجەکانی ئابلۆقەدا نەهاتووە و بە پێچەوانەوە هەندێ لایەن پێشنیازی پتەوکردنی زیاتری ئەو ئابلۆقەیانەیان دەکرد.

رووسیا و ناتۆ مانۆری سەربازی لە نێزیك سنوورەکانی ئۆکراینا و رووسیادا ئەنجام دەدەن. رووسیا لە دەریای بارێنتسی نێزیك نەرویجەوە هەتا ساخالینی نێزیك ژاپۆن مانۆری سەربازی ئەنجام دەدات، هەروەها ناتۆش لە سنوورەکانی باشوور لە تورکیاوە بۆ بالتیك و نەرویج. فڕۆکەکانی( AWACS )لە باشوورەوە هەتا سنوورەکانی نەرویج لە دۆخی ئامادەباشیدانە. موسکۆ چاوەدێری فڕینی فڕۆکە هەولگرییەکانی ناتۆ

دەکات، میدیاکان دەڵێن ئەو هەڕەشانە بە ئەندازەی دوو جار زیادیان کردووە. لەهەمان کاتدا وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاواش رووسیا بە پێشێلکردنی ئاسمانی نێودەوڵەتی و هەندێ جار بە ئاسمانی خۆیانەوە دەبینن، فڕۆکە جەنگییەکان لە ئاسمانەوە چاوەدێری فڕینی یەکدیی دەکەن. بە درێژایی ساڵی ٢٠١٥ وڵاتانی سکاندیناڤی و رووسیا مانۆری ئاسمانیان لە هەمبەر یەکدیی ئەنجامداوە. رووسیا لە ١٣-٧- ٢٠١٥ توانی لەناکاودا لە ماوەی چەندان دەمژمێر هێزی ئاسمانی خۆی بفڕێنێت و رۆکێتیش لە سنوورەکانی وڵاتانی سکاندیناڤی بەتایبەتی سوید نێزیک بکاتەوە. سوپاسالاری رووسیا (گێراسیمۆڤ) دەڵێت، کە ناتۆ مانۆری سوپایی خۆی بە رێژەی ١,٨ جار زیادی کردووە، لە ساڵی رابردوو مانۆرەکانی بەناوی دژی مەترسی تیرۆریزم بوون، بەڵام ئەمساڵ بۆ مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخێکی ئاسایی خراونەتە ئامادە باشی، هەروەها ئەمریکا دوو فڕۆکەی کیشوەربڕی( B-52 Stratofortres )رەوانەی سوید کردووە و مانۆرەکانی سوید لە راقلوندی نێزیک سنوورەکانی رووسیاش ئەنجام دراون، روسەکان دەڵێن جێگەی مەترسین و سویدیش بە پێچەوانەوە دەڵێ، کە مانۆرەکانی ئێستەی رووسیا یەکجار مەترسیدارترن.

بەپێی ئامارەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە شەڕی ساڵی رابردووی ئۆکرایینادا ٦١١٦ کەس کوژراون و ١٥٤٧٤ کەسیش بریندار بوونە، دەسەڵاتدارانی کۆماری دانپێنەنراوی دونێسك دەڵێن، کە لە ئەنجامی شەڕدا ١٦٤ کیلۆمەتر چوارگۆشە رێگەکان زیانیان بەرکەوتووە، تەنانەت ئۆتۆمۆبیلی بارهەلگریش بەزەحمەت دەتوانێت هاتوچۆ بکات. هەر لە ئەنجامی ئەو ناکۆکییانەدا داواکاری گشتیی ئۆکراینا ئەندامەتیی وڵاتەکەی لە داواکارانی گشتیی وڵاتانی یەکێتیی وڵاتانی سەربەخۆ( CIS )راگرت.

**گرینگترین خاڵە ناکۆکەکانی نێوان ئۆکراینا و شۆڕشگێڕانی لایەنگری رووسیا:**

**کۆبوونەوەی ٢ی جولای ٢٠١٥ لە مینسك بە بێ ئەنجام کۆتایی هات و گوتاری ساڵانەی پۆرشینکۆش لە پەرلەمانی (رادەی) ئۆکراینا بە زمانێکی زبر و بە تاوانبارکردنی رووسیا بەکۆتاهات، لە ئەنجامدا لە بەرەبەیانی ٤ی جولای هێرشێك لە**

**لایەن شۆڕشگێڕانەوە بۆ سەر شارۆچکەی (مارینکی) نێزیك دونێسك دەستپێکرا، کە سوپای ئۆکراینا چەکی قورسی بەکار هێنا و شارۆچکەکەیان لە دەستی شۆڕشگێڕان دەرهێنا. بەپێی وتەی پۆرۆشینکۆ ٩ هەزار سەربازی رووسیایی و ٥٠ هەزار سەربازی ئۆکراینایی بۆ شەڕ ئامادەن و هەرێمی دونباس لە لایەن ئۆکرایناوە ئابلۆقەدانە کراوە.**

**خاڵە گرینگە ناکۆکەکان:**

١- هەڵبژاردنەکانی ناوچەی دونباس لەلایەن چ گرووپێکەوە ئەنجام بدرێن و چەند ناوچە لەخۆ بگرێت، چونکە تەنیا ١|٣ لەژێر کۆنترۆڵی شۆڕشگێڕاندایە، بەڵام هەردوو شاری گەورەی دونێسك و لوگانسك کۆنترۆڵ دەکەن، حکومەتی ئۆکراینا دەیەوێت خۆی ئەو هەڵبژاردنانە بەڕێوە ببات و شۆڕشگێڕانیش بە پێچەوانەوە.

٢- ئۆکراینا پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی رێکەوتننامەی مینسك دەکات، لە خاڵێکدا هاتووە، کە دەبێ هێزی دەرەکیی خاکی ئۆکراینا بەجێبهێڵێت و ئۆکراینا هێزەکانی رووسیا وەکو هێزی بیانی دەبینێت و رووسیاش بێبەری خۆی راگەیاندووە، هەرچەندە دەڵێت، کە ئێمە پشتگیری لە کۆمارەکانی دانپێنەنراوی دونێسك و لوگانسك دەکەین، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا هەبوونی هێزی دەرەکیی دەگەێنێت.

٣- ئۆکراینا پێداگری لەسەر گەڕانەوەی هەموو سنوورەکانی ئەو وڵاتە بۆ ژێر کۆنترۆڵی حکومەت دەکات.

٤- ئۆکراینا ئامادە نییە، کە دان بەمافی فیدراڵی بنێت، بەڵام هەرچەندە پۆروشینکۆ دەڵێت، کە ئۆکراینا ئامادەیە سیاسەتی نامەرکەزی پێڕەو بکات، لە لایەکی دیکەیشەوە دەڵێت، کە ئۆکراینا بە شێوەی حکومەتیکی یەکگرتووی ئۆنیتاری دەمێنێتەوە، ئۆکراینا ئامادەیە، کە جۆرە ئۆتۆنۆمییەك بە هەرێمی دونباس ببەخشێت، بەڵام پرسەکە ئەوەیە لەژێر کۆنترۆڵی کێ دابێت؟

٥- ئۆکراینا ئامادە نییە، کە هەڵسوکەوت لەگەڵ حکومەتێکی چەك بەدەست بکات و بە پێچەوانەوە بەرپرسە هەنوکەییەکانی هەردوو کۆماری دانپێنەنراو بە تاقم و

باند دەزانێت و دەڵێت پێویستە، کە سەرلەنوێ هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانە بەڕێوە ببردرێن و خەڵك نوێنەرانی خۆیان دیار بکەن.

٦- ئەو خاکەی، کە لەژێر کۆنترۆڵی شۆڕشگێڕاندایە ئۆکراینا وەکو خاکی داگیرکراو لەلایەن رووسیاوە دەبینێت و ئامادە نییە، کە سەوداکاریی (دونباس لە هەمبەر گۆڕینەوەی کریمدا) لەگەڵ رووسیادا بکات.

٧- ئێستە تا رادەیەکی زۆر ئەو ناوچانەی دونباس، کە بەدەست شۆڕشگێڕانەوەن، لە لایەن ئۆکراینياوە ئابلۆقەدانە کراون و هاوکارییە مرۆییەکانیش بەدەگمەن دەگاتە ئەو ناوچانە.

دواین یاسا، کە لە لایەن حکومەتی ئۆکراینا و پەرلەمانی ئەو وڵاتە پەسەند کراوە، هێنانی هێزی( UN )بۆ ناوچەکانی کێشەلەسەرە، لە سەرەتادا حکومەت دەیەوێت، کە ئۆفیسی( UN )لە دونێسك بکاتەوە.

## ساڵیادی دەسەڵاتی رووسیا بەسەر هەرێمی کریمدا:

ساڵێك بەسەر گۆڕینی ستاتۆی ئەو هەرێمەدا تێدەپەڕێت، هەنگاوی یەکەم گۆڕینی یاسایی خاوەندارێەتیی بوو، کە ئێستە بە رێژەیەکی زۆر گەورە دارستان و زۆر سەرچاوەی دیکەی سروشتی بە موڵکی گشتی کراون، زۆر دامەزراوەی دیکەی ئەهلی وەکو بانك و هێڵەکانی مۆبایل و تەلەفۆن و کارەبا و هیدیکەیش موڵکی گشتین واتە رووسیای فیدراڵ کراون. لە ڕووی گەشتوگوزاریشەوە ئەو هەرێمە کەمبوونی بەخۆوە بینیووە رێژەی هاتنی گەشتیاران لە هاوینی رابردوودا بە ئەندازەی ٣,٣ بۆ ٤ ملیۆن کەس بوو بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٣ دا ئەو رێژەیە ٥,٩ ملیۆن کەس بووە. هەروەها رێژەی گواستنەوەی ترانسپۆرتیش بە ئەندازەی ٣٧,٧٪ کەمبووتەوە، ئاوەدانکردنەوەش بە رێژەی ٥٨,٣٪ کەمبووەتەوە، ئاڵوگۆڕی بازرگانیش بە ٧,٣٪ دابەزیووە و نرخی کاڵا بنەڕەتییەکانیش بەرزبوونەتەوە. دانیشتوانی کریم چاوەڕێی بارودۆخی ئابووری باشتریان دەکرد، بەڵام تەنیا ڕەوشی خانەنشینان باشتر بووە، چونکە رووسیا ئاستی خانەنشینی ٢ یاخۆ ٢,٥ جار لە ئۆکراینا زیاترە، کارمەندانی حکومیش مووچەیان زیاد کراوە، کە ٦/١ دانیشتوان پێکدەهێنن، بەڵام لە کەرتەکانی

دیکەی ئابووری ئاستی مووچە بەرزنەبووەتەوە، بە شـێوەیەکی گشـتیی ئاسـتی بـژێوی ژیان خراپتر بووە، هەروەها ئاو و کارەبای ئەو هەرێمە لە ئۆکرایناوە دابین دەکرا، بـەڵام لە ساڵی رابردوودا تووشی کێشەی برِین بـوون. بەشـێك لـە خـەڵك نارِازییـە، کـە چۆن موڵك وماڵی گشـتیی بـە شـێوەیەکی نادادپەروەرانـە تایبەتانـدنی بـۆ دەکرێـت، بۆیـە دەنگی نارِەزایەتی دەبیسترێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی خەڵك لەگەڵ ئەوەدایە، کـە چوونەتە سەر رووسیا و لە هەڵبژاردنەکانیشدا زیـاتر لـە ٩٣٪ دەنگیـان بـەهاتنی نـاو رووسـیا داوە، لـە ٥١٪ لـەو برِوایەدایـە، کـە بـاری مادییـان باشـتر بـووە (سەرچـاوە رۆژنامــەی vedomosti کەبـەهاوکاری financial times وە the wall street journal لە موسکۆ لە چاپ دەدرێت )

**ئۆکراینا و رووسیا شەرِیان بەهەڵواسراوی هێشتووتەوە یاخۆ ئاشتی:**

**پێشبینیکردنی پەرەسەندنی پێوەندییەکانی رووسیا و ئۆکراینا:**

١- **بە رێگەی شەرِ:** جگە لـەوەی، کـە چ لایـەنێك دەستپێشـخەر بێـت لـە ئەنجامـدا رووسیا تووشی زیانی زیاتر دەبێت و گۆشەگیرتر دەکرێت.

٢- **بەهەڵواسـراوی هێشـتنەوە:** ئەگـەر کێشـەی رۆژهـەڵاتی باشـووری ئۆکراینـا بـە هەڵواسراوی بمێنێتەوە دەبێتە هۆی بارگرانییەکی زۆری ئابووری و سیاسی بەسەر رووسیادا و ئابلۆقەی ئابووریش هەر بەردەوام دەبێت و کێشەی کریمیش چارەسـەر ناکرێت و لەوانەیە، کە شەرِی ساردیش روودات.

٣- **بەشێوەی ئاشتیانە:** چارەسەری کێشەکە بکرێت وەکو لەو ئانالیزە ٤٥ لاپەرِەیەی ئەنجومەنی رووسیا بـۆ کاروبـاری دەرەوەدا، کـە سـەربە حکومەتـە دەردەکـەوێت رووسیا پێی خۆشە، کە بە یەکجاری ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام کریم لە چوارچێوەی رووسیادا بمێنێتەوە و لە هەمبەردا رووسیاش ئامادەبێت، کە دان بـە هـەموو خواسـتەکانی ئۆکراینـادا بنێـت و ئـەو مافـە بـە ئۆکراینـا بـدرێت، کـە سیاسـەتێکی مەرکـەزی بـەرِێوە ببـات، لـە چـەند سەرچـاوەی دیکـە نـەك لـەو نامیلکەیەدا باسی ئەوتۆش کراوە، کە رووسیا ئامادەیە رِێگـە بـە ئەنـدامبوونی ئۆکراینا بۆ ناو ناتۆش بدات و یەك زمان لە ئۆکراینادا بە فەرمی هـەبێت. بـەڵام

وەکو دیارە، کە ئاراستەکان بە ڕێگەی هەڵواسراوی مانەوەی پرسی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینادا دەڕۆن و ئەو ئەگەرەش لە هەموو ئەگەرەکانی دیکە بەهێزترە، وەکو دیارە، کە چارەسەری خێراش لە بەردەمدا نییە، لەم هەلومەرجەدا ڕۆژئاوا ئامادە نییە، کە دان بە کریم بنێت. رووسیا بە هەموو ڕێگەکان و هێز دەسەڵاتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە هەوڵ دەدات، کە جۆرە سەوداکارییەك لەو رووەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا ئەنجام بدات و پێشانی بدات، کە بەبێ رووسیا کێشەکانی جیهان بۆ نموونە وەکو ئێران، ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم و پەرەسەندنەکانی چین، تەنانەت کۆریای باکوریش چارەسەر ناکرێن، ئێستە ئەو کارتانەی لە بەردەستدانە و هەوڵی چارەسەری کێشەی سوریاش دەدات، بەڵام دەیەوێت، کە بەرژەوەندییەکانی رەچاو بکرێن.

## گرفتی ئۆکراینا بۆ رووسیا( The Ukrainian Challenge for Russia ):

بابەتێك بەو ناوەوە لە لایەن ئەنجومەنی رووسیا بۆ کاروباری نێودەوڵەتی (russiancouncil.ru)، کە سەربە هەردوو وەزارەتەکانی دەرەوە و بەرگری و ئەکادیمیای زانستی رووسیایە، کە وەزیری پێشووی رووسیا (ئیگر ئیڤانۆڤ) سەرنووسەری دەکات باس لە پێشبینییەکانی پەرەسەندنی پێوەندییەکانی رووسیا - ئۆکراینا و کێشەی کریم و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا دەکات، کە لە خوارەوە پوختەی بۆچوونی ئەو ناوەندە زانستییە وەکو بۆچوونی فەرمی رووسیا دەخەمە ڕوو:

١- پرسی ئۆکراینا لە ساڵی ٢٠١٤ دا بووەتە گرینگترین پرسی وڵاتانی کۆنی یەکێتیی سۆڤیەت، هەروەها پرسی هەرە گرینگی تەناهیی ئەوروپا، هۆکارەکەش بۆ ناکۆکییە گەورەکانی نێوان ئۆکراینا و رووسیا دەگەڕێنەوە، هەرگیز ئەو ناکۆکییانە نەگەیشتبوونە ئەو ئاستە هەرە بەرزە. تەنگژەی ئۆکراینا و رووسیا رادەی ئاڵۆزی پێوەندییەکانی رووسیا و ڕۆژئاوایش لەبارەی گرینگی بەرژەوەندییەکانی نەتەوە و سنوورەکانی نەتەوەیی و رابەریەتی هەرێمی خستەڕوو، بە وتەی پسپۆرانی ئەو ئەنجومەنە رووسیا بە بەردەوامی دژی دەستێوەردانی ڕۆژئاوا لە کاروباری نەتەوەیی لە دەرەوەی دەسەڵاتەکانی

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. موسکۆ دژی چارەسەری یەکلایەنەی کۆسۆڤۆ و پەرەسەندنی دەسەڵاتی ناتۆ و لەناو وڵاتانی کۆنی یەکێتیی سۆڤیەتە. تێهەڵچوونە نوێیەکان باس لە چۆنییەتی دابەشکردنی بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتیکی و جیوئابووری و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سنوورەکان دەکەن. ڕۆژئاوا و ناتۆ و رووسیا بە پێشێلکردنی بنەماکانی یاسایی نێودەوڵەتی تاوانبار دەکەن، بەڵام رووسیا پێداگری لەسەر سەربەخۆیی خۆی دەکات. لە ساڵانی رابردوودا ئۆکراینا لە هەلومەرجی بێلایەنی لە نێوان ڕۆژئاوا و رووسیادا جێی گرتبوو، بەڵام لە پاش سەرهەڵدانەکانی ناوەخۆیی ئەو بنەمایانە هەڵوەشاونەوە و بوونە هۆی سەرهەڵدانی ناوەخۆ لە دژ رووسیا لە بەرئەنجامی ئەو رووداوانەدا ستاتۆی کریمیش لە بەرژەوەندی رووسیادا کۆتایی پێهات.

٢- پێویستە رووسیا هەوڵبدات، کە ئۆکراینا وەکو کەمەربەندێکی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپادا لێبکات یاخۆ بەلای کەمەوە بێلایەنی ئۆکرانیا لەو ناوەدا جێبەجێ بکات یانخۆ هەوڵ بدرێت، کە ئۆکراینا وەکو وڵاتێکی نامەرکەزی لێبێت، بە لای رووسیاوە گرینگە، کە کێشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا (دونباس) بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە و لە داهاتوودا ستاتۆیەك بۆ ئەو هەرێمە چێبکرێت. پێویستە رووسیا لەناو ئۆکرایناوا بەدوای هاوپەیمان بگەڕێت، بۆ ئەوەی لە خواست و مافەکانی رووسیا تێبگەن.

٣- لە ساڵی ٢٠١٣ دا بەشی هەرێمی دونباس لە ڕووی دابینکردنی کۆی بەرهەمی ناوەخۆیی ئۆکراینا بریتیبوو لە ١٦٪، هەروەها گەورەترین رێژەی کۆمپانیاکانی ئۆکراینا لە پارێزگەی دونێسك ١٠٣ دانە و لە لۆگانسك ٢٨ دانە بوون. لە ڕووی هەناردەکردندا دونباس لە ٢٥,٢٪ و لە ڕووی هاوردەکردندا لە ٧,٧٪ پێك دەهێنا. لە ساڵی ٢٠١٣ رووسیا و یەکێتیی ئەوروپا بە رێژەیەکی هاوسەنگ نێزیکەی لە ٣٠٪ هەناردەی ئۆکراینایان پێك دەهێنا، بەڵام لە ڕووی هەناردەی ئۆکرایناوە بۆ رووسیا لە کۆی بەرهەمی ناوەخۆیدا لە ٨,٣٪ و تەنیا رێژەی لە ٠,٨٪ بەر یەکێتیی ئەوروپا کەوتبوو.

٤- بەپێی وتەی سەرۆك كۆماری ئۆكراینا پۆرۆشینكۆ لە ئەنجامی ئەو تێهەڵچوونانەدا ڕۆژانە حكومەتی ئۆكراینا ٥ بۆ ٦ ملیۆن یۆرۆ خەرجی ئەو تێهەڵچوونانە و شەڕە دەدات. زیاتر لە ٢٥٪ كۆمپانیاكانی پیشەسازی لە كاركەوتوون، زیاتر لە ٢ ملیۆن كەس هەرێمی دونباسیان بە جێهێشتووە، كە لەو ژمارەیە نێزیكەی ٨٠٠ هەزار كەس پەنایان بۆ رووسیا بردووە. پێشبینی دابەزینی كۆی بەرهەمی ناوەخۆی ئۆكراینا بە رادەی لە ٥٪ دەكرێت.
٥- لە ڕووی پێكهاتەی سیاسی لەناو پەرلەمانی ئۆكرایناد هەردوو پارتی بەهێزی ئۆكراینا واتە پارتی هەرێمەكانی ئۆكراینا، كە گەورەترین پارتی ئەو وڵاتەیە، هەروەها پارتی كۆمۆنیستی ئۆكرایناش، كە بەرگرییان لە بەرژەوەندی ڕۆژهەڵاتی ئۆكراینا دەكرد لە ساڵی ٢٠١٤ دا دوورخراونەتەوە، ڕۆڵی رووسیاش لەو پەرلەمانەدا بەرەو نەمان چووە، ئێستە تەنیا بلوكی ئۆپۆزیسیۆن، كە خاوەنی ٩٪ دەنگەكانی پەرلەمانی ئۆكراینایە داوای بێلایەنی ئۆكراینا دەكات و نایەوێت، كە ئەو وڵاتە ببێتە ئەندامی ناتۆ، كاتێك كەسێك لەناو پەرلەمان گرینگی بەو بلۆكەی بدات وەكو ستوونی پێنجەم چاوی لێدەكەن. سەرۆك كۆماری ئۆكراینا خاوەنی دەسەڵاتێكی لاوازە و هۆكاری دەرەكیی زیاتر كاریگەری بەسەر رووداوەكاندا هەیە. ئۆلیگارشەكان ڕۆڵی سەرەكیی لە كاروباری ئۆكرایناد دەبینن و بە ئاراستەی دژی رووسیاوە هەڵسوكەوت دەكەن. سەرەڕای بەهێزبوونی پروپاگەندەی دژایەتیكردنی رووسیا زۆرینەی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ئۆكراینا ئامادەن، كە دەنگ بە ئۆپۆزیسیۆن بدەن.
٦- بەپێی سەرچاوەكانی پسپۆرانی ئەنجومەنی( russiancouncil.ru )لە ٦٢٪ دانیشتوانی ئۆكراینا ڕێگە چارەی شەڕ بۆ گەڕانەوەی هەرێمی دونباس بە باشترین ڕێگە دەزانن، بەڵام تەنیا لە ١٨,٥ بیر لە گەڕانەوەی كریم دەكەن، لە ٢٣,٥٪ لەو بڕوایەدان، كە ئیدی كریم هەرگیز ناگەڕێتەوە سەر ئۆكراینا. تەنیا لە ٢٠٪ بیر لە گەڕاندنەوەی كریم بە ڕێگەی هێز دەكەن.

**ئۆكراینا لە نێوان نموونەی باڵكان و ئاشتیدا:**

لــە هەلومــەرجی بەرچــاودا وەدیهێنــانی ئاشــتییەگی سەرتاســەری زۆر بــە دوور دەبینرێت، بە پێچەوانەوە  بارودۆخەكە بەرەو هەڵگیرسانەوەی شـەڕ رەخسـاوە. بـەپێی بۆچوونی پسپۆرانی ئەنجومەنی( russiancouncil.ru )روودانی ئەو چەند ئەگەرە لە ئارادایە:

- ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ و  دابەشبوونی ئۆكراینا، چونكە هۆكارە دەرەكییـەكان رۆڵی گەورەیان هەیە.
- بە هەڵواسراوی هێشتنەوەی رووبەڕووبوونەكان.
- پرۆسەی ئاشتی.

**١-  ئەگەریی هەلگیرسانی شەڕ و دابەشبوونی ئۆكراینا بە هاوشێوەی باڵكان:**

زۆر لە رووداوە نـاخوازراوە لـەناكاوەكان وەكـو تەقاندنـەوەی بـۆڕی گـاز، مـەترسی كوشـتنی سـەرۆكی كۆمارەكـانی دانپێنـەنراوی دونێسـك و لۆگانسـك یـاخۆ راببـەرانی پایەبەرزی ئۆكراینا و چەندین مـەترسی دیكەی هاوشێوە دەتوانن، كـە تێهەڵچـوونەكان بە شێوەیەكی فرەوانتر هان بدەن. تـا ئێسـتە چـەندین جـار هەرەشـە لـە رێكەوتننامـە هاوبەشەكانی ئەپریلی ٢٠١٤ی جنێڤ و ژانویەی ٢٠١٥ی مینسك ١ كراوە، سەرەڕای ئەو رێكەوتنانە دووبارە شەڕ دەستیپێكردووەتەوە. ئەو تێهەڵچوون و شەڕانە نـە تـەنیا دەتوانن، كە مەترسی شەڕی سەرتاسەرییان بۆ هەرێمی دونباس هەبێت، بگرە دەتوانن، كە پایتەختی ئۆكرایناش هەتا لەناوچوونی رژێمی ئۆكرایناش لە خۆ بگرن.

- دوورنییە، كە سەرهەڵدانێكی نوێ یاخۆ كودەتایەكی نوێ روبدات لە ئەگـەرێكی ئەوادا پێوەندییەكانی رووسـیا و رۆژئـاوا تێـك دەچـن و سـەقامگیری ئـەورووپاش دەخرێتە بەردەم مەترسییەوە.
- بەرئەنجامی دانوستاندنەكانی (مینسك ٢ ) بە شێوەی جۆراجۆر شیكردنەوەیان بۆ دەكرێت، دوورنییە، كە حكومەتی ئۆكراینا هێرشی سوپایی بكاتە سـەر هـەردوو كۆماری دانپێنەنراو.
- لەبـەر هۆكـارە جۆراوجۆرەكـانی وەكـو تـەنگاوكردنی رووسـیا لەبـەر فشـارەكانی ئەڵقەی ئابلۆقـەكان هـەوڵی هێرشـكردن بـدات، لەوانەیـە لـەو هێرشـەدا رووسـیا

تووشی شکست و چارەنووسی (کراینای سربیا) لە ساڵی ١٩٩٥ ببێتەوە و ناتۆش یارمەتی ئۆکراینا بدات، کە بەرئەنجامی ئەو شکستە بۆ رووسیا زۆر گەورە دەبێ و خراپتر لە ئاکامی شۆڕشەکانی رەنگینی دەبن.

- لەوانەیە، کە گرووپە ناسیونالیستییەکانی رووسیایی هەوڵی داگیرکردنی ئۆکراینا بدەن، لەو هەلومەرجەشدا پێوەندییەکانی رووسیا و ئەورووپا بە یەکجاری دەبڕێن. نێزیکترین دۆستانی رووسیا، کە ئەرمەنستان و تاجیکستانن بڕوایان پێناکرێت، بۆیە رووسیا ناچار دەبێت، کە بەدوای ئەلتەرناتیڤی هاوپەیمانیدا بگەڕێت، هەروەها لە هەرێمە دانپێنەنراوەکانی کاراباغ و ئۆسێتیای باشوور و ئابخازیاش دەتوانرێت، کە ئەزموونی کراینای سربیا دووبارە بکرێتەوە.
- لەوانەیە ئەزموونی ١٩٩٥ کراینا دووبارە نەکرێتەوە، بە پێچەوانەوە تاقیکردنەوەی جۆرجیا دووبارە ببێتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٨ دا سەرۆك کۆماری جۆرجیا ساکاشفیلی هەوڵیدا، کە هەردوو کۆماری دانپێنەنراوی ئۆسێتیا و ئابخازیا بە رێگەی هێزی سوپایی بگەڕێنێتەوە لەو کاتەدا رووسیا دەستی بە چالاکییەکی سوپای کرد و هەردوو هەرێمەکەی گەڕاندەوە و وەکو وڵاتی سەربەخۆ دانیپێنا، لەو بارەوە ئەگەر رووسیا دان بە هەردوو کۆماری دونێسك و لۆگانسك بنێت دەتوانێت، کە ڕووبەڕووی شەڕێکی گەورەتر ببێتەوە، چونکە لەناو خودی ئۆکراینادا رایەکی یەکگرتوو و هێزیکی یەکگرتووش بە هاوشێوەی جۆرجیا و ئازەربایجان نییە و لایەنەکان دەست بە شەڕێکی درێژخایەنی بێ پایان دەکەن.
- لەوانەیە، کە ئۆکراینا بەسەر چەندین هەرێمی وەکو باشووری ڕۆژهەڵاتی، زەکارپات (هەرێمێکی ئۆکرایناییە، کە لە سنوورەکانی ڕۆژئاواوە نێزیکە) و کییێڤ دابەش بکرێت، کە لە بارودۆخێکی ئەوادا ئۆکراینا رووبەڕووی ئاژاوە دەبێتەوە.

خراپترین ئەگەرەکان بۆ رووسیا هەڵگیرسانی شەڕە و ئاکامی خراپی بۆ بارودۆخی ئابووری و نێودەوڵەتی رووسیا دەبێت

## ٢- بە هەڵواسراوی هێشتنەوەی رووبەڕووبوونەکان:

ئەگەر کێشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا بە بێ چارەسەری بمێنێتەوە، مەترسی ئەوە هەیە، کە رووسیا رووبەڕووی شەڕی سارد ببیتەوە، هەروەها سەرچاوە داراییەکانی رووسیا و ئۆکراییناش بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئەو شێوازە ناچارەسەرکراوەیە سنووردارن، لەلایەکی دیکەوە بۆ چارەسەری کێشەی ئەفغانستان، ئێران و رووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتی ئیسلامی، ڕۆژئاوا پێویستی بە رووسیا هەیە، هەروەها نایەوێت، کە رووسیا ببێتە هاوپەیمانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دوور. لایەنەکان دەتوانن، کە بە ڕێگەی چارەسەر نەکراویشدا بەو شێوەیە رێك بکەون:

- لایەنەکان دەتوانن، کە لەسەر بە هەڵواسراوی هێشتنەوەی ستاتۆی ئەو هەرێمە رێك بکەون، واتە ئۆکراینا بەرپرسیارەتیی دابینکردنی کاروباری کۆمەڵگە بە ئەستۆوە ناگرێت، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە ئەو هەرێمە بەشێك لە ئۆکراینا دەبێت و بە دیفاکتۆش سەربەخۆ دەبێت و بیری (نۆڤا رووسیاش ) هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.
- ئاستی ڕووبەڕووبوونە راستەوخۆکان کەم بکرێنەوە (بە شێوەیەکی ئاسایی لە هەلومەرجی بە هەڵواسراوی هێشتنەوەی کێشەیەکی ئەوتۆی نەتەوەیی، رووداوی ناوبەناو تەقە لە یەکدی هەر دەمێننەوە، ئەو دیاردەیە تایبەتمەندە بەو جۆرە کێشانەوە)
- بە شێوەیەکی ئاسایی بە بەردەوامی لە نێوان لایەنەکاندا دانوستاندن ئەنجام دەدرێن، بەڵام بەبێ ئاکام کۆتاییان پێدێت.

لە ئەگەری بەبێ چارەسەری هێشتنەوەدا رووسیا وەکو دابینکاری سەرەکیی دێتە پێشەوە، هەر ئەو پشتگیرییە دەبێتە مایەی خۆڕاگری و فشار بەسەر کییڤدا، لە هەمان کاتدا هەردوو کۆماری دانپێنەنراو دەتوانن، کە ئەزموونی پریدنیستروڤیا بەکار بهێنن و پێگەی خۆیان بەهێز بکەن. ئۆکراینا لەو بارودۆخە نوێیەدا هەوڵدەدات، کە یارمەتی ناوچەکانی هەردوو کۆمارە دانپێنەنراوەکە بدات، کە دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و پیشانی بدات، کە دەسەڵاتی بەهێزترە و توانای پێشکەوتنیشی لە ناوچەکانی ژێر ساکاری رووسیایدا پترە. بە هەڵواسراوی هێشتنەوەی کێشەی باشووری

ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا پێوەندییەکانی ڕۆژئاوا و رووسیا بەرەو باشبوون نابات و کێشەی کریمیش هەر بە بێ چارەسەری دەمێنێتەوە، هەروەها پرسی پەرەسەندنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە - ئابووریش دەبێتە پرسێکی گرینگی ڕۆژانە.

تا ئێستە ئۆکراینا ئامادە نییە، کە راستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ جوداخوازانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا بکات، ترسی لەوەیە، کە ببنە دیفاکتۆ، ئینجا ئۆکراینا دەکەوێتە ژێر کاریگەری رووسیا و توانای هەڵسوکەوتی سەربەخۆ و نێزیکبوونەوەی لە ڕۆژئاوای بۆ نامێنێتەوە. جوداخوازان دەیانەوێت، کە هەڵبژاردنی خۆجێی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان بەڕێوە ببەن، کە ئەوەش واتای مانەوەی بە هەڵواسراوی کێشەی ئەو هەرێمە دەگەێنێت، کە تەنیا لە بەرژەوەندی جوداخوازان و تا ڕادەیەك رووسیادایە، لەوانەیە ئەو هەرێمەش ب ەهاوشێوەی کۆمارەکانی دانپێنەنراوی وەکو ئابخازیا، ئۆسیتیا، پریدنیستروڤیا و کاراباخی لێبێت.

لەسەر چۆنییەتی چارەسەری پرۆسەی کێشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا (دونباس) سێ بەربەست و ناکۆکی گەورە لە نێوان لایەنی جوداخواز و دەسەڵاتی ناوەندی ئۆکرایناییی بەدی دەکرێن ئەگەری بەهێزی هێشتنەوەی ئەو کێشەیە بەبێ چارەسەرکرد، واتە وەکو ستاتۆیەکی دانپێنەنراو لە ئارادەیە:

### ١- بەڕێوەبردنی چۆنییەتی هەڵبژاردنەکان:

- بەرپرسانی لایەنە جوداخوازەکان یاخۆ هەردوو کۆماری دانپێنەنراوی شارەکانی دونێسك و لۆگانسك دەیانەوێت، کە خۆیان هەڵبژاردن لە ١٨ی ئۆکتۆبەر بەڕێوە ببەن، نەك لە ٢٤ی ئۆکتۆبەر بە هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی ئۆکراینا. ئۆکراینا پێداگری لەسەر چوونە دەرەوەی هەموو هێزە دەرەکی و جوداخوازەکان دەکات، ئینجا لەپاش ئەو ئاساییبوونەوەیە ئۆکراینا ئامادەیە، کە بە سەرپەرشتی چاوەدێرانی دەرەکیی هەڵبژاردن لەو هەرێمە کێشەلەسەرە ئەنجام بدات، بەڵام جوداخوازەکان بە پێچەوانەوە دەیانەوێت، کە خۆیان هەڵبژاردنەکان بەڕێوە ببەن. ئۆکراینا ترسی لەوەیە، کە نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە لایەن جوداخوازانەوە دەتوانن، کە بە فەرمی بوونی خۆیان بسەپێنن، ئۆکرایناش

ناچار ببێت، کە دانوستاندنیان لەگەڵدا بکات، ئینجا ڕێگەی ئینتێگراسیۆنی ئۆکراینا لەگەڵ ڕۆژئاوایش دەکەوێتە بەر مەترسییەوە.

٢- **زونی بێ چەکی قورس:** دوورخستنەوەی چەکی قورس بە درێژایی ٣٠ کیلۆمەتر - تا ئێستە لایەنەکان بە تەواوەتی لەگەڵ پرەنسیپی مینسکی دووەم، کە پێویستە بە دووری ٣٠ کیلۆمەتر چەکی قورس لاببەن ڕێك نەکەوتوون و بە بەردەوامی پێشێلی ئەو ڕێکەوتنە دەکرێت.

٣- **ناکۆکی لەبارەی ڕێکەوتنەکان:** شیکاری جۆراوجۆر بۆ ڕێکەوتننامەی مینسکی ٢ دەکرێت - هەردوو لایەنی بەشدار لە تێهەڵچوونەکاندا شرۆڤەی جودا لەیەکدی بۆ چۆنییەتی گەیشتن بە ڕێکەوتننامەکەی مینسك، کە لە لایەن گرووپی ناسراو بە نۆرمەندی بە سەرپەرشتی دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا (ئەنگێلا میرکل)، فەرەنسا (فرانسوا ئۆڵەند) ئۆکراینا (پێتر پۆرۆشینکۆ) و رووسیا ( ڤلادیمێر پوتین ) دەکەن. بەرپرسانی شۆڕشگێڕان دەڵێن کییێڤ دەبێ بە شێوەیەکی فەرمی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو بەرپرسانەدا بکات و ڕەزامەندی لەسەر هەڵبژاردنەکانی خۆجێی دەربڕێت، ئەگینا ئەو بەرپرسە جوداخوازانە هەڵبژاردنی تایبەتی خۆیان بەڕێوە دەبەن. هەروەها بەرپرسانی لایەنگری رووسیا دژی گۆڕینی دەستووری ئۆکراینایی بەهاوشێوەی ڕەزامەندی لەسەر نەدراو لە پەرلەمانی ئۆکراینا، کە ڕەزامەندی لەسەر هەبوونی مافی نامەرکەزین واتە ئەو گرووپە جوداخوازانە داوای مافی زیاتر و بەندەکانی دیارکراوی دانپێناندا لە دەستووری ئۆکراینادا دەکەن.

ببەشی زۆری پسپۆرانی ئۆکراینایی لەو بڕوایەدان، کە لەو هەلومەرجەیەدا پێویستە، کە ئۆکراینا پێداگری لەسەر تواناکانی خۆی بکات و خۆی ڕێك بخاتەوە، ئەو هەرێمەش وەکو زەوی داگیرکراو ناو ببات و ئابلۆقەی بخاتەسەر.

## ٣- پرۆسەی ئاشتی:

ئەگەری چارەسەری کێشەکە بە ڕێگەی ئاشتیانە زۆر کەمە، لەبەرئەوەی، کە زۆر لایەن کەوتوونەتە ناو ئەو گێژاوەیەدا موسکۆ و کییێڤ دەتوانن، کە بە دووقۆڵی چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن، بەپێی بۆچوونی پسپۆرانی ئەنجومەنی رووسیا بۆ

کاروبـاری نێودەوڵـەتی زۆر گرینگـە، کـە لـە سـەرەتادا وڵاتـانی ڕۆژئـاوا و ئـەمریکا ئابلۆقەکان سووك بکەن، پاشان بە تـەواوی هەڵیوەشـێننەوە، هـەروەها گـەرەنتی بـاس نەکردنی کێشەی کریمیش لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بـدەن، بـۆ رووسـیا زۆر گرینگـە، کـە گەرەنتی تەواو بدرێت، کە کریم بەشێکە لە رووسیا، ئەمڕۆ ڕۆژئاوا ناتوانێت، کـە ئـەو گەرەنتیەیە بداتە رووسیا.

**روونکردنەوەی چەند وشەی بەکارهێنراو لەو تێکستەیەدا:**

**وشەی (نۆڤەرووسیا ):** لەپاش تێهەڵچوونەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا، ئەو وتەیە لەلایەن رووسیا و بەشێك لە شۆڕشگێڕان بەکار دەهێندرا، کـە واتاکـەی دەکاتـە (رووسیای نویێ) و مـەبەست دروستکردنی وڵاتێك بـەو ناوەیـە، لـە هـەموو ڕۆژهـەڵاتی ئۆکراینا تا کییێڤ بوو، بەڵام ئێسـتە لـە پـاش وتوویـژەکان لایەنـەکانی ئۆپۆزیسـیۆن و رووسەکان وازیان لە بەکارهێنانی ئەو وشـەیە هێنـاوە و دیـارە، کـە ئـەوەش مـەرجی گفتوگۆکان بووە.

**وشەی(دونباس):** هەر لە کۆنەوە لـە سـەردەمی یـەکێتیی سـۆڤیەتیش بـە هـەردوو پارێزگەی دونێسـك و لۆگانسـك دەوتـرا، دونبـاس و ئێسـتەش ئـەو ناوەیـە زۆر بـەکار دەهێندرێت، بەڵام نیوەی زیاتری ئـەو دوو پارێزگایانـە لـەژێر دەسـەڵاتی ئۆکراینـادان، تەنیا هەردوو ئەو شارە لـە دەسـتی شۆڕشـگێڕانی لایـەنگری رووسـیادانە و هێزەکـانی ئۆکراینایی لە شاری دونێسك زۆر نێزیکن.

**وشەی کۆمارەکانی دانپێنەنراوی دونێسك و لۆگانسـك:** لـە پـاش سـەرهەڵدانەکان شۆڕشگێڕانی پاڵپشتی رووسیا بەپێی یاساکانی خۆیان و بەپێی ئەو هەڵبژاردنانەی، کە خۆیان ئەنجامیاندان هەردوو کۆمارەکە راگەێنران، بەڵام لە لایەن هیچ وڵاتێکەوە دانیان پێنەنراوە، تەنیا نوێنەرایەتیی ئۆسیتیای باشوور کراوەتەوە.

**وشەی ئۆلیگارشی یاخۆ ئۆلیگارخی:** لـەپاش گـۆڕینی سیسـتەمی وڵاتـانی کـۆنی یەکێتیی سۆڤیەت هەندێ دەوڵەمەندی زۆر گـەورە واتـە ملیـاردێر بـە شـێوەیەکی زۆر خێرا سەریانهەڵدا، کە ئێستەش هەر بەو ناوەوە دەناسرێن.

**وشەی بە هاوشێوەی پریدنیستڕۆڤیا:** پریدنیستڕۆڤیا هەرێمێکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کۆماری مۆڵداڤیا و زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە رووس و ئۆکراینی و مۆڵداڤی پێك دەهات، لە پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت ئەو هەرێمە بە پشتیوانی رووسیا جیابوونەوەی خۆی لە ساڵی ١٩٩١ لە مۆڵداڤیا راگەیاند، دواتر وڵاتێکی دانپێنەنراوی پێکهێنا، تا ئێستەش ئەو هەرێمە هەر ماوە و بووەتە مایەی کێشە لە نێوان رووسیا و مۆڵداڤیا و یەکێتیی ئەوروپادا، کە هەر لایەنێك دەیەوێت بەلای خۆیدا بکێشێت.

**ڕێکەوتنێکی نوێ لەسەر ئۆکراینا لە نێوان رووسیا و ئەمریکادا:**

هەواڵنێری( rosbalt.ru/ukraina )و چەند سەرچاوەی دیکەی میدیایی رووسیایی دەڵێن: کە لەو ماوەیەدا هەست بە ئارامییەك لە نێوان ئۆکراینا و رووسیادا کراوە، رووسیا ئامادەیە، کە دەست لە پشتیوانی بەشار ئەسەد بکشێتەوە و بە شێوەیەکی ئاشتیانە ئۆکرایناش ببێتە وڵاتێکی کۆنفیدراڵی و توانای بە ئەندامبوونی لە ناتۆشدا نەبێت، هەروەها گۆڕانکارییەکانی، کە لە دونباس (لەژێر رابەرایەتیی جوداخوازەکاندا) روویانداوە دەلالەت لەوە دەکەن، کە سەوداکارییەکی ئەوایی بەڕێوەیە و گەورە کۆمپانیاکانی رووسیاش لە پشت ئەو پرۆژانەیە.

**لە پەرلەمانی ئۆکراینادا هەوڵ دەدرێت، کە ستاتۆی خۆبەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتی دابمەزرێت:**

پرۆژە یاسایەك ئامادە کراوە، کە دەڵێت لەو هەرێمانەی، کە لەژێر کۆنترۆڵی کییێڤ دا نییە بۆ ماوەی سێ ساڵ جۆرە خۆبەڕێوەبەرایەتییەکیان پێبدرێت، بە مەرجێك، کە هەڵبژاردنی ئازاد ئەنجام بدرێن و هەموو هێزە دەرەکییەکانیش ئەو ناوچانە بە جێبهێڵن، بەڵام هەندێ لایەنی دیکە ئەو پرۆژەیە رەت دەکەنەوە و ئێستە بووەتە جێگەی مشتومڕ.

پۆرۆشینکۆ سەرۆك کۆماری ئۆکراینا لە پەرلەماندا وتی: کە ئەو پرۆژەیە لە بوارەکانی بەرگری و سیاسەتی دەرەوە و بەرگریدا بە کردەنی( decentralization )جێبەجێ ناکرێت، چونکە ئەوە واتای دابەشبوونی ئۆکراینا دەگەیێنێت.

**لە کێیڤ باسی بەڕێوەبەرایەتییەکی هاوشێوەی بۆسنیا و هیرسیگۆڤینا دەکەن:**

هەندێ لایەنی دیکەی نافەرمی پێشنیاز دەکەن، کە مافی خۆبەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتی هاوشێوەی بۆسنیا بدرێتە دوو کۆماری دانپێنەنراوی دونێسك و لۆگانسك. بە شێوەی فەرمی ئەو هەرێمە لەژێر دەسەڵاتی ئەو کۆمارە دانپێنەنراوانە بێت، بەڵام بە دیفاکتۆ لە دەرەوە بە ڕێگەی چوار وڵاتی نۆرماندی واتە (رووسیا، فەرەنسا، ئۆکراینا، ئەڵمانیا، هەروەها ئەمریکاش ) بەڕێوە ببردرێت ئۆکراینا هەر لە ئێستەوە دژی راوەستاوە و دەڵێت بارودۆخی دونباس لەگەڵ بۆسنیا و هیرسیگۆڤینا یەك نییە. هەندێ لایەن دەڵێن پێویستە، کە مافی ئۆتۆنۆمی بە ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا بدرێت، تەنانەت مافی ڤیتۆشیان هەبێت، بۆ ئەوەی ئەگەر هەر بڕیارێکی ئۆکراینایان بە دڵ نەبێت بتوانن ڤیتۆی بکەن.

**کۆمەڵگەی ئۆکراینایی بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕاوە:**

لەپاش رووداونی شەڕی هەرێمی دونباس و گۆڕینی دەسەڵات لە کریم و تەنگژە یەك لە دوای یەکە ناوەخۆییەکان خەڵکی ئۆکراینا زۆر گۆڕاون و ئۆلیگارشەکانی ئەو وڵاتەش بە شێوەیەکی دیکە چاو دەکەنە پرۆسەی پێشکەوتنەکان، خەڵك ئامادەیی گۆڕینی تێدا هاتووەتە کایەوە و بڕوایبە خۆی پتر بووە، لەهەمانکاتدا بڕوایان بە دەسەڵاتیش نەماوە.

بەپێی راپرسییەکان زۆرینەی خەڵك بڕوایان بە دەسەڵات و هاوپەیمانەکانیان نەماوە و ترسیان لێنیشتووە، کە لەوانەیە لەم بارودۆخەدا وڵاتەکەیان لەدەست بچێت، بۆیە هەستی نەتەوەیی و گۆڕانکاریی لەناو خەڵکدا بەهێز بووە، شارەزایان دەڵێن تەنانەت ئۆلیگارشەکانیش ئامادەن، کە خۆیان لەگەڵ پرۆسەی سەردەمییانە رابهێنن و تەنیا بەدووی سوودی خێرادا نەگەڕێن. لە ساڵانی رابردوو بیزنەسی ئۆکراینایی هەر تەنیا بیری لە سوودی زۆر و خێرا بوو. لە بەرئەنجامی ئەو قەیرانە یەك لە دوای یەکانەدا کۆی بەرهەمی ناوەخۆیی بە ڕادەی لە ٣٥٪ دابەزینی بەخۆوە بینیووە، ئەوەش لە جیهاندا دیاردەیەکی دەگمەنە. ئێستە خەڵك زۆرتر بڕوایان بەخۆیان پەیداکردووە، بەڵام لەهەمان کاتدا بڕوایان بە دەسەڵاتی خۆشیان نییە و تەنیا

کردەوەیان لێیان دەوێت و دەیانەوێت، کە کێشەی دونباس چارەسەر بکرێت، هیـوادارن بە یارمەتی راوێژکارانی ڕۆژئاواش وڵات بەرەو ئاسویەکی ڕووناکتر ببەن.

**کۆبوونەوەی سەرانی( EU )و ئۆکراینا:**

پۆرۆشینکۆ ناڕاحەتە، کە( EU )ڕەزامەنـدی لەسـەر کردنـەوەی بازرگـانی ئـازاد، بەبێ هاتوچۆی ڤیزا دەرنـەبڕیووە، چـونکە ئۆکراینـا هیوایـەکی زۆری بـە پەرەسـەندنی پێوەندییــەکانی لەگــەڵ یــەکێتیی ئــەوروپا هەیــە، لــە لایــەکی دیکــەوە ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا ڕێگەیان بـە کاڵاکـانی ئوکراینـایی داوە، کـە بـەبێ گومرك هەناردەی ئەو وڵاتانە بکـرێن، بـەپێی سەرچـاوەکان ژمـارەی ئـەو شـتومەکانە نێزیکەی ٥ هەزار جۆرە شێوە کاڵایە، ئەوەش دەرفەتێکی باشە، کە کـەرتی کشـتوکاڵ لە ئۆکراینادا ڕێگـەی بووژانـەوەی بـۆ بکرێتـەوە. یـەکێتیی ئـەوروپا داوا لـە ئۆکراینـا دەکات، کە ریفۆرم لە دەستووردا بە شێوەیەکی شەفاف سیسـتەمی( Unitarianism )لە جێگەی رەچـاوکردنی بەرژەوەنـدی گرووپـە جۆراوجۆرەکـان پێـڕەو بکـەن، دژایـەتی کاراپشـن بکرێـت، ریفـۆرمی دادوەری لـە دادگەکانـدا ئـەنجام بـدەن و سیسـتەمێکی سەربەخۆی دادوەری بهێننە دی، ریفۆرم لە بواری وزەشدا ئـەنجام بـدەن واتـە ڕێگـە بـە کۆمپانیـا ئەوروپاییـیەکانیش بـدرێت، کـە بەشـداری لـە سـەرمایەگوزاری لـەو رووەوە بکـەن. سـەرۆکی یـەکێتیی ئـەوروپا دۆنالـد توسـك وتـی، کـە وڵاتـانی (هاوکـاری ڕۆژهەڵاتی) مافی خۆیانە، کە ببنە ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپادا، تـا ئێسـتە چـەندین کۆبوونـەوە لەسـەر هاوکـاری لـە نێـوان وڵاتـانی هاوکـاری ڕۆژهـەڵاتی، کـە بـریتین لـە ئازەربایجـان، ئەرمەنسـتان، بیلارووسـیا، مۆڵـداڤیا، ئۆکراینـا و جۆرجیـا ئەنجامـدراون باسی چۆنییەتی نێزیکبوونەوەیان لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا کراوە، بەڵام تا ئێستە تـەنیا هاووڵاتیانی مۆڵداڤیایی توانیویانە، کە بە بێ ڤیزا هاتوچۆی یەکێتیی ئەوروپا بکـەن، وەکو دیـارە لـە قۆنـاغی یەکەمـدا تـەنیا ئۆکراینـا، جۆرجیـا و مۆڵـداڤیا شانسـی بـە ئەنـدامبوونیان هەیـە، ئەرمەنسـتان، ئازەربایجـان و بیلاورووسـیا پابەنـدی چـەندین هەلومەرجی دیکەن لەگەڵ رووسیادا.

**هۆکاری تەنگژەکانی نێوان رووسیا و ئەورووپا:**

لــە ڕوانگــەی راوێــژکاری حکومــەتی رووســیا و ســەرۆکی زانکــۆی ئــابووری - نێودەوڵەتی (سرگیێ کاراگانۆڤ)

١- لـەپاش روخـانی یـەکێتیی سـۆڤیەت، رووسـیا بـە دوای بنـەماکانی رەخسـاندنی هەلومەرجی بەهێزکردنی سەربەخۆی سیاسی و بەهێزکردنی خۆیدا گەڕاوە، بـەڵام ئەوروپا سیاسەتی نانەتەوەیی و پەرەسەندنی دەسەڵاتی بەسەر نەتـەوەکان بـەڕێوە بردووە، رووسـیا دووبـارە بـۆ کۆنـەپارێزی و نوێکردنـەوەی ئـەو داب و ڕێوڕەسمـە ئاینییانە گەڕاوەتە، کە لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا قەدەغە کرابوون.

٢- رووسیا و یەکێتیی ئـەوروپا نـەیانتوانیووە یـاخۆ نەیانویسـتووە، کـە سیاسـەت و هەڵوێستێکی هاوبەشی دوورودرێژ پێڕەو بکەن.

٣- کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت هەوڵیاندا، کە میراتی ئەو وڵاتە لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن، یەکەمجار ئەو رەفتارە لە شەڕی ئۆسیتیای باشووردا دەستیپێکرد، ئێستەش ئەو پرۆسـەیە لـە ئۆکرایـنا بەردەوامـە، هەنـدێ لایـەن هەوڵیانـدا، کـە تۆڵەی رابردووی شکستخواردوویان لە رووسیا بکەنـەوە. رۆشـنبیرانی رووسـیایش کەمتر هەڵەیان نەکردووە لەبەر ناشـارەزایی خۆیـان لـە ڕووی ئـابووری و سیاسـی رووسیایان بەرەو هەڵدێر برد. لە ساڵانی نەوەدەکاندا ویستیان، کە بە شـێوەیەکی زۆر خێـرا و بـە پەلـە رووسـیا بـەرەو ئاسـۆیەکی نـوێ ببـەن و مـافی گرەنتـی یاساییەکانیان هەڵوەشاندەوە و رووسیایان خسـتە بـەردەم بێبـەزەیی کارمەنـدانی حکومی و بەرەو هەڵاتنی سـەرمایە و تـاڵانی رووسـیایان کـرد. ئـەو رۆشـنبیرانە دەیانویست، کە بنەماکانی دیموکراتی لەسـەرەوە دەسـتپێبکەن، بـەڵام لـە بیریـان چوو بوو، کە پرۆسەی دیموکراتی لە خـوارەوە دروسـت دەکرێت. بۆیـە سـەردەمی خۆشەویستی ئەوروپا و رووسیا زوو کۆتایی پێهات. ڕۆژئاواش لەلایەکی دیکـەوە پشـتیوانی لـە خۆپیشـاندانەکان و لـەناوبردنی دەسـەڵاتە فەرمییـەکانی دەکـرد، سـەرهەڵدانی تەنگـژەکانی ئۆکرایـنا لـە سـاڵی ٢٠١٤ یەکێکـە لـەو نموونانـە و بەرئەنجامانەیە. قەیرانی ئۆکراینا گورزێکی گەورەی لە پێوەندییە باشەکانی نێوان

ئەڵمانیا و رووسیا دا، هەروەها یەکێتیی ماڵی ئەورووپاش تێکچووە. ناوبراو ئەو پێشنیازانە دەخاتەڕوو:

پێویستە ئەورووپا و رووسیا تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی خۆیان رەچاوبکەن و گۆرانکارییان تێدا نەکەن، دواتر بە ڕێگەی ئاشتیخوازانە رووسیا دەگەڕێتەوە سەر بنەما یاساییەکان، بۆیە تێهەڵچوون و کۆنفراناس لە بەرژەوەندی هیچ لایەنێکدا نییە، ئەگینا لە هەمبەردا دەسەڵاتی چین رۆژ بەرۆژ بەهێز دەکەوێت.

**ناوبراو دەڵێت پێویستە، کە ئەو پێوەرانە پێڕەو بکرێن:**

پێویست ناکات کە وەکو سەردەمی شەڕی سارد داوای کەمکردنەوەی هێزی سوپایی و چەك بکرێت، چونکە لایەنی سێیەم و بەرامبەرانی دیکە ئەو مەرجە سنووردارکردنانەیان بۆ دانەنراوە و لە بارودۆخی ئێستەدا ئەو سنووردارکردنانە لە جێگەی خۆیان نین، چونکە لەو کاتەدا هێزەکانی دیکە دەتوانن، کە خۆیان چەکدار بکەن و ئامادەیی باشتریان هەبێت. پێویست ناکات، کە هەڵەکانی رێکەوتنناموەی هێڵسنگی دووبارە بکرێنەوە، پێویستە رێکخراوی تەناهی و هاوکاری لە ئەورووپا OSCE لەبیر نەکرێت و نوێ بکرێتەوە، بە ڕێگەی پسپۆرانی شارەزاوە دیکۆمێنتیکی نوێی نێودەوڵەتی دابڕێژرێتەوە، بەمەرجێك هەموو وڵاتانی دیکەی وەك ئەمریکا، کەنەدا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەخۆ بگرێت
(http://svop.ru/проекты/lectorium/14526/)

**هەر لەو رووەوە راوێژکار کاراگانۆڤ دەڵێت کە:**

- ئەگەر هێزی ئەتۆمی چین و رووسیا نەبوایە بە تایبەتی چین نەیدەتوانی، کە ئەو پێشکەوتنە گەورەیە بەدەست بهێنێت، بە هەر شێوەیەك بێت لە ساڵانی نەوەدەکانیش هەرچەندە زاناکانی رووسیایی باری گوزەرانیان خراپ بوو بەڵام توانیان، کە هێزی ئەتۆمی رووسیا بپارێزن.
- لە پاش شەڕی ڤێتنام هەڵوێستی ئەمریکا لە جیهان لاواز بوو، بەڵام توانی کە دووبارە بگەڕێتەوە ناو هێزی باڵانسی جیهان. ئێستە ئەمریکا دەیەوێت ئۆکرایناش بکاتە زونی کاریگەری خۆی.

- هێزەکانی هەرێمی لە جیاتی یەك جەمسەری بەهێز، لەو رووەوە رێکخراوی هاوکاری شەنگهای رۆڵێکی گرینگ دەبینێت، هەرچەندە هێزی ئەمریکایی لەسەر خۆیە، بەڵام هێزەکانی دیکەی جیهان دروست دەبن و زیاتر کاریگەری زونی پەرەدەسێنێت و بەریتانیاش لە هەڵوێستی ئەمریکا رازی نییە.
- ئابوورییەکی بەهێزیش یەکێکە لە مەرجەکانی بەهێزی لە جیهاندا.
- هەڵکەوتووی جوگرافیای رووسیا زۆر گونجاوە بۆ ئەوەی دووبارە ببێتەوە بە زلهێزی جیهانی.

(http://svop.ru/main/15591/)

ناوبراو باسی کێشە سەرەکییەکانی نێوان رووسیا و رۆژئاوا دەکات، بەڵام پێویستە باسی وڵاتانی کێشەلەسەری وەکو گورجستان، ئۆکراینا، مۆڵداڤیا و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و وڵاتانی دیکە بکرێت، کە بەشێکی زۆریان ویستویانە لە رۆژئاوا نێزیك ببنەوە، بەڵام وەکو پێویست نەیانتوانیوە، کە کێشە ناوەخۆییە سیاسی، ئابووری، نەتەوەیی و مافی کەمینەکان جێبەجێ بکەن و ببنە وڵاتی سەرکەوتوو، لەهەمان کاتدا رۆژئاوا و رۆژهەڵاتیش بەپێی پێویست یارمەتی ئەو وڵاتانەیان نەداوە. بۆیە چارەسەری کێشەکان تەنیا لە روانگەی وڵاتە زلهێزەکانەوە دروست نییە و پێویستە خواستی خودی وڵاتانی کێشە لەسەریش لە پێش چاوبگیرێت.

**لە جێگەی شەڕی سارد پێویستە، (ئەورووپای گەورە) دروست بکرێت:**

**سەرۆك وەزیرانی پێشووی فەرەنسا دۆمینیك (٢٠٠٠-٢٠٠٧ )و وەزیری دەرەوەی رووسیا ئیڤانۆڤ (١٩٩٨-٢٠٠٤) لە هەمان کاتدا سەرۆکی ئەنجومەنی کاروباری نێودەوڵەتی، کە سەربە وەزارەتی دەرەوەی رووسیایە لە وتارێکی هاوبەشدا دەڵێن:**

- هیوای مێژوویی ئەورووپاییەکان بووە، کە ئەورووپایەکی یەکگرتووی مەزن دروست بکرێت و پێویستە لە زووترین کاتدا دەست بە دانوستاندنەکانی چەند لایەنە بکرێت و رێگە چارەیەك بۆ ئەو تەنگژانە بدۆزرێنەوە.
- پێویستە هاتوچۆی بەبێ ڤیزەیی لە نێوان رووسیا و وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپادا بهێندرێتە کایەوە و پێوەندییەکانی هەرێمی لە ئاستی پارێزگە و ناوچەکانی

بچووکتردا دروست بکرێن، بەپێی ئەزموونی فەرەنسا وەڵمانیا پێویستە، کە پێوەندیی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە نێوان وڵاتەکانماندا بەهێز بکرێن و ئاڵوگۆڕی خوێندکاران بە ژمارەیەکی زۆرەوە بەرز بکرێتەوە و پەرە بە پێوەندییەکان لە ئاستی مرۆیی بدرێت و پێوەندی نێوان گەنجان و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەکان و... هتد چێ بکرێن.

بۆ ئاسایکردنەوەی پێوەندییەکانی رووسیا و ئەمریکا پێویستە، کە دووبارە ڕێکخستەوە لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بکرێت:

- لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی رووسیا دەڵێت: کە رووسیا ئامادەیە لەگەڵ ئەمریکا لەسەر دوو بنەمای (بەرابەری و لەناوبردنی فشار) هاوکاری بکات، بەپێی بۆچوونە فەرمییەکانی رووسیا پێویستە، کە وڵاتانی کێشە لەسەری وەکو ئۆکراینا، جۆرجیا، فینلەندا و مۆلداڤیا بێلایەنی خۆیان بپارێزن)). بێگومان کێشەی پەرەسەندنی شۆڕشەکانی ڕەنگین، هەوڵی مانەوە لەسەر دەسەڵات، بۆچوون و ئایدیۆلۆژی جۆراوجۆریش کاریگەریان لەسەر ناکۆکییەکانی رووسیا و ڕۆژئاوادا هەیە.

لە ئەورپا دوو ڕێکەوتننامە لەبارەی سەقامگیری کراون:

١- هاوپەیمانی لەبارەی چەکی ئاسایی

(Treatyon Conventional Armed Forces in Europe (CFE) )

کە لە ساڵی ١٩٩٠ لە نێوان ناتۆ و هاوپەیمانی وارشۆ مۆر کرابوو، کە چەکی قورس لە نێزیك سنوورەکانی یەکدیی کەمبکەنەوە واتە لە هەردوو بلوکدا نێزیك نەبنەوە.

٢- لە ساڵی ١٩٩٧ دا ڕێکەوتنێك لەبارەی بەکارنەهێنانی چەکی قورس و ئەتۆمی لە دەریای ڕەش و باڵتیکدا کرابوو، بەڵام وەکو دیارە لە کۆبوونەوەی سەرانی ئویێل ئەو بنەمایانە هەڵوەشانەوە.

سێ شێوەی بێلایەنی لە ئەوروپا هەن، یەکەم شێوەی سویدی، کە ریکسداگ بەشێوەی یەك لایەنە بێلایەنی خۆی ڕاگەیاندووە. شێوەی دووەم فینلەندا و یەکێتیی سۆڤیەتە، کە لە ساڵی ١٩٥٥ بڕیاریان لەسەر دراوە، شێوەی سێیەم وڵاتی نەمسایە،

که لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەوە بڕیاری لەسەر بێلایەنی دراوە. بۆ مۆڵداڤیا مۆدێلی نەمسایی باشە، چونکە پریدنیستروڤیا و گاگایۆزەکان نایانەوێت، که مۆڵداڤیا ببێتە بەشێك لە رۆمانیا. بەپێی بۆچوونی چەندین پسپۆری رووسیایی بۆ ئۆکراینا و جۆرجیا مۆدێلی فینلەندی گونجاوە و رووسیا و ناتۆ پێکەوە لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە رێك بکەون و کێشەی هەرێمە جیابووەکانیش بۆ ماوەیەکی نادیار دوابخرێن. پێویستە، کە لەگەڵ فینلەنداش دووبارە رێکەوتنێکی بێلایەنی مۆر بکرێتەوە.

ئەو داوایانەی، کە رووسیا دەیکات تا رادەیەك ناکەتوارین، بەڵام ئەگەر بارودۆخ بەو شێوەیە بەردەوام بێت کێبەرکێی سوپایی لەسەر سنووری ئەو وڵاتانە و لە دەریای باڵتیك و رەشدا هەر بەردەوام دەبن و زیاتر پەرەدەستێنن.

( http://www.ng.ru/world/2015-04-28/3_kartblansh.html )

## ئەمریکا دەتوانێت، کە لە ساڵی ٢٠١٧ دەست بە فرۆشتنی گاز بۆ ئەوروپا و ئۆکراینا بکات:

یەکێك لە کێشە گەورەکانی ئۆکراینا بە درێژایی چەندین ساڵە دیارکردنی قەبارەی هەناردەی گازی رووسیا و دانەوەی پارەی ئەو قەبارەیەیە، هەروەها کێشەی ترانزێتی بۆ ئەوروپا بووە. ئۆکراینا بە هەموو شێوەکان هەوڵ دەدات، کە ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەو هاوردەکردنەوەیە ببینێتەوە سیناتۆر جۆن مەك کێین لە سەردانەکەی بۆ ئۆکراینا وتی، کە ئەمریکا لە ماوەی دوو ساڵدا دەتوانێت، کە گازی ئەوروپا و ئۆکراینا دابین بکات، بەڵام باسی چۆنییەتی رێگەی هەناردەکردنی نەکرد، وەکو پێدەچێت، کە ئەو سەرچاوەیە دەبێ گازی شێل بێت و بە نرخی ٢٠٪ هەرزانتر لە گازی دیکە دەبێت، بەپێی ئەو پێوەرانە لە ٣٠ بۆ ٤٠٪ سوودی گازپرۆم دابەزین بەخۆوە دەبینێت. لەوانەیە، کە گازپرۆم لە ئاکامی لەدەستدانی ترانزێتی ئۆکراینا و داسەپاندنی سزا لە لایەن E U تووشی زیانێکی گەورە ببێتەوە، چونکە یەکێتیی ئەوروپا گازپرۆم بە پێشێلکردنی بنەماکانی مۆنۆپۆلی تاوانبار دەکات و داوای ١٠ ملیارد یۆرۆ قەرەبوو دەکات، هەموو هەوڵەکانی ئەوروپاش لە پێناو کەمکردنەوەی قەبارەی هاوردەی رووسیایە و نایانەوێت، کە لەژێر سیاسەتی گاز و نەوتی رووسیادا

بن. ئێستە رووسیا وا هەوڵ دەدات، کە بە ڕێگەی تورکیاوە گاز هەناردەی ئەوروپا بکات و ئەو بۆڕییە گازانە بە ناوی (تەوژمی تورکیا) ناویان دەرکردووە، زۆر پسپۆر لەو بڕوایەدان، کە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەش پێویستی بە تێچوونێکی زۆر هەیە، کە دەکاتە نێزیکەی ٥ ملیارد $ هەیە و ڕەزامەندی یۆنانیشی هەیە و پێویستی بە دیارکردنی هەڵوێستی ڕووناکی یەکێتیی ئەوروپاش هەیە، کە چۆنییەتی جێبەجێکردنی داهاتووی ئەو سەوداکارییەش دیار نییە. دەسەڵاتدارانی ئۆکراینایی ڕایانگەیاندووە، کە بە یەکجاری دەتوانن هەناردەی گازی رووسیا ڕابگرن، یەکسەر سەرۆك وەزیرانی رووسیا دمیتری میدڤیدڤ ڕای گەیاندووە، کە ئامادەیە بە نرخێکی داشکاو گاز هەناردە بکات، پوتینیش حکومەتی ڕاسپاردووە، کە گفتوگۆ لەسەر درێژکردنەوەی ترانزێتی گازی رووسیا لە پاش ساڵی ٢٠١٩ لەگەڵ ئۆکرایینادا بکەن، چونکە لەپاش ئەو ساڵە دیارکراوەدا پێویستە، کە ڕێکەوتنی هەناردەی گاز نوێ بکرێتەوە یاخۆ هەڵوەشێندرێتەوە.

### ڕێگە بە سەرۆکی دوما نەدرا، کە سەردانی فینلەندا بکات:

بەشێك لە چاوەدێرانی سیاسی لەو بڕوایەدان، کە هۆکاری سەرەکیی ڕێگەنەدانی فینلەندا بۆ نایاساییبوونی سەربەخۆیی فینلەندا دەگەڕێتەوە، نارێشکین سەرۆکی دوما وتویەتی، کە لە ساڵی ١٩١٧ دەسەڵاتی کۆمۆنیستە گەنجەکان سەربەخۆیی فینلەندیان ڕاگەیاند و ئەو حکومەتە کاتییە دانپێنراو نەبووە، بۆیە فینلەندا مافی ئەوەشی نییە باسی نایاسایی کریم بە رووسیاوە بکات. دەسەڵاتدارانی فینلەندی بە فەرمی وتویانە، کە هۆکاری ڕێگەنەدان بۆ بڕیاری یەکێتیی ئەوروپا دەگەڕێتەوە، کە قەدەخە و ئابلۆقە لەسەر رووسیا دانراوە، هەرچەندە فنلەندا هەوڵ دەدات، کە خۆی لەو کێشەیە بەدوور بگرێت، بەڵام بڕیارێکی داسەپێندراو بووە. پێوەندییەکانی رووسیا و فینلەندا لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتیشدا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا لە ڕووی سیاسی و ئابووری زۆر ئاسایی بوون و حیسابی بێلایەنی بۆ فینلەندا دەکرا، بۆیە وەکو دیارە رووسیاش پێی خۆش نییە، کە ئەو پێوەندییانە ئاڵۆزییان تێبکەوێت.

سکرتێری ئەنجومەنی تەناهیی رووسیا (پاترۆشێڤ): رێکخراوە ناسیۆنالیستییەکانی فینلەندی دەیانەوێت، کە کاریگەری نەتەوەگەرایی بەسەر دانیشتوانی (کۆماری کارێلی)دا بکەن و دەرفەت لەو تەنگژە و ئابلۆقە ئابوورییەکان وەربگرن.

**تێبینی:** کۆماری کارێلی بەشێکە لە رووسیای فیدراڵ، لە ڕووی مێژووییەوە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری رووسیا پێکەوە لەگەڵ فینلەندا بووە، سەردەمێك لەژێر دەسەڵاتی سویدیش دابووە، لە کاتێکدا، کە فینلەندا سەربەخۆیی خۆی لە پاش شۆڕشی ئۆکتوبەر وەرگرت هەرێمی کارێلی هەر لە چوارچێوەی یەکێتیی سۆڤیەتدا مایەوە، بۆیە فینلەندا ئەو هەرێمە بە بەشێك لە خاکی خۆی دەزانێت، لە ڕووی رووبەرەوە بە نزیکەی هەموو رووبەری فینلەندایە، ئێستە رێژەی فینلەندیی و کارێلی زۆر کەمبووەتەوە، لە بەپێی ئامارەکان ٨٢٪ رووسن ، ئەوانی دیکەیش کارێلی و فینلەندیی و ئۆکراینی و بیلارووسین. ژمارەی دانیشتوانی ئەو کۆمارە ئۆتۆنۆمییە زیاتر لە ٦٠٠ هەزار کەسە. بە شێوەیەکی گشتیی خەڵك لەو کۆمارەدا کەم دەبێتەوە و رێژەی مردن لە دایکبوون پترە...لەو نەخشەیەشدا کۆماری کارێل دیارە، لە فینلەنداش پارێزگەی کارێلی باشوور و باکوریش هەن هەر لە چوارچێوەی ئەو ناکۆکییانەدا وەزیری دارایی فینلەندا دەڵێت: کە ئێستە لەبەر مەترسییەکانی سەقامگیری و سیاسەتی دەرەکیی لە بەرژەوەندی فینلەندا نییە، کە ببێتە ئەندام لە ناتۆدا.



**رووسیا بە ڕێگەی قوبرسەوە پێگەی سوپایی بەهێز دەکات:**

ئێستە شەڕی ناوەخۆیی سوریا بەردەوامە، قوبرس بۆ رووسیا دەتوانێت، کە ببێتە جیگرەوەی بنکەی سەربازی لە تەرتووس. لەو رووەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە توندی رەخنەیان ئاراستەی دەسەڵاتدارانی قوبرس کردووە لەبارەی ڕێگەدان بە کەشتییەکانی سوپای ڕووسیا. حکومەتی قوبرس چاوەڕێی دانانی ئابلۆقەی بەسەر تورکیای دەکرد، بەڵام هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەکو دۆستانە دەبینرێت، بۆیە بە هیچ شێوەیەك نموونەی داگیرکردنی قوبرس لەلایەن تورکیاوە وەکو هاوشێوەی رووسیا بۆ داگیرکردنی کریم نابینن. رووسیا ماوەی گەڕانەوەی قەرزی ٢,٥ ملیارد $ بۆ قوبرس درێژ کردەوە، هەر لە کۆنیشەوە رووسیا چەکی مودێرنی داوەتە ئەو وڵاتە، لە ڕووی ئابووریشەوە رووسیا پێوەندێکی باشی لەگەڵ قوبرسدا هەیە، لە ڕووی بیروباوەڕی ئاینیدا مەزهەبی هاوبەشی ئۆرتۆودۆکسیان هەیە. قوبرس لەگەڵ یۆنان لە پرسی سەپاندنی ئابلۆقەکانی ئابووریش لەگەڵ زۆر وڵاتی دیکەی ئەوروپا هاوڕا نین و هەوڵ دەدەن ،کە ئەو ئابلۆقانە هەڵبگیرێن.

**رووسیا خوازیاری پەرەسەندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ پریدنیستڕۆڤیا و گاگایۆزە:**

کۆماری دانپێنەنراوی پریدنیستڕۆڤیا لە ساڵی ١٩٩١ لە مۆڵداڤیا جیا بووەتەوە، پێوەندییەکی باشی لەگەڵ ئۆکراینا و رووسیا هەبوو، بەڵام ئێستە ئۆکراینا پێشگیری لە پەرەسەندنی پێوەندییەکانی ئەو کۆمارە دانپێنەنراوە لەگەڵ رووسیادا دەکات و ڕێگەی پێوەندی و ترانزێتی لەگەڵ رووسیادا لێی بڕیوە، لەو هەلومەرجەدا رووسیا دەیەوێت، کە پێوەندی و کاریگەری خۆی بەسەر ئەو هەرێمە دابڕاوەدا بپارێزێت، هەروەها پێوەندیی باشیشی لەگەڵ مۆڵداڤیا و ئۆتۆنۆمی تورك زمانی گاگایۆز، کە بە فەرمی لەناو مۆڵداڤیادا خاوەنی ئۆتۆنۆمییە هەبێت. چەند ساڵێك بوو، کە پێوەندییەکانی مۆڵداڤیا و رووسیا تێکچوو بوون، بەڵام دووبارە رووسیا ڕێگەی هاوردەی بە کاڵا کشتوکاڵییەکانی مۆڵداڤیادا بۆ رووسیا، مۆڵداڤیاش بەرژەوەندیی لەوەدایە، کە پریدنیستڕۆڤیا لە یەکێتیی ئەوروپا نێزیك ببێتەوە و لە داهاتوودا لەو هاوکێشەیەدا یەکدیی بگرنەوە، رووسیا ئامادەیە، کە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی

ئۆتۆنۆمی گاگایۆز  وەکو بەدەر لە ئابلۆقەکان و بە نرخێکی گونجاو بکرێت و بەندێکی تایبەتی بەدەر لە پەیوەندییە بازرگانییەکان بۆ گاگایۆز چاك بکەن، کە ئەوەش لەسەر پێشنیازی جێگری سەرۆك وەزیرانی رووسیا دیمیتری رەگۆزین بووە.

(http://www.newsru.com/russia/04jul2015/midnukes.html )

## بەشی پێنجەم

### پێوەندییە ناجێگیرەکانی رووسیا لەگەڵ یەکێتیی وڵاتانی سەربەخۆ( CIS ):

لە پاش تێهەڵچوونەکانی ناوەخۆیی و بەستنەوەی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کریم بەسەر رووسیادا زیاتر لە پێشوو ناهاوسەنگی و دڵەڕاوکێ کەوتووەتە نێوان یەکێتیی وڵاتانی سەربەخۆ لەلایەکەوە، رێکخستنی هاوپەیمانی سەقامگیری هاوبەش
( Collective Security Treaty Organization )

کە لە وڵاتانی ئەرمەنستان، رووسیا، کازاخستان، کرکیزستان و تاجیکستان دا پێکدێت هاتووەتە کایەوە. جگە لەو دوو رێکخستنە چەندین یەکێتیی و رێکخستنی دیکەی وەکو یەکێتیی وڵاتانی رووسیا و بیلارووسیا و رێکخراوی ئەوروئاسیا و رێکخراوی هاوکاری شەنگهای و... هتد هەن، رێژەی وڵاتانی ئەندامیش لە زیادبووندایە، لە لایەکی دیکەیشەوە هاوپەیمانی هاوکاری شەنگهای و پرۆژەی یەك رێگە و یەك کەمەربەندیش بە رێگەوەیە، بەرژەوەندییەکانی چین و هیندستانیش بەرەو سنوورەکانی ئەو وڵاتانە هاتوون و دوور نییە، کە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست ئەو جۆرە هاوسەنگیانەیان بەدڵ بێت، بۆ ئەوەی، کە تاکە زلهێز تەنیا رووسیا دەسەڵاتی بەسەر ئەو ناوچەیەدا نەبێت و جۆرە هاوسەنگییەك لە نێوانیاندا چێ بکرێت. زۆر جار ناسیونالیستە رووسیاییەکان باسی گەڕانەوەی بەشی زۆری خاکی کازاخستان و هەندێ جار بیلارووسیاش دەکەن، زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتوانی باکوری کازاخستان و شارە گەورەکانی ئەو وڵاتە بە زمانی رووسیایی دەدوێن یاخۆ رووسیایی زمانن. لە لایەن کازاخستانەوە بەڵگەنامەیەکی هاوکاری سەقامگیری ئامادەکراوە، کە باسی هاوکاری لە هەلومەرجی پێویست و نائاسایی لەگەڵ وڵاتی چین و تاجیکستان دەکات، هەرچەندە بە شێوەیەکی راستەوخۆ باسی بەرگری سوپایی نەکراوە، کە پێویستە ئەو بەڵگەنامەیە لە پەرلەمانیش تێپەڕێندرێت، لە بنچینەدا ئەو جۆرە رێکەوتنە نادیارانە واتای ترس لە یەکدی و هەوڵی خۆپاراستن دەگەیێنێت، هەرچەندە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بە

تایبەتی کرکیزستان و کازاخستان ترسیان لە پەرەسەندنە ئابووری و سوپاییەکانی چینیش هەیە، کازاخستان بۆ پاراستنی هاوسەنگی پێوەندییەکانی لەگەڵ رووسیا و چیندا ئەو هەوڵانە دەدات، چین لە ڕووی زۆری دانیشتوان و کێشەی کۆچکردن و تایبەتمەندیی زلهێزی و مۆنۆپۆڵی بۆ وڵاتانی بچووك ترسێکی گەورەیە، لە باکوریشدا کێشەی چارەسەرنەکراوی موسڵمانانی ئویگۆری هەیە، کە ئەو گرووپە ئاینی و ئتنیکییە لەگەلانی ئاسیای ناوەڕاستەوە نێزیکن و پشتگیری چارەسەریشی لێدەکەن، چین زۆر بە بێ بەزەییانە سیاسەتی سەرکوتگەرانە بە دژ ئویگۆرەکان بەکار دەهێنێت، کە ئەو هۆکارەیەش ساردییەك دەخاتە ناو پێوەندییەکانییەوە. رووسیاش لەبارەی پێوەندییەکانی وڵاتانی دەریای خەزەر دوودڵە، بۆیە دەستی بە مانۆری سوپایی بە بەشداری ١٠ کەشتی جەنگی ئامادەکراو بە رۆکێتەوە کرد، دیارە رووسیا نیگەرانی لە پێوەندییەکانی تورکەمەنستان و ئەمریکا، هەروەها پێوەندییەکانی کازاخستان و ئەمریکاش بۆ هاتوونەتە پێش، ئەو پێگەی وەکو جارانی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا نەماوە و بەشێکی زۆری سەرمایەی نەوتی سەر دەریای خەزەر لە لایەن کازاخستانەوە دراوەتە کۆمپانیا ئەمریکاییەکان و رووسیاش نیگەرانە هەرچەندە زۆر باسی ناکات، بۆیە خۆی لە ئێران نێزیك دەکاتەوە.

## کێشەی چارەسەرنەکراوی خاك لە وڵاتانی پۆست یەکێتیی سۆڤیەتدا و سیاسەتی پەرەسەندنی ڕۆژئاوا لەو وڵاتانەدا:

هەرێمە دابڕاوەکانی ئابخازیا و ئۆسیتیای باشوور بە رەسەن سەر بە وڵاتی جۆرجیان، پریدنیستڕۆڤیاش سەربە مۆڵداڤیا و کۆمارەکانی دانپێنەنراوی دونێسك، لۆگانسك و ئۆتۆنۆمی هەرێمی کریمی سەر بە ئۆکراینا گرینگی جیۆپۆلێتیکی و سەرچاوەی سروشتی گرینگیان بۆ رووسیا و ڕۆژئاوا هەیە، لەبەر هەلومەرجی بە هەڵواسراوی مانەوەی ئەو هەرێمانە رووسیا ناچارە، کە بە ڕێگەی یارمەتی یاخۆ سوبسید ئەو هەرێمە دابڕاوانە بەڕێوە ببات. هەرسێ وڵاتی مۆڵداڤیا، جۆرجیا و ئۆکراینا پێیان خۆشە، کە ببنە بەشێك لە رێکخراوی ناتۆ، بەڵام کێشەی دابڕاوی خاکیان بووەتە بەربەستێکی گەڕۆڵە بەرامبەر بە ئەندامبوونیان. بەپێی یاسای (پێشگیری لە

هەڕەشەکانی رووسیا، کـە لـە سـاڵی ٢٠١٤ رێکخـراوە( Russian Aggression Prevention Act of 2014 ) ئەو وڵاتانە ستاتۆی هاوپەیمانییەتی بەبێ ئەنـدامیان لە رێکخراوی ناتۆدا هەیە.

واشنتۆن لـەو بڕوایەدایـە، کـە دەبـێ ریفـۆرمی زیـاتری شارسـتانی و سـوپایی لـەو وڵاتانەدا ئەنجام بدرێن، خوازیارە، کە سەندوقی تەناهی و یارمـەتی هاوپـەیمانی لەگـەڵ هەرسێ وڵاتی مۆڵداڤیا، جۆرجیا و ئۆکراینا بە ناوی( Partners European )واژۆ بکات و یارمەتی راهێنانی سوپایی ئەو وڵاتانە بدات.

لـە سـامتی سـپتامبری ٢٠١٤دا جۆرجیـا وەکـو وڵاتێکـی (هاوکـاری بـەهێز) سەوداکاریی لەگەڵدا دەکرێت، لـەو لووتکەیـەدا پێداگری دووبارە لەسـەر پرەنسـیپی یەکپارچەی وڵاتانی کێشە لەسەر دووبارە کرایەوە، بەڵام ئەوەش دەرکەوت، کە رۆژئـاوا هێشتا ئامادەیی چارەسەری وڵاتانی کێشەلەسەری خاکی نییە.

ئایا سێ وڵاتـی نـاوبراو ئامـادەن، کـە دەسـت لـە خـاکی دابڕاویـان بـۆ خـاتری بـە ئەندامبوون لە کۆمەڵگەی رۆژئاوا و ناتۆدا هەڵگرن یاخۆ ئامادەن، کـە سـازان لەسـەر ئەو خاکەدا لەگەڵ رووسیادا بکەن؟ ئایا رووسیاش ئامادەیە؟. ئەوە پرسێکی گرینگـە، کە هەرسێ ئەو وڵاتە رووبەڕووی بوونەتەوە. زیاتر لە ٩٠٪ گەلانی جیهان لە نێزیکەی ٢٠٠ وڵاتدا بە تێکەڵاوی دەژین، بەشێکی زۆری ئەو گەلانە نـەیانتوانیوە، کـە وڵاتـی سەربەخۆی خۆیان پێك بهێنن.

لە کۆمارەکانی کۆنی یەکێتیی سۆڤیەتدا بەشێوەیەکی گشتیی بارودۆخی نەتەوەیی و مافاکانیـان باشـتر دابـین دەکـران، بـە دابەشـبوونی یـەکێتیی سـۆڤیەت بەسـەر ١٥ کۆمـاردا بـارۆدخی کەمینـە نەتـەوەکان لـە هـەموو ئـەو کۆمارانـەدا هـەتا مـافی رووسەکانیش بەرەو پێشێلکردن بووەتەوە، سیاسەتی ناوەندی بەهێز کەوتووە.

## کێشە چارەسەرنەکراوەکانی جۆرجیا، مۆڵداڤیا و ئۆکراینا:

- گەورەترین سەر ئێشەی بەشـێك لـە وڵاتـانی کـۆنی یـەکێتیی سـۆڤیەت کێشـەی دابڕانی ئێتنیکی و سیاسی لە سێ وڵاتی هەرە گـرینگ، سـەبارەت بـە رووسـیا و یەکێتیی ئەورووپا و ناتۆن. لە ماوەی رابردوودا زیاتر لە هەموو کاتێك بەرپرسانی

جۆرجیا و مۆڵداڤیا باس لە ڕۆڵی رووسیا و گرینگی بەشداری هاوبەشی رووسیا و ڕۆژئاوا بۆ چارەسەری هەرێمە دابڕاوەکانی لەو کۆمارانەدا دەکەن.

- ئەو وڵاتانە لە ڕووی ستراتیجییەتی جیۆپۆلێتیکی و دەوڵەمەندی سەرچاوە سروشتییەکان بۆ رووسیا و ڕۆژئاوا گرینگییەکی زۆریان هەیە. یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی ڕۆژئاوا دابینکردنی سەقامگیری لەو وڵاتانەدایە، چونکە بە تێکچوونی بارودۆخیان بەتایبەتی لە ئۆکراینا کاریگەری راستەوخۆی بەسەر رووسیا و وڵاتانی ئەوروپادا هەیە.
- ڕۆژئاوا هەوڵ دەدات، کە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و وڵاتانی پۆست یەکێتیی سۆڤیەت بکاتە بەشێك لە سیستەمی سەقامگیری ئەتلانتیکی و ببنە بەشێك لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی. پسپۆڕێکی ئەنجومەنی رووسیا بۆ کاروباری نێودەوڵەتی نانا گیگێلاشڤیلی، کە بە خۆی جۆرجیاییە دەڵێت: کە "ڕۆژئاوا و ناتۆ پلانی (نەخشە ڕێگەیەکی) بە قۆناغبەندییان بۆ بەشداریکردنی وڵاتانی کۆنی یەکێتیی سۆڤیەت لەناو یەکێتیی ئەوروپا و ناتۆدا هەیە و دەستیان بە پیادەکردنی کردووە.
- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێت کەبە ڕێگەی کارتێکەری وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا بەسەر ئەو وڵاتانەدا قوناغ بە قوناغ بیان هێنێتە ناو ئەو دو ڕێکخراوەیە وەبیانکاتە بەشێك لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوای. بە بڕوای ناوبراو جۆرجیا وڵاتێکی کلیدی و ستراتیژی گرینگە لە قەفقازدا و هەروەها مۆڵداڤیا و ئۆکرایناش هەرێمی بەربەستی نێوان رووسیا و ئەوروپان"
- هەرسێ وڵاتی مۆڵداڤیا، جۆرجیا و ئۆکراینا پێیان خۆشە، کە ببنە بەشێك لە ڕێکخراوی ناتۆ، بەڵام کێشەی دابڕاوی خاکیان بووەتە بەربەستێکی گەڕۆڵە بەرامبەر بە ئەندامبوونیان. بەپێی یاسای (پێشگیری لە هەڕەشەکانی رووسیا، کە لە ساڵی ٢٠١٤ ڕێکخراوە( Russian Aggression Prevention Act of 2014) ئەو وڵاتانە ستاتوی هاوپەیمانییەتی بەبێ ئەندامیان هەیە.
- واشنتۆن لەو بڕوایەدایە، کە دەبێ ریفۆرمی زیاتری شارستانی و سوپایی لەو وڵاتانەدا ئەنجام بدرێن، چونکە دەیەوێت، کە فوندی تەناهی و یارمەتی

هاوپەیمانی لەگەڵ هەرسێ وڵاتی مۆڵداڤیا، جۆرجیا و ئۆکراینا بەناوی European Partners واژۆ بکات و یارمەتی راهێنانی سوپایی ئەو وڵاتانە بدات.

لە لووتکەی ئوێلسی سەرانی ناتۆ لە ٤-٥ سپتامبەری ساڵی ٢٠١٤ دا بڕیاردرا، کە جۆرجیا وەکو (هاوکاری بەهێز) سەوداکریی لەگەڵدا بکرێت و هاوکاری هەمەلایەنە بۆ بەهێزکردنی ئامادەگییەکانی سوپایی ئەو وڵاتە بکرێت.

- لەو کۆبوونەوەیەی لووتکەدا جۆرجیا لەگەڵ پێنج وڵاتانی دیکەی فینلەندا، سوید، ئوستراليا و ئوردن وەکو وڵاتی (ستاتۆی بەرز) لەو رێکخراوەیەدا وەرگیراوە، کە ئەو ستاتۆیەش بە واتای ئەوەیە، کە پێویستە ناتۆ و یارمەتی بەمۆدێرنکردنی سوپایی ئەو وڵاتەیە وەکو پێش مەرج بۆ بەئەندامبوون بدات، پێدانی ئەو ستاتۆیە واتای جدییەتی سیاسەتی ئەمریکا لە هەمبەر ئەو وڵاتەدا دەخاتە ڕوو.
- ئەو هاوکارییە نێزیکانەی نێوان ناتۆ و وڵاتانی جۆرجیا، ئۆکراینا و مۆڵداڤیا ئەو واتایە دەگەێنن، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەیە، کە یارمەتی لە پێناو سەربەخۆی ئەو وڵاتانەدا بدات.٤

**ڕۆڵی ڕۆژئاوا لە چارەسەرکردنی کێشەی ناگۆرنا کاراباخدا:**

یەکێك لە گرینگترین بەرنامەکانی (هاوکاری ڕۆژهەڵاتی) یەکێتیی ئەوروپا هێنانەکایەوەی سەقامگیرییە، یەکێتیی ئەوروپا ترسی دووبارەبوونەوەی ئەزموونی پێکدادانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سوریایە، لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی، کە بتوانێت کاریگەری خۆی بەسەر ئەو وڵاتانەدا هەبێت پێویستی بە سەقامگیری هەیە، یەکێك لەو بەرنامانە چارەسەری کێشەی ناگورنا کارەباخی کێشەلەسەری نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجانە، کە نێزیکەی دوو دەیەیە ئەو هەرێمە کەوتووەتە ژێر کۆنترۆڵی ئەرمەنستان، وەکو گڕکانێك لە بارودۆخی تەقانەوەدایە. لە چوارچێوەی لووتکەی سەرانی ناتۆ لە ئوێلسی ساڵی ٢٠١٤ دا سەرۆك کۆمارانی ئازەربایجان و

ئەرمەنستانیش ئامادەبوون، دووبارە باسی چارەسەری ئەو کێشەیە کراوە. ناتۆ لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی تەواوەتیی خاکی وڵاتانی قەفقازە
( http://www.cfr.org/nato/wales-summit-declaration/p33394 )

لەو لووتکەیەدا دیار بوو تا ئێستە ڕۆژئاوا ئامادەیی ئەوەی تێدا نییە، کە بە هەموو تواناوە تەناهیی وڵاتانی کێشە لەسەری خاك دابین بکات و بە تەنیایی چارەسەری ئەو کێشانە بکات.

**ڕۆڵی رووسیا لەبارەی چارەسەری وڵاتانی کێشەلەسەری خاك:**

دەسەڵاتدار و لایەنگر و پسپۆرانی جۆرجیا سەرلە نوێ دابەشکردنەوەی جۆرجیا بەپێی پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی بە هەڵەی ستالین و سەرکردەکانی یەکێتیی سۆڤیەت دادەنێن و دەڵێن لە ڕووی مێژووییەوە هەردەم ئەو ئۆتۆنۆمیان مەیلی ناوەند و رووسیایان هەبووە. کۆمارێکی بچووکی وەکو جۆرجیا نێزیکەی ۲۵ کەمە نەتەوە و تیرە و هۆز و ئاینی جۆراوجۆری تێدا دەژین. ئێستەش بە بێ کاریگەری رووسیا ئەو ناکۆکییە کێشەلەسەرانە چارەسەر ناکرێن، لێرەدا پێویستە باسی راستییەکی دیکەی بەپێچەوانەشەوە بکرێت، کە ئەویش مەیلی هەڕەشەی چەوسانەوە و بەناوەندکردنی بەهێز لە لایەن کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی وەکو ئازەربایجان و ئەرمەنستان، جۆرجیا و ئۆزبەکستان لە هەمبەر کەمەنەتەوەکاندا دەکرا و هەوڵی تواندنەوەیان دەدرا. سەرۆکەکانی ئازەربایجان لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا سیاسەتی بە ئازەریکردنیان لە هەمبەر کورد و چەندین نەتەوەی دیکەی رەسەنی قەفقاز و ئەرمەن پێڕەو دەکرد، بەپێی ئامارەکانی گەشەی دانیشتوانی ئازەربایجان لەپاش سالآنی بیستەکانی سەدەی رابردوودا تاکو ئێستە دەبوایە پتر لە ملیۆن و نیوێك کورد لە ئازەربایجان هەبوایە، بەڵام بەپێی ئامارە فەرمییەکان ژمارەیان لە چەند هەزارێك تێپەڕ ناکات، لە تورکەمەنستانیش دەبوایە ژمارەی کوردان بە سەدان هەزار بوایە!، تا ئەمڕۆش ئەو وڵاتانە لەسەر سیاسەتی ئەسیمیلاسیۆن بەردەوامن. هەر بە هاوشێوەی نێزیك لە ئەرمەنستانیشدا کوردەکان و ئازەرەکان ناچار بەکۆچ کران، وڵاتانی باڵتیکی ئیستۆنیا، لیتڤا و لاتڤیاش سیاسەتی پەراوێزخستنی نەتەوەکان پێڕەو دەکەن و مافی

کەمەنەتەوەکان پێشێل دەکەن. بە شێوەیەکی گشتی لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا کەمینەکان بارودۆخی دادپەروەری نەتەوەیی، ئێتنیکی، ئابووری و کولتووریان بەبەراورد لەگەڵ ئەم سەردەمەی ئێستەدا باشتر بوو، دەسەڵاتی ناوەندی یەکێتیی سۆڤیەت ڕێگەی چەوسانەوەی لە ڕادەبەدەری بە دەسەڵاتدارانی خۆجێی نەدەدا، هەرچەندە سەرەڕای ئەو هەوڵانەش کەچی لە وڵاتانی وەکو ئازەربایجان و تورکمەنستان و ئۆزبەکستان ئەو بنەمایانە هەر پێشێل دەکران. لەپاش دابەشبوونی یەکێتیی سۆڤیەت بەسەر ١٥ کۆماردا بارودۆخی کەمە نەتەوەکان لە هەموو ئەو کۆمارانەدا خراپتر بووە، سیاسەتی ناوەندی لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دەسەڵاتداران پەرەی سەندووە.

## گرینگترین هۆکاری ناکۆکییە نەتەوەییەکان لە نێوان وڵاتانی کۆنی یەکێتیی سۆڤیەتدا:

لەبارەی هۆکاری ناکۆکییە نەتەوەییەکانی نێوان وڵاتانی کۆنی یەکێتیی سۆڤیەتدا پسپۆڕانی زانکۆی دۆستایەتی گەلان لە مۆسکۆ لێکۆڵینەوەیەکیان لە پەڕتووکێکدا بەناوی (تێهەڵچوونە نەتەوەییەکان لە نێوان وڵاتانی کۆنی یەکێتیی سۆڤیەتدا) نوسیووە، کە لە بەشێکیدا پرۆفیسۆر تاتیانا ڤیکتۆرۆڤنا تورۆبارۆڤا لە لاپەڕە ١٧٨-١٧٩ دا دەڵێت: زیاتر لە ٧٠٪ تێهەڵچوونەکانی جیهان لە ساڵانی نەوەدەکاندا بۆ هۆکاری ئێتنیکی دەگەڕێنەوە. هەر لەو سەرچاوەیەدا باسی بۆچوونی زانای ئەمریکایی لاپیدۆس لەبارەی تێهەڵچوونەکانی ئێتنیکی پۆست یەکێتیی سۆڤیەتدا دەکرێت ناوبراو بەو شێوەیە ئەو ناکۆکییانە ریزبەند دەکات:

١- هۆکاری بەشێك لە تێهەڵچوونەکان بۆ ناکۆکییە سنوورییەکانی لەمێژینەی نێوان وڵاتان دەگەڕێنەوە هەروەکو ناکۆکی نێوان رووسیا و ئۆکراینا لەسەر کریم بووە هۆی داگیرکردنی ئەو هەرێمە ئۆتۆنۆمییە.

**٢- بەشێکی دیکەی تێهەڵچوونەکانی نێوان پێکهاتەکان لەناو خودی وڵاتاندا روودەدەن:**

- ناکۆکییەکانی نێوان گرووپی دەسەڵاتدار و نەتەوەی ڕەسەن (بۆ نموونە نەتەوەی لەزگینی لە ئازەربایجان و داگستانی لە رووسیای فیدراڵ لە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەدا ناتەبان)
- هاتنەکایەوەی دژبەرایەتی لە نێوان گرووپی کۆچکراو و نەتەوەی جێگیری ڕەسەن.
- ناکۆکی نێوان نەتەوەی دەسەڵاتدار و گرووپی ڕەسەنی کۆچپێکراو، لەپاش گەڕانەوەیان لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت چەندین نەتەوەی بەزۆر کۆچکراو بۆ سەر زێدی باب و باپیرانیان گەڕانەوە، بەڵام رووبەڕووی کێشەی جۆراوجۆر بوونەوە (وەکو نەتەوەیی تاتار لە کریم).
- ناکۆکی لە نێوان ئەو هەرێمە ئۆتۆنۆمیانی، کە کاتی خۆی لەناو کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا خاوەن مافێکی دیارکراوبوون، بەڵام لەپاش هەڵوەشانەوی سۆڤیەت ئەو کۆمارانە سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنا، دەسەڵاتدارانی نوێ چاوخشانی دووبارەیان بە مافەکانی ئەو کەمەنەتەوەییە و ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمیدارانەدا کرد (ئابخازیا لە جۆرجیا و تاتارستان لە رووسیادا).

**پرۆفیسۆری قوتابخانەی مافی هارواردی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئو. یۆری تێهەڵچوونەکانی نەتەوەیی لە ڕوانگەیەکی دیکەوە باس دەکات:**

١- (کردەوە توندو تیژەکان) لە ریزبەندی پێکدادان و تێهەڵچوونەکاندا ئەژمار دەکرێن.
٢- بەشێك لە (رەفتاری توندوتیژی)، کە دەتواندرێت کۆنترۆڵ بکرێن.
٣- (پڕ لە توندوتیژی) ئەو بارودۆخەی، کە ئامادەیە بۆ کردەوەی توندوتیژی بگوازرێنەوە.
٤- (بنەمای توندوتیژی) ئەو بارودۆخەیە، کە هەلومەرجی توندوتیژییان لێ چاوەڕوان دەکرێت، بەڵام ئامادەیی کردەوەییان تێدا نییە.
٥- بارودۆخی ناتوندوتیژی.

**زانایەکی دیکـەی ئـەمریکایی بـەناوی ئێتینگێـر بـەم شـێوەیە باسـی ریزبەنـدی هۆکارەکانی تێهەڵچوونە نەتەوەییەکان دەکات:**

١- هەندێ تێهەڵچوونی نەتەوەیی بۆ هۆکاری لێکدابڕانی نەتـەوەکان دەگـەڕێنـەوە، کەئەو نەتەوانە هەوڵ دەدەن، کە لەگەڵ بەشی گەورەتر یەك بگرنـەوە، بـۆ نموونـە بزوتنەوەی ئەرمەنی لە هەرێمی ئۆتۆنۆمی ناگۆرناکارەباغ هەوڵیاندا، کـە لەگـەڵ ئەرمەنستان یەك بگرنەوە، هەروەها ئۆسیتیای باشووریش، کە مـافی ئۆتۆنـۆمی هەبوو لەپاش رووخانی یەکێتیی سۆڤیەت هەوڵیدا، کە لەگـەڵ ئۆسـیتیای بـاکور یەك بگرنەوە.

٢- لە هەندێ بارودۆخدا کەمەنەتەوەییەکان هـەولی پێکهێنـانی وڵاتـی سـەربەخۆیان دەدا، بۆ نموونە ئابخازەکان لـە جۆرجیـا و گاگـایۆز و هـەرێمی پریدنیسـترۆڤیا لـە مۆڵداڤیادا.

٣- ناکۆکی نێوان نەتەوە بەزۆر کچپێکراوەکان لەگەڵ نەتەوەی جێگیر یـاخۆ ڕەسـەندا هــەروەکو چــۆن ئینگۆشــیتەکانی کۆمــاری ئۆتۆنــۆمی ئینگۆشــیتیا لــە پــاش گەڕانەوەیان لە دوورخرانەوە کێشەی خاوەنداریەتیی زەوییان لەگەڵ ئۆسیتییەکانی کۆماری ئۆتۆنۆمی ئۆسیتیایان بۆ دروست بووە.

٤- بەشێك لە وڵاتان هەوڵ دەدەن، کە خاکی دانپێنەنراو بگەڕێننەوە بۆ نموونە لاتڤیـا و ئیسـتۆنیا هـەوڵ دەدەن، کـە بەشـێك لـە خـاکی پسـکۆڤی ڕۆژئـاوای رووسـیا بگەڕێننەوە سەر خاکی وڵاتەکەیان، چونکە بەر لە ٤٠ ساڵ بەر لە ئێستە بەشێك بووە لەو وڵاتانە، بەڵام لەپاش راگەیاندنی سەربەخۆی لێیان سەندراوەتەوە.

٥- لــە ســەردەمی یــەکێتیی ســۆڤیەتدا گۆڕانکــاریی لــە ســنووری کۆمارەکانــدا ئەنجامـدراوە هـەروەکو چـۆن کـریم بـەر ئۆکراینـا کـەوت، هـەروەها لـە ئاسـیای ناوەڕاستیشدا ئەو ئاڵوگۆڕییە سنوورییانە کراون.

٦- بەشێك لە لایەن و نەتەوەکان لە چۆنییەتی دابەشکردنی سەرچـاوەکانی ئابووریـدا ناڕازین و بە بەشی قـۆرخکراوی خۆیـان دەبیـنن هـەروەکو چـۆن گرۆزنـە و کـازان لەگەڵ مۆسکۆ.

٧- بەشێك لە تێهەڵچوونەكان بۆ هۆكارەكانی جیاوازی مێژوویی و ناكۆكی دابورێورەسم دەگەڕێنەوە هەروەكو لە ناكۆكییەكانی نێوان كۆنفیدراسیۆنی نەتەوەكانی قەفقاز و رووسیادا دەبینین.
٨- ناكۆكییەكانی نێوان ئەو نەتەوانەی، كە بۆ كۆمارەكانی دیكە دوورخراونەتەوە لەگەڵ نەتەوەی رەسەن هەروەكو توركە مێسخێتینسەكان لە ئۆزبەكستان و چیچانەكان لەناو كازاخستاندا.
٩- جیاوازی زمان و ناكۆكی لەسەر زمان یاخۆ شێوەزارێك دەبێ فەرمی یاخۆ نافەرمی بێت.

زیاتر لە ٩٠٪ گەلانی جیهان لە نێزیكەی ٢٠٠ وڵاتدا بە تێكەڵاوی دەژین، بەشێكی زۆری ئەو گەلانە نەیانتوانیوە، كە وڵاتی سەربەخۆی خۆیان پێك بهێنن.
هاتنەكایەوەی باڵانسێكی نوێی نەوت و گاز لە نێوان وڵاتانی كەنارەكانی دەریای خەزەر

قەبارەی بەرهەمهێنانی وزەی لە وڵاتانی كەنارەكانی دەریای خەزەر بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینیووە، ئەو وڵاتانە لە ڕووی هەناردەكردنەوە دەیانەوێت هاوسەنگی لەگەڵ وڵاتەكانی هەناردەكاردا چێ بكەن، بە واتەیەكی دیكە ئەو وڵاتانە هەوڵ دەدەن، كە لە ڕووی هەناردنەوە بەیەك وڵاتی دیاركراو نەبەسترێنەوە، لەهەمانكاتدا ببنە ئەندامی كارای بەڕێوەبەری سیاسەتی نەوت و گازی جیهان، لە لایەكی دیكەیشەوە هەناردەی تاكە وڵاتی زلهێزی هەرێم، كە رووسیایە كەمبوونەوەی بەخۆوە بینیووە، هاوكات ئەوروپاش بەدوای ئەلتەرناتیڤدا دەگەڕێت، هەروەها وڵاتانی باشووری ئاسیای ڕۆژهەڵاتیش پێویستیان بەدابینكەری وزە هەیە، نەك تەنیا لە تاكە سەرچاوەیەكی دیاركراوەوە قۆرخ كرابێت.
لە ١٩-٥-٢٠١٥ دا لە قەراخەكانی دەریای خەزەر كۆنگرەی نێودەوڵەتی گاز بەڕێوەچوو، ٣٠ وڵات بەشدارییان تێدا كرد، یەكێك لە باسەكان چۆنییەتی دروستكردنی هێڵێكی گاز لە نێوان توركمەنستان، ئەفغانستان، پاكستان و هیندستان بوو، بە ڕای پسپۆران توركیا و قەتەر دژی دروستكردنی ئەو پرۆژانەن، هەروەها گرووپە

توندڕۆکانی وەك تالیبانیش بەربەستن لە هەمبەر ئەو پرۆژەیەدا. لەو کۆنگرەیەدا بێردیٚ محەمێدۆڤ وتی: تورکەمەنستان خاوەنی گەورەترین یەدەکی گازی جیهانییە و وڵاتەکەی پێی خۆشە، کە ئەلتەرناتیڤی هەناردەی گاز بە ڕێگە جۆراوجۆرەکانەوە بێت، تەنیا بە وڵاتێکەوە قەتیس نەکرێت. هەڵبەتە تورکمەنستان گاز هەناردەی رووسیا، ئێران و چین دەکات.

پرۆژەی( TAPI Ltd )ئامادەیە و تەنیا بابەتی وتوویژ لەسەر نرخی گاز ماوەتەوە ئەو پرۆژەیە بە درێژایی ١٨٠٠ کیلۆمەتر توانای هەناردەی ٣٣ ملیارد مەتر سێجای لە ساڵێکدا هەیە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ، تێچوونی ئەو پرۆژەیە ١٢ ملیارد $ دەبێت. بازاڕی سەرەکیی هیندستان و پاکستان دەبن، کە ئامادەن بە ئەندازەی ١٤ ملیارد سێجا گاز بکڕن، ئەفغانستانیش، کە ڕۆڵی ترانزێت دەبینێت پێویستی بە ٥ ملیارد مەتر سێجا دەبێت، سەرچاوەی دەرهێنانیش (گالکێنێش)، کە یەکیٚ لە سەرچاوە هەرە گەورەکانی جیهانە. بە بۆچوونی هەندێك لە پسپۆران یەكێك لە كێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم هەناردەکردنی گاز هەبوونی گرووپگەلە توندڕۆکانی وەك تالیبانن، کە لەم دواییەدا لەسەر سنووری تورکەمەنستان وەخۆکەوتوون، پشتگیری سەرەکیشیان وڵاتانی قەتەر، تورکیا و عەرەبستانی سعودیان. قەتەر لەناو بازاڕی هیندستان و پاکستان وەکو مۆنۆپۆڵکارە و پێی خۆش نییە، کە فرۆشیارێکی دیکە پەیدا ببێت.

تورکمەنستان و ئازەربایجانیش چەندین هەوڵیانداوە، کە گاز هەناردەی تورکیا و ئەورووپا بکەن، بەڵام کێشەی هەرە سەرەکی نادیاری ستاتۆی دەریای خەزەرە، کە رووسیا و ئێران دژی راکێشانی بۆڕی گازن لە ڕێگەی دەریای خەزەرەوە. رێکەوتنێك لە نێوان ئازەربایجان، تورکیا و یۆنان گرێدراوە، بەڵام وەکو پێدەچێت، کە یۆنان دەیەوێت، کە گازی رووسیا بە وڵاتەکەیاندا تێپەڕێت، بۆیە هەرجارە لە هەمبەر ئازەربایجاندا بیانۆیەك دەگرێت، کە لەو رووەوە سەرۆك کۆماری ئازەربایجان عەلییێڤ وتی: چەندین بەربەستی دەستکردی دروستکراو لەبارەی هەناردەی گاز و پرۆژەی( TAP )لە لایەن وڵاتانی یۆنان و ئیتاڵیا چێکراون، بەشێکیان لە لایەن لایەنگرانی ژینگەی ئیتاڵیا و بەشێکی دیکەیش لەلایەن حکومەتی یۆنانەوەیە، کە سەرلەنویٚ سەوداکاریی لەسەر نرخ و چەندین هەلومەرجی دیکەی نوێی هەناردەی گاز دەکەن، ئەو بەربەستانە بوونەتە

جێگەی نیگەرانی ئازەربایجان. عەلییێف دەڵێت، کە ئازەربایجان بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵ دەتوانێت، کە ئەو وزەیە دابین بکات و پەرە بە پرۆژەکانی دەرهێنانی لە باشووری قەفقاز بدات.

ئازەربایجان دەستی بەگەڕانی ڕێگەچارەیەکی دیکە کردووە و ئەلتەرناتیڤەکەش وڵاتی رۆمانیایە، وەزیرانی وزەی رۆمانیا، ئازەربایجان و جۆرجیا راگەیاندراوێکی هاوبەشیان لەبارەی پشتگیری پرۆژەی گازی( AGRI )دەرکرد، کە ئەو پرۆژەیەیە بەم شێوەیە دەبێت:

بڕیارە، کە گازی ئازەربایجان لە دەریای خەزەر بەرهەم دەهێندرێت بە ڕێگەی جۆرجیاوە رەوانەی کەنارەکانی دەریای رەش بکرێت و هەر لەوێ کارخانەی بە شلکردنەوەی گاز (liquefaction) دروست دەکرێن، ئینجا دووبارە بە ڕێگەی پاپۆڕ رەوانەی بەندەری کۆنستانتسە لە رۆمانیا دەکرێت و سەرلەنوێ ئەو گازە بۆ شێوەی ئاسایی خۆی دەگەڕێندرێتەوە.

ئەو پرۆژەیە ٤,٥ ملیارد یۆرۆی تێدەچیت و بەناوی( AGRI )ناو دەنێندرێت. کۆمپانیای( SOCAR )و کۆمپانیای نەوت و گازی جۆرجیا و کۆمپانیای هاوبەشی رۆمانیا و هەنگاریا( MVM )بەشداری تێدا دەکەن.

دروستبوونی ستراتیجیەکی نوێی جیۆپۆلێتیکی و جیۆئابووری لە نێوان وڵاتانی ئەفغانستان، کازاخستان، تورکمەنستان، ئازەربایجان و جۆرجیا

لە ٢-٧-٢٠١٥ لە نێوان هەردوو سەرۆکی تورکمەنستان و جۆرجیا رێکەوتننامەی دروستکردنی هێڵی هاتوچۆ و هەناردەی گاز بە ڕێگەی ئازەربایجانەوە واژۆکراوە، کە وڵاتانی سەر دەریای مازەندەران و دەریای رەش بە ڕێگەی جۆرجیاوە بە تورکیا (قارس) و وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوای دەبەستێتەوە، لە هەمان کاتدا ڕێگەی شەمەندەفەریش لە نێوان کازاخستان، تورکمەنستان - ئێران و تورکمەنستان-ئەفغانستانیش دەست بە دروستکردنی کراوە و بڕیارە، کە تاجیکستانیش بەو هێڵە ببەسترێتەوە. هەناردەی تورکمەنستان بە ڕێگەی پاپۆڕی زۆر گەورە بۆ بارکردنی ئامێری گەورەی وەکو ئۆتۆمۆبیل و شەمەندەفەریش کەڵکی لێوەردەگیرێت. دیارە ئەو هاوپەیمانییە بەدەر لە رووسیا ئەنجام دەدرێت، بێگومان ڕۆڵی ستراتیجی سیاسی و

ئابووری وڵاتانی تورکمەنستان و کازاخستانیش بەرز دەبێتەوە، چینیش ڕەزامەندی خۆی بۆ هاوکاری لەو ڕووەوە دەربڕیووە، ئەو هێڵە ترانسپۆرتییە دەتوانێت ڕۆژئاوا بە ڕۆژهەڵات پێکەوە ببەستێتەوە. بەو شێوەیە جێبەجێکردنی پرۆژەی ( Nabucco–West ) ش لە ڕووی جێبەجێکردنەوە دەبێتە راستییەکی نێزیك.

ئازەربایجان نایەوێت، کە زۆر لە رووسیاش دووربکەوێتەوە و حیسابی ڕکابەری بۆ بکات و هەموو پرۆژەکانی بە ئاراستەی ئەوروپاوە بن، ناچارە کە متمانە بە چەندین ڕێگەوە بە رووسیا بهێنێت، بۆ نموونە چەکی سوپایی دەکڕێت و بەڵێنی هەناردەکردنی گازی زیاتری پێداوە. رۆژنامەی نیزەڤیسیمایا گازێتا لە ئازەربایجان دەڵێت: کە بەرپرسی وەبەرهێنانی ئازەربایجان لە سانك پیترسبۆرگ (ناسیرۆڤ) دەڵێت، کە ئێمە گازی شاە دنیزمان بە ڕێگەی TANAP و TAP بۆ تورکیا بۆ ماوەی ٢٥ساڵ فرۆشتووە و قەبارەکەشی بریتییە لە ٦ ملیارد مەتر سێجا، کە ١٠ ملیارد مەتر سێجاش بۆ ئەوروپا دەبێت، بەڵام ئێستە ئێمە دەمانەوێت، کە گازی (ئابشیرۆن) (ئومید) (بابەك)یش بەرهەم بهێنین و پێویستیمان بە بۆڕی گازی زیاتر دەبێت، بۆیە ئەو کاتە دەتوانین، کە بە ڕێگەی بۆڕی گازی رووسیایی بەناوی (تەوژمی تورکیا ) ناونراوە بە هاوبەشی لەگەڵ رووسیا رەوانەی ئەوروپا و تورکیا بکەین. وەکو دیارە ئازەربایجان بە هەموو شێوەیەك دەیەوێت، کە رووسیا قایل بکات، کە کێشەی کاراباخ لەگەڵ ئەرمەنستان چارەسەر بکات، چونکە ئازەربایجان بە تەواوەتی چەکی رووسیا دەکڕێت و خۆی لە پرۆژەی هاوکاری وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و لەژێر سەرکردایەتیی یەکێتیی ئەوروپا بەدوور گرتووە، هەموو ئەمانەش لە پێناو ئەوەی، کە ڕووسیا بە تەواوی متمانەی پێ بکات.

### تورکمەنستان کۆمپانیای گازپرۆمی وەکو مایەپووچ ناساند:

سایتی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی تورکمەنستان رەخنەی لە چۆنییەتی کڕینی گازی تورکمەنستان لەلایەن کۆمپانیای گاز پرۆم گرت و وتی، کە ئەو کۆمپانیایە توانای دانەوەی پارەی تورکمەنستانی نییە و رووبەڕووی مایەپووچی بووەتەوە. هەڕەشەی سکاڵاکردنیش لە دادگەی نێودەوڵەتی دەکات، هۆکاری

نەتوانینی کڕینی گاز بۆ دوو جۆرە بۆچوون دەگەڕێتەوە هەندێ کەس دەڵێن، کە رووسیا نرخی گازی تورکمەنستانی کەمکردووە، هەندێکی دیکە لەو بڕوایەدانە، کە رووسیا پێویستی بە کڕینی گازی زیاتر نییە، ئەوەش رەنگدانەوەی ئەو ئابلۆقە ئابوورییانەن، کە لە لایەن رۆژئاواوە بەسەر رووسیادا سەپێندراون.

ئەلیکساندر میدڤێدڤ جێگری سەرۆکی گاز پرۆم وتی، کە لە ساڵی ٢٠١٥ لەبەر زۆری گازی خودی رووسیا کڕینی گازی تورکمەنستان و ئۆزبەکستان تەنیا بە رێژەی ١٠ ملیارد مەتر سێجا بووە و گازی تورکمەنستانیش بە رێژەی ٤ ملیارد مەتر سێجا کەمبووەتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٣ تورکمەنستان و رووسیا رێکەوتنێکیان لەبارەی فرۆشتنی گاز بە رووسیا بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ واژۆ کرد بەپێی ئەو رێکەوتننامەیە دەبوایە، کە ساڵانە ٧٠-٨٠ ملیارد مەتر سێجای بیکڕیبا. لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٨ رووسیا توانیویەتی، کە (٤١-٤٢ ملیارد مەتر سێجا) بکڕێت، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩ دا ئەو بڕە بۆ ١١-١٢ ملیارد مەتر سێجا کەمبووەتەوە.

### لە برۆکسێل هەوڵی جێبەجێکردنی پرۆژەی گازی( Trans-Caspian pipeline) دەدرێت:

وڵاتانی تورکمەنستان، ئازەربایجان، جۆرجیا، تورکیا و نوێنەری یەکێتیی ئەورووپا بە جدی کار بۆ جێبەجێکردنی هەناردەی گازی تورکمەنستان دەکەن، کێشەی نادیاری ستاتۆش لەسەر چۆنییەتی کەڵك وەرگرتن لە دەریای خەزەر هەیە لێرەدا پێویستی بە رەزامەندی ئێران و رووسیایە. باڵیۆزی ئێران لە ئازەربایجان وتی، کە ئێران دەتوانێت، کە گازی خۆی بە پرۆژەی تاپ و تاناپ ببەستێتەوە، جاری تورکمەنستان و ئازەربایجان پەلە لە راگەیاندنی کۆتایی ناکەن.

### لەمەودوا کاڵاکانی ئیتاڵیا بە رێگەی کازاخستان هەناردەی رووسیا دەکرێن:

هەر لە چوارچێوەی ئەو ستراتیجییەتە جیاوازانەی هەرێمیدا، کە لایەنەکان هەوڵ دەدەن بیقۆزنەوە کازاخستانیش بە بەردەوامی هەوڵی جۆراوجۆر دەدات، بۆیە

پیشانگەیەك بەناوی (ئیكسپۆ میلانا ۲۰۱۵) بە بەشداری نەزەربایڤ و مێتیو رێنسی بەڕێوەچوو، بڕیارە كە ئیتاڵیا بە بڕی ۵۰۰ ملیۆن $ سەرمایەگوزاری لە كەرتە جۆراوجۆرەكانی كشتوكاڵ، پیشەسازی، جلوبەرگ و وزە ئەنجام بدات، بەو شێوەیە بە هاوبەشی لەگەڵ كازاخستان كاڵاكانیان بۆ هەموو وڵاتانی ئەوروئاسیا و چینیش رەوانە بكەن، چونكە ئێستە رووسیاش لە رووی هاوردەكردنی جلوبەرگەوە ئابلۆقەی خستووەتەسەر بەشێك لە كاڵاكانی یەكێتیی ئەوروپا، كازاخستانیش سوود لەو هەلەیە وەردەگرێت. كازاخستان بۆ ماوەی ۱۰ ساڵ بە هاوشێوەی كوردستان كۆمپانیاكان لە دانەوەی باج ئازاد دەكات.

نور سولتان نەزەربایڤ سەرۆك كۆماری كازاخستان وتی، كە لە سەردەمی یەكێتیی سۆڤیەتدا كازاخستان چوارەمین وڵاتی خاوەن چەكی ئەتۆمی لە پاش رووسیا، ئەمریكا و بریتانیا بوو، بەڵام بڕیارماندا، كە خۆمان لە چەكی ئەتۆم دووربكەینەوە، بۆیە لەو رووەوە پارەیەكی زۆرمان بەدەست كەوت، هەروەها وەبەرهێنەرانیش متمانەیان بە كازاخستان بەرز بووەتەوە و بایی ۲۰۰ ملیارد دۆلار سەرمایەگوزاریان لەناو وڵاتەدا ئەنجامداوە، بۆیە ئەوە بڕیاریكی لە جێدابوو، كە توانیمان خۆمان لەو چەكە بەدوور بگرین.

لەبارەی چۆنییەتی پێكهێنانی ستراتیجییەتێكی نوێ لە نێوان وڵاتانی كەنارەكانی دەریای خەزەر یاخۆ توركزماندا چەندین لێكۆڵینەوەی جۆراوجۆر دەكرێن، كە یەكێك لەو شرۆڤانە بۆچوونی لایەنگری ئەرمەنی پسپۆر ستانیسلاڤ تاراسۆڤە، كە لە هەواڵنێری ریگنومدا باسی مەترسی پانتوركیزم دەكات و دەڵێت، كە ئایا تەوژمی پانتوركیزمی ئەنقەرە، باكو و ئەشخاباد بەرەو كوێ دەڕوات و دەڵێت:

- ئیمپراتۆری عوسمانی و توركیا لە ئەنجامی سیاسەتی پانتوركیزم و پان ئیسلامیزمیدا هەرەسی هێنا، بەڵام ئێستە دووبارە زۆر باسی پانتوركیزمی سێ وڵاتی ئازەربایجان، توركمەنستان و توركیا دەكرێت.
- ماوەیەك بەر لە ئێستە پەرلەمانی ئازەربایجان باسی گۆڕینی ناوی كۆماری ئازەربایجانی بۆ باكوری ئازەربایجان كرد.

- هەرسێ وڵات دەیانەوێت یەکێتییەکی وزە چێ بکەن، ئەمە سەرەڕای کێشەکانی نێوان ئازەربایجان و تورکەمەنستان.
- ماوەیەك بەر لە ئێستە سەرۆك کۆماری تورکەمەنستان و ئێران یەکدیيایان بینیووە و ئێران ئامادەیە، کە ڕێگە بە ترانزێتی تورکەمەنستان بدات و هەموو جۆرە یارمەتی وزەیش بدات.

لە داهاتوودا دەبینین، کە ئایا تورکەمەنستان چ ڕێگەیەك، هێڵی ئاشخاباد باکو یاخۆ تاران - باکو هەڵدەبژێرێت، هەرچەندە ملیۆن و نیوێك تورکمەنەکانی ئێران سونە مەزهەبن.

## هەڕەشەی تیرۆریزم لەسەر وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست:

وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستی وەکو تاجیکستان، ئۆزبەکستان و کرکیزستان تاقیکردنەوەیەکی تاڵیان لەگەڵ گرووپە توندڕۆوە ئیسلامییەکان هەیە، تورکمەنستان و کازاخستانیش کەوتوونەتە دڵەڕاوەکی و ترسەوە. وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست هێزی سوپای رووبەڕووبوونەوەی ئەوتۆیان نییە. وڵاتێکی خاوەن رووبەرێکی زۆر گەورەی وەکو کازاخستان تەنیا ٤٠ هەزار چەکداری سوپایی هەیە، بەهەمانشێوە تورکمەنستانیش توانای رووبەڕووبوونەوەی سنووری لەگەڵ ئەفغانستان نییە.

بەپێی وتەی بەرپرسی هێزەکانی سنووری تاجیکستان لە ناوچەکانی دەشتی ئارچی و ئیمام ساحیبی سەربە پارێزگەی کوندۆز نێزیکەی ١٥٠٠ شەڕکەری سەر بەو گرووپە توندڕۆیانە بینراون

لە ساڵی ١٩٩١ لە کرکیزستان **٣٩** مزگەوت هەبوو، ئێستە **٢٣٩٢** مزگەوت بە پارەی سعودیا و قەتەر دروست کراون و کادری پێویستیش لەو وڵاتانەدا پەروەردەکراون.

**( nizavisimaya gazeta ):** بەپێی هەواڵنێری ئەو رۆژنامەیە لە کرکیزستان باسی مەترسی هەبوونی لایەنگرانی داعش لەنێو دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەدا دەکرێت. بەپێی سەرچاوەکان لە نێوان (١٠٠٠ - ٣٠٠٠) کەس لە ئاسیای ناوەڕاستەوە پێوەندییان بە داعشەوە کردووە. لەم دواییەدا بە فەرمی باسی هەبوونی چەندین

کەسایەتیی لەناو دەسەڵاتدا دەکەن، کە پێوەندییان بەو گرووپە توندڕۆیانەوە هەیە، نوێنەری پەرلەمانی کرکیزستان ئێرینا کارامۆشکینا باسی ئەو مەترسییەی کردووە.

**ئەمریکا داوای لە ئۆزبەکستان و تاجیکستان کردووە ببنە بەشێك لە هاوپەیمانی دژی داعش:**

**بەپێی بۆچوونی پسپۆڕان ئۆزبەکستان بە گرینگترین وڵات لە ئاسیای ناوەڕاستدا دەژمێردرێت و بەبێ بەشداری ئەو وڵاتە ناتواندرێت، کە دیاردەی تیرۆریزم چارەسەر بکرێت، هەرچەندە ئۆزبەکستان زیاتر لە هەموو وڵاتانی دیکە مەترسی تیرۆریزمی لەسەرە و چەندین جار رووبەڕووی ئەو کێشەیە بووەتەوە، وەکو دیارە ئەو وڵاتە هەڵوێستی بێلایەنی راگەیاندووە لەبەر چەندان هۆکاری هەرێمایەتی راگرتنی هاوسەنگی نێوان رووسیا و ڕۆژئاوا و چین، لەلایەکی دیکەیشەوە چاوەڕێی ئیمتیازی زیاتر دەکات.**

سەرۆك کۆماری ئۆزبەکستان ئیسلام کەریمۆڤ لە بیرەوەری سەربەخۆی ئەو وڵاتەدا رایگەیاند، کە ئۆزبەکستان نایەوێت، کە ببێتە بەشێك لە هاوپەیمانییەکانی سوپایی و بێلایەنی خۆی دەپارێزیت. بەپێی راگەیاندنەکان تاجیکستانیش بە شێوەیەکی نهێنی وەڵامی ئەمریکای داوەتەوە، ئەویش ناتوانێت، کە ببێتە ئەندام.

- تاجیکستان لە هەردوو رێکخراوی هاوپەیمانی تەناهیی گشتیی( CSTO )و یەکێتیی ئەوروئاسیادا( EAC )ئەندامە، بۆیە بە بێ راوێژکاری رووسیا توانای هەڵوێست گۆڕینی نییە.
- وڵاتی ئۆزبەکستان بەر لە سێ ساڵ ئەندامەتیی خۆی لە رێکخراوی هاوپەیمانی تەناهیی گشتی( CSTO )کێشاوەتەوە و بێلایەنی خۆی لە رووی هاوپەیمانییەتی سوپایی راگەیاندووە.
- یارمەتیدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و باشوور دانییێل رۆزنبلوم بە فەرمی داوای لەو دوو وڵاتە و چەندان وڵاتی دیکە کردووە، کە ببنە هاوپەیمانی دژی دەوڵەتی ئیسلامی، ناوبراو وتی، کە یەکەمین پاتی هەناردەی چەکی ئەمریکا بە بڕی ٦ ملیۆن $ گەیاندراوەتە ئۆزبەکستان و

بڕیاره، که پاشماوەی ئەو ڕێکەوتنەیەش لە ماوەی پێنج ساڵدا بەبێ کەموکوڕی جێبەجێ بکرێت. لە ساڵی رابردوودا لە تاشکەند ئۆفیسی ناتۆ کراوەتەوە، بە درێژایی چەندین ساڵە، کە ئەمریکا بە ڕێگەی ئۆزبەکستاندا توانی، کە زۆر یارمەتی مرۆیی و چەك ڕەوانەی ئەفغانستان بکات و وەکو ڕێگەی ترانزێت کەڵك لەو وڵاتە وەربگرێت بەتایبەتی، کە ئێستە پێوەندییەکانی رووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاڵۆزییان تێکەوتووە.

- ئۆزبەکستان ترسی لە پرۆتیستۆی زیاتری ڕێکخراوە توندڕۆیە ئیسلامییەکان و رای گشتی وڵاتەکەی هەیە، بۆیە هەڵوێستی بێلایەنی رادەگەیێنێت، هەرچەندە ئیسلام کەریمۆڤ لە کاتی پەرەسەندنی کاریگەری داعشدا زۆر باسی یەکێتییەکی نێودەوڵەتی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە دەکرد، لە کۆبوونەوەی سەرانی شەنگهای لە ساڵی ٢٠١٥ دا کەریمۆڤ یەکێ لە دەستپێشخەرەکانی ئەو پێشنیازە بوو، داوای دەکرد، کە بەزووترین کات یەکێتییەکی هاوبەش چێ بکرێت.

## تاجیکستان بۆنی شەڕی لێدێت:

هەواڵنێری( rosbalt.ru )، کە گەواهیدەری نێزیکی شەڕی ناوەخۆیی لە ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٧ بووە دەڵێت، کە بارودۆخی تاجیکستان لە نێزیکبوونەوەی شەڕی ناوەخۆیی دەچێت بەتایبەتی لەپاش قەدەخەکردنی پارتی رابوونی ئیسلامی، کە حکومەتدا بەشدار بوو. بزوتنەوەی تاڵیبان ئامادەن، کە یارمەتی ئەو حزبە بدەن و زۆر لە سەرۆکەکانی هەڵاتوون و چوونەتە دەرەوە، لە کاتی شەڕی ناوەخۆیدا هەلومەرجی ئەو وڵاتە بە رادەیەك خراپ بوو، کە خەڵك نانی نەبوو بیخوات، ژن و منداڵیان دەفرۆشت، لە رۆژنامەکاندا ئاگەداری فرۆشتنیان بڵاو دەکرانەوە، شاری دوشەنبە، کە شارێکی سەرسەوز بوو، زۆرینەی دارەکانی بۆ خۆگەرمکردنەوە بڕان.

پارتی فەرمی ئیسلامی تاجیکی بەناوی پارتی رەستاخیزی ئیسلامی نامەیەکی کراوەیی بۆ سەرۆك کۆمار رەوانە کردووە و دەڵێت ئەمڕۆ لە تاجیکستان ڕێگەی چوونە مزگەوت لە خەڵك دەگیرێت و حیجاب قەدەخەکراوە، هەر کەسێکی ڕیشدار ببینن

دەستبەسەری دەکەن و بەشێکی ئەندامەکانمان هەڵاتوون و چوونەتە دەرەوە، ئەو ڕەفتارە زومینەسازی دەکات بۆ بەهێزبوونی گرووپە رادیکاڵییە توندڕۆییەکانی وەکو داعش و حزبی تەحریر.

یەکێك لە رووداوە سەرنجڕاکێشەکانی جیهان پێوەندیی فەرماندەیەکی پلە بەرزی تاجیکی بەناوی گولموراد حەلیمۆڤ بە ریزەکانی داعشەوە بوو، کە بووە جێگەی سەرسووڕمانی لایەنەکان، پسپۆری کارنگی (مالاشێنکۆ) دەڵێت، کە ناوبراو نەیتوانیوە جێگەی خۆی لەناو رژێمی رەحمانۆڤ ببینێت و ئەگەر سزای خزم و کەسوکاریشی بدرێت بەرئەنجامیکی نەرێنی زیاتری لێدەکەوێتەوە، ئەگەر نەکوژرێت دەتوانێت،

کە ببێتە ڕابەری ئۆپۆزیسیۆنی تاجیکستان و ئاسیای ناوەڕاست. ١٠ کەس لەگەڵیدا رۆیشتوون، سەرچاوەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەگەری زۆر لە ئارادایە، کە بە رێگەی تورکیاوە پێوەندییان بە داعشەوە کردووە.

بی بی سی لە ڕاپورتێکدا باسی کاریگەری کەسایەتیی فەرماندەی هێزەکانی تایبەتی تاجیکستان، کە پێوەندیی بە داعشەوە کردووە بەسەر ئاسیای ناوەڕاستدا دەکات، ناوبراو باش دەزانێت، کە هێزی کۆمەڵایەتیی لە ئاسیای ناوەڕاست و لە رووسیا لە هەلومەرجی سەختی ژیاندان، هەر بۆیەش بە پلەی یەکەم بانگەوازی جیهادیان لێدەکات، ئەو راپۆرتە راوبۆچوونی چەندان پسپۆری وەرگرتووە، هەموویان هاوڕان، کە ئەو بانگەوازی کاریگەری خۆی دەبێت و لە داهاتوودا کاریگەری بەسەرە ئاسیای ناوەڕاستدا دەکات، بۆیە ناوبراو لەو گرتە ڤیدیۆیەدا بە زمانی رووسیش قسانی کردووە و دەیەوێت پەیامەکەی بگەیێنێتە هەموو هاووڵاتیانی ئاسیای ناوەڕاست و تەنانەت رووسیاش.

**هاوپەیمانی( CSTO )دەیەوێت ڕووبەڕووی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان ببێتەوە:**

ڕێکخستنی هاوپەیمانی سەقامگیری هاوبەش

(Collective Security Treaty Organization)

کە وڵاتانی ئەرمەنستان، رووسیا، کازاخستان، کرکیزستان و تاجیکستان ئەندامن لە ساڵی ۱۹۹۲ دامەزراوە، مانۆڕێکی سەربازییان بە بەشداری ۲۵۰۰ سەرباز و بەشێك لە چەکی جەنگی تاجیکستان ئەنجامدا، مەبەست پیشاندانی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان لە ئەفغانستان بوو. لەکاتی کردنەوەی بیرەوەری ۷۰ ساڵەی سەرکەوتنەکانی دووەمین جەنگی جیهان، لە ئۆزبەکستان ژمارەیەکی زۆری بەیاننامەی رێکخراوی داعش بڵاوکرانەوە و هەڕەشەی تەقاندنەوەن تێدابوو، هەروەها مەترسی لەسەر سنووری هاوبەشی تورکمەنستان و ئەفغانستانیش هەر بەردەوامە.

**۹۰۰ خانەوادەی بە رەسەن تورکمەنی لەسەر سنووری تورکمەنستان گیریان خواردووە:**

لە بەرئەنجامی شەڕی نێوان هێزەکانی حکومەتی ئەفغانستان و توندڕۆکاندا ۹۰۰ خانەوادەی بە رەسەن تورکمانی لە ۲۲ی مەی ۲۰۱۵ دا پەنایان بردووەتە بەر سنووری تورکمەنستان و ئەو وڵاتەش ڕێگەی گەڕانەوەیان پێنادات. ئەلیکسێ کنیازۆڤ، کە پسپۆرە لە بواری ئاسیای ناوەڕاست دەڵێت ئێستە گرینگترین بابەتی تورکمەنستان ڕێگەچارەیەکە بۆ هەناردەکردنی گاز و دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤی دیکەیە جگە لە ئێران رووسیایە، چونکە ترسی لەوەیە، کە ئەو دوو وڵاتە مەرجەکانی خۆیان داسەپێنن، بۆیە بەلای ئەوەوە کێشەی پەنابەران گرینگ نییە.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتر تورکمەنستان دەستی بەکۆکردنەوە و لادانی سەتەلایت کردووە، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دژی ئەو بڕیارە وەستاونەتەوە و بە بەشێك لە سنووردارکردنی ئازادییەکانی مرۆڤی دەزانن، حکومەت وەکو ڕێگەچارەیەك لە هەمبەر هەڵبژاردنەکانی ساڵی ۲۰۱۷ و دژە تیرۆردا پیڕەو دەکات.

لە کاتی لووتکەی ئوفا لە ۸-۱۰ ژوئیەی ۲۰۱۵ دا هەردوو سەرۆك کۆماری کازاخستان نورسوڵتان نەزەربایێڤ و سەرۆك کۆماری ئۆزبەکستان ئیسلام کەریمۆڤ پێشنیازی

پێکهێنانی تۆڕێکی چاوەدێری بەسەر تیرۆریزمدا لە ئاستی هەموو جیهان بە چاوەدێری UN دا کرد و پێداگرییان لەسەردا دەکرد، کە بەزووترین کات ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت، چونکە تیرۆریزم هەڕەشەیە لەسەر هەموو جیهان.

## مشتومڕی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و رووسیا لەسەر پرۆژە نوێیەکانی ئابووری:

ناکۆکی لەسەر چۆنییەتی هەناردەی وزە لە نێوان وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و رووسیادا پەرەی سەندووە، هەروەها چۆنییەتی جێبەجێکردنی پرۆژەی رێگەی ئاوریشمی چین، کە بەناوی (یەك رێگە و یەك کەمەربەند) ناوی دەرکردووە بووەتە مایەی مشتومڕ لە نێوان ئەو وڵاتانەدا، کازاخستان ئامادەیە، کە ٢٠ ملیارد $ دۆلار بۆ مەبەستی دروستکردنی رێگەی ئاسنی شەمەندەفەری ئاوریشمی تەرخان بکات، کازاخستان پێشنیاز دەکات، کە گازپرۆم هەناردەی گازی رووسیا بۆ چین بە رێگەی کازاخستان واتە بە بۆڕییەکانی، کە راکێشراون و بە رێگەی ئاستاناوە تێپەڕێنێت، بۆ ئەوەی، کە گرێدراوی کازاخستان بە گازی ئۆزبەکستانیش کەم بکرێتەوە.

## کازاخستان و چین لە شارە گەورەکان ناوچەی ئازادی بازرگانی چێ دەکەن:

لە رۆژی ٢٩-٥-٢٠١٥ دا لە سیان فورمی نێودەوڵەتی گومرك کۆتایی پێهات و بە شێوەیەکی سەرەکی باسی پرۆژەی (رێگە و کەمەربەند) کرا. وڵاتانی کازاخستان و چین بڕیاریانداوە، کە بەدرێژایی هێڵی شەمەندەفەر لە شارە گەورەکاندا ناوچەی ئازادی بازرگانی بکەنەوە. جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە دەبێتە هۆی هاندانی زیاتری بیزنس، کە وەبەرهێنان بکات و لەئەنجامدا ئاڵوگۆڕی زیاتری بازرگانی و بەرهەمی کشتوکاڵ دەکرێت. ئاستی هاتوچۆی ترانسپۆرت زیاد دەبێت، هەروەها رێگەیەکی ئۆتۆمۆبیلیش چێ دەکرێت، کە کازاخستان بە ئەوروپای رۆژئاوا دەبەستێتەوە، هەرلە ئێستەوەش هاوسێکانی چین هەوڵ دەدەن، کە ئەو رێگەیە بە وڵاتەکانیاندا تێپەڕێت، رووسیاش پێشنیاز دەکات، کە ئەو رێگەیە لە سیبیریاوە دروست بکرێت، هەروەها وڵاتانی وەکو کرکیزستان و کازاخستان و بیلارووسیاش هەوڵ دەدەن، کە لەو پرۆژەیە بێبەش نەبن.

**ناتۆ ناوەندی راهێنان لە جۆرجیا دەکاتەوە، رووسیاش رادار لە ئازەربایجان دادەمەزرێنێت:**

سکرتێری ناتۆ بە فەرمی ناوەندی راهێنانی ناتۆی لە جۆرجیا کردەوە، رووسیاش هەوڵ دەدات، کە راداری خۆی وەکو سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئازەربایجان دابمەزرێنێتەوە، کە ئەوەش واتای جێگیرکردنی بنکەی سوپایی رووسیا لەو وڵاتەدا دەگەیێنێت، لەهەمان کاتدا رووسیا دەستی بە دروستکردنی ڕێگەیەکی پان و بەرین بۆ خۆئامادەیی لە هەمبەر مەترسییەکانی ناتۆدا بە ڕێگەی کۆماری دانپێنەنراوی ئابخازیا کردووە، کە مەبەست لەم ڕێگەیەش کارابوونی بەرگرییەکانی و بلەز و خێرا بەرپەرچدانەوەیەی هێرش و پەلامارەکانە بۆ سەر رووسیایە، خۆئامادەکردنە بۆ هەر ئەگەر و پێشهاتێك، کە ڕووبەڕووی رووسیا دەبنەوە.

بەشێك لە کۆمەلگەی جۆرجیا لەو بڕوایەدایە، کە بە کردنەوەی ئەو بنکە سوپایەیەی ناتۆ کێشەکانی نێوان رووسیا و جۆرجیا لەلایەك و ئەبخازیاش لەگەڵ جۆرجیا لە لایەکی دیکەوە ئالۆ ی زیاتر بەخۆوە دەبینن، لەو گۆڕانکارییانەدا جۆرجیا سوودمەند نابێت، تەنیا وەکو ئامرازێك بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی لە لایەن ناتۆوە بەکار دەهێندرێت بەتایبەتی کاتێك، کە پێوەندییەکانی رووسیا و ئۆکراینا بەرەو ئالۆزی زیاتر چوون، هەروەها لەو هەلومەرجەدا داعشیش دەتوانێت، کە سوود لەو کێشانە وەربگرێت و خۆی بەهێز بکات و کێشە بۆ جۆرجیا چیَ بکات، بەو پێیەی خەڵکێکی زۆر لەو وڵاتەوە چوونەتە ناو ریزەکانی داعشەوە، بەشێکی دیکە پێیانوایە، کە بە پێچەوانەوە بە ئەندامبوونی جۆرجیا لە ناتۆدا تەناهی ئەو وڵاتە سەقامگیرتر دەکرێت. بەشێکی دیکەی بە ژمارە کەمتری رای گشتی کۆمەلگەی جۆرجیای دەڵێن، کە ناتۆ و رووسیا و ڕێکخراوی هاوپەیمانی تەناهیی گشتی (CSTO)، کە سەر بە رووسیایە لە چەند وڵاتی کۆنی یەکێتیی سۆڤیەت (ئەرمینیا، بیلارووسیا، کازاخستان، کرکیزستان و تاجیکستان ) پێکهاتووە. وڵاتانی ئەفغانستان و سربیاش وەکو چاوەدێر لەو ڕێکخراوەدا چالاکن، لەوانەیە ئێرانیش وەکو کاندید ببێتە ئەندام. کاتی خۆی وڵاتانی ئازەربایجان، جۆرجیا و ئۆزبەکستان ئەندامەتیی خۆیان لەو یەکێتییەدا

کێشاوەتەوە، لەم ساڵانەی دواییدا دووبارە ئەو ریزبەندییانە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و وڵاتانی دیکەیش بیر لە بە ئەندامبوون لەو رێکخراوەدا دەکەنەوە.

**باکۆ لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا:**

لە ساڵی ٢٠١٥ دا زۆر باسی هەڵوێست و بڕیاری ئازەربایجان لە ڕووی ئەندامەتیی لە رێکخراوەکانی ئەوروئاسیا، کە لەژێر کاریگەری رووسیادایە دەکرێت یاخۆ لەوانەیە، کە ئازەربایجان ئەلتەرناتیڤی دیکە هەڵبژێرێت و ببێتە ئەندام لە رێکخراوی هاوکاری شەنگهایدا، کە لەو رێکخراوەیەدا سەرچاوەی هێز لە نێوان چەندین زلهێزدا دابەشکراوە و چەندین وڵاتی ئیسلامیش ئەندامن و هاوسەنگییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەترن یان بە پێچەوانەوە باکۆ خۆی لە ڕۆژئاوا دوورنەکاتەوە، چونکە وڵاتانی ڕۆژئاوا چاویان بڕیوەتە سامانی کەناری دەریای خەزەر، ئازەربایجانیش خاوەنی زۆر سەرچاوەی سروشتییە و پێگەیەکی ستراتیجی هەرێمیشی هەیە. بەلایەن رووسیاوە ئازەربایجان گرینگە و ئەگەر رووسیا کۆنترۆڵی بەسەر قەفقازی باشوور لەدەست بدات واتە باکوری قەفقازیشی پێ بەڕێوە ناچێت. جۆرجیا بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاو دەنێت و ئەرمەنستانیش زۆر جار پێچ و پەنا بە رووسیا دەکات. ئازەربایجان نایەوێت، کە رووسیا تەنیا لایەنگری ستراتیجی ئەرمەنستان بێت و رووبەڕووی ئەو وڵاتە ببێتەوە و کێشەی زەوی داگیرکراوی ئەو وڵاتەش بەبێ چارەسەری بمێنێتەوە. لەوانەیە، کە بە ئەندامبوونی تورکیا لە هاوکاری شەنگهایدا هەڵوێستی ئازەربایجانیش بگۆڕێت. ئازەربایجان چاوەڕێی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی بە پلەی یەکەم چارەسەر و گەڕانەوەی زەوی داگیرکراوی لە لایەن ئەرمەنەکانەوە دەکات، بەرئەنجامی ئەو چارەسەریانەش کاریگەری بەسەر هاوسەنگی ئەو وڵاتەیدا دەبێت. ئازەربایجان ناچارە، کە شوێنی جیۆپۆلیتیکیش لەبەر چاو بگرێت و بەرژەوەندییەکانی ناوچەیش رەچاو بکات، لە ڕووی سیاسییەوە دەسەڵاتدارانی ئازەربایجانی کەوتوونەتە ژێر گوشاری رەچاوکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن ئەوروپا و رێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤەوە، کە باکۆ لەو رووەوە ناڕازییە و ئەو کردەوانە بە دەستێوەردانی دەرەکی دەناسێنێت، کە لەو رووەشەوە بۆ راگرتنی هاوسەنگی خۆی لە رووسیاوە نێزیک کردووەتەوە، هەروەها

ئازەربایجـان لــە رووســیاوە نیزیکــە و خــاوەنی بەرژەوەنــدی هاوبەشــە و چارەســەری کارەباغیش زیـاتر لـەژێر دەسـەڵاتی رووسـیادایە، بـەڵام ئەرمەنسـتانیش کاتێـك، کـە هەست دەکات فشاری بۆ دێت خۆی لە ڕۆژئاوا نیزیك دەکاتەوە.

**پرسی مافی مرۆڤ:**

لە کاتێکدا، کە پێوەندییە ئابوورییەکانی ئەوروپا لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و وڵاتـانی دیکـەی وەکـو ئازەربایجـان، ئەرمەنسـتان و جۆرجیـا بـەهێز دەکـەون پرسـی پێشـێلکردنی مـافی مـرۆڤیش لەلایـەن چـەندین ڕێکخـراوی وڵاتـانی ئـەوروپایی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. چەندین ساڵە، کە ئۆزبەکستان و کازاخستان بەو پێشـێلکردنانە تاوانبار دەکـران. بەرپرسـانی ئـەوروپا، ئـەمریکا و( PACE )لـەبارەی پێشـێلکردنی مافی مـرۆڤ ئازەربایجانیـان مـەحکوم دەکـەن و بەشـدارییان لـە ڕێـوڕەسمی یارییـەکانی ئەوروپادا نەکرد، بەڵام هەردوو سەرۆکی تورکیا و رووسیا بە گەرمی بەشدارییان تێدا کـرد، لــە ســەرەتای ســاڵی ٢٠١٥ دا ئازەربایجــان ئۆفیســی (OSCE) داخســت. ئازەربایجان هەڕەشەی کشانەوەی ئەندامەتیی لـە( PACE )دەکـات. هـەر لەبـەر ئـەو هۆکارە دژبەرییانە ئازەربایجان لە رووسیا نیزیك بووەتەوە، بەڵام چاوەدێران لـەو پێیـان وایـە، کـە بـەو سیاسـەتە ئازەربایجـان توانیویـەتی، کـە بێلایـەنی خـۆی بپارێزێـت و سیاسەتیکی بێلایەنەی وزەش پێڕەو بکات. سەرۆك کۆماری ئازەربایجـان بـە زمـانێکی زبرەوە هەڕەشەی لەسـەر بـێ ڕێـزی و بڕیارەکـانی ئەنجومـەنی ئـەوروپا و بووندسـتاگی ئەڵمانیا گرت و وتـی ((کـە بڕیـاری دژ بـە ئازەربایجـان دەدەن، ئـەو بڕیارانـە بـۆ ئێمـە کاغەزی پووچن، بۆیە ئازەربایجان دەبـێ ڕێـزی خـۆی هـەبێت و حیسـابی یەکسـانی بـۆ بکرێـت، ئێمـە ئامـادەی هاوکـارین، بـەڵام بـە مـەرجی بەرابـەر ئـەگینا ئازەربایجـان دەتوانێت، کە بەبێ ئەوروپا بژیت و بژاردەیەکی دیکە بگرێتەبەر، من ئەو گلەییانەم لە کۆبوونەوەکانی دوولایەنـەدا دووبـارە کردوونەتـەوە، بـەڵام لایەنـەکان پـێم دەڵـێن، کـە گرینگی بەو قسانە مەدە)).

**رووسیا هەوڵی پایەداری پێگەی خۆی لە نێوان وڵاتانی باشووری قەفقاز دەدات:**

بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە ١-٩-٢٠١٥ دا لاڤرۆڤ سەردانی سەرۆك کۆماری ئازەربایجان عەلییێڤی کرد، لایەنەکان هیچ باسی وردەکاری گفتوگۆکانیان نەکردووە، بەڵام بێگومان باسی چارەسەری کێشەی ناگورنا کاراباخ کراوە، لایەنی رووسیایی بەرلە ئێستە چەندین جار وتویەتی، کە چارەسەری ئەو کێشەیە دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەرمەنستان ئەو ڕێگەچارەیە بە زیانی خۆی دەبینێت. لە بارودۆخی ئابلۆقەدا رووسیا بە هەموو شێوەیەك دەیەوێت، کە پێگەی خۆی لە باشووری قەفقازدا بەهێز بکات و بتوانێت، کە پرسی ئازەربایجان و ئەرمەنستان و کاراباخیش بە هاوشێوەی پرسەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاستی نێودەوڵەتیدا باس بکات و ڕۆڵی کاریگەری هەبێت، دەخوازێت ئەو کێشە و هاوسەنگییە بە پرسەکانی دیکەی هەرێمی ببەستێتەوە. لە ئاستی هەرێمیدا تورکیا پشتگیری لە ئازەربایجان و ئێرانیش لە پاڵپشتی لە ئەرمەنستان دەکات، لەلایەکی دیکەوە ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپا پێوەندییان لەگەڵ ئازەربایجان بەهێزە و بە ڕێگەی ئازەربایجان و جۆرجیا دەیانەوێت، کە کاریگەرییان بەسەر باشووری قەفقاز و دەریای خەزەردا پەرەپێبدەن، رووسیا ترسی ئابلۆقەی زیاتری لێ نیشتووە. چەندان جار لە بەرپرسانی ئەرمەنیم بیستووە، کە ئەوان چارەسەری کێشەی کارەباخ لە چوارچێوەیەکی گەورەدا دەبینن و دەڵێن ئەگەر کێشەی کورد چارەسەربکرێت پێویستە کێشەی ئەرمەنستانیش بەو شێوەیە چارەسەر بکرێت، دوور نییە، کە سەوداکارییەکی گەورەتریش بەڕێوە بێت.

**گرینگی باشووری قەفقاز سەبارەت بە رووسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:**

- **گرینگی باشووری قەفقاز و دەریای خەزەر بۆ رووسیا:** رووسیا بە ڕێگەی پەرەسەندنی کاریگەری بەسەر ئازەربایجان و ئەرمەنستاندا دەتوانێت، کە ڕۆڵی کارای خۆی لە باشووری قەفقاز و دەریای خەزەردا بەرفرەوان بکات و ڕۆڵی هاوسەنگی لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان ببینێت، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆکاری دەستپێشخەری چارەسەری کێشەی کارەباخ و کاریگەری بەسەر بەرهەمهێنان و هەناردەی وزە و ترانزێت دادەبێت و توانای دوورخستنەوەی

لایەنی سێیەمی دەبێت. کۆنترۆڵی سەرچاوەی سروشتی و سەقامگیری دەریای خەزەریش بۆ کاریگەری هەرێمی و سیاسەتی ئابووری رووسیا و هەموو ناوچەکە زۆر گرینگە، هەر بەو ئاراستەیە رووسیا دەتوانێت، کە دەرهاویشتە نەرێنییەکانی هەناردەی وزە، کە لەلایەن ئەوروپاوە هەوڵیان بۆ دەدرێت وەکو ئەلتەرناتیڤی رووسیا دەبینن خاوبکاتەوە و لە خۆی دووربکاتەوە.

- **دامەزراندنی بنکەی سوپایی رووسیا لە ئازەربایجاندا:** رووسیا دەیەوێت، کە بنکەی سوپایی و راداری خۆیی هەروەکو بەر لە سێ ساڵ دابمەزرێنێتەوە، لە هەمان کاتدا ئەو سیستەمە رادارییە توانای دابینکردنی سەقامگیری ئەو وڵاتەیشی دەبێت (بەر لە سێ ساڵ لەبەر نێزیکبوونەوەی ئازەربایجان لە رۆژئاوا و بە هەڵواسراوی مانەوەی کێشەی کارەباخ و زەوییە زەوتکراوەکانی ئازەربایجان ئەو بنکە رادارەیە لەسەر داوای ئازەربایجان داخرا).
- **ترسی ئازەربایجان لە شۆڕشی رەنگاورەنگ:** سەرۆکی ئازەربایجان ڕووبەڕووی پرۆتستۆی رۆژئاوا و ئەمریکا لەبارەی مۆنۆپۆلکردنی سەرچاوەی سروشتی و دەسەڵاتی سیاسی بووەتەوە، رۆژئاوا بە بەردەوامی هەڕەشەی گۆڕینی دەسەڵاتی لێدەکات و پشتگیری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە دەکات، هەردەم ئازەربایجان بە پێشێلکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت تاوانبار دەکەن، لە لایەکی دیکەیشەوە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆك کۆماریش نێزیك بوونەتەوە، رووسیا بە پێچەوانەی رۆژئاواوە پشتیوانی لە بزوتنەوە گۆڕانخوازەکان بە ئاراستەی شۆڕشەکانی رەنگینی ناکات و تەنیا پێداگری لەسەر مانەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بە رێگەی کاریگەری راستەوخۆ بەسەر دەسەڵاتدا دەکات.
- **خۆڕاگری لە هەلومەرجی ئابلۆقەدا:** لە بارودۆخی داسەپاندنی ئابلۆقەدا رووسیا بە هەموو هەوڵێکەوە بە ئاراستەی رۆژهەڵات و وڵاتانی کۆنی یەکێتیی سۆڤیەتدا تێدەکوشێت و هەوڵ دەدات، کە پێوەندییەکانی نوێ بکاتەوە و لە هەمبەر ئەو فشارانەدا خۆڕاگری پیشان بدات.

- **پێوەندییەکانی ئازەربایجان لەگەڵ ڕۆژئاوا:** تا نها ئازەربایجان پێوەندییەکانی لەگەڵ ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپا زۆر بەهێزن، لەهەمان کاتدا هەوڵ دەدات، کە هاوسەنگی پێوەندییەکانی بە ئاراستەی دژبەرایەتی نەگۆڕێن و نەبێتە لایەنی ئابلۆقەدانەر بەسەر رووسیادا.
- **لە هەلومەرجی ئاساییبوونەوەیی تێهەڵچوونەکان:** ئەگەر پێوەندییەکانی رووسیا، ئازەربایجان و ئەرمەنستان ئاسایی بکرێنەوە ئازەربایجان دەتوانێت ببێتە ئەندام لە رێکخراوی ئەوروئاسیا و شەنگهای، لەو هەلومەرجەدا ئەو وڵاتە ناچار دەبێت، کە ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا و ناتۆ و لە خۆی دووربکاتەوە، ئەو دەمەش وەکو یاریکەرێکی سەرەکیی سەقامگیری وزەیش کاریگەری بەسەر پرسی دابینکردنی وزە بۆ ئەوروپا و تورکیادا دەبێت، هەروەها توانایی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی رووسیا و تورکیاشی دەبێت.
- **پێگەی ئازەربایجان لە ئاستی هەرێمیدا:** باشووری قەفقاز، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا ناوچەی ستراتیجی بەرژەوەندییەکانی جیهانن و دابینکەر و ناوەندی هەناردەی سەرچاوە سروشتییەکانن، بۆیە ئازەربایجان لەو نێوەدا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە.
- پسپۆری ئینستیتوتی لێکۆڵینەوەکانی سوپایی و سیاسی (ئەلیکساندەر خرامچیخین) دەڵێت: ئێستە رووسیا راداری لە ئارماڤیری نێزیك شاری (ڤارونێژ) دامەزراندووە و توانای چاوەدێری باشووری ئەوروپا و باکوری ئەفریقای هەیە، بۆیە رووسیا هیچ پێویستی بە دامەزراندنی بنکەی راداری ئازەربایجان نییە. لەوانەیە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە تەنیا لە بەرژەوەندی ئازەربایجاندا بێت.
- **ڕەچاوکردنی:** بە دامەزراندنی بنکەی سوپایی و سیستەمی رادار پێوەندییەکانی نێوان رووسیا و ئەرمەنستان لەبەر ناکۆکییەکانی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان دەکەونە بەر هەڕەشەوە، بۆیە سەبارەت بە رووسیاوە پێویستە، کە هێزی بالانس لەو هەرێمەدا بەهەند وەربگرێت، لە ڕووی فرۆشتنی چەکیش تا رادەیەك رووسیا ئەو هاوسەنگییەی پاراستووە، هەروەها لە ڕووی دەستەبەرکردنی هاوکارییە

سەربازییەکاندا پێویستە، کە متمانەیەکی تەواو لە لایەن لایەنەکانەوە هەبێت و بەر لە هەموو شتێك پێویستە ئەو هەلومەرجانە دروست بکرێن.

- **هۆکاری نەرێنی بە هەڵواسراوی مانەوەی کێشەکان:** نوێنەری پەرلەمانی ئازەربایجان زاهید ئوروج دەڵێت: ئەگەر پرسە چارەسەرنەکراوەکانی کێشەلەسەری وەکو کاراباخ، ئابخازیا، ئۆسیتیا و پریدنیستروڤیا نەبان بەو خێراییە ناتۆ نەیدەتوانی، کە نێزیکی سنوورەکانی رووسیا ببێتەوە.
- **پشتگیرییە هەرێمایەتییەکان:** هەروەکو ئاماژەمان پێکرد ئێران زیاتر پشتگیری لە ئەرمەنستان دەکات و تورکیاش لە ئازەربایجان، ئێستە، کە بڕیارە ئابلۆقەکانی سەر ئێران هەڵبگیرێن پرسی بەهێزی بالانس و ئالوگۆڕییەکانی هاوپەیمانییەتی دێنە پێشەوە، ئێران لە بەرامبەر هەڵوێستی ئازەربایجان لەبارەی سوریا و عێراق ناکۆکە و دژی پێوەندییە نێزیکەکانی تورکیا و ئازەربایجانە. لە لایەکی دیکەیشەوە رووسیا دەیەوێت، کە پرسی ئەرمەن و ئازەربایجان بە هاوشێوەی پرسەکانی دیکەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت و بەرژەوەندییەکانی رووسیاش لە ئاستی هەرێمیدا رەچاو بکرێن و رۆڵی رووسیا وەکو بەرچاوترین لایەنی بەشدار سەودایی لەگەڵدا بکرێت.
- **گەڕانەوە بۆ رۆڵی مێژووی:** سیاسەتمەداری ئازەری تەوفیق عەباسۆڤ لە ئاژانسی (news.az) دا دەڵێت: ئەگەر رووسیا بیەوێت گرینگی و رۆڵی خۆی لەنێو وڵاتانی کۆنی یەکێتیی سۆڤیەتدا بپارێزێت پێویستە ئەو کێشە چارەسەرنەکراوانە چارەسەر بکات.
- **هەوڵەکانی ئازەربایجان بۆ گەڕانەوەی خاکی داگیرکراو:** ئازەربایجان بە هەموو توانایەکەوە هەوڵ دەدات و ئامادەیە، کە سازش لەسەر پرسی وزەشدا لە پێناو گەڕانەوەی خاکە زەوتکراوەکانی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و ئەورووپاییدا بکات. چەندین جارە شاندی ئازەربایجانی سەردانی ئێرانیان کردووە و پێشنیازی هەناردەی نەوت و گازیان بە هاوبەشی بۆ تورکیا و ئەورووپا کردووە، لە هەمان کاتدا لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاواش بێ هیوا نەبووە و دووبارە هەوڵەکانی لەگەڵ رووسیادا چڕ کردوونەتەوە.

**گرێدراوی ئابخازیا لە لایەن رووسیاوە کێشەی بۆ چیٚ کردووە:**

هەندیٚ لایەنی ئابخازیا و پەرلەمانتار دەڵێن دەسەڵات بە پۆلیسی رووسیا دراوە، کە لەناو ئەو وڵاتەدا بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن، لەلایەکی دیکەیشەوە هەندیٚ بەرپرسی رووسیایی هەڕەشەی بڕینی یارمەتیمان لێدەکەن، بەڵام ئەگەر ئێمەش کرێی مانەوەی سوپایی رووسیا حیساب بکەین زۆرتر لەو بڕە یارمەتییە دەکات، راستە ئابخازیا بووەتە ناوەندی یاری جیۆپۆڵیتیکی لە نێوان زلهێزێکی وەك رووسیا و جیهاندا، بەڵام ئابخازیا پێگەیەکی زۆر بەهێزی جیۆپۆڵیتیکی هەیە، بۆیە رووسیا لەو رووەوە دەبیٚ ئەوە بەهەند وەربگرێت.

**لۆکاشینکۆ دەیەوێت کاری قاچاخچییەتی بکات:**

لۆکاشینکۆ پێشنیازی بۆ جۆرجیا کردووە، کە یەکێتییەکی بەبیٚ گومرك و چەندین کارگەی هاوبەش چیٚ بکەن. بیلارووسیا ئەندامی یەکێتیی ئەوروئاسیایە و بەبیٚ گومرك کاڵاکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەندام ئاڵوگۆڕ دەکات، ئەو بڕیارەش بە دڵی رووسیا نابێت، وەکو دیارە بیلارووسیا دەیەوێت دووبارە کاڵاکانی جۆرجیا هەناردەی رووسیا بکات، رووسیاش بیلارووسیا تاوانبار دەکات، کە نەوت بە نرخێکی هەرزان لە رووسیا دەکڕێت و دووبارە دەیفرۆشێتەوە وڵاتانی باڵتیك.

بیلارووسیا بە شێوەیەکی بەرچاو بازاڕی کاڵاکانی نموونەی تراکتۆر و ئەلیکترۆنی لەدەستداوە و بە دوای بازاڕدا دەگەڕێت. هەڕەشە لە ڕۆژئاوا دەکات ئەگەر بازاڕ بۆ کاڵاکانی نەکەنەوە، ئەوا ئەویش نرخێکی رادەلەبەدەر بەسەر کاڵاکانی ڕۆژئاوا دادەنێت، بەڵام بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی لەو شێوەیە بیلارووسیا زیاتر تووشی گۆشەگیری دەکات و خەڵکی ئەو وڵاتەش ناچار دەبن، کە بە نرخیکی گرانتر و بەکوالێتیەکی خراپتر کاڵاکانیان دابین بکەن، لە لایەکی دیکەیشەوە سنوورەکانی بیلارووسیا بە سەر زۆرینەی جیهاندا کراوەن و خەڵك هاتوچۆ دەکات، کە لەو هەلومەرجەشەدا دەتوانن کاڵا و پێداویستییەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتەدا بکڕن، بۆیە ئەو سیاسەتە پرۆتیکسیۆنیزمی سیاسەتێکی هەڵەیە.

**پێشبینییەکانی پێشکەوتنی پێوەندییەکانی ئێران لەپاش هەڵگرتنی ئابڵۆقەی ئابووری:**

- **ئەرمەنستان:** زیاتر لە هەموو لایەنەکان خوازیارە پێوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئێران بەهێز بکرێن، بەو پێیەی ئەمە وادەکات ئەو ئابڵۆقە ئابوورییەی، کە لە لایەن ئازەربایجان و تورکیاوە بەسەری سەپێندراوە سووکتر دەبێت و ئەرمەنستان دەتوانێت، کە بە ڕێگەی ڕێکخراوی ئەوروئاسیادا پێوەندیی بەرژەوەندار لەگەڵ ئێراندا چێ بکات و لە داهاتوودا بیزنسی ئێرانی سەرمایەگوزاری زیاد بکات. ئەرمەنستان دەتوانێت، کە بە ڕێگەی دەریای ڕەش دەستی بگاتە کەنداوی فارس و ڕێڕەوی دەریای ڕەش - کەنداو پێکەوە دەبەسترێنەوە. ئێرانیش خوازیارە کێشەی کارەباغیش بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە، چونکە ئەو بارودۆخە لە بەرژەوەندی ئێراندایە.
- **ئازەربایجان وەکو وڵاتێکی هەناردەکەری وزە بۆ ئێران رکابەرە لە کاتی ئابڵۆقەی ئابووریدا، باکۆش وەکو ناوەندێکی دابینکەری وزە بۆ ئەوروپا و تورکیا گرینگ بوو:** ئێران چەندین بژاردەی لەبەردەمدا هەن، کە چۆن نەوت و گاز هەناردە بکات یەکێك لەو دەرفەتانە ئەوەیە، کە لە داهاتوودا بتوانێت گازی خۆی بە ڕێگەی تاناپ هەناردە بکات، بەڵام پێویستی بە چەندین ساڵی دیکە و سەرمایەگوزارییەکی زۆر هەیە، کە بتوانێت ئەو ژێرخانە فەراهەم بکات. لە ڕووی سییاسییەوە قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە بۆ ئێران گرینگە، کە بتوانێت گازەکەی هەناردەی ئەوروپا بکات. ئێران دەرفەتی هەناردەکردنی ئاسیاشی لە بەردەمدا کراوەیە، بازاڕی ئاسیا زۆر گەورەیە، کە بەشی هەمووان دەکات. بەپێی مەزندەکانی ئۆپێك ئازەربایجان تەنیا دەتوانێت، کە ٨٠٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات. ناوەندەکانی ئازەربایجان دەڵێن کێشەی ئێمە لەگەڵ ئێران ئەوەبووە، کە ئێران ئازەربایجانی بە لایەنگری ڕۆژئاوا ناسیووە، لەمەودوا ئەو ناکۆکییانە نامێنن و دەتوانین، کە پرسی کاراباغیش چارەسەر بکەین. ئەو بۆچوونەش یەکجار سادە و ساکارانەیە!.

- **جۆرجیا:** توانیویەتی پێوەندییەکی باش لە کاتی ساکاشفیلی لەگەڵ ئێراندا چێ بکات و هاتوچۆی بێ ڤیزایی لە نێوان ئەو وڵاتانەدا بهێنێتە کایەوە و پەرە بە پێوەندییە ئابوورییەکانی بدات.
- **سەبارەت بە وڵاتانی کازاخستان، ئۆزبەکستان و تورکمەنستان:** وەکو ناوەندی گەورەی وزە، وڵاتێکی وەك ئێران دەخوازێت، کە بە ڕێگەی ڕێکخراوی شەنگهای یاخۆ ئەوروئاسیادا پێوەندییەکانی بەرفرە بکات و دەستی بگاتە جوگرافیای ئاسیای ناوەڕاست و وڵاتی گەورەی کازاخستان، ئێستە ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و تورکمەنستان بە رادەی ٣,٧ ملیارد دۆلارە، سەرۆك کۆماری ئێران روحانی دەڵێت: لە پاش ١٠ ساڵی دیکە دەتوانین ڕێژەکە بگەیێنینە ٦٠ ملیارد $، وڵاتی کازاخستانیش دەیەوێت، کە دەستی بگاتە کەنداوی فارس، ئێرانیش دەیەوێت، کە هێڵی کەنداو - ئاسیای ناوەڕاست - رووسیا دروست بکات و بە شەمەندەفەریش ئەو هاتوچۆیانە فەراهەم بکرێن.
- لە کۆتایدا رووسیا دەیەوێت، کە لە باشووری قەفقازدا باڵا دەست بێت، هەروەها رووسیا و چینیش دەیانەوێت، کە لە ئاسیای ناوەڕاستدا کاریگەرییان پەرەبسێنێت و ڕۆژئاواش دەیەوێت هەموویان کۆنترۆڵ بکات.

# سەرچاوەكان


- سایتەكانی فەرمی وەزارەتی دەرەوە، سایتی سەرۆك كۆماری رووسیا، سایتی وەزارەتی بەرگری و... هتد
- چەند بابەتی سەرۆكی زانكۆی ڕۆژهەلاّتناسی دوور (ئەلكسیێ ماسلۆڤ)
- بابەتێكی سەلڤاتۆریێ بابانێس - پرۆفیسۆری زانكۆی سیدنی و پسپۆری شورای رووسیا بۆ پرسەكانی دەرەوە
- ئەنجومەنی رووسیا بۆ كاروباری نێودەولّەتی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی رووسیای فیدرالّ و وزارەتی بەرگری و ئاكادیمیای روسیای فیدرال russiancouncil.
- ئینستیتوتی ڕۆژهەلاّتی دوور سەر بە The Russian Academy of Sciences (RAS)
- ((چەندین سەرچاوەی روژنامەیی رووسیایی وەكو ng, vedomost, kommersamt و هەوالّنێرییەكانی ، newsru , rbc , 1prime, rosbalt , ria,tass,interfax و چەندین هەوالّنێری تری دەرەكی.
- بابەتی ئاكادێمیك (نیگماتولین) - سەرۆكی پێشووی كۆماری باشكورتستانی رووسیای فیدرالّ

سایتی فەرمی روژنامەی چینی ژێمین http://russian.people.com.cn
* ژیبائو 

https://slon.ru/ سایتی*

- د. ئیكەتیرینا ستیپانوڤا — سەرۆكی گرووپی لێكۆلّینەوە لەبارەی كێشەكانی جیهانی سەر بە ئینستیتوتی ئابووری جیهانی و پێوەندییەكانی نێودەولّەتی:
- چەندین سەرچاوەی وەكو :

http://russiancouncil.ru/en/inner/?id_4=6269#top-content

http://www.bbc.com/russian/international/2015/06/150624_is_money_interview

*بەرپرسی یەکێتیی بەرهەمهێنەرانی چەك (پوخۆڤ) و پسپۆری ناوەندی تەکنیکی و ستراتیجی (دێنیسێنسوڤ):

* د.ماکسیم سوچکۆڤ- پسپۆری کارنگی و ئەنجومەنی رووسیا بۆ کاروباری نێودەوڵەتی.

* سایتی ئەنجومەنی کاروباری دەرەکی و سیاسەتی بەرگری روسیا svop

* ئینستیتوتی سیاسەتی ئابووری ( گەیدەرە ) iep

* گوڤاری رووسیا لە سیاسەتی جیهانیدا globalaffairs

* ئینستیتوتی روژهەلاتی ناوەراست iimes

* ئینستیتوتی روژهەلات ناسی رووسیا

* هەواڵنێری فەرمی ئازەربایجان trend

* ئینستیوتی کارنێگی موسکو Carnegie Moscow Center

* زانکوی وزارەتی دەرەوەی روسیا mgimo